هەژان

ناوەندی هەژان بۆ فیکر و مەعنەوییەت

# هەژان

ناوەندی هەژان بۆ فیکر و مەعنەویەت

سەرنووسەر : تەحسین حەمەغەریب

سکرتێری نووسین: نوعمان محمد

دەستەی نووسەران :
سەلمان نادر
موسعەب ئەدهەم

دیزاینی ناوەوە: بونیاد عومەر
بەرگ : باسم رەسام

پەیوەندییەکانی گۆڤار لە رێگەی (سکرتێری نوسین)ەوە دەبن

07701927887

Hazhan.mag@gmail.com

# پێڕست


| | | |
|---|---|---|
| پێشەکی | سەرنوسەر | ٢ |
| فەلسەفەی هونەر | کارزان احمد | ٣ |
| لەدیدگای فەلسەفەی ئەنالتیکەوە. | | |
| پێگەی پێغەمبەرایەتی | نعمان محمد | ١٥ |
| هەڵهاتن لە رەهایی | سەلمان نادر | ٢٤ |
| رۆڵی ماف لەسەردەمی نوێدا | تەحسین حەمەغەریب | ٥٢ |
| بەرەو ئەخلاقێکی گەردوونی | و.حسین ئەدهەم | ٦٦ |
| تیۆریای عەدالەتی سەحابە | یاسین حەمەسەعید | ٧٣ |
| ئەخلاقناسی و ئایین ناسی | وسعەب ئەدهەم | ١٠٥ |
| چۆن (کیتاب) و (سوننە) دەکەین بە (پێوەر)؟ | ئاری عەلی | ١١٤ |
| سەفەری مەعنەوی | وئارینا جان | ١٢٧ |

# پێشەکی

لە بیرم دێت کە منداڵ بووم، شێوەی دروستبوونی چاو بەلامەوە شتێکی زۆر سەیر بوو،بە تایبەت کە چاو دادەخرێت، هێندە بچووکە کە بەسەر پێڵوەکاندا دەستی پێدا دەهێنیت خرێکی وەک هەڵماتە، بەڵامەهەر کە ئەو شتە داخراوە کرایەوە ئیدی دەبێتە جیهانێک و پڕی دونیایەک شتی پێ دەبینیت. هەر لەو کاتەوە ئەو شتانەی کە بۆ خۆیان بچووکن و لێیانەوە سەیری پانتاییەکی فراوان دەکەیت بەلامەوە جێگەی سەرنج بوون، وەک پەنجەرەیەک کە لێیەوە سەیری شەقام و باخ و شار دەکەیت، یاخود دەلاقەیەکی بچووک کە ژوورەکەت پڕ لە نوور دەکات. ئەی تۆ سەرنجی کانیاوێکت داوە کە شوێنی دەرچوونی ئاوەکە چەندە بچووکە بەڵام هێندە ئاوت بۆ فڕێدەدات کە بە ماوەیەکی کەم ئەستێرگێکت بۆ پڕ دەکات، یاخود شتێکت بۆ ئاو دەدات، ئەی سەرنجی دەمت داوە ئەو هەموو وشە و رستە مانادارەت بە شوێن یەکدا بۆ ریز دەکات، ئەی گوێ بۆ ناڵێیت چۆن ئەو هەمووە لە دەنگە مانادارەکانی جیهانی زمان بۆ کەللەی سەر دەگوازێتەوە .

ئیدی منهەمیشە بەو شێوەیە سەیری گۆڤاری هەژانیشم کردووە کە وەک چاو لە قەبارەدا بچووک، بەڵام بۆ ئەو کەسەی کەدەیکاتەوە گەورە و فراوانە، هەر بۆیەش دواتر گۆڤاری چاوی هەژانمان دەرکرد کە دەتوانرێت بووترێت یەکێک لە گۆڤارە باشەکانی کاتی دەرچوونی بوو، بێجگە لەوەی هەر ئەو کاتە و پێشتر پێشەکی هەموو ژمارەکانی هەژانم لە ژێر ناونیشانی (چاوی هەژان)دا دەنووسی، کە وەک چاو دەمویست هەموو ئەوەی لەو ژمارەیدا هەبوو بە جۆرێک لە جۆرەکان لەو پێشەکیەدا پیشانی بدەم.

هەنووکەش کە ئەمە دووەم ژمارەی خوولی نوێی هەژانە، بە حوکمی ئەوەیئێستاشوێنی نووسین و گەیاندنی رای خۆ بە ئەوانی دیکە فراوان بووە، بە تایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان (هەندێک بە لوتکەی تاکگەرایی ناوی دەبەن)ئیتر کاری ئێمە لەوە دەرچووە کە زێترکردنی زانیاری خوێنەر بێت. ئیدی هەر کام لەو بابەتانەی کە لەم ژمارە و ژمارەکانی داهاتوودا بڵاویان دەکەینەوە هەوڵ دەدەین بابەتی چاوی بن (وەک چاو بن بۆ بابەتە گرنگەکان) چاوی بابەتە فیکری و مەعریفە کێشەییەکانی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی بن، بەڵام هەروەک چاویش ئەگەر بکرێنەوە ئیدی ببنە جیهانێک. هەر بۆیەش بە پێویستمان نەزانی ئیتر قەبارەی گۆڤارەکە وەک جاران بە گەورەیی بمێنێتەوە رەنگە هەر ئەمەش بۆ ئەم قۆناغە باشتر بێت، تۆ و ئەم ژمارەیەی هەژان کە هەموو ژمارەکە و بابەتەکانی وەک چاون، چاوێک کە داخرا بە قەد هەڵماتێکە و کە کرایەوە دونیایەکە بێگومان بۆ کەسێک بە چاوی ئەندێشە و هزر بۆی بڕوانێت. ئەو چاوەی هێندەی هەزار چاو دەبینێت.

تەحسین حەمەغەریب

# فەلسەفەی هونەر
# لەدیدگای فەلسەفەی ئەنالتیكەوە
## بەشی دووەم و كۆتایی

كارزان ئەحمەد

پێشەكی:

لە بەشی یەكەمی ئەم بابەتەدا باسمان لە پێشەكیەك و سێ میتۆدی فەلسەفی فەلسەفەی هونەر كرد كە بە میتۆد و ڕەوتەكلاسیكیەكان ناسراون. بریتی بوون لە "تیۆریای لاسایكردنەوە، تیۆریای دەربڕین، تیۆریای فۆرمالیزم". پوختەی بەشی یەكەم ئەوە بوو بۆ تێگەیشتن لە هونەر و فەلسەفەی هونەر پێویستە لە فەلسەفەی شیتەڵكاریەوە دەستپێبكەین، ئەوەمان پێشنیازكرد بۆ ئەوەی دیدگایەكی دروستمان لە هەمبەر پەیوەندی نێوان هونەر فەلسەفەی هونەر ببێت ئەوا پێویستە لە گۆشەنیگایەكی دیكەوە لە هونەر بڕوانین. لە رووی ئەزموونیشەوە باوەڕمان بوو باشترین ڕێگەیەك بۆ ناسینی ئەم پەیوەندیە هەڵوێستەكردنە لەسەر "فەلسەفەی موزاف –subfield- فەلسەفەی ئەنالیتیك" چونكە كاتێك دەتەوێت مامەڵەی فەلسەفی و فیكری بكەیت، ئەوا فەلسەفە پرسیار و گرفتگەلی خۆی هەیە و تێڕامان لە مەر بابەتە گەردوونی و میتافیزیكیەكان دەكات. بە واتایەكی تر پرسیاری فەلسەفە لە بەرامبەر شتگەلێكی ترن جیاواز لە پرسیارەكانی فەلسەفەی هونەر.

بۆ ئەوەی پرسیاری چیەتی هونەر و بە چی دەوترێت بەرهەمی هونەری و هونەرمەند كێیە!؟ پێویستە پشت بە فەلسەفەی شیكاری ببەستین، بۆ كێشانی بەشەكانی ئەو تابلۆی هەر لە سەرەتاوە دەمان ویست بیكێشین لە زیهنی خوێنەرەكانماندا. خاڵێكی گرنگی تر ئەوە بوو كاتێك تۆ هەریەك لە سیانەی "هونەرمەند، بەرهەمی هونەری، بینەر" بخەیتەوە سەنتەر ئەوە جۆرێك لە قوتابخانە و رووگەی هونەری

بۆ بەرهەم دێت جیاواز لەوە تریان. بەدرێژایی مێژووی فیکری هونەری هەژموون بۆ یەکێك لەم سیانە بووە، یاخود رووە و کۆنتێکستێکی دیکە بووە کە چەندین لێکدانەوە و راڤەی جیاواز دروستکردووە.

لەم بەشە پێشەکیەدا هەوڵ دەدەین تەواوکەری بەشێکی دیکەی بابەتەکە بخەینەبەر دیدی خوێنەرانی بەقەدرمان. لەوێوە رۆشنایی بنێرینە سەر چەند دیوێکی نەدیتراوی دیکە. لە تیۆریای فۆرمالیزم کۆتاییمان پێکهێنا هەوڵ دەدەین لە تیۆریای فۆرمالیزمی نوێ دەستپێبکەینەوە، پاشان تیشك دەخەینە سەر تیۆریا مۆدێرنەکان لەدوای ئەوەش هەڵوێستە لەسەر دوو دیاریترین تیۆریا هاوچەرخەکان لە رۆژگاری ئەمرۆماندا دەکەین.

## * فۆرماڵیزمی نوێ "Neo Formalism"

کێشە هەرە بونیادیەکەی کە تیۆریای فۆرماڵیزم پشتگوێی خستنی ناوەڕۆکە "Content"، بۆ چارەسەریش پێویستە لا بکەینەوە بەلای ناوەڕۆکدا لە جیهانی هونەردا. فۆرماڵیستە نوێیەکان ئەوەیان بە ئەنجام گەیاند کە ناوەڕۆك مەرجی پێویستە بۆ هونەر. بێگومان بەتەنها ناوەڕۆکی نەریتی هونەری چارەسەرێکی تەواو نیە بۆ دۆخی هونەر، پێویستمان بە باشترین هەیە بۆ چارەسەر.

کەواتە پێویستمان بە ڕێگەیەکە کە هەم فۆرم و هەم ناوەڕۆك پەیوەندیان بە بەرهەمە هونەریەکەوە بێت و ببێتە هۆکار بۆ کارە هونەریەکە. بەم پەیوەندیەش دەوترێت شێوازێکی گونجاوی بایەخدار.

هاوکێشەکە بەم جۆرەی لێدێت بۆ فۆرماڵیستە نوێیەکان:

X بەرهەمی هونەریە ئەگەر یاخود بەتەنها

**بۆ تێگەیشتن لە هونەر و فەلسەفەی هونەر پێویستە لە فەلسەفەی شیتەڵکاریەوە دەستپێبکەین**

ئەگەر:

١- ناوەڕۆکی هەبێت.

٢- فۆرمیشی ببێت.

٣- فۆرم و ناوەڕۆکی X پەیوەندیدار بن پێکەوە لە شێوازێکی گونجاوی بەهاداردا.

فۆرم و ناوەڕۆك دوو چەمکی کلیلی ئەم روونکردنەوەیەن، بەلام بەڕاستی مانای چیە؟ یەکێك لە ڕێگەکانی روونکردنەوەی جیاوازی ئەم دوو تێرمە، پەیوەندی نێوان دەفر و ئەو شتەی کە تێیدایە لەبەرچاو بگرین. بۆ نموونە، هیچ فۆرمێکی نیە، هەتا ئەو کاتە نەیخەینە گۆزەیەکەوە. دەفرەکە شێوە پێی دەبەخشێت. بەهەمان شێوە فۆرم هاوشێوەی دەفر و گۆزەکە شێوە دەبەخشێتە ناوەڕۆك. ناوەڕۆك شتەکانی بەرهەمە هونەریەکەیە و فۆرم تایبەتمەندی و سنوورەکانیەتی.

لێرەدا ئاستەنگێك خۆی نومایان دەکات ئەویش ئەوەیە کە لە هونەردا هەندێك کات فۆرم و ناوەڕۆك جودا نین لەیەکەوە و ئەم جیاواز و لێکجیاکردنەوەیان ئاسان نیە. ئەگەر میوزیکی کۆرساکۆڤ "Korsakov" بە نموونە وەربگرین

**کاتێك هەوێەك لە "هونەرمەند، بەرهەمی هونەری، بینەر" دەخرێنە سەنتەرەوە ئەوکاتە رووگەی نوێ بەرهەم دێت**

کە پڕ لە شادی و ئاواتە، فۆرم بریتیە لە ستراکچەری میوزیکەکە، کە بەرهەمەکە پێك دەهێنێت. بەڵام ناوەڕۆکەکە لە نێو فۆرمەکەدا نیە - پێکهاتەی میوزیك. ناتوانریت ناوەڕۆك (خۆشی) لە فۆرمەکە "پێکهاتەی موزیکەکە" جیا بکەینەوە وەکو هاوشێوەی ئاو و گۆزەکە.

فۆرماڵیستە نوێیەکان، بۆ چارەسەری ئەم گرفتە هەوڵیاندا جیاوازی نێوان فۆرم/ناوەڕۆك بە شێوازێکی تر روون بکەنەوە. ئەویش بەوەی کە، دەتوانرێت بوترێت ناوەڕۆکی بەرهەمی هونەری پێویستە مانادار بێت، یان دەربارەی شتێك بێت. کەواتە، فۆرم، دۆخی پیشاندەری ئەو مانایەیە، بە رێگەی ئەوەی کە مانا دەربکەوێت یاخود بەرجەستە بێت. شێوازی نیشاندانەوەکەش فۆرم دەبەخشێت بەو مانایە.

فۆرماڵیزمی نوێ لە چەندین رووەوە سوودی لە فۆرماڵیزم وەرگرت، هەندێك لەو سوود و باشیانە، شایەتی هەڵوێستەکردنە. بەگوێرەی فۆرماڵیزمی نوێ بێت، پێگەی فۆرم ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گونجاو رازیکەر بێت بۆ ناوەڕۆك کە بۆ جیهانی هونەر پێویست و کافیە.

نیۆ فۆرماڵیزم هەمیشە هەستیار بوو لە مەڕ رووگەی دەربڕینی بەرهەمی هونەری. کاتێك دەوترێت ئەو تابلۆیە زیندووە یان دەربڕینی زیندوانەی تێدایە، فۆرماڵیزمە نوێیەکان راستەوخۆ ئەم دەربڕینخوازیە زیندوانە هەژمار دەکەن وەك ناوەڕۆك و مانایی تابلۆکە.

یەکێکی تر لە سوودەکانی ئەم تیۆریایە ئەوەیە کە گرفتی چەند بەرهەمی هونەر چارە دەکات کە فۆرماڵیستەکان دەستەوستان بوو لە بەرانبەریان. بۆ نموونە پێرفۆرمانسەکەی جۆن کەیج "John Cage" بەناوی "٤,٣٣" چوار خولەك و سی و سێ چرکەیە. باس لە دانشتنی هونەرمەند دەکات کە بە بێدەنگی بە بێ جووڵە لە بەرامبەر پیانۆیەکدا دادەنیشیت و هیچ ناژەنێت.

* هونەرو ئەزموونی ئێستاتیکی "ExpirencesAesthetic and Art".

* تیۆریای ئێستاتیکی هونەر " Artofeoryth Aesthetic".

چەمکی ئێستاتیکس بە چەندین مانا و تێمای جیاواز بەکار دەبرێت، بە هەردوو مانایی جوانی"autyBe" و سەبلایم"Sublime"بەکاردەهێنرا لە سەدەکانی پێشوودا. لە زمانی ئاساییدا خەڵکی بۆ دەربڕینی هەستی خۆیان لەمەڕ شتە بینراوەکان دەبێژن ئەم شتە ئێستاتیکیە ئەم شتانەش نەخێر. بەڵام، ئەوەی جێگەی هەڵوێستە لە سەرکردن و گرنگی پێدانە لە رووی تیۆریەوە چۆن بەکار دەرێت و مانا و مەدلولەکانی چین؟

لە یەکەمین بەرکەوتنندا دەتوانین بڵێین تێرمی ئێستەتیکس"Aesthetics"، بەسێ مانای جیاواز دەربارەی وتراوە و ئاماژەی بۆکراوە. لە یەکەم

كۆمێنتدا بە واتا فراوانەكەی و لە دووەمدا بە مانا تەنگ و بەرتەسكەكەی و لەكۆتادا بە واتا زۆر تایبەتەكەی هەڵوێستەی لەسەر كراوە.

بەمانا فراوانەكەی، تەنانەت لەنێو فەیلەسوفانیشدا بە هاومانای فەلسەفەی هونەر بەكار هاتووە و بەردەوام خراونەتە جێگەی یەكدی. بەڵام گەیاندنی ئامانجی تیۆری بە واتا بەرتەسكەكەی لە وشەی یۆنانی "Aisthsis"، كە بە مانای " هەستی تێگەیشتن- دەرك، erceptionP Sense "یاخود بەمانای هەستی ناسین دێت.

لە سەدەی هەژدەهەمدا ئەم تێرمە لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی ئەلێكساندەر بۆمگارتن بەكاربرا، كە مەبەست لێی خوێندنەوە و لێكۆڵینەوەی فەلسەفی بوو لە هەمبەر هونەر. ئەو بەو جۆرە بیری دەكردەوە كە لەسەرەتاوە بەرهەمە هونەرییەكان هەستی تێگەیشتن تاوتوێ دەكەن، بەدەربڕینێكی تر شێوە هونەرییەكان لەگۆشەنیگای بینەرەوە دێنەوە بەر لێتوێژینەوە. هەر لەبەر ئەوەیە كە هەركات فەیلەسوفەكان باس وخواس لە ئێستاتیكس دەكەن بەمانا داخراوەكەی باس لە یەكانگیری بەرهەمی هونەری و بینەر"خوێنەر- گوێگر" دەكەن. زۆرجاریش ئەم ئەزموونە ئێستەتیكیە لە بەرامبەر بەرهەمی هونەری یان سروشتە. لەپێگەی خودی و سەبژێكتڤیەوەیە نەوەكو ئۆبژێكتڤی.

لێرەدا بەمانا فراوانەكەی فەلسەفەی هونەر و ئێستاتیكس یەك شتن بەڵام، بەمانا تەنگەكەی لە چەند پێكهاتەیەكدا بەلایەنی كەمەوە جیاوازن، فەلسەفەی هونەر گرنگی دەدات بە دیوی ئۆبژێكتی و ئێستەتیكس بە دیوی وەرگرتن. تێرمی ئێستەتیك بە واتا تایبەتەكەی فراوانترە لە فەلسەفەی هونەر چونكە خوێندنەوە و لێكۆڵینەوە لە سروشتیش دەكات بەڵام، فەلسەفەی هونەر پێناسەی هونەر دەكات بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەزموونی ئێستاتیكی و وەرگرتنی بینەر.

لە ترۆپكی رۆشنگەریدا كاتێك عەقڵانیەت هەژموونی بەسەر فەلسەفەدا هەبوو، بیریاری ئەڵمانی (بۆمگاتن) هونەر و جوانی سەر بە پانتایی ناوەندن لەنێوانی هەست و سۆز و هۆشدان. هونەر وەكو خۆر وەهایە كاتێك هەڵدێت ئاسمانی سوری هەست و زەوی تاریكی عەقڵ لێكدی جودا دەكاتەوە. پاشان ئیمانوێل كانت بەسەر سامبوون بە (بۆمگارتن) و رەخنەلێگرتنی سیستەمی هونەر و چێژی بونیاتنا.

لەبەر ئەوەی لەزەمەنی كانتدا فەلسەفەی هونەر بەشێك بوو لە فەلسەفەی ئێستاتیك بۆیە بەتەنها هەڵوێستەیان لەسەر بەرهەمی هونەری نەدەكرد بەڵكو لە سروشت و ئەزموونی ژیانی رۆژانەش داوەری ئێستاتیكیان ئەنجام دەدا. زیاتر لەوەش، كانت بۆ جیاوازی لەنێوان هەڵوێستەی ئەزموونی و بریاری مۆراڵی و بریاری ئێستەتیكیدا خەریك بوو. كاتێك دەڵێن ئەوە گوڵی وەنەوشەیە، ئەوە ئێمە بڕیاری ئەزموونێكیمان داوە واتە دەكرێت گوڵێكی تر بێت. یاخود ئەم گوڵانە پێویستە لە پیسبوون بپارێزرێت، ئەوا بریاری ئەخلاقیمان داوە. بەڵام، كاتێك دەڵێین ئەو گوڵە جوانە! ئەوا لەمەڕ بریاری ئێستاتیكیدا خەریك بووین.

كانت هەمیشە پرسیاری ئەوە دەهێنێتە گۆڕێ كە چۆن و بە چ شێوەیەك گونجاوە ئەزموونی شتەكان بكەین، لە نێویشیاندا ئەزموونی ئێستاتیكی. كانت پێیوایە كە شتگەلێكی زانراو

لە بوونی ئێمەدا هەن کە پێویست بە ئەزموون ناکات و پێشگریمانەی ئێمەن بۆ زانین، ئەم زانینە سیستەماتیکیەش ناو دەنێت "فەلسەفەی ترانسێندێنتاڵ".

هەر لەبەر ئەوەشە کە کانت بۆ جیاکاری مەعریفە و ئەخلاق و هونەر لە ڕێگەی ڕەخنەییەوە سێ پرسیاری بنچینەی دەکات، دەتوانم چی بزانم؟"مەعریفە"، دەبێت چی بکەم؟"ئەخلاق"، دەبێت ئاوات بۆ چی بخوازم؟ "هونەر".

**دیدی ئیمانوێل کانت لە هەمبەر جوانی وچێژ:**

هەر کاتێك کانت زاراوەی ئێستەتیکس بەکار دەهێنێت ئەوا مەبەست پێی تێگەیشتنە باو و گشتگیرەکەیە کە بە واتای "لیکۆڵینەوەو دەرککردن" دێت. بەڵام، کاتێك لەبارەی بڕیاری ئێستاتیکیەوە دەنووسێت باس لەمانا مۆدیرن و تازەکەی دەکات کە بە مانای" لێکۆڵینەوەی جوانیە". لە ڕەخنەی بڕیاری ئێستەتیکیدا کانت بۆ تایبەتمەندیەکانی بڕیاری چێژ چەند جیاوازیەکی گرنگ دادەنێت، کە لە چوار گریمانە و ساتی بنچینەیدا کورتیان دەکاتەوە.

١- گریمانەی یەکەم: جەخت لە سەر بێ مەبەستی بڕیاری چێژ دەکاتەوە. لەشاکارەکەیدا جوانی بابەتی "ڕازیبونی بێ مەبەستەکیە- satisfactionDisinterested".

٢- گریمانەی دووەم: لێرەدا ئەزموونی ئێستاتیکی "جوانی" هەروەکو چۆن بێ ویست و قازانج ڕوونادات ئاوەهاش بێ کۆنسێپتیش نایگرێت، چونکە گرفتی بڕیاری چێژ هی تێگەیشتن نیە بەڵکو هی هەستکردن"feelings"ە.

٣- گریمانەی سێیەم: کانت لە هەوڵی سەلماندنی ئەوەدایە کە ئەزموونی جوانی هیچ مەبەستێکی لە پشتەوە نیە، بەڵام لەهەمان کاتدا وەکو شتێکی مەبەستەکی ئەزموون دەکرێت. بە زاراوەیەکی تر، جوانی هێندەی سەروکاری لەگەڵ فۆرمدا هەیە هێندە سەروکاری لەگەڵ ناوەرۆکدا نیە، کە بە "مەبەستێکی بێ مەبەست" ڕوونکراوەتەوەلێرەدا.

٤- گریمانەی چوارەم: گفتوگۆی ئەوە دەهێنێتەگۆڕێ کە بڕیاری چێژ پێشگریمانەی ئەوە دەکات کە پێویستە هەمووماں ڕازی بین بەوەی کە ئۆبژێکتی ئێستاتیکی جوانە! یان "جوانی بابەتی-ئۆبجێکتێکی ئێستاتیکیە". گفتوگۆکە لەسەر ئەوەیەکە جوانی بابەتێکە پێویستی بە دەستخستنە، هەرچەندە بڕیاری چێژ خودیە "سەبژێکتڤیە"، لەسەر بناغەی چاوەڕوانی دامەزراوە. بەڵام، بەهەستێکی بنچینەی هاوبەش"هەستی گشتی" دەگەین.

چێژ توانای بڕیاردانی ئۆبجێکتێکە یاخود میتۆدی پیشاندانی ئۆبژێکتەکەیە لە ڕێگەی کۆکبوون یان کۆك نەبوونێکی تەواوی بێمەبەستەوە، بابەتی ئەم گونجاویەش پێی دەوترێت جوانی. لێرەدا نابێت بڕیاردانی چێژی من پەیوەست بێت بە خاوەنداریەتی ئۆبژێکتەکە وەیا خود بەرهەمە هونەریەکە. چونکە هەر سوود و قازانجێك داوەریەکەی من ناڕوون دەکات. بڕیاری چێژی لێرەدا تەواو بێمەبەستە. بۆ دەرخستنی ڕەهەندە شاراوەکانی ئەم دیدگایە کانت بەراوردکاری شتێك دەکات کە حەزمان پێیەتی لەگەڵ بەرهەمێکی هونەری کە بێمەبەست چێژی لێوەردەگرین بێ هیچ قازانج و سوودێك، بەتەنها لەبەر خودی بەرهەمە هونەریەکە چێژ بەخشە. چونکە ئەگەر من ئارەزووم لە شتێك بێت بێگومان داوەریەکەم

سەربەخۆ بێلایەن نابێت، بۆ نموونە ڕەنگە قاشێك کێکی جوان دیدی ئێستاتیکیمان بەرێت بۆ خۆی بەڵام، هەر کات ئامادەبووین بیخۆین ئەوا مەبەستدارانە جوڵاوینەتەوە. یان بیر لە مناڵی براکەت بکەرەوە کاتێك لەئامێزی دەگریت، تێبینی ئەو خۆشیە بکە کە هەستی پێدەکەیت، گومانی تێدا نیە تۆ ناتەوێت هیچ تاقیکردنەوەیەکی لەگەڵ بکەیت یاخود بەکاری بهێنیت بۆ شتێك؟ تەنها دەتەوێت پڕ بە وجودت لێی بڕوانیت و هەست بەو وروژمە بەتینەی خۆشی و شادیە بکەیت کە دێت، کاتێك هەموو هۆش و بیرت لای مناڵەکەیە و بەهیچ شێوەیەك لاخۆت نیت.

ئەمە ئەو رووگەیەیە کە کانت ئاماژەی پێدەکات وەکو ئاراستەیەکی بێمەبەستی بێلایەن، رووگەیەك دیاری بکهرێت دەستنیشانکەری ئەزموونەکانمانە بۆجوانی. ئەم ئەزموونانەش ئاسان نیە گەرخۆت ئەزموونت نەکردبێت، بەڵام هەموو کەسێك گوێی لە پارچەیەك میوزیکی سونەتی گرتووە، یان لەدیمەنی جوانی نێو سروشت راماوە، یاخود چەند بەیتێکی لە هونراوەکانی مەولانا خوێندۆتەوە کە جەوهەری ئەو شتەی لەخۆگرتوە کە وێنایکردوە،... هتد. هەموو کەسێك لەساتی ئەزموونکردنی ئەم جۆرە ئەزموونانە بەخۆی دەڵێت بەڵێ! ئەمەم بەسە. فەیلەسوفەکان بە شێوەیەکی گشتی هەر لە پلەیتۆوە تاوەکو کانت هەوڵیانداوە بۆ رێگەیەکی ناوازە کە جوانی بە رووماندا هەڵبێت، وەکو تیشکی لە ناکاوی خۆر یاخود وروژمێکی خۆشەویستی، بۆ زۆرێکیان روونکردنەوەی ئەم ئەزموونە رەگ و ریشە روحیەکەیەتی کە وەکو دەنگی خودا دێتە گوێمان "من خودام موسا". کانت هۆشمەندانەتر بڕوای وابوو ئەزموونکردنی جوانی بە دواهەمین

**فۆرماڵیستە نوێیەکان ئەوەیان سەلماند کە ناوەڕۆك مەرجی پێویستە بۆ کاری هونەری .**

نهێنی وجودمانەوە گرێدەدات.

### گرفتەکانی جوانناسی کانت:

ئەگەرچی میتۆدی کانت لە هەمبەر جوانناسی وەکو سینتێزیك وەردەگیرێت کە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان ئەم و تیۆریا کلاسیکیەکاندا هەیە، لە راستیدا دەتوانین بەخاڵی وەرچەرخانی دابنێین. چونکە توانی بەهۆی راڤەی سیستەماتیکی بڕیاری ئێستاتیکیەوە بەتایبەت لە شرۆڤەی ترانسێنێنتاڵەوە کە پەیوەندی و ئاوێتە بونی تیۆریا کلاسیکیەکانی کەشفکرد.

یەکێك لە هەرە گرفتە سەرەکی کەمهێنانەکانی کانت ئەوەیەکە بە هەڵە بڕیاری ئێستاتیکی بابەتە سروشتیەکان و بڕیاری ئێستاتیکی بەرهەمە هونەریەکانی یەکسانکردووە. بۆ نموونە، بڕیاری ئەم گوڵە جوانە! جیاوازە لە بڕیاری بەرهەمێکی هونەری. ئەزموونی ژیانی رۆژانەی گوڵێك تەواو جیاوازە لە ئەزموونی ئێستاتیکی هەمان گوڵ لە نێو بەرهەمێکی هونەریدا.

یەکێکی تر لەو نەنگی وکەمهێنانانەی ئەوەیە کە بەهەڵە ئەزموونی ئێستاتیکی و ئەزموونی جوانی یەکسانکردووە. بۆنموونە، کارەکانی "گۆیا"

**لە كاری هونەریدا فۆرم هاوشێوەی دەفر و گۆزەیە لەو رووەوە شێوە دەبەخشێتە ناوەڕۆك**

دەتوانین لە رووی ئێستاتیكیەوە بینرخێنین كە لە راستیدا لە رووی جوانیەوە هەتاوەكو بلێت ناشیرینین! یاخود لەوەش بترازێین، سێ بەشی بەرهەمە هونەرە هاوچەرخەكان بابەتی جوانی و ناشیرینی نین، بەڵكو شتێكی ترن.

یەكێكی تر لە و گرفتانە ئەوەیە كە لە تیۆریای جوانناسی كانتدا كۆنتێكستی كۆمەڵایەتی و مێژوویی لە بەرچاو نەگیراوە. كە ئەمەش دەرگایەكی باش دەبێت بۆ هەڵوێستەكردن لەسەر دیدی هیگڵ بۆ ئێستاتیكا و كۆتایی هونەر. بەڵام، رەنگە ئێمە لێرەدا ئەو دەرفەتەمان بۆ نەڕەخسێت. بەر لە كۆتا دەتوانین گشت ئەزموونە ئێستاتیكیەكان لە دوو شاڕەوتدا پۆلبەندی بكەین كە فەیلەسوف جوانناسی ئەمریكی "نۆئێل كارۆڵ" ئاماژەی بۆ دەكات.

یەكەم: دیدگای پێگەی ناوەرۆك. كە شتێكی زۆر راستەوخۆیە، بەمانایی ئەزموونی ئێستاتیكی ئەزموونە تایبەتمەندیە جوانناسیەكانی كاری هونەریە. لێرەدا مەبەست ناوەڕۆكی ئەزموونەكە دەگرێتەوە —چی دەست دەخەین— كە دەبێتە هۆكاری ئەزموونی ئێستاتیكی.

دووەم: دیدگای پێگەی كاریگەریەكان.

یەكێك لە ڤێرژنە دیارەكانی بریتیە لە ئەزموونی ئێستاتیكی كە هەستپێكراوە لە لایەن بێمەبەستی و سەرنجدانی دڵسۆزانە و هەروەها خوازیاری ئاگایی هەر ئۆبژێكتێكە، بە تەنها لە بەرخاتری خودی خۆی بەتەنها. بەدەربرینێكی تر ئەزموونی ئێستاتیكی شێوازێكی سەرنجدانە، بەلام چ جۆرە سەرنجدانێك، سەرنجدانێكی دڵسۆزانە و بێمەبەستانە.

**پوختەیەك لە دەرئەنجام:**

وەكو لەسەرەتادا ئاماژەمان پێدا، ئێستاتیكس چەندین مانای جیاوازی هەیە. لە تێروانینی فەلسەفەی هونەرەوە گشت پەیوەندیەكە، پەیوەندیدارە بە ئەزموونی بینەران دەربارەی بەرهەمی هونەر. هەر بۆیە فەیلەسوفەكان گفتوگۆی ئەوە دەكەن كە ئەزموونەكانمان لە بەرامبەر رهونەر جیاوازە لە ئەزموونمان لە هەمبەر شتەكانی دیكەدا، بۆ نموونە خوێندنەوەی رۆمانێكی عیرفانی جیاوازە لە خوێندنەوەی رێنمایی چاككردنەوەی ئامێرێك. هەر لەبەر ئەمەیە هەندێكجار پێی دەوترێت: "تیۆریای ئێستاتیكی هونەر"، هەوڵدەدات بۆ ناساندی بەرهەمە هونەریەكان وەكو ئۆبژێكتێكی ئامادەكراو یارمەتیدەری ئەزموونی ئێستاتیكی بێت. گومانی تێدا نیە ئەم دیدگایە گرنگی خۆی هەیە، ئەگەرچی نەتوانێت بەكاربهێنرێت بۆ هەموو هونەر، بەڵام دەتوانێت لە تێگەیشتن و بەركەوتنی چەندین كاری هونەری هاوكار بێت.

هونەر، پێناسەكردن و ناساندن:

١– دژە پێناسە.

٢– پێناسە هاوچەرخەكان.

**٣– ناسنامەی هونەر.**

لە پێشەکی ئەم بابەتەدا باسمانکرد، کاتێك تیۆریای پێناسەی بنچینەیی کەمی هێنا فەیلەسوفەکان بەجۆرێکیتر مامەڵەیان لەگەڵ پێناسەکردن و روونکردنەوەی چەمکەکاندا کرد. لە هەمووشیان گرنگتر تیۆریا بەناوبانگەکی ڤیتگنیشتاین بوو کە پێشنیاری ئەوەی کرد کە ناتوانرێت پێناسەی چەمکەکان بکرێت لە رێگەی میتۆدی ناوبراوەوە. دەبێژێت چەمکی یاری "Game" ناتوانرێت پێناسەیەکی گونجاو بۆ هەموو یاریەکان بکرێت، بۆیە پێویست دەکات پەیوەندی هاوبەشی نێوانیان بدۆزینەوە کە بە خێزانی لێکچوو ناسراوە.

ئەم پارادایمەش لە لایەن "مۆریز ویزەوە" گواسترایەوە بۆ نێو کۆنتێکستی هونەر، ئەمگۆشەنیگایە پێناسەی شتەکان ناکات بەڵکو دەیباتەوە نێو کایەکەی خۆیی و لەوێدا مامەڵەی لەگەڵدەکات.

**ڤیتگنیشتاینە نوێکان"Wittgenstein-eo N":**

**هونەر وەکو چەمکێکی کراوە.**

لە درێژەی ئەم بابەتەدا گوزەرمانکرد بە سەر چەندین تیۆریای جیاواز بۆ ناساندن و پێناسەکردنی هونەر هەر لە تیۆریا کلاسیکەکانی وەکو "لاسایکردنەوە، لاسایکردنەوەی نوێ، دەربڕینخوازی، فۆرمالیزم، فۆرمالیزمی نوێ". لەوێشەوە گەیشتین بە تیۆریا مۆدێرنەکانی وەکو "ئەزموونی ئێستاتیکی" کە وەکو تاکە نموونە وەرمانگرت. لەم بەشەی کۆتاییشدا هەوڵ دەدەین دەست و پەنجە لەگەڵ چەند گۆشەیەکی تری هاوچەرخدا نەرم بکەین کە هەموویان لە هەوڵی پێناسەیەکی تەواو گونجاودان لەمەڕ هونەر.

گومانی تێدا نیە کە لەبەر زۆری میتۆدە هونەریەکان پێدەچێت خوێنەر وەها گریمانەیەکی لەلا گەڵاڵە بوو بێت کە رەنگە ئەستەم بێت پێناسەیەکی تەواو بۆ هونەر بکرێت، لەوانەشە لەبەر ئەوەبێت کە بابەتێکی هەمەچەشنی وەکو "هونەر"ئاسان نەبێت بەتەنها لە یەك پێناسەدا کورت بکرێتەوە. یاخود جیاوازی کەلتوریکە دەمانخاتە بەردەم جیاکردنەوەی هونەر لە نا هونەر، هونەری رۆژهەڵاتی لە هونەری رۆژئاوایی.

خاڵێکی گرنگی تر گەشەسەندنی دونیای هونەر بەتایبەت هونەری ئاڤانتگارد، چەمکگەلی وەك "رێدی مەید"، کە پرسیاری جیاوازی نێوان کاری هونەری و ئۆبژێکتی ژیانی رۆژانە لە کوێدایە. فەیلەسوفەکان بە تایبەت ئەوانەی بە ڤیتگنیشتاینە نوێیەکان ناسراون بڕوایان وایە کە هونەر لە رووی لۆژیکیەوە ناتوانرێت پێناسە بکرێت. بەڵام، پرسیارەکە لێرەدایە ئەم هەموو دڵنیایەیان لەسەرچی بونیات ناوە، دەتوانین ئارگۆمێنتی یەکێك لە شوێنکەوتوانی ڤیتگنیشتاین وەرگرین بە ناوی مۆریس لویز لەژێر ئەرگۆمێنتی "چەمکی کراوە".

بەسادەیی هونەر چەمکێکی کراوەیە، چەندین لێکدانەوە و روونکردنەوەی جیاواز لەخۆدەگرێت. بەردەوامیش فۆرمی نوێ و رووگەی نوێ دێنێتە پێشەوە. بۆیە ئێستاتیك ناسەکان هەمیشە دەتوانن بە مەرجی پێویست و مەرجی تەواوەتی خوێندنەوە بۆ بەرهەمە هونەریەکان بکەن بەڵام، هەرگیز ناگەنە پێناسەیەکی گونجاو دروست لەمەڕ کارە هونەریە نوێیەکان. مۆریس باوەری وەها بوو پێویستە وەکو چەمکێکی کراوە مامەڵە لەگەڵ چەمکی هونەردا بکرێت، نەك مەرج و سنووری بۆ دابنرێت. چونکە رێگری لە داهێنانی

لێهاتوویی هونەری دەگرێت. هۆکاری نەگەیشتن بە پێناسەیەکی گونجاو و تەواویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی فەیلەسوفەکانی هونەر وەکو چەمکێکی داخراو مامەڵەیان لەتەك هونەر کردووە، بەم هۆکارەشە رووبەڕووی چەندین گرفتی جەوهەری بوونەتەوە.

بەڵام ئەگەر هونەر پێناسە نەکرێت چۆن هونەر بناسین؟ لێرەوەیە میتۆدی خێزانی لێکچوو، رۆڵ پەیدا دەکات لەلایەن شوێنکەوتوانی ڤیتگنیشتاین. ئەم بیرۆکەیە روون دەکەنەوە بە ئاماژەدان بە شیکاری چەمکی"یاری" لە کتێبی "لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان"ی ڤیتگنیشتاین.

لەم کتێبەدا روونکراوەتەوە کە چەندین جۆر یاری هەمەجۆر بوونی هەیە، هەندێکیان تولێك بەکار دێت هەندێك نەخێر، هەندێکیان پێشبرکێی تێدایە بەشێکیشیان نەخێر، هەندێکیان تۆپی تێدایە و هەندێکیان نەخێر، و ...هتد،. لەبەر ئەوەیە ناتوانرێت پێناسەیەکی گونجاو بکرێت کە دانەبەدانەی یاریەکان بگرێتەوە. بەڵام شتێکی هاوشێوە هەیە لە هەموو دوو دانەیەکدا دووبارە دەبێتەوە وەکو "ژماردن، گۆڵکردن، پێشکەوتن، کاتی پشوو، و ...هتد،" ئەم لێکچوونەی نێوان یاریەکان لەگەڵ نموونەکەی زیهنماندا وەکو یاری دەیناسین کە پێدەوترێت "یاری نمونەیی" ئەوا بەهۆی لێکچوونیانەوە وەك خێزانی یاریەکان هەژماریان دەکەین. ئەم لێکچوون و هاو بەشیەی کە باسمانکرد بۆ کاری هونەریش هەر راست دەردەچێت، واتا شتێکی هاوبەش هەیە کە بەرهەمە هونەریەکان کۆدەکاتەوە.

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە ڤیتگنیشتاینە نوێیەکان هونەریان وەکو چەمکێکی کراوە تەماشا دەکرد و رێگەچارەکەشیان بۆ پێناسەنەکردنی هونەر خێزانی لێکچوو بوو. لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردووشدا رەوتەکانی کە گرنگی بە پێناسەکردنی دەدەن تاڕادەیەك هاتنەوە سەنتەر و جێگەی خۆیان لە نێو دیدگا هاوچەرخەکان جێگیر کرد، بەباشی دەزانین دوان لەنێویاندا بخەینە بەر رۆشنایی لێتوێژینەوەکەمان کە بریتین لە "تیوریای دامەزراوەی و تیۆریای پێناسەی مێژوویی بۆ هونەر . جۆرج دیکی دەبێژێت: "بەرهەمی هونەری بەشێك دەوترێت کە دامەزراوە هونەریەکان وەکو هونەر سەیری بکەن". بۆ جۆرج جیهانی هونەر تۆڕێکی کۆمەڵایەتیە پێکدێت لە "رەخنەگر، کیوریتەر، کۆکەرەوەی بەرهەمی هونەری، هونەرمەند، ...هتد".

*** تیۆریای دامەزراوەیی هونەر.**

چەند جۆر تیۆریای دامەزراوەییمان هەیە دیاریترنیان تیۆریاکەی جۆرج دیکیە، کە بەتیۆریای بازنەیی هونەر " Circleart the of Theory " ناسراوە. کە هەڵوێستەکردنە لەسەر کەمهێنانەکانی خێزانی لێکچووی تیۆریای پێشوو.

هاوکێشەکە بەم چەشنەی لێدێت:

"X" بەرهەمی هونەریە لە پۆلێنکردنی سێنسیدا، ئەگەر بەتەنها ئەگەر،

١- "X" بەرهەمێکی دەستکرد بێت

٢- بەسەر ئەوانە لە جیاتی دامەزراوەکە کار دەکەن گفتوگۆ لەبارەی ببێتە هەڵبژێراو بۆ پێزانین.

لێرەدا مەبەست لە بەرهەمی دەستی ئەوەیە کە لەلایەن مرۆڤەوە بەرهەم هاتبێت یاخود لە مەتریاڵیکی خامەوە ئۆبجێکتەکە بەرهەم

هاتبێت. ڕەنگە زۆرجار ئۆبجێکتێکی مینیماڵ یان ڕێدیمەید بێت، بەڵام بۆ بەمەستێکی دیاریکراو لە پێشانگەیەکدا بەکارهاتبێت. لە مەرجی دووەمدا، شتێك بەرهەمی هونەریە ئەگەر هەڵبژێراو لە دۆخێکی پێزانراو دابێت و قبوڵکرابێت لە لایەن یەکێك لە ئەندامانی دامەزراوەکە یاخود جیهانی هونەرەوە. هەر بۆیە ئەم میتۆدە پێشی دەوترێت حوکمدان، چونکە داوەری هەڵبژێراوەکان دەکات بەوەی هونەر لەسەر بنەمای چەند یاسایەکی تایبەتە نەوەکو لەسەر ئەرکەکەی.

پاشان جۆرج دیکی دوو دیدگای تری بۆ تیۆریای "The Art Circle"لە ١٩٨٤ زیادکرد، ئاماژەی بەوەدا کە ئۆبجێکتێکی دۆزراوە و ڕێدیمەید کاری دەستین، چونکە هونەرمەند بۆ مەبەستی میدیەمێکی هونەری بەکاری دەهێنێت. هەروەها بەرهەمی هونەری پێگەی خۆی ناسەلمێنێت لە ڕێگەی بەدەستهێنانی کاری دەستکردیەوە لە نێو جیهانی هونەردا. یەکێك لە گرنگیەکانی ئەم تیۆریایە ئەوەیە کە گرنگیەکی زۆر دەدات بە کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی.

**پوختەی بابەتەکەی جۆرج بریتیە لەم پێنج خاڵە:**

یەکەم، هونەرمەند کەسێکە بەشدارە و بە ئاگایە لە دروستکردنی بەرهەمی هونەری.

دووەم، بەرهەمی هونەری کارێکی دەستکردە و دروستکراوە بۆ ئەوەی پێشکەش بە جیهانی هونەری گشتی بکرێت.

سێهەم، گشتیش بریتین لە کۆمەڵێك خەڵك بەجۆرێك لەجۆرەکان ئامادەکراون بۆ تێگەیشتن لە ئۆبژێکتگەلێك کە پێشکەشیان دەکرێت.

چوارەم، جیهانی هونەری بریتیە لەتەواوی سیستەمی جیهانی هونەر.

پێنجەم و کۆتایی، سیستەمی جیهانی هونەریش

**چەمکی ئێستاتیکس، بە هەردوو مانایی جوانی و سەبلایم بەکاردەهێنرا لە سەدەکانی پێشوودا.**

بریتیە لەو چوارچێوەی بۆ پێشکەشکردنی کاری هونەری لە لایەن هونەرمەندەوە بۆ جیهانی هونەری گشتی.

**پێناسەی مێژویی هونەر:**

پرسیارە جەوهەریەکەی تیۆریای دامەزراوەیی هونەر بریتی بوو لە وەی کە، ئایا ئەگەری بەرهەمهێنانی هونەر هەیە لەلایەن تاکە هونەرمەند لە دەرەوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و پەیوەندە دەرەکیەکان؟ تۆریسێنانی ڕووگەی دامەزراوەیی ڕەتی دەکەنەوە کە وەها شیمانەیەك لە ئارادابێت، چونکە مرۆڤ کارەکتەرێکی کۆمەڵایەتی و کولتوریە وەها هونەرێکیش بەرهەم دەهێنێت. بۆ نموونە هونەرمەندیکی وەکو "کرۆسۆ رۆبنس" توانیویەتی لە جەزیرەیەکدا بەتەنها کاری هونەری بەرهەم بهێنێت. تیۆرسێنان و پشتگیریکەرانی تیۆریای دامەزراوەیی هونەر دەڵێن لەبەر ئەوەیەکە پێشتر لە ئینگلتەرا خوێندویەتی وفێری هونەرکردن بووە، هەروەها دەبێژن هونەرمەندێکی تەنها و ناکلتووری بوونی نیە.

تیۆریایی دامەزراوەیی کەمی هێنا لەوەی کە هونەر بەشدار بێت لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و بینەران بە تێگەیشتنەوە وەڵامگۆی کارە

**هەموو شێوە هونەریەکان لەگۆشەنیگای بینەرەوە دێنەوە بەر لێتوێژینەوە و باسکردن.**

هونەریەکان ببن. لەم رەخنەیەوە کە لە تیۆریای دامەزراوەی هونەری دەگیرێت، دەبێتە دەستپێکی سەرهەڵدانی تیوریایەکی نوێ بەناوی تیۆریای "پێناسەکردنی مێژویی هونەر" کە لەلایەن "جێرۆڵد لیڤنسۆن" روون کراوەتەوە.

"لیڤنسۆن" گریمانەی ئەوەی قەبوڵ بوو کە کەسێك دەتوانێت بەرهەمێکی دەستکرد بەرهەم بهێنێت لەسەر شێوازی ئیدراکی پیاوی خێڵێکی چاخی نوێ، هیچ گرفتێکی جیاوازی چەمکگەرایمان نەبێت وەکو کارێکی هونەری. ئەگەرچی ئەوان چەمکی بەرهەمی هونەریان نەبێت لە دەرکی خەزنکراوی نەستیاندا، هێشتا ئێمە رێکخستنی بەردە گەورەکانیان وەکو هونەر دەبینین لەژێر رۆشنایی چەمکی هونەری خۆمان.

چی وا لە ئێمە دەکات بەرهەمێکی دروستکراوی بەردین بە هونەری هەژمار بکەین؟ بەرگریکارانی رووگەی پێناسەی مێژوویی هونەر دەبێژن ئەوە وردبینی و ئاگاییەکی ناوازە لە بەرهەمهێنان و رێکخستنی ئەو دروستکراوە بەردینانەدا هەیە کە وادەکات چێژی بینین زیاد بکات. لەدیدگای ئەوانەوە بەرزکردنەوە و زیادکردنی چێژی بینین "Pleasure Visual " ئاماژەی کارامەیی بەرهەمهێنانی هونەریە.

لە روانگەی پێناسەی مێژویی هونەرەوە شتێك کاری هونەریە ئەگەر بەمەبەست پشتگیری پەیرەوی هونەرێکی باش پێشبینی بکات. مەرجی ئیعتیباری هونەر و مەرجی موڵکداری، هەر دووکیان مەرجی پێویستن بۆ هونەر بە پێی پێناسەی مێژوویی هونەری بێت، هەردووکیان مەرجی زەرورین.

هاوکێشەکە بەم جۆرەی لێدێت:

"X" بەرهەمی هونەریە بەتەنها ئەگەر "X" ئۆبجێکتێکە کە راستیە بۆ کەسانێك:

١ – کە مافی موڵکداریان هەیە بە سەر"X"دا.

٢ – سنووردارانە دەیەوێت "X" پەیرەوی بکات وەکو بەرهەمێکی هونەری.

مەرجی مافی موڵکداریەتی بریتیە لەوەی کە من مافم هەیە ئۆبژێکتەکە بخەمە ژێر پرسیارەوە. مەرجی ئیعتیباری هونەر بریتیە لەوەی کە من دەمەوێت بێ سنوور پرسیاری لێبکەم. لیڤسۆن مشتومری ئەوەی بوو کە ئۆبژێکتێك یان پێرفۆرمانسێك بەرهەمی هونەریە بەتەنها ئەگەر پێشکەش بکرێت لەلایەن کەسانێکەوە کە مافی موڵکداریان هەبێت بەسەریدا بۆ بوونی شتێك وەك کارێکی هونەری.

**ناسنامەی هونەر:**

هەردوو تیۆریاکەی پێناسەکردنی هونەری پێشوو، چی تیۆریای دامەزراوەیی هونەر و چ تیۆرییایی پێناسەی مێژووی هونەر هێشتا بە کۆتا نەگەیشتووە، ئەگەرچی هەر دووکیان سەرە داوی باشیان داوە بەدەستەوە دەربارەی چۆن پێناسەی هونەر بکرێت. بەڵام نەشیان توانی بونیادێکی روون ببەخشن بە ئێمە بۆ ناسینەوەی هونەر. سەرەڕای

ئەمەش هێشتا دەتوانین پێناسەی هونەر بکەین و جیاکاری بکەین بۆ بەرهەمە هونەرییەکان، کە رای زۆرینەی لەسەر بێت لە ئاستی پلەی باڵادا. جیاکاری بەرهەمی مرۆیی هونەری وەکو کارێکی هونەری بابەتێکی سەنتەرییە لە کردەی هونەریماندا، جیاکاری هەڵبژێردراوەکە وەکو بەرهەمی هونەری- هاوپۆلیکردنە لەژێر پۆلی هونەردا.

لە گەشتی ناساندی هونەر وەکو یەکێك لە چالاکیەکانی کۆمەڵگە و کەلتور بە چەندین رووگە و شێوازی جۆربەجۆر ئاشنابووین، هەمووشیان بە شێوەیەك لە شێوەکان جەختیان لە میتۆدی "پێناسەی بنچینەی" دەکردەوە کە پۆلبەندیان بکەن لە ژێر چەند گریمانەیەکی بنچینەییدا. کە هونەر چەمکێکە و پێویستە ئەم چەمکەش مەرجی پێویست و مەرجی کافی بەسەردا بسەپێت بۆ بابەتی نموونە تایبەتەکە. بەڵام، ڤیتگنیشتاینە نوێیەکان پێشنیازی ئەوەیان کرد مەرج نیە، چەمکی هونەر مەرجی پێناسەی بنچینەی بەسەردا بسەپێت.

پرسی ئەوەی ئێمە چۆن بەرهەمی هونەری بناسینەوە پرسێکی گرنگ و یەکەمینە لەلای فەیلەسوفانی هونەر. بەبێ نەخشە رێگەیەکیش ناتوانرێت بڕیار بدرێت چی هونەرە و چی نەخێر. لە سەرەتای ئەم بابەتەوە هەر لە تیۆریای لاسایی کردنەوەی هونەر وەکو کۆنترین میتۆد تاوەکو تیۆری ئەزموونی ئێستاتیکی، دەیانویست پێناسەیەکی گونجاو بدۆزنەوە بۆ هەموو بەرهەمە هونەرییەکان بە میتۆدی پێناسەی بنچینەیی. پاشان نەوەکانی دوای ڤیتگنیشتاین هاتن و رەخنەیان گرت کە ناتوانرێت بە شێوەیەکی بنچینەیی پێناسە بکرێت چونکە چەمکێکی کراوەیە، بەڵکو پێناسە و ناسینەوەی دەشێت لە رێگەی بنەمای خێزانی لێکچووەوە بێت.

ئەم گۆشەنیگایەش کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر فەلسەفەی هونەری پەنجاکانی سەدەی رابردوو، بەڵام ئەویش هێندەی نەبرد خۆری ئەمیش ئاوابوو و کەوتە بەر لێشاوی رەخنەی فەیلەسوفەکانی فەلسەفەی هونەر. چونکە باوەڕیان وەهابوو کە ناکرێت پێناسەی هونەر بکرێت بە شێوەیەکی تەواوەتی و نەگونجاوە لە تەك داهێنانی هونەریدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، فەیلەسوفی ئەمریکی جۆرج دیکی توانی پێناسەی هونەر بکات لە رێگەی تیۆریای دامەزراوەیی هونەرەوە، کە وەکو پەرچەکردارێك بۆ خێزانی لێکچوو هاتۆتە بوون. پێناسەکردنی زۆر ئاسان کرد بەوەی بێژای کە دەکرێت هەموو شتێك بەرهەمی هونەری بێت. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە دوای کەشفی کەم هێنانەکانی نیۆ ڤیتگنیشتاینەکان تیۆریای پێناسەکردنەوەی هونەر هاتبوونەوە بەر لێتوێژینەوە. بەتایبەت هەردوو تیۆریای هاوچەرخی دامەزراوەیی هونەر و پێناسەی مێژوویی هونەر.

ئەگەرچی ئەمانیش بێبەش نەبوون لە رەخنە، بەڵام هیچ تیۆریا و میتۆدێك نیە بێ کەموکوڕی بێت، هیچ پێناسەیەکیش نیە بێ ناتەواوەتی. پاش پێناسەکردنی هونەر فەیلەسوفەکان بەدیلێکی تریان دۆزیەوە بۆ ناساندنی بەرهەمە هونەرییەکان ئەویش گێرانەوەی مێژوویی یاخود سەرگوزشتەی مێژووییە بوو. ئەمیش زیاتر لەسەر بنەمای گێرانەوە بوو وەك لەوەی پێناسەکردن بێت.

# پێگەی پێغەمبەرایەتی
# لە نێوان بینینی ئەو دیو و بونیاتنانی ئەم دیو

نوعمان محەمەد

لە ئایینە یەکخودا پەرستەکاندا، بابەتێکی سەنتەری بوونی هەیە، بەوەش جیا دەبنەوە لە ئایینەکانی دیکە (ئایینە سروشتیەکان، و ئایینە ئاگزیستانسیالیزمەکان)، ئەویش بابەتی پەیوەندیکردنی خودایە لەگەڵ مرۆڤەکاندا، چونکە ئایینەکانی دی هەریەك بە جۆرێك ناتوانن دان بە بوونی پەیوەندیکردنی خودادا بنێن و لێرەشەوە ئەگەرێك بۆ بابەتی (پێغەمبەرایەتی) لە ئارادا نیە.

بەڵام لە ئایینە تەوحیدیەکاندا، خودا زاتێکی باڵا و بەرز و پیرۆزە و ئاگای لە مرۆڤەکانە و پەیوەندییان پێوە دەکات، بەرزترین و تایبەتی ترین جۆری پەیوەندیکردنیش لە (پێغەمبەرایەتی) و (وەحی گوفتاری) دا خۆی دەبینێتەوە، هەر بۆیە لە نێو ئەو ئایینانەدا بابەتی پێغەمبەرایەتی یەکێکە لە پایە گرنگەکانی خودی ئەو ئایینە و تەنانەت بەبێ ئەوە ئایینەکە دروست نابێت.

بە پێی ئەوەی لە ئیسلامدا لێی تێدەگەین، خودای گەورە تەنها لە رێگەی وەحی گوفتاری و پێغەمبەرایەتیەوە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤ ناکات، بەڵکو ئەو پەیوەندیکردنە زۆر فراوانترە، خودای گەورە لە رێگەی نیشانە (ئایەت)ە گەردوونیەکانەوە پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ مرۆڤدا هەیە، بە مەرجێك مرۆڤ لە هەلومەرجێکی دەروونی و ئەقڵی وەهادا بێت کە پێشوازی لەو پەیوەندیکردنە بکات و وەڵام بداتەوە، ئەمە لای هەندێك بە (وەحی تەکوینی)ش ناوبراوە[1].

بەپێی ئەم تێگەیشتنە خودای گەورە سروشتی مرۆڤی بە جۆرێك دروستکردووە، کە خودا دەناسێت، و هەر

لـە بنەڕەتـەوە مەعریفەیەكـی پێشـوەختی بـە خـودا و نـاوە پیرۆزەكانـی هەیـە، بـەڵام ئـەم مەعریفەیـە (بالقوە)یـە و پێویسـتە ئەكتیـڤ بكرێـت و بچێتـە بـواری كردەیـی و فیعلـەوە. لـە لایەكـی دیكـەوە مـرۆڤ لـە مامەڵـەی لەگـەڵ دیاردە سروشتیەكاندا بـە بەردەوامـی هەسـت بـە پەیوەنـدی خـودا دەكات، وەك بـاران و رەشـەبا و هاتنـی شـەو و رۆژ و ... هتـد. لـەو دیاردانـە رادەمێنێت وەك نیشـانەیەك بـۆ شـتێك كـە لـە پشـتی ئـەو دیاردانـەوە بوونـی هەیـە، هـەروەك چـۆن كەسـی گەشـتیار لـە نیشـانەیەكی هاتوچـۆ رانامێنێـت لەبـەر خـودی نیشـانەكە، بەڵكـو لێـی رادەمێنێـت لەبـەر ئـەوەی ئاراسـتەی دەكات بـۆ ئـەو شـوێنەی كـە مەبەسـتی سـەرەكی گەشـتەكەیەتی[٢]. ئـەم بابەتـە لـە قورئانـدا و لـە دەیـان جێگـەدا زۆر بـە روونـی خراوەتـەڕوو، وەك ئـەم ئایەتـەدا ﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيۡلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُۚ لَا تَسۡجُدُواْ لِلشَّمۡسِ وَلَا لِلۡقَمَرِ وَٱسۡجُدُواْۤ لِلَّهِ ٱلَّذِي خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمۡ إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ﴾ (فصلت: ٣٧).

**پەیوەندی گوفتاری لە نێوان خودا و مرۆڤدا:**

وەك پێشـتر وتـرا پەیوەندیكردنـی خـودا و مـرۆڤ چەنـد شـێوازێكی هەیـە، بـەڵام گرنگترینیـان پەیوەندیكردنـی (گوفتـاری -زمانـی)ە، ئـەم جـۆرە وەحیـە پەیوەندیكردنـی خودایـە بـە مرۆڤـە لـە رێگـەی گوفتـار و زمانـەوە، واتـە خـودا پەیامێـك دەداتـە مـرۆڤ كـە بەپێـی گوفتـاری مـرۆڤ دارێـژراوە و مـرۆڤ دەتوانێـت لێـی تێبـگات.

لـەڕووی زمانەوانیـەوە وەحـی بـە مانـای گوفتارێكـی دێـت، هەرچەنـدە وەحـی لـە نێـوان دوو كەسـدا روودەدات، چونكـە یەكێكیـان نێـرەرە و ئـەوی دی وەرگـرە، بـەڵام لـە هەمـان كاتـدا، پەیوەندیەكـی ئاسـایی نیـە و هەمـوو كـەس ناتوانێـت پێشـوازی لـەو پەیوەندیـە گوفتاریـە بـكات و لێـی تێبـگات.

> **لە دیدی دینەكانەوە بەرزترین جۆری پەیوەندی خودا بە مرۆڤە لە رێگەی وەحیەوە بەرجەستە دەبێت**

لەبـارەی ئـەوەی كـە ئـەو پەیوەندیـە زمانیـە بـۆ پێغەمبـەران چـۆن روویـداوە، چونكـە ئـەو سـەری پەیوەندیەكـە خودایـە و ئـەم سـەریش مرۆڤـە و دوولایەنـی ئـەم پرۆسێسـە هاوتـا نیـن، زانایانـی موسـڵمان لـە كۆنـەوە دوو بیرۆكەیـان پێشـكەش كـردووە[٣].

یەكـەم: كاتێـك خـودا لـە رێگـەی فریشـتەی وەحـی (جیبریـل)ەوە پەیامـی بـۆ پێغەمبـەر هێنـاوە، جیبریـل لـە سروشـتی فریشـتەیی خـۆی هاتۆتـە دەرێ و وەك مرۆڤێكـی لێهاتـووە تـا پێغەمبـەر بتوانێـت لێـی تێبـگات و پەیامەكـەی لێوەربگرێـت.

دووەم: لەكاتـی ناردنـی پەیامەكـەدا سروشـتی پێغەمبـەر گـۆڕاوە و لـە حاڵەتـی مرۆڤـی ئاسـایی دەرچـووە تـا بتوانێـت لـە جیبریـل تێبـگات و پەیامەكـەی لێوەربگرێـت. شـایانی باسـە زانایانـی موسـڵمان زۆرتـر بـە لای بۆچوونـی یەكەمـدا رۆشـتوون و ئەگـەری دووەمیـان بـە دوور زانیـوە.

هەرچـۆن بێـت بەرەنجـام و ناوەڕۆكـی ئـەو

## بەڕای بەشێك لە بیرمەندان جوبریل لە گەیاندنی وەحیدا وەك مرۆڤێكی كارامە مامەڵەی كردوە

پەیوەندیکردنە گوفتاریە، بۆ کەسانی باوەڕدار پیرۆز (موقەدەس)ەو دەبێتە بنەمای ژیانی ئایینی بۆیان.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ جیاوازیەکی گرنگ لە بارەی وەحیەوە لە نێوان سێ ئایینە یەکخوداپەرستەکەدا بکەین، وەحی لە ئایینی جولەکەدا پەیوەستە بەگەلی هەڵبژێردراوەوە، واتە خودا پەیوەندی راستەخۆی لەگەڵ گەلی جولەکەدا کردووە و ئەوان خودی پەیامەکەی خودان، و خودا لە رێگەی ئەوانەوە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤدا کردووە، بەڵام لە مەسیحیەتدا پەیوەندی خودا لە رێگەی کەسایەتی مەسیحەوە بووە، بەو مانایەی خودا لە کەسایەتی مەسیحدا بەرجەستە بووە و کەسایەتی مەسیح خۆی پەیامەکەیە، بەڵام لە ئیسلامدا خودا لە رێگەی کەلامەوە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکان کردووە کە ئەویش قورئانە{٤}. بەم مانایەش بێت قورئان لە ئیسلامدا بەرامبەر ئینجیل لە مەسیحیەتدا نیە، بەڵکو بەرامبەر کەسایەتی پێغەمبەر عیسایە.

لە ئەزموونی ئیسلامدا، خودا بە روونی لە رێگەی قورئانەوە خۆی نیشاندەدات، قورئان کتێبی نمایشکردنی خودای گەورەیە، زۆرترین وشەیەك لە قورئاندا دووبارە بوو بێتەوە وشەی (اللە) و ناوە پیرۆزەکانی خودایە، ئەو کەسەی قورئانی خوێندبێتەوە بە روونی ئەمە دەبینێت. هەرچەندە قورئان حاڵ و ژیانی پێغەمبەر موحەممەدیش نیشاندەدات و ئێمەی مرۆڤ لە زمانی ئەوەوە قورئانمان بیستووە و وەرگرتووە، بەڵام پرسی سەرەکی قورئان بە گشتی، هەر خودا خۆیەتی.

### پێگەی پێغەمبەرایەتی

ئەگەر لە ئەزموونی ئیسلامدا قورئان خودی پەیامی خودایە و هەروەها ئەگەر قورئانیش ئاوێنەیەکە بۆ ناساندن و نمایشکردنی خودا، ئەی پێگەی پێغەمبەرایەتی لە ئیسلامدا چیە؟ ئایا بەس ئەو کتێبەی بۆ رەوانەکراوە و ئەویش بە تەنها ئەرکی گەیاندنی لەسەر بووە و لەو نێوەندەدا کەسایەتی پێغەمبەر موحەممەد هیچ رۆڵێکی نەبووە لە دامەزراندنی ئیسلامدا؟

لەڕاستیدا بە هاتنی ئیسلام گواستنەوەیەك لە مێژووی ئایینەکاندا روودەدات لە مرۆڤ سەنتەریەوە (ئەزمونی جوولەکە و مەسیحیەت) بۆ خودا سەنتەری، هەر بۆیە بیروباوەڕی تەوحیدی ئیسلامی بەرزترین فۆرمی یەکتاپەرستیە لە مێژووی ئایینەکاندا {٥}.

بەڵام پێگەی پێغەمبەر لە ئیسلامدا بریتیە لە پێگەی دامەزرێنەر، واتە پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) لەسەر ئەرزی واقیع و لە نێو مرۆڤەکاندا ئایینێکی یەکتاپەرستانەی تێر و تەواوی دامەزراندووە، بناغەی سەرەکی ئەو ئایینەش خودی قورئانە، دڵی ئایینەکەش یەکخوداپەرستی و تەوحیدە.

**پێغەمبەرایەتی لە دوو بەش پێکدێت، نبووەت و ریسالەت:**

نبووەت لە زمانی عەرەبیدا دوو لێکدانەوەی بۆ کراوە، یان لە (نبأ)ەوە وەرگیراوە بە مانای هەواڵ پێدان و هەواڵ وەرگرتن، بەڵام بە هەواڵێك دەگوترێت کە گرنگ و بەسوود و راست بێت یان لە نبووەت واتە بەرزی و بڵندی، بە کەسی پێغەمبەر دەوترێت نەبی لەبەر بەرزی پێگەکەی لە نێو خەڵکیدا[٦]. بەڵام ریسالەت یان رەسول بە مانای پەیام یان هەڵگری پەیام یانیش هەڵگری گوفتارێك دێت[٧]. واتە نبووەت هەواڵ وەرگرتن زانیاری پێدان لە لایەن خوداوە دەگەیەنێت، بەڵام ریسالەت پاش ئەوە دەست پێدەکات، وەرگرتنی پەیامی خودایە و ئامادەبوونە بۆ گەیاندنی بە خەڵك.

لەبارەی جیاوازی نبووەت و ریسالەت یان نەبی و رەسولەوە بۆچوونی زۆر خراوەتەڕوو، کە زۆربەیان جەخت لە جیاوازی نێوانیان دەکەنەوە بەوەی نبووەت پەیوەندی بە وەحی بۆ هاتن و هەواڵ پێدانەوە هەیە لە لایەن خوداوە، بەڵام ریسالەت زیاترە لە هەواڵ وەرگرتن لە خوداوە، بریتیە لە پێدانی شەریعەت و یان گەیاندنی ئەو شەریعەتە بە کەسانێك کە لێی بێئاگان[٨]. هەر بۆیە وتراوە هەموو رەسولێك نەبیە بەڵام هەموو نەبیەك رەسول نیە، وتراوە: رەسول ئەو کەسەیە کە فریشتەی وەحی بۆ لا نێردراوە و پەیامی پێداوە، بەڵام نەبی هەواڵی پێدراوە لە رێگەی خستنە نێو دڵ یان لە رێگەی خەوەوە[٩].

مەسەلەیەك کە لێرەدا جێگەی تێڕامانە، ئەوەیە کە ئەو فریشتانەی کە ئەرکی گەیاندنی پەیامەکانیان لە ئەستۆدا بووە بە رەسول ناوبراون نەك نەبی، هەروەك لە قورئاندا هاتووە: ﴿ٱللَّهُ يَصۡطَفِي مِنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلٗا وَمِنَ ٱلنَّاسِۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٞ﴾ (الحج: ٧٥) فریشتەکان ئەوانەی کە پەیامهێنەرن لە لایەن خوداوە، خودا هەڵیان دەبژێرێت، ئەمانە رەسولن، چونکە هەواڵەکە بۆ ئەوان نیە، واتە بەس ئەرکیان لەوەدا کورت دەبێتەوە کە پەیامەکە بگەیەنن بە بێ کارلێك شەخسی خۆیان لەگەڵ ئەو پەیامەدا، بەڵام ئەو پێغەمبەرانەی کە لە مرۆڤەکان هەڵبژێردراون بە رەسول، پێش ئەرکی گەیاندن و ریسالەت خۆیان کارلێکیان لەگەڵ پەیامەکەدا کردووە، وجودیان گۆڕاوە و شەفاف و پاکبوونەتەوە بە سەردەرکردنیان لە دونیای ئەو دیو و بە پەیوەست بوونیان بە وەحی خوداوە. لێرەوە پێویستە ئەوە باس بکەین جیاوازی هەیە لەنێوان ئەرکی گەیاندنی پەیام (قورئان) لە لایەن پێغەمبەرەوە (د.خ) لەگەڵ ئەرکی گەیاندنی پەیام لە لایەن فریشتەکانی وەحیەوە.

وەحی لە چوارچێوەی زمانی "قەوم"دا

پێش فەرزی نووسەر ئەوەیە کە پێگەی پێغەمبەرێك کە نبووەت و ریسالەتی پێکەوە کۆکردۆتەوە وەك موحەممەد (د.خ) واتە هەم هەواڵی پێدراوە و پلەی لە کەسانی تر بەرزترە و پەیامێکی هێناوە بۆ مرۆڤەکان، بریتیە لە پێگەی کەسی دامەزرێنەر، بە جۆرێك هەرچەندە لە ئەزموونی ئیسلامدا قورئان پەیامەکەیە و یەکتاپەرستی و خواپەرستیش کرۆکی ئەو پەیامەیە، بەڵام لە ڕووی واقیعیەوە ئەو پەیامە ئەزموونێکی بەرجەستەی دروستکردووە کە خۆی لە سیستمێکی فراوانی بیروباوەڕ و پەرستش و شەریعەتی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە و پێی

دەوترێت ئیسلام، پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) دامەزرێنەری ئەو ئیسلامەیە و بە دەرکردنی باسی موحەممەد لەم میانەیەدا مرۆڤ ناتوانێت ئیسلام ببینێت، کەواتە چەمکی ئیسلام (نەك لەڕووی زمانەوانییەوە) فراوانترە لە خودی قورئان، قورئان دڵی ئیسلامە، یان ئیسلامە بەخونچەیی و نەپشکوتوویی، لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەم:

یەکەم: مێژووی ئایینەکان پێمان دەڵێن هیچ ئایینێك تەنها بە گوفتار و قسە دانەمەزراوە، بەڵکو کەسی یەکەمی ئەو ئایینە و کارلێکی بەردەوامی لەگەڵ خەڵك و ژیاندا بەگشتی، ئایینەکەی وەك سیستمێکی دیاریکراو هێناوەتە ئاراوە، وێنەیەی یەکەمی ئەو فەرمان بیروباوەڕانەی کە ئایینەکەیان لێپێکدێت لە لایەن کەسی یەکەم (پێغەمبەر)ەوە نیشاندراون، ئەگەرنا گوتارێك لە چوارچێوەی زماندا بە رووتی، چەندین وێنەی زیهنی لێوەردەگیرێت و بەیەك ئاست و یەك جۆر وەرناگیرێت لە لایەن خوێنەران یان بیسەرانەوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ دابەزینی قورئاندا تەنها شایەتی کتێبێك نین کە دادەبەزێت لە ئاسمانەوە بۆ زەوی، بەڵکو لە هەمان کاتدا شایەتی رووداوێکی گەورەشین کە لە سەرزەوی خەریکە روودەدات، ئەویش دروستبوونی بەرپاکردنی ئایینێکی نوێیە، کەواتە تەنها ئاسمان نەخرۆشاوە بە هاتنی قورئان، بەڵکو زەویش بۆی هاتۆتە لەرزین.

لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەو مانایانەی کە لە ساتی دابەزینی قورئانەوە لە نێو زەین و دڵی پێغەمبەر و هاوەڵاندا لە دایکدەبن، تەنها مانای زمانەوانی و راڤەی وشەکانی قورئان نین، بەڵکو هەم مانای دیالۆگین و هەم مانای جەستەیین، واتە مانا گەلێك کە بەهۆی گفتوگۆی بەردەوام و کارلێکی زەینی و گوفتاریەوە دەربارەی وەحی لە دایك دەبن، هەروەها حوزوری جەستەیی پێغەمبەر و ماناکانی ئەو حوزورە جەستەیە لە بیری هاوەڵان و مرۆڤەکانی ئەو سەردەمەدا مەسەلەیەکی گرنگە، ئەگەر کەسێك شارەزای قورئان بێت، دەزانێت هەر لە خودی قورئاندا بەریگری کردنێکی بەهێز هەیە لە کەسایەتی پێغەمبەر موحەممەد، بەوەی کە دوورە لە جنۆکە و شیعر و سیحر و ...هتد.

دووەم: ئەوەی هەواڵ و زانیاریانەی کە پێغەمبەر رموحەممەد (د.خ) پەی پێ بردووە، تەنها لە وەحی قورئاندا کورت دەبێتەوە یان لەوە زیاترە؟ پێشتر وتمان شێوازی وەرگرتنی وەحی لە دوو ئەگەردا باسکراوە، یان فریشتەی وەحی لە سروشتی خۆی هاتۆتە دەرەوە و لە شێوەی مرۆڤدا وەحیەکەی داوەتە پێغەمبەر، یان پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) سروشتی مرۆڤانەی خۆی بە جێهێشتووە تا بتوانێت لەگەڵ فریشتەی پەیامهێنەر پەیوەندی بکات و وەحی لێوەربگرێت، هەرکام لەو ئەگەرەش ئەوە دەگەیەنن زانستی پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) تەنها لە ئایەتەکانی قورئاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو ئەو جیهانێکی فراوانتری بینیوە، قورئانیشی لەو جیهانەوە وەرگرتووە.

کاتێك پاشایەك داوا لە یەکێك لە هاوڵاتیانی دووری مەملەکەتەکەی دەکات لە پایتەختی فەرمانڕەوایی ئامادەبێت تا لە کۆشکی پاشایەتی پەیامێکی تایبەتی بداتێ و ئەویش بیگەیەنێت بە هاوڵاتیانی دیکەی شارۆچکەکەی، ئەو کەسەی کە پەیامی پاشا وەردەگرێت ئایا بەس پەیامەکەی

بینیوە و زانستێکی تر جگە لەوەی لە پەیامی پاشادا هاتووە نازانێت؟ یان ئەو جیهان فەزایەشی نەبینیوە کە تیایدا پەیامەکەی پێدراوە؟ لێرەدا لەو فەرموودەیە تێدەگەین کە دەفەرموێت: (لو تعلمون ما أعلم لضحكتم قليلاً و لبكيتم كثيراً){١٠} ئەمەش جیاوازی سەرەکی فریشتە نێردراوەکانە لەگەڵ پێغەمبەرە نێردراوەکان، فریشتەکان شتێك دانامەزرێنن، تەنها پەیامێك دەگەیەنن بە کەسێك کە بێ چەند و چون پێشوازی لێدەکەن، بەڵام پێغەمبەری نێردراو خۆی لە مەیداندایە و پەیامەکەش دەگەیەنێتە کەسانێك کە ئینکاری دەکەن و بەرەنگاری دەبنەوە.

لێرەدایە دەبینین ئەرکی پێغەمبەرایەتی شایەتیدان و ترساندن و مژدەدان و هاندانە، هەروەها بانگەشەکاری ڕێگەی بەرەو خودا چوون و ڕووناك کەرەوەی ژیانە، وەك لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿وَدَاعِيًا إِلَى ٱللَّهِ بِإِذْنِهِۦ وَسِرَاجًا مُّنِيرًا﴾ (الاحزاب: ٤٦) بە پێی ئەم ئایەتە پێغەمبەر لە نێوجەرگەی کێشمەکێشی ژیاندایە و خۆی ڕووناك کەرەوەی ڕێگایە، هەر بۆیە پەیوەندیەکی توند لە نێوان پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) و قورئاندا هەیە، بە جۆرێك بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام پێویستە یان لە پێغەمبەرەوە دەست پێبکەین بۆ قورئان، یان لە قورئانەوە دەست پێبکەین بۆ پێغەمبەر، هەر بۆیە جۆرێکە لە نەزانی گەر بمانەوێت بەدەر لە پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) لەقورئان تێبگەین، هەروەها ڕێگە بزرکردنیشە گەر بمانەوێت بەبێ قورئان لە حیکمەت و ژیانی پێغەمبەر موحەممەد تێبگەین.

سێیەم: ئاشکرایە وەحی لە ئیسلامدا تەنها لە دابەزینی قورئاندا کورت نابێتەوە، حاڵەتەکانی

**بەشێك لە کەلامیە باوەڕیان وایە پێغەمبەر بۆ تێگەشتن لە وەحی سروشتی مرۆیی تێپەڕاندوە ئەم رایە لایەنگری کەمن**

وەحی زیاترن، بەڵام قورئانیش کە پەیامی ڕەهای خودایە و لە دەرەوەی کات و شوێنە، لە چوارچێوەی زمانی قەومدا بەرجەستە بووە و تایبەتمەندیەکانی شوێن و کاتی وەرگرتووە، تا قەوم (خەڵك) تێی بگەن و بتوانن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بەرمەبنای ئەمەش پەیوەندی زمانی خودا بە مرۆڤەوە بە سنووردارییەکانی زمانی خەڵك سنووردار دەبێت{١١}.

جا مادام زمان بابەتێکی ئیعتیباریە و مرۆڤەکان لەسەر چەند سیستمێکی دەنگی ڕێکدەکەون بۆ گەیاندنی مانا و مەبەستەکانیان، لێرەشەوە دەگەین بەوەی کە زمان لە یەك ئاستدا نامێنێتەوە و وەك هەر کائینێکی زیندوو توانای گەشەکردن و فراوانبوونی هەیە، تەنانەت لە نێو یەك سیستمی زمانیدا ماناکان بە جێگیری نامێننەوە و بەپێی ئاستی شارستانێتی و توانای زەینی و سیاقی مێژوویی، مانای وشەکان دەگۆڕێن و لە مانای جیاوازتر و فراوانتردا بەکاردەبرێن، هەروەها دەکرێت بەپێی هەلومەرجی دەروونی هەر کەسێکیش وشە و گوزارەکان مانای

**بە هاتنی ئیسلامی گۆڕانکاریەکی قوڵ لە مێژووی دینەکاندا روویداوە ئەویش بە گواستنەوە لە مرۆڤ سەنتەریەوە بۆ خودا سەنتەر**

جیاواز ببەخشن.

بۆ ئەوەی ئەم پەیامە گوفتاریە بەرەنجامی لێبکەوێتەوە و مەبەستەکانی بەدی بهێنێت، و جیاوازی زۆر دروست نەبێت، پێگەی پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) لەوەدایە کە پێش تەئویل و تەفسیری هەرکەس بۆ قورئان، لەو قورئانە پەیکەرێکی بەرجەستەی ئایینی ئیسلامی دەرهێناوە و ئایینەکەی لەسەر دامەزراندووە، لەبەر ئەوەی تەنها قورئانیشی نەزانیوە و هەواڵی دیکەی زۆری لابووە، کەس ناتوانێت هەمان ئەزموونی ئەو بۆ داڕشتنەوەیەکی دیکەی ئیسلام دووبارە بکاتەوە.

لێرەوە ئەو بۆچوونەی کە بڕوای وایە پاش چوارده سەدە ئێمە مولزەم نین بە سوننەتی پێغەمبەر و بە پشتبەستن بە لێکدانەوەی زمانەوانی قورئان دەتوانین ئیسلامەتی خۆمان بپارێزین، خاڵییە لە هەر بنەمایەکی زانستی و حیکایەتە لە بێئاگایەکی قووڵ لە خودی ئیسلام و لە مێژووی ئایینەکان. "موحەممەد شەحرور" یەکێك لەو کەسانەیە کە دژە کلتورە و ئیسلام تەنها لە پرۆسەیەکی تەفسیری زمانەوانیدا دەبینێت، ئەو بڕوای وایە کە گوایە پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) لە کاتی خۆیدا هەستا بە کارلێك لەگەڵ قورئاندا و رەهایەکانی قورئانی وەرگێڕا بۆ بابەتی رێژەیی تا لەگەڵ کات و شوێنی سەردەمەکەیدا بگونجێت، ئێمەش پێویستە هەمان ئەزموونی ئەو دووبارە بکەینەوە بۆ سەردەمی خۆمان، تا ئەحکامە رەهاکانی قورئان بە تێگەیشتنی خۆمان بگۆڕین بۆ بابەتی رێژەیی کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەم سەردەمەدا[١٢]. هەروەها دەڵێت: لە لایەکەوە ئێمە لەبەردەم دەقێکی پیرۆزی رەهادایین، لەو لاشەوە کارلێکێکی مرۆیی بەردەوام لەگەڵ ئەو دەقە رەهایەدا، هیچ هۆکارێکیش نیە بگەڕێینەوە بۆ دراوەکانی سەردەمێکی دیاریکراو تا لە قورئان تێبگەین، تەنانەت ئەگەر ئەو سەردەمە سەردەمی پێغەمبەریش بێت[١٣].

لەڕاستیدا، من بڕوام وانیە سەلماندنی (رەهایی بوونی قورئان) لە شوێن و کات، لە توانای کەسانی وەك ئەو نووسەرە سوریەدا بێت، ئەو لە بنەڕەتدا هەرخۆشی لێنەداوە، بەڵام ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە ئەوەی ئەم نووسەرە دەیەوێت وەریبگرێت لە قورئان، لەڕاستیدا ئیسلام نیە، بەڵکو لە بۆچوونێکی تەفسیری زیاتر کە لە ژێر کاریگەری چەند میتۆدێکی لاوازی سەردەمی نوێدایە هیچی دی نیە، فۆڕمە واقیعیەکەی ئیسلام لە نێو مێژوویەکی هەزار و چوارسەد ساڵەدا راکشاوە، ئەو فۆڕمە تەنها رەگەزی مێژوویی و ئەقڵی سەردەمی خۆی بەرهەمی نەهێناوە، بەڵکو فۆڕمە سەرەکیەکەی سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلام لەسەر دەستی پێغەمبەر (د.خ) لە پاشخانی (نبووەت)ەوە سەرچاوە دەگرێت و دەست و پەنجەی وەرگری وەحی سازی کردووە.

ئەو بۆچوونەوەی سەرەوەمان مانای ئەوە نیە هیچ کۆشش و بیرکردنەوەیەك لە ئیسلامدا پێویست نیە، چونکە ئەوەی لێوەردەگیرێت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە لە کاتی ئیجتیهاد و کۆششدا ناکرێت چاو لە ژیانی پێغەمبەر و تەنانەت کۆی مێژووی ئیسلامی بنوقێنێت و لەبەرئەوەی توانای ناسینی ئەم سەردەمەت نیە و جیاوازیە قووڵەکانی لەگەڵ سەردەمی کۆندا دەرك ناکەیت، رابردوو لە بیر بکەیت و تەنها قورئان بهێنیت و بە نیاز بیت بە پشتبەستن بە راڤەی زمانەوانی ئابڕووت بۆ بگەڕێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کارێکی ئاسانە و بە هەر خوێنەوارێکی ئاسایی دەکرێت، بەڵام بەرهەمی ئەم تەفسیرە دروستکردنی ئایینێکی ترە کە هیچ پەیوەندی بە پێشینەی خۆیەوە نیە.

ئەوە ئاشکرایە بۆ توێژەرانی بواری ئایینەکان هەرچەندە ئایین لە سەردەمی نوێدا حوزوری بەرچاوی هەیە و ئەو بانگەشەیەی سێکیۆلاریزم راست دەرنەچوو کە دەیوت: لەگەڵ پێشکەوتن و نوێگەری زیاتری مرۆڤدا، ئایینەکان لە نێو دەچن، بەڵام لەڕاستیدا ئەو ئایینەشی کە دەتوانێت ئامادەیەکی ئیجابی و بەسوودی هەبێت لە سیاقی دونیای نوێدا، هەمان فۆڕمە کۆنەکەی سەرەتای دروستبوونی نیە، ئایینەکان بە گشتی ناتوانن وەك فۆڕمە کۆنەکە درێژە بە ژیانی خۆیان لەم هەلومەرجە نوێیەدا بدەن.

بەڵام لەم لاشەوە ئەو تەرحەی کە ئەزموون و سوننەتی دامەزرێنەری ئیسلام پشتگوێ دەخات بێجگە لەوەی تەرحێکی لاوازە و هیچ بنەما و میتۆد و کەرەستەیەکی فیکری و زانستی ئەوتۆی تێدا بەکار نەهێنراوە، پەرچەکردارە بۆ دوو فشار: یەکەمیان فشاری رەوتێکی داخراوی ئوسوڵگەرای نێوخۆی دونیای ئیسلامە بە ناوی سەلەفیەت. دووەمیان: فشاری بەهاکانی سەردەمی نوێ و شەرمکردنەوە لە مێژووی ئیسلام، جا لەبری تێگەیشتن لەهەردوو جیهانەکە بە باشی و بەکارهێنانی کەرەستەی فیکری و زانستی گونجاو بۆ گواستنەوە لە سەردەمی کۆنەوە بۆ ئەم سەردەمە، دێت بەشێکی گەورە لە پێکهاتەی ئیسلام رەتدەکاتەوە و تەنها قورئان دەهێڵێتەوە، بەڵام ئەوەی لە بیرچووە، ئەگەر بەو سادەیە مامەڵە بکەین، هەمان شت کە بەسەر سوننەت و ئەحکامی فەقیهەکاندا دەسەپێت، قورئانیشی لێ قوتار نابێت.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١. رساله دین شناخت، احمد نراقی، انتشارات طرح نو، چاپ دوم- ١٣٨٩ ص ٤٤.

٢. الله و الانسان في القرآن، توشيهيكو ايزوتسو، ت: د. هلال محمد الجهاد، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الأولى، بيروت- ٢٠٠٧، ص٢١٥.

٣. البرهان في علوم القرآن، الزركشي (٢٢٩/١) و الإتقان في علوم القرآن للسيوطي (١٥٦/١).

٤. مدخل إلى القرآن الكريم، محمد عابد الجابري، مركز دراسات الوحدة العربية، ص: ١٣٧-١٣٩.

٥. ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئایینەکانی دیکە خوداپەرست یان تەوحیدی نەبوون، روانگەی نووسەری ئەم بابەتە روانگەیەکی دیاردەناسیانەی مێژووییە، واتە ئەوەی لە واقیعی ئایینەکاندا گوزەراوە نەك ئەوەی لە بنەڕەتدا ئایینەکە چۆن بووە، چونکە ئاشکرایە ئایینی موسا پێغەمبەر و عیسا پێغەمبەر لەسەر بنەمای وەحی

خودایی دامەزراون، بەڵام ئاشکرایە دواتر ڕێچکەیەکی دیکەیان گرتۆتەبەر.

٦. المفردات في غريب القرآن، الراغب الأصفهاني (٧٨٨-٧٨٩).

٧. أعلام النبوة، أبو الحسن الماوردي، مكتبة الهلال، ط١- ١٤٠٩هـ. (٥١). والمفردات للراغب، هەمان سەرچاوە (٣٥٢-٣٥٣).

٨. الفرق بين الفرق البغدادي (٣٣٢) و النبوات لإبن تيمية (٧١٨/٢).

٩. الجامع لأحكام القرآن، أبو عبدالله القرطبي، دار الكتب المصرية، ط٢ -١٩٦٤. (٨٠/١٢).

١٠. أخرجه مالك في الموطأ (١٨٦/١) باب العمل في صلاة الكسوف، و البخاري في الجامع الصحيح (٣٤/٢) برقم (١٠٤٤) باب الصدقة في الكسوف، و مسلم في المسند الصحيح (٦١٨/٢) برقم (٩٠١) باب صلاة الكسوف.

١١. رساله دين شناخت، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

١٢. الكتاب و القرآن، ص ٣٩.

١٣. هەمان سەرچاوە، ص ٣٦.

# هەڵهاتن لە رەهایی
# تێگەشتن لە ئەبستمۆلۆژیاوە بۆ هێرمنوتیکا

سەلمان نادر

پێشەکی:

مێژووی فەلسەفە لە سەردەمی هاوچەرخدا گواستنەوەیەکی جۆری تێدا روویداوە لە تێپەڕاندنی ئەبستمۆلۆژیاوە بەرەو هێرمنوتیکا، لە بەجێهێشتنی مەعریفەی حەقیقیەوە بۆ تیگەشتن سەنتەری، کاری ئەم بابەتەش بریتی دەبێت لە شرۆڤەکردنی ئەو گوزەرە، پێشمان وایە پێویستە رێڕەوی مەعریفی ئایینی و رۆژهەلاتیش پێ بە پێی ئەو پێشکەوتنە زانستیە هەنگاو هەڵگرن، هەرچەندە ئەو وێنەیە روونە لامان هێشتاوەکو ئەو گۆڕانکاریە لە دەرەوەی تێگەشتنی ئایینیشدا بە روونی نەگەشتۆتە جوگرافیای جیهانی ئیسلامی، پێشمان وایە گرنگی ئەو کارە بۆ تێگەشتنە ئیسلامیەکان لەوێدایە باوەڕداران بتوانن لە سنوورەکانی رەهایەتی رزگاریان ببێت و دەرفەتی رێژەیی بوون و مرۆیی بوون بدەنەوە بە تێگەشتنەکانیان و هەڵکشان و داکشانە مرۆییەکان بەسەر تێگەشتنی ئایینیەوە روونتر دەربکەون، ئەمەش لە پێناو رزگار کردنی ناموقەدەس لە بەرگی موقەدەس و رزگارکردنی موقەدەسیش لەو فۆرم و بەرگە ناموقەدەسەی لێی ئالێنراوە و رێگرە لەوەی وەك خۆی نمایان ببێت و بەرکەوتنی راستەوخۆ بەرهەم بهێنێت لەگەڵ مرۆڤدا لە دۆخە جیاواز و بیرکردنەوە جیاوازەکاندا. واتە دەمانەوێت بەرگی موقەدەس لەسەر مەعریفەی مرۆیی داڕنێت و خۆی لە پرسیار و گۆڕانکاری و هەموارکردن و رەتکردنەوە و گەشەپێدان پێ گەورەتر نەبێت و ملکەچی یاساکانی ئەو بوارە بێت.

دەمانەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە فەلسەفەی هاوچەرخ بەپلەی یەکەم دۆخێکی هێرمنوتیکی بەسەریدا زاڵە و کاردەکات لەسەر کەشفکردنی رەهەندە تێگەشتنیەکەی مرۆڤ لە دیاردە سروشتی و

ناسروشتیەکانیشدا، ئەگەر ئەوە بۆ تێگەشتنەکانی دیکە دروست ببێت ئەوا بۆ تێگەشتنی ئایینی دروستترە، چونکە تێگەشتنە ئایینیەکان بەردەوام بەرکەوتنیان لەگەڵ مرۆڤدا هەبووە و رەنگی مرۆیی بەسەریاندا دراوە، بۆیە ئەرکی هێرمنوتیکایە بێت توێژینەوە لەو رەنگە مرۆییانە بکات کە رەنگی ئایینیان گرتووە و زۆرجاریش وەك ئایینی پلە یەك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بۆیە لەم گواستنەوە مەعریفیەدا هەموو جارێك گەرد و غوبارە مرۆییەکان رادەماڵرێن و مرۆڤی موفەسیر دەرکی ئەوە دەکات ئەوە دەقەکان نین دێنە زمان بەڵکو زاتیەتی موفەسیر بەشدار دەبێت لە بوونیاتنان و پێکهینان مانا و تێگەشتندا و بێ زاتیەتی موفەسیر دەقەکان وەك خۆیانن و تەفسیر نەکراون، بەڵکو تەنها ئەو دەقانەن وەك خۆیان لەناو تێکستی ناو کتێبەکاندا نووسراونەتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی کارمان لەسەر کردووە بەسەر سێ تەوەرەی بنەڕەتیدا دابەش بووە، تەوەرەیەی یەکەمیان دەروازەیەك بە رووی تیۆریای مەعریفەدا دەکاتەوە و لە رووی ئاراستە و جۆرەکانیەوە، تەورەی دووەمیان جەخت لەسەر فینۆمینۆلۆژیا دەکاتەوە و تەوەرەی سێیەمیش تایبەت کراوە بە پرسی هێرمنۆتیکاوە، لەم سێ تەوەرەیەدا پرسی مەعریفە بە ئاراستە جیاوازەکانیەوە شەن و کەو دەکات.

لێکۆڵینەوە لە مەعریفەتناسی یان وردتر بڵێین لە زانین ناسی گرنگیەکی لە رادەبەری هەیە بۆ ئەوانەی لە بواری مەعریفەدا کار دەکەن چونکە دەروازەیەکی گەورەیان بە رووداد دەکاتەوە لەبارەی ئەو میتۆدانەوە کە زانین لە رێگەیانەوە بۆیان فەراهەم دەبێت لە هەمان کاتیشدا رێگری دەکات لەوەی بکەونە هەڵەی دژهاتنەوەی میتۆدی و نەزانینی ئەو میتۆدانەی کە لێیانەوە مەعریفەیان چنگ دەکەوێت تاوەکو لێیەوە بکەونە هەڵەی میتۆدی و مەنهەجیەوە.

**تەوەرەی یەکەم : ئەبستمۆلۆژیا لە ململانێی تەرزە جیاوازەکانیدا**

لەگەڵ سەردەمی نوێدا چەمکی ئەبستمۆلۆژیا و مەعریفەتناسی پانتاییەکی گەورە لەبواری نووسین و لیکۆڵینەوەی مەعریفیدا داگیر دەکەن، لەو رووەوە لە سەردەمی نوێدا بایەخدانێکی زیاتر بەم بوارە هاتۆتە ئاراوە و تیۆرسێنی گەورە لەم بوارەدا کاریان کردووە و نووسیویانە، ئەم بوارەش وەك یەکێك لە بوارەکان فەلسەفە هەژمار کراوە، ئەگەر بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە لەم بابەتە بڕوانین دەبینین قسەکردن لەسەر پرسی ئەبستمۆلۆژیا بەیەکێك لە تەوەرە بنەڕەتی و سەرەکیەکانی بابەتی فەلسەفە هەژمار کراوە، ئەمە جگە لەوەی وەك مەنهەج و رێچکە بەشدار دەبێت لە چارەسەرکردنی گرفتە تیۆریەکاندا، وەك لە پێشەوەش ئاماژەمان پێدا لەسەردەمی نوێدا فەلسەفە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو رووی تیۆریای مەعریفە گۆڕانکاری بەسەردا هات، جەختی گۆڕا بۆ سەر پرسی پەیوەندی نێوان کەسی پەی پێبەر "ذات المدرك" و بابەتی پەی پێبراو "موضوع المدرك"، واتە لە ناخی کەسی پەی پێبەرەوە بۆ بابەتی پەی پێبراو[١].

هەموو ئەو خەسڵەتانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا بوونەتە هۆی ئەوەی بەشێك لە توێژەرەکانی بواری فەلسەفە باوەڕیان وا بێت تیۆریای مەعریفە پێگەیەکی باڵای هەیە لەناو مەعریفەی مرۆییدا، لەو رووەوە بنەمای

هەمــوو ئــەو ئامــراز و مەنهەجانەیــە کــە مــرۆڤ لــە بەدەستهێنانی مەعریفــەدا پشــتیان پێدەبەســتێت، بەبــێ ڕەچاوکردنــی ئــەو جیاوازیــەی کــە ئایــا ئــەو مەعریفەیــە، مەعریفەیەکــی خودایــی یــان مەعریفەیەکــی مــادی بێــت، دەرهاویشــتەی کاری فەیلەســوفێك یــان زانایەکــی سروشــتی بێــت، چونکــە ئەگــەر لێکۆڵــەر هەڵوێســتێکی یەکلاکــەرەوەی نەبێــت لەبــارەی پرســی تیۆریــای مەعریفــەوە ناتوانێــت هیــچ شــتێکی دیکــە لەبــارەی زانینەکانــی دیکــەوە دەرببڕێــت، بۆیــە ئەبســتمۆلۆژیا ئەلفوبــای زانســتەکان و بنەمایانــە، بــەردی بناغــەی هەمــوو بیروبۆچــون و تیۆریایەکــە لــە بــواری فەلســەفە و زانســتی ئەزموونیشــدا[٢].

لانــی کــەم ئەگــەر ئەوانــەی لــە بــوارە جیاوازەکانــی مەعریفــەدا کار دەکــەن ئەگــەر ئاگاداری تــەوژم و تیۆریا و ئاراســتە مەعریفیــەکان نەبــن دەکەونــە قەیرانــی دژەهاتنــەوەی بیروبۆچــوون و ئارگیومێنتەکانیــان، چونکــە لەنێــوان تــەوژم و ئاراســتە جیاوازەکانــی مەعریفەتناســیدا وێــڵ دەبــن و هەربەشــێکی زانیاریەکانیــان پشــت ئەســتور دەبێــت بــە بەڵگــە و ئارگیومێنیتێك کــە بــە بەڵگــە هەژمــار ناکرێــن لای ئــەو تیۆریایانــەی کــە بەشــەکەی دیکــەی تویژینــەوە و کارکردنیانــی لەســەر بیناکــراوە بۆیــە خۆشــیان نازانــن چ میتۆدێکــی دیاریکراویــان هەیــە، ئالێــرەوە مەعریفەتناســی و قســەکردن لەســەر چیەتــی مەعریفــە دەبێتــە دەروازەیــەك بــۆ قســەکردن لەســەر ئــەو بابەتانــەی بــە مەعریفــە هەژمــار کــراون، دەروازەیەکیــش دەبێــت بــۆ کراوەنــەوەی زیاتــر لەســەر بنەمــا گشــتی و ڕەســەکانی مەعریفــە، ســتانداردێکیش دەبێــت بــۆ زانینــی ئاراســتە و تــەوژمی کار و دۆزینــەوەی چیەتــی جیهانبینــی

> **گرنگی هێرمنوتیکا بۆ تێگەشتنە ئیسلامیەکان لەوێدایە باوەڕداران بتوانن لە سنورەکانی ڕەهایەتی رزگاریان ببێت**

تــەوژمــە مەعریفیــە جیــاوازەکان و یارمەتیدەریــش دەبێــت بــۆ قووڵکردنــەوەی ڕەخنــە لــە دەرئەنجامــەوە بــۆ میتــۆد و شــێوازی کار و بنەمــای زانیــن.

**مەعریفە چیە ؟**

ســەرەتای کارکــردن لەســەر مەعریفەتناســی ناچارمــان دەکات بەدەســتبردن بــۆ ئــەو بــوارەی مەعریفەتناســی لێــی دەکۆڵیتــەوە، واتــە ناچاریــن بزانیــن مەعریفەتناســی دەیەوێــت چــی بکاتــە کەرەســتەی لێکۆڵینــەوەو بەدواداچوونەکانــی، بــە وردبوونــەوە لــە ناوەکەشــی ئەومــان بــۆ روون دەبێتــەوە کــە مەعریفەتناســی زانســتی لێکۆڵینــەوە و ناســینی مەعریفەیــە، ئەمــەش وامــان لێدەکات بیــر لــە پێناســەکردنی مەعریفــە بکەینــەوە، ئەڵبەتــە دەبێــت دان بەوەشدا بنێیــن دەکرێــت ســەدان پێناســەی جیاواز بــۆ مەعریفــە بوونیــان ببێــت کــە لێرەدا دەرفەتــی هێنان و شــرۆڤەکردنیان نیــە بۆیــە چەنــد پێناســەیەکی کــەم وەردەگریــن و موناقەشــەیان دەکەیــن

لــە ســەرەتای کارەوە دەمانەوێــت لــەو دیــدەوە دەســپێبکەین کــە وەك "نوقتەنیــزام" وایــە، پێــی وایــە نابێــت بــەدوای پێناســەکردنی مەعریفــەدا وێــڵ ببیــن چونکــە دەمانخاتــە نــاو بازنەیەکــی لۆژیکیــەوەو

# لێکۆڵینەوە لە مەعریفەت ناسی و هێرمنوتیك کار دەکات بۆ رزگار کردنی موقەدەس لە ناموقەدەس

دەورێك دەخولقێنێت لەو رووەوە چەمکی مەعریفە لەو چەمکانەیە شەرعیەت دەداتە چەمکەکانی دیکە ئەی چی شەرعیەت بداتە خۆی.

ئالێرەوە ئاماژە بەڕای بەشێك لەو توێژەرانە دەکەین کە لە بواری مەعریفەدا نووسیویانە و پێیان وایە مەعریفە لەو چەمکە بەدیهیانەیە پێناسە ناکرێت، بەڵگەی ئەوەش کە مەعریفە پێناسەی نیە ئەو دەربڕینەیە کە دەڵێت ئێمە هەموو شتێك لە رێگەی زانستەوە دەزانین، بەڵام ئەگەر بمانەوێت پێناسەی زانست بە زانست بکەین دەورێکی لۆژیکی دەخولقێنین، ئەگەر بشمانەوێت بە جگە لە زانست پێناسەی بکەین، جگە لە زانست هیچ نیە تا پێناسەی پێبکرێت[٣] بۆیە ئەمەش بۆ مەعریفەت دروستە و هەموو شتێك لەناو مەعریفەدا مانای خۆی وەردەگرێت ئەگەر ئێمە بمانەوێت بە مەعریفە پێناسەی مەعریفە بکەینەوە دەورێکی لۆژیکی دەخولقێنین و ئەگەر بشمانەوێت بە جگە لە مەعریفە پێناسەی بکەین ئەوا پرسیارێکی جدی و بێ وەڵامەمان ئاراستەی مەعریفە کردووە لەو رووەوە دەبێت چی تر ببێت توانای ناساندنی چەمك و بابەتەکانی جگە لە مەعریفەی ببێت.

بەڵام وەنەبێت ئەمە تاکە رای ئەو بوارە بێت بەڵکو رای جیاوازتر بوونیان هەیە و دەکرێت پەنایان بۆ ببرێت بۆ پەی بردن و تێگەشتن لە مانای وشەی مەعریفە چونکە یەکێك لە هەنگاوە لە پێشینەکانی قسەکردن لەسەر ئەبستمۆلۆژیا بریتیە لە روونکردنەوەی واتای وشەی مەعریفە، مەعریفە چیە؟ دەمانەوێت چ مەبەستێك بگەیەنین کاتێك وشەی مەعریفە بەکار دەهێنین، ئەمەش لە لایەکەوە پێویستی بە روونکردنەوەی وشەی مەعریفەیە و لە لایەکی دیکەشەوە مامەڵەی تەرزە جیاوازەکانی تەفسیرکردنی وشەی مەعریفە، ناشبێت ئەوەمان لەیاد بچێت بۆ مانازانی هەر چەمکێك تیۆریای جیاواز بوونیان هەیە یەکێك لەو تیۆریایانە تیۆریای بەکاربردنە، مەبەست لێی بەکاربردنی ئەو چەمکەیە بۆ چ مەبەستێك دەبێت، ئالێرەوە زانین (مەعریفە) لە سیاقی جیاواز و بۆ واتای جیاواز بەکار دێت، بۆ نموونە من رێگەی "دەیات" دەزانم، من دەزانم ٢+٢= ٤، من دەزانم ئامێری عود بژەنم، من شارەکە دەزانم، من شتێك لەبارەی "قەیس و لەیلا"وە دەزانم، من دەزانم ئاو لە دوو هایدرۆجین و ئۆکسجینێك پێکدێت، من دەزانم رستەی (هەندێك لە کەرووەکان کوشندەن) راستە. بە وردبوونەوە لەو رستانە دەزانین دەکرێت وشەی زانین بە واتای جیاواز بەکار هاتبێت بۆ نموونە زانین بریتیە لە خاوەنداریەتی توانای جۆرێکی دیاریکراو (ژەنینی میوززیك) یان بریتیە لە ئاگاداری و شارەزایی یانیش بریتیە لە دەرك کردنی زانیاری[٤].

## تیۆریای مەعریفی چیە ؟

ئەبستمۆلۆژیا وشەیەکی پێکهاتووە لە دوو

وشەی یۆنانی (episteme) واتە مەعریفە و (logos) واتە تیۆریا، ئەبستمۆلۆژیا لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە بایەخ بە سروشتی مەعریفەی مرۆیی و جۆرەکانی و ئیمکانیەتی و سەرچاوەکانی و بوار و سنوورەکانی دەدات، هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە.

مەعریفە چیە؟

چی دەتوانرێت بزانرێت؟

چۆن ئەو شتە دەزانین کە دەیزانین؟

چۆن بیروڕاکانمان بەڵگەدار و قبوڵکراو دەبن؟[٥]

لە رووی فەلسەفیەوە تیۆریای مەعریفە لە خودی مەعریفە لە روانگەی سروشت و سنوور و بەهاوە دەکۆڵێتەوە، وێناکردنی مەعریفە لە رووی میتافیزکیەوە پەیوەستە بە بوونەوە، کۆدەنگیەك لە ناو کۆمەڵگەدا دەخولقێنێت، لە رووی زەینیەوە پەیوەست دەبێت بە ناساندنی شێوەکانی چالاکی زەینی، لە رووی لۆژیکیەوە پەیوەستە بە رێساکانی بەڵگەوێژی دروستەوە، لە رووی دەروونیەوە پەیوەستە بە پرۆسەی بووونیاتنانی مەعریفەوە و لە رووی ئەخلاقیشەوە پەیوەستە بە پابەند بوون بە حەقیقەتەوە[٦].

ئەگەر هەموو بوارانەی لە پرسی تیۆریای مەعریفەدا وروژێنران، سروشت و سنوور و بەها، بوون و کۆدەنگی، پەیوەندی زەین و دەرەوەی زەین، بنەماکانی بەڵگەوێژی و ئارگیومێنت سازی لە ژیربێژی و لۆژیکدا، لە رووی دەروونناسیەوە ئامادەگی دەروونی بۆ دڵنیایی و دووركەوتنەوە لە راڕایی لەهەمبەر هەندێك بابەتی لێکۆڵراوەوە، لە سەروو ئەمانەشەوە پرسی ئەخلاق (کە دەکرێت لێرەدا ئیمە رای ترمان بێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو پرسیارەی ئایا پەیوەندی زانین و پابەند بوون، یەك ئاست و پەیوەندین یان دوو ئاست و پەیوەندین، بەو واتایەی مەرجە هەموو زانینێك کردەیی بکرێت، هەموو باوەڕێك بکرێتە کردەیی، هەرچەندە لە ناساندنی مەعریفەدا بە مەرج وەرگیراوە ئیمانی راستگۆیانەی بەڵگەدار) هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێکردن دەستمان دەگرن بۆ ئەوەی بڵێین مەعریفە دۆخێکە مرۆڤ پەی پێدەبات بەرامبەر بەخۆی یان دەرەوەی خۆی، بریتیە لە پەیوەندیەك لایەنێکی ئەو پەیوەندیە، کەسی شارەزایە و لایەنەکەی دیکەشی بابەتی زانراوە، کە کەسە شارەزاکە بەشێوەیەکی راستەوخۆ و یان ناڕاستەوخۆ دەرکی دەکات[٧].

## ئیمکانیەتی مەعریفە:

لە سەرەتای ئەم بابەتەوە پرسیارێکی سەرەتایی خۆی دەنوێنێت، ئایا لە بنەڕەتەوە مرۆڤ دەتوانێت دەستی بگاتە زانین، یان هەموو ئەو بانگەشانەی ئەنجامی داون تەنها خەیاڵ پڵاو و وەهم بوون، ئەم پرسیارەش لە مێژووی مەعریفەدا وەڵامی جیاوازی بەرهەم هێناوە، لە مێژووی مەعریفەدا ئاراستەی جیاواز بوونیان هەبووە لەبارەی ئەگەری خاوەنداریەتی مەعریفەوە، بەشێك لە تیۆرسێنەکان ئیدعای ئەوەیان کردووە مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە دەستی بگات بە مەعریفە و بەشێکی دیکەشیان رەتی ئەوەیان کردۆتەوە مرۆڤ بتوانێت دەستی بە مەعریفە بگات، بۆیە پۆلێن کردنی تەوژمەکان بەرمەبنای ئیمکانیەتی دەست راگەشتن بە مەعریفە جۆراوجۆرن، ئێمە لێرەدا ئاماژە بە پۆلێنکردنێکی

سەرەتایی ئەو تەوژمانە دەدەین لەو بوارەدا بوونیان هەبووە ئەمەش بۆ خۆبەدوور گرتن لە چوونە ناو وردەکاری پۆلبەندییەوە چونکە لە سەروو توانای ئەم بابەتەوەن و دوورمان دەخەنەوە لە وێناکردنی ئەو گواستنەوەیەی روویداوە لە ئەبستمۆلۆژیاوە بۆ هێرمنوتیکا و ئەوانیش بەسەر دوو گروپدا دابەش دەبن.

یەکەم: گومانگەراکان: میتۆدی گومانگەراکان ئەو میتۆدانەن گومانیان لە توانای مرۆڤ هەیە بتوانێت دەستی بە مەعریفە رابگات، یان راستر بڵێین باوەڕیان وایە مرۆڤ ناتوانێت دەستی بە مەعریفە بگات[٨] ئەڵبەتە گومانگەراکان ناتوانرێن لەناو یەکجۆردا پۆلێن بکرێن، بەڵکو پۆلێنی جیاوازیان هەیە، دەکرێت بەشێوەیەکی بنەڕەتی پۆلێن بکرێن بۆ هەردوو جۆری گومانگەرایی رێچکەیی (رەها) و گومانگەرایی میتۆدی.

گومانگەرا رەهاکان ئەو گومانگەرایانە بوون باوەڕیان وایە مرۆڤ بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت دەستی بە مەعریفە بگات ئەم میتۆدە میتۆدێکی رەهایە چونکە بەردەوامەو لەخۆیدا ئامانجە (لای بەشێك لە توێژەکان ئەم گرووپە بە رەتکەرەوەکانی مەعریفەش ناوزەد دەکرێن)[٩] و دەکرێت "گورگیاسی سوفستایی" بە نموونەیەکی روونی ئەم گروپە هەژمار بکەین[١٠].

هەرچی گومانگەرای میتۆدیە گومان وەك میتۆدێك وەردەگرێت بۆگەشتن بە مەعریفە، واتە سەرەتا بە گومان دەست پێدەکات نەك بە گومان کۆتایی بێت، ئامرازە نەك ئامانج[١١] لێرەشدا دەتوانین ئاماژەیەك بە میتۆدەکەی غەزالی بکەین کە پێی وابوو گومان رێگەیەکە بۆ یەقین[١٢].

دووەم: میتۆدی یەقینگەراکان (دۆگماتیکی) یەقینگەراکان ئەو تەوژمە فەلسەفیانەن باوەڕیان وایە مرۆڤ دەتوانێت دەستی بە مەعریفەی یەقینی بگات. بنەمای سەرەکی میتۆدی یەقینگەراکان لەسەر دوو کۆڵەکە وەستاوە.

یەکەم: لە پشت زەینی مرۆڤەوە واقیعی دەرەکی بوونی هەیە .

دووەم: هەموو مرۆڤێك دەتوانێت –بەپێی ئەو ئامرازە مەعریفیانەی بەردەستن بۆی- دەرکی ئەو واقیعە دەرەکیە بکات و شارەزا ببێت لێی "شارەزاییەکی دروست"[١٣].

### سەرچاوەکانی مەعریفە

یەکێك لەو بوارانەی زۆرترین جەدەلی خولقاندوە لە تیۆریای مەعریفەدا بریتیە لە سەرچاوەکانی مەعریفە، مرۆڤ لە چ رێگەیەکەوە دەتوانێت مەعریفە چنگ بخات، بەدڵنیاییەوە ئەم پرسیارە پاش قەبوڵکردنی ئەرێنیانەی وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە ئایا مەعریفە مومکینە یان نا؟ چونکە ئەگەر پێمان وابێت مرۆڤ ناتوانێت دەستی بە مەعریفە بگات کەواتە پرسیارکردن لەسەر ئامرازەکانی دەست راگەشتن بە مەعریفەش بێ بنەمان، وەڵامی جیاواز بۆ پرسیاری ئامرازەکانی دەستخستنی مەعریفە چین خراونەتەڕوو، لە راستیدا ئێمە تەنها وەڵامێکمان بۆ پرسیاری ئامرازەکانی دەستخستنی مەعریفە چین نیە، بەڵکو وەڵامگەلێکی فراوانمان هەن هاوئاراستەی قوتابخانە و ئاراستە فەلسەفیەکان، هەندێك لە ئاراستە فەلسەفیەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە عەقڵ سەرچاوەی یەکەمی مەعریفەیە چونکە تاکە مەلەکەیەکی مرۆڤە ناتوانرێت بخەڵەتێنرێت[١٤].

لەلایەکی دیکەشەوە بەشێکی دیکە پێیان وایە مەعریفە لە ڕێگەی هەستەکانەوە چنگی مرۆڤ دەکەوێت و بەشێکی دیکەش تیشك دەخەنە سەر حەدس (شهود)، ئەمە لە کاتێکدا بەشێکی دیکەش لەناویاندا غەزالی گومانی لە مەعریفەی عەقڵانیەکان هەبووە و گومانیشی لە مەعریفەی هەستەوەری هەبووە، بۆیە پێی وابوو مرۆڤ تەنها لە ڕێگەی موجاهەدە و ریازەی رۆحیەوە دەگاتە تەزکیەی نەفسی و حەقیقەتی بۆ دەردەکەوێت[١٥]، ئیمە لێرەدا بە کورتی ئاماژە بەو تەرزە جیاوازانە دەدەین لەو بوارەدا بوونیان هەیە.

### میتۆدی ئەزموونگەراکان (empiricism) یان قوتابخانەی رەسەنایەتی:

ئەو قوتابخانەیە بنەمای سەرەکی عەقڵ و مەعریفە بە بەرئەنجامی هێزی هەستەوەری دەزانێت، بە شێوەیەکی تر هەموو مەعریفەی ئێمە بۆ دەوروبەرمان زادەی ئەزموونکردنمانە، بەپێی ئەم جیهانبینیە زەینی مرۆڤ پێش ئەزموونکردن وەك کاغەزێکی سپی وەهایە و هیچی لەسەر نەنووسراوە[١٦] لێرەوە ئیدی ئەزموونگەرایی هەموو مەعریفە فیتریەکان رەتدەکاتەوە، ئەزموونگەرایی بە دوو واتای جیاواز دێت، یەکەمیان رەتکردنەوەی هەموو مەعریفەی پێشینەیی و فیتری، دووەمین هەموو مەعریفەکانی مرۆڤ زادەی ئەزموونە هەستەوەریەکانی ئەون[١٧].

### روانگەی عەقڵگەراکان: (Rationalism)

بەهەمان شێوەی میتۆدی ئەزموونگەراکان میتۆدی عەقڵگەراکانیش بەسەر چەندین تەوژم و قوتابخانەی جیاوازدا دابەش دەبن، بە شێوەیەکی گشتی ئەو فەیلەسوف و حەکیمانەن کە پشتیان

**دەمانەوێت موقەدەس لە مەعریفەی مرۆیی بسەنینەوەو وای لێبکەین خۆی پێ گەورە نەبێت**

بە عەقڵ بورهانی بەستووە وەك ئامرازی سەرەکی و فەرمانڕەوای یەکەم و کۆتایی لە مەعریفەدا، هەموو میتۆدە مەعریفیەکانی دیکە مەشروعیەتی خۆیان لەوەوە وەردەگرن و لەژێر چاودێری ئەودا کارەکانی خۆیان رایی دەکەن[١٨] بەڕای عەقڵگەراکان ئەگەر هەستەکان سەرچاوەی مەعریفەی یەقینی بن مرۆڤ و ئاژەڵەکان هەردووکیان خاوەنی هەستەکانن[١٩].

### روانگەی ئەخباریەکان:

ئەم روانگەیە زۆرترینیان ئەو گەل و نەتەوانەن کە پشتیان بە رووکاری دەقی ئایینیەوە بەستووە و بۆ مەعریفەی واقیع و دۆگما بوون لە ناوید[٢٠].

### روانگەی شهودگەراکان (intuition):

گەڕان بەدوای سەرچاوەیەکی تری مەعریفەدا جیاواز لە هەست و عەقڵ پێشینەیەکی هەیە لە شارستانیەتە جیاوازەکاندا بەتایبەتی لای سۆفیەکان، بەڵام مەرج نیە هەمان ئەو حەدسە بێت کە "هێنری بریجستۆن" ئاماژەی پێدەکات، بۆ نموونە چەمکی شهود دەتوانرێت وەك هاو واتای تەخمین تەماشا بکرێت، "فەخرەدینی رازی"ش وا پێناسەی کردووە کە بریتیە لە خێرایی گواستنەوە

## فەلسەفەی هاوچەرخ دۆخێکی هێرمنوتیك بەسەریدا زاڵە کار دەکات بۆ کەشف کردن ڕەهەندە مرۆییەکان لە تێگەشتندا

لە بنەماکانەوە بۆ خوازراوەکان (لە پێشەکیەکانەوە بۆ ئەنجامەکان) بەبێ هەنگاوی پلەبەندی واتە گواستنەوەیەکی بێ نێوەندگیرە، دەتوانین بلێین بریتیە لەو ڕوونیەی کە بۆ سۆفیەکان دێتە ئاراوە لە ڕێگەی ئیشراق و فەیزەوە[٢١].

وەك لە پێشەوەش ئاماژەمان پێدا ئەگەر ئامرازی مەعریفە لای هەستیەکان بریتی بێت لە هەستەکان و لای عەقڵانیەکانیش بریتی بێت لە عەقڵ ئەوا لای شهودگەراکان بریتیە لە شهود و بەصیرەت و دڵ و عەیانی ڕاستەوخۆ، هەموو ئەوانە بریتین لە تێکەڵبوونی ڕاستەوخۆی خودی عاریف لەگەڵ بابەتی ناسراودا.

شهود (حەدس) لە دیدی شهودگەراکانەوە جۆرێکە لە مەعریفەی ڕاستەوخۆ پێویستی بە بورهان و دەلیل نیە، پێویستی بەو ڕێگایانە نیە کە بەڵگەیان تێدا دەهێنرێتەوە وەك قیاس بەشێوە جیاوازەکان و ئیستدلال و هەڵهێننجاندن بەڵکو مەعریفەیەکی ڕاستەوخۆیە کەسی زانا دەکاتە بەشێك لە بابەتی زانراوەکە ئیدی هەرچی ببێت، شهود ڕوانینێکە ناوەکیە، شهود دەکرێت بە چەند شێوەیەکی جیاواز بوونی هەبێت لەوانە:

شهودی هەستی وەك بینینی ڕەنگەکان.

شهودی عەقڵی گەشتنە دەرئەنجامەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

شهودی سۆزداری هەستکردن بە خۆشەویستی کەسێك لە یەکەم بینینیەوە.

شهودی سۆفیانە دەرك کردن بە ناسینی خودا لە ڕێگەی بورهان و دەلیلەوە نەبێت.

شهودی هونەری (الهام)[٢٢].

### ڕوانگەی کانت:

لەم بەشەدا هەوڵماندا‌وە ڕوانگەی کانت وەك ڕوانگەیەکی سەربەخۆ باس بکەین، ئەمەش لەو ڕووەوە بەیەکێك لە بەهێزترین ئەو کەسایەتیان هەژمار دەکرێت کاریگەریان لەسەر فەلسەفەی نوێ هەبووە، هەوڵی داوە کۆکردنەوەیەك بکات لە نێوان دوو ڕێچکەی دژەیەکدا (عەقڵی و ئەزموونی)، کانت هەوڵیدا تەباییەك لە نێوان پرۆژە خودیەکەی "بارکلی" کە پێی وابوو هیچ شتێکی سەربەخۆ لە دەرەوەی زەینی ئێمەوە بوونی نیە و ئەزموونگەراییەکەی لۆکدا کە پێی وابوو جیهانێکی سەربەخۆ لە دەرەوەی زەینی مرۆڤەوە هەیە بهێنێتەوە ئاراوە[٢٣].

کانت لە کتێبی ڕەخنەی عەقڵی پەتیدا پێی وایە هەموو مەعریفەیەکی ئێمە بە ئەزموون دەست پێدەکات، هیچ گومانێکیش لەمەدا نیە، چونکە توانا مەعریفیەکانی ئێمە وریا نابنەوە بۆ کارکردن لە ڕێگەی بەرکەوتنی هەندێك بابەتەوە بەهەستەکانمان نەبێت [٢٤]، کانت لە کتێبی عەقڵی پەتیدا بە وردی کاری لەسەر ئەوە کردووە، کە بەتەنیشت ئەزموونکردنەوە کە گرنگیەکی گەورەی هەیە و کاریگەری لەسەر بەئاگاهاتنەوەی توانا مەعریفیەکانی ئیمە هەیە کاری لەسەر ئەوە کردووە کە ئیمە مەعریفەی

لە پێشینەشمان هەیە، هەموو مەعریفەکانی ئێمە مەعریفەی دواییینەیی نین، (لەگەڵ ئەوەدا هەموو مەعریفەی ئێمە بە ئەزموونکردن دەست پێدەکات بەڵام هەموو مەعریفەی ئێمە لە ئەزموونکردنەوە بەدەست نایەت بۆیە ئاساییە ئەزموونە هەستەوەریەکانمان تێکەڵەیەك بن لەوەی لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە لەگەڵ توانا مەعریفیەکانماندا بەدەستیان دەهێنین)[٢٥].

ئالێرەوە کانت جیاوازیەکی روون دەخاتەڕوو بۆ جیاکردنەوەی مەعریفەی پێشینەیی و مەعریفەیی پاشینەیی، مەعریفەی پێشینەیی هەموو زەروریاتەکانی لەگەڵدایە و مەعریفەی پاشینەییش هەرگیز حوکمی گشتی و رەها نابەخشێت، لێرەشەوە سەردەکێشێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسی ئیستقرا و رۆڵی ئیستقرا و رەخنەکردنی لە گەیاندنی حەقیقەتی یەقین بەخشدا[٢٦].

**سروشتی مەعریفە:**

بە وردبوونەوە لە فەلسەفەی رۆژئاوایی دەبینین گرفتی زانین بەشێوەی پەیوەندی نێوان زەین و بابەت و پەیوەندی نێوان بکەری ناسین پێشنیار کراوە بەتایبەتی ئەم دیدە پاش دیکارت کە باوەڕی بە جەوهەری نەفسانی و جەوهەری جسمانی بە شێوەی جیاواز لەیەکتر هەبووو بە روونی دەردەکەوێت[٢٧].

یەکێك لە پرسە بنەرەتی و گرنگەکانی بواری مەعریفەتناسی پرسیاری پەیوەندی نێوان "خودی مودریك" و "بابەتی دەرککراوە"، ئەمەش جەدەلیەتی نێوان تیۆریای مەعریفەی مادی و تیۆریای مەعریفەی نموونەیی خولقاندوە. ئەڵبەتە لە زەینی مرۆڤێکی نموونەییدا مەعریفە بریتیە لە یەکگرتنی زەینی مرۆڤ لەگەڵ بوونی دەرەکیدا، بۆیە مەعریفە بە هەبووونی بابەتی دەرەکی پەیوەستە بە هەبووونی زەینیەتێکەوە کە لەو شتانە دەگات، بەبێ ئەو زەینە تێگەیشتن لە بابەتە دەرەکیەکان نایەتە بوون و مەعریفەش ناخولقێت[٢٨] ئیدی لێرەوە دیدی نموونەگەراکان لای "بارکلی" دەگاتە ترۆپك کاتێك دەیگوت بوونی مادی پەیوەستە بە بوونێکی ئاوەزیەوە دەرکی بکات، هەموو تەنەکانی جیهانی مادی بوونیان نیە بەبێ عەقڵ، بوونیان وەستاوە لەسەر دەرککردنیان و ناسینیان.

**مێژووی تیۆریای مەعریفە:**

مێژووی قسەکردن لەسەر مەعریفە شۆڕدەبێتەوە بەرەو قووڵایی مێژووی لێکۆڵینەوە لە سروشت و مرۆڤ و میتاسروشت، پرسەکانی تیۆریای مەعریفە بواری لێکۆڵینەوەو تێڕوانین بوون لەو کاتانەوە کە هەندێك لە فەیلەسوفە یۆنانیەکان دەگەڕانەوە بۆ فەلسەفەی پێشینەکانیان لەباری بوون و جیهانەوە تا مرۆڤ، ئەگەر مرۆڤ سەنتەری لێکۆڵینەوەی لێکۆڵینەوە مرۆییەکان بێت ئەوا تیۆریای مەعریفە بنەمای ئەو لێکۆڵینەوانەو گەوهەرەکەیانە[٢٩].

بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێت چوارچێوەیەکی دیاریکراو وەربگرین بۆ قسەکردن لەسەر تیۆریای مەعریفە ئەوی ئەو چوارچێوەیە بێت کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز قسەی لەسەر مەعریفەتناسی کردبێت ئەوا دەتوانین ئاماژە بە "جۆن لۆك" بکەین کاتێك کتێبەکەی (مقالە فی تفکیر الانسانی) لە ساڵی ١٦٩٠ زاییینیدا بڵاوکردەوە پاش ئەویش ئیمانوێل کانت پرۆژەکەی خۆی تایبەت کرد بە لێکۆڵینەوە لە مەعریفەو ئامرازەکان[٣٠] لێرە بەدواوە دەتوانین بڵێین قسەکردن

لەسەر مەعریفەتناسی وەك بوارێکی سەربەخۆ دەرکەوتنی تەواوی بەخۆیەوە بینی و لەو بوارەدا رای زۆر هاتنەئاراوە.

**تەوەرەی دووەم: فینۆمینۆلۆژیا، دەرچوون لە دوالیزمەی واقیع و مانا.**

فینۆمینۆلۆژیا وەك تەوژمێکی بەدیل یان تێپەڕینەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە سەریهەڵدا، سەرهەڵدانی فینۆمینۆلۆژیا لەگەڵ ناوی ئەدمۆند هۆسرەڵدا پێکەوە گرێدراون، هەرچەندە جۆرێك لە هاوڕایی هەیە لەسەر ئەوەی یەکەم کەسێك چەمکی فینۆمینۆلۆژیا بەکارهێناوە، "لامبێرتە" لە ئەڵمانیا و پاشان "کانت" و پاشتریش "هیگڵ"، (هیگڵ فینۆمینۆلۆژیای وەك رووگە تەماشا دەکرد، هەرچەندە سودی لە میتۆدی دیالیکتیك وەرگرتوە. لای هیگڵ فینۆمینۆلۆژیا دەستی پێکردووە تا مرۆڤ بتوانێت لە ئەنتۆلۆژیا و مەعریفەتناسی و میتافیزیك تێپەڕێنێت)[٣١].

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە بریتیە لە میتۆدێکی فیکری روون، بۆ ئەمەش ئەدمۆند هۆسرەڵ بە رێبەری ئەم میتۆدە دەزانرێت[٣٢]بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت دان بەو راستیەدا بنێین دەرکەوتەناسی سەدەی بیستەمیش جیاوازیەکی فراوان لەنێوان تەوژمەکانیدا بوونی هەیە بەتایبەتی لەنێوان تەوژمی دەرکەوتەناسی ئیستعلایی هۆسرەڵ و دەرکەوتەناسی وجودی ژان پۆڵ سارتەر و مۆریس مێرلۆ و دەرکەوتەناسی هێرمنوتیکی هایدگەر و پۆل ریکۆردا[٣٣]، لێرەشدا ئێمە دەمانەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە بەکاربردنی دەرکەوتەناسی لەم بابەتەی ئێمەدا بریتیە لە دەرکەوتەناسی ئیستعلایی هۆسرەڵ کە بە یەکێك لە میتۆدە سەرکەوتووەکانی سەدەی بیستەم دەزانرێت، لە بوارە جیاوازەکانی وەك دەروونناسی، کۆمەڵناسی، زانستە ئایینیەکان و هونەر و ....هتد، بەکار هاتووە.

## چەمکی فینۆمینۆلۆژیا

چەمکی فینۆمینۆلۆژیا (Phenomenology) لە چەمکێکی یۆنانی (Phainomenon) بە واتای شتێك کە خۆی نمایان دەکات یان دەرکەوتەیە وەرگیراوە. ئەم چەمکە بەکارهێنانی فەلسەفەی و نافەلسەفیشی هەیە لە زانستە سروشتیەکاندا بەتایبەتی فیزیا لەگەڵ دەرکەوتەناسی نافەلسەفیدا بەرخوردمان دەبێت، لێرەدا توێژەکان ئەم چەمکە بۆ وەسفکردن (التوصیف) لەبەرامبەر روونکردنەوە (التبیین)ەوە بەکار دەهێنن بەڵام لە فەلسەفەدا وەك ئەوەی (ریچارد ئیشمیت) ئاماژەی بۆ دەکات بۆ دوو واتای جیاواز بەکاردەهێنرێت، یەکەم واتایەکی نەریتی و کۆنی ئەو چەمکەیە، لێرەدا مانایەکی تەوسیفی هەیە، بابەتێك یان بوارێکی لێکۆڵینەوەییە کە دەستکاری دەرکەوتەی شهودکراوە، واتای دووەمی تایبەتە بە سەدەی بیستەم ئەو تەوژمە فەلسەفیەیە کە میتۆدی دەرکەوتەناسیدا بەکار دەبرێت[٣٤].

لەم تەوژمە نوێیەدا خودی فینۆمینۆلۆژیا (دەرکەوتەناسی) بریتیە لە لێکۆڵینەوەی دەرکەوتە، دەرکەوتە هەر شتێکە لە سنووری پەی پێبردن و ئاگایی مرۆڤەوە دەربکەوێت، وەك دەرکەوتە مادیەکان، زیندەوەرزانی و هەڵچوون، لای کانت دەرکەوتە پەیوەست دەبێت بە بابەتێکەوە کە ئەزموونی بێت، واتە شتێك لەناو کات و شوێندا بۆ ئێمە دەردەکەوێت، دەرکەوتە لەم رووەوە لە لایەکەوە

لە بەرامبەر ناسینی مادەی ڕەهاوە (هەرشتێك بە ناونیشانی پەیوەستی ناسینەوە لە بەرامبەری فاعیلی ناسیەوە خۆی دەبینێتەوە) لە لایەکەی دیکەشەوە لە بەرامبەر خودەوە (توانای ناسینی ئەو شتانەی کە ناسینیان بە ئێمە نەدراوە) خۆی دەبینێتەوە[٣٥].

لێرەوە پاش ئەم ئاماژانەی سەرەوە دەتوانین بەو چەشنە پێناسەی دەرکەوتەناسی بکەین کە بریتیە لە لێکۆڵینەوەی تەوسیفی دەرکەوتەکان بەو شێوەیەی ئەو دەرکەوتانە خۆیان لەناو شوێنکاتدا دەردەخەن، ئەو تەوسیفە لە بەرامبەر یاسا موجەرەد و جێگرەوەکانی هەمان ئەو دەرکەوتە و واقیعە موتەعالیانەوەیە دەبێت[٣٦].

**جەدەلی ڕەسەنایەتی لە نێوان واقیع یان مانادا:**

لە پرسی ئەبستمۆلۆژیادا ئاماژەمان بەو دوو تەرزە بنەڕەتی و سەرەتاییانە کرد کە هەریەکەیان وەك بنەمایەك بەشێکی زۆر لە رووگە و تەوژمە مەعریفەتناسیەکانیان لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە ئەوانیش حیواری نێوان واقیع و مانا، حیواری نێوان زەین و مادە بوون، ئەم پرسەش بێگومان دەبێت رەنگدانەوەی لەسەر پرسی فینۆمینۆلۆژیاش بێت، بۆیە لە دیدی فینۆمینۆلۆژیستەکانیشەوە راڤەو شیکاری دەکەین، چونکە خاڵی بنەڕەتی فینۆمینۆلۆژیا بریتیە لە تێپەڕاندنی ئەو گفتوگۆ درێژخایەنەی لە نێوان ئەو دوو تەوژمەدا هاتوونەتە ئاراوە.

ئەگەر لەو سەربابەتەشەوە بێت ئێمە دیاریمان کردووە بۆ ئەم بەشەی ناو ئەو بابەتە ئەوا بەکورتی دەتوانین بڵێین یەکێك لە شوناسە سەرەکیەکانی ئەم تێزە تێپەڕاندنی ئەو جەدەلەیە بەشێوەیەك دەبێتە ناسنامەی دەرکەوتەناسیش، دەچێتە ناو قووڵایی

**بەردەوام ئایین مامەڵەی لەگەڵ مرۆڤدا کردوە، ئەم مامەڵەیەش بە بەردەوامی ڕەنگی مرۆیی بەخشیوەتە ئایین**

پێناسەکردن و ناساندنی فینۆمینۆلۆژیاوە، لەو رووەوە بەشێك لە توێژەرەکان پێیان وایە خودی دەرکەوتەناسی هیچ نیە جگە لە تێپەڕاندنی جەدەلی واقیع و واتا، بەشێوەیەك پێیان وایە مەبەست لە خودی دەرکەوتەناسیش ناسینێکە دەرئەنجامی پێکگەشتنی واقیع و زەینە، بۆیە مامەڵەی لەگەڵ واقیعیەت یان زەینی رەهادا نیە، بەڵکو چوارچێوەی فۆرمەڵەبوونی ناسین بریتیە لە واقیعێك کە لە زەیندا خۆی دەبینێتەوە، لێرەوە واقیعی رەها و پەتی و بێ پەیوەستی ناسینی ناتوانرێت بخرێتە بازنەی گفتوگۆوە[٣٧].

ئەوەی لێرەدا دەرکەوێت واقیعێك دەخولقێت کە لەناو زەیندا دەرکەوێت جیاوازە لەو واقیعەی بەشێوەیەکی موجەڕەد و سەربەخۆ بوونی هەیە و جیاوازیشە لەو زەینەی لەدەرەوەی واقیعەکەوەیە چونکە هیچ یەکێك لەمانە ناچنە ناو بازنەی ناسینەوە بەڵکو ناسین دەرهاویشتەی هەردووکیانە، ئیدی دەتوانین بۆ زیاتر نزیککردنەوەی ئەم بابەتە لە نموونەیەکی بەرجەستەوە نموونەی شەپۆلی دەریا بهێنینەوە، دەریا شەپۆل دەدات شەپۆلی دەریا نە بەتەنها دەرهاویشتەی واقیعێکی دەرەکیە لە دەرەوەی دەریا و ئاوەوەیە و نە بەتەنها دەرهاویشتەی

**مرۆڤی موفەسیر دەبێت بە ئاگا بێت لەوەی ئەوە دەقەکان نین بە تەنها دێنە گۆ بەڵکو زاتیەتی موفەسیریشی تێدایە**

خودی ئاوە، بەڵکو یەکگرتنی دوو هێزەکەیە، ئەگەر دەریا بە تەنها بێ کارتێکەری دەرەکی خولقێنەری شەپۆل ببوایە دەبوو بەبەردەوامی لە شەپۆلداندا ببوایە بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هەموو شەپۆلەکانی دەریا خولقێنەری هێزە دەرەکیەکان ببووناییە دەبوو هەموو بوونەکانی دیکەش بکەوتنانەیەتە شەپۆل، چونکە ئەو فشارەی لەسەر دەریا هەیە لەسەر کەناراوەکانیش هەیە بەڵام کەناراوەکان ناکەونە شەپۆلدان بۆیە دەبینین ماهیەت و ئاو و کارتێکەرە دەرەکیەکان یەکدەگرن شەپۆل دەخولقێت ئەمەش زۆر هاوشێوەی بەرکەوتنی واقیع و زەینە لە ئاگایی دەرکەوتەناسیدا.

ئەلبەتە ئەم پەیوەندیە دەکرێت پێشتریش لای هەندێك فەیلەسوف بوونی هەبووبێت بەڵام بەشێوەیەك جیاوازتر لەوەی لای هۆسرەل بوونی هەیە بۆ نموونە لای کانت ئاپریوەری کۆمەڵێك چوارچێوەن لە زەینی مرۆڤدا لە رێگەی ئەزموونە کارا دەبن بەڵام هۆسرەڵ پێی وابوو نەخێر ئاپریوەری کۆمەڵێك توانان زەین دەیانخولقێنێت[٣٨]. ئەمەش ئەو جیاوازیە روونەیە کە نێوان بەرکەوتەی زەین و واقیعدا کەلای بەشێك لە ئەبستمۆلۆجیستەکان و فینۆمینۆلۆجیستەکاندا بوونی هەیە، ئەوەی کانت زەین بەشدار نیە لە خولقاندنی سنوور و چوارچێوەدا بەڵکو هێزێکی هەبووی پاسیڤە و ئەزموون چالاکی دەکات واتە هێزێکی بەرکار و مونفەعیلە لەبەرامبەردا لای هۆسرەڵ زەین توانای خەلاقیەتی هەیە و دەتوانێت وەك دروستکەرێکی چوارچێوەی ناسین و ئاگایی خۆی نمایش بکات.

ئاگایی و خولقاندنی ئاگایی پەیبردن بە دەرکەوتە کە دەرهاویشتەی دابڕاوی هیچ یەکێك لە زەین و واقیع نیە لە دەرکەوتەناسیدا دەبێت بە بەردی بناغەی هەموو زانینێك، دەچێتە بنەما بنەڕەتیەکانی کاری فەلسەفەوە، هەموو فەلسەفە لە چاوی فینۆمینۆلۆجیستەکانەوە پەیوەست دەبێتەوە بە ئاگایی مرۆڤەوە، بەو پێیەی کاری فەلسەفە تەنها ئاگاییە و لەوە بەدەر نیە خودی ئاگایش پێناسە دەکرێت و پۆلێنبەدی بۆ دەکرێت بۆ هەردوو ئاستی (بنەما و ئایدیا)ی بەخشین، بنەما بەخشین ئەو پەیوەندیەیە لە نێوان دەرککەر و دەرك پێکراودا بوونی هەیە، بەشێك لە فینۆمینۆلیجیستەکان باوەڕیان پێیەتی هەوڵدەدەن چۆنیەتی میکانیزمەکەی شیکار بکەنەوە، ئەمەش دەبێتە دەروازیەك لێیەوە بەرەو ناو دەروونناسی تاو بدەن، خاڵی هاوبەش لەگەڵ تیۆریای گشتاڵتەکاندا کۆیان دەکاتەوە و دژە پانتایی و دژە میتۆدیش دەرکەوێت.

ئالێرەوە بەخشین بەڕادەیەك گرنگە دەتوانرێت لەبەرامبەر تەواوی تایبەتمەندی ئاگاییەوە دیارکەرەوەی سەرەکی بێت. ئەمە لەبارەیئەو فینۆمنانەوەیە کە بۆ شهودی هەستەوەری دەرکەوتوون و لە رێگەی ئاپریوەری وێنەییەوە دەرکەوتوە، هەرچی ئایدیای بەخشینە

بەرمەبنای ئەو ئاگاییەوە پەیوەندییەکان دروست دەبن، لەم روانگەیەشەوە جیهانی دەرەوەی من جوڵێنەری دەرکی من نیە بەڵکو ئێمە لەگەڵ فینۆمنگەڵیکدا دەستوپەنجە نەرم دەکەین کە وێنەی عەقڵانیان لە زەیندا شکڵگیر دەبێت ئیتر شەخس فەعالە نەک مونفەعیل، خودی شتەکان دروستدەکرێن نەک کەشف بکرێن{٣٩}.

پێدەچێت چەمکی خولقاندن لەبری دۆزینەوە ئیشکالخێز بێت لەو رووەوە بەشێوەیەك وێنا بیێت دەستمان بگرێت بۆ کۆنە هەوارەکەی ئایدیاڵیزممان بباتەوە بۆیە دەبێت هەندێك روونکردنەوەی زیاتر بدەین تا دواجار دەرکەوتەناسی ئیستعلایی لە چوارچێوەی پۆلێنبەندی ئایدیاڵیزمدا شوناس وەرنەگرێت و نەکەوێتەوە، کاتێك ئێمە دەڵێین شتەکان دەخولقێنرێن نەك کەشف بەو مانایە نایەت کە دەرکەوتە دەبێتە کارێکی سەربەخۆ بەپێچەوانەوە دەرکەوتە کارێکی سەربەخۆ نیە کە خۆی خۆی بوونیات بنێت بەڵکو دەرهاویشتەی دوو بازنەی (هێزی ناسین) و (بابەتی ناسینە) بۆیە لێرەوە لە هەردوو بازنەی رەسەنایەتی مەعنا و رەسەنایەتی واقیع دەگوزەرێت و چاوپۆشی لە سەربەخۆیی واقیع و زەین دەکات و دەرکەوتە بە کارلێکی هەردووکیان دەداتە قەڵەم{٤٠}.

وەك لە نموونەی شەپۆلی دەریادا ئاماژەمان پێدا نە شەپۆلێك هەیە رەچاو شیاوبوونی شەپۆلدانی دەریای نەکردبێت، نە شەپۆلێکیش هەیە بەتەواوەتی هەموو بوونی خۆی لە دەریاو ئاوەوە بینا کردبێت و خاڵی بێت لە هەموو کارتێکەرە دەرەکیەکانی ئەو دیو سنووری ئاو و دەریا بەڵکو دەرهاویشتەی دوو شوناسە، شوناسی ئاو و شوناسی کارتێکەرەکان بەهەمان شێوەیە هیچ دەرکەوتەیەکمان نیە لەدەرەوەی خەسڵەتی و شیاو بوونی مرۆڤەوە بێت بۆ پەی پێبردن و هیچ دەرکەوتەیەکیش نیە لەدەرەوەی بوونێکی دەرەکیەوە بۆیە مرۆڤ بێ دەرکەوتە و دەرکەوتەش بێ مرۆڤ لەناو فینۆمینۆلۆژیادا بۆنی نیە و حەقیقەتی موجەرەد و ئەبستراکت لەم بازنەیەدا باسی نیە{٤١}.

لەناو واقیعیشدا فینۆمینۆلۆژیا مامەڵە لەگەڵ چیەتیدا دەکات، چیەتی ئەو شتانەی دەیەوێت پەیان پێ ببات، بۆ ئەم کارەشی دەست بۆ ئامرازەکانی رووداوی واقیعی ئەزموونی دەبات، بۆیە کاتێك تەماشای دەکەین دەبینین پەیبردن بە مانا و مەدلولەکان ئایدیاڵیە، ئەو واتایانە راستەوخۆ لە ریگەی شهود و تەماشاکردنی ماهیەتەکانەوە بە هاوکاری بابەتە بەشەکیەکان کە بەشێوەی دووروودرێژی و وردەکاری و تەواوەتی و پێکەوەگرێدان و لەناوداوبون لێیان دەکۆڵرێتەوە بەدەست دێت{٤٢}.

ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا دەمانگەیەنێتە ئەو رایەی کە ئەو دیدەی ئاماژەی پێدرا کاری لەسەر جیاکردنەوەی ماهیەت و واقیع کردووە، راستر بڵێین کۆی تەوژمەکە جەختی لەسەرماهیەت بووە و نەك واقیع، بۆیە دەتوانین بڵێین دەرکەوتەناسی زانستە بە ماهیەت و خود بەتایبەتی ئەمە بۆ دیدی هۆسرەڵ زۆر راستە، واقیعیەت یان فیعلیەتی بابەتەکانی خستۆتە کەنارەوە تاوەکو ماهیەتی شتەکان دەرك بکرێت، ئەمە نەك تەنها بۆ بابەتە پەی پێبراوەکە دروستە بەڵکو دەبێت تایبەتمەندی سروشتی و واقیعی کەسی پەی پێبەریش وەلانرێت.

خودی ماهیەتیش لە دیدی

فینۆمینۆلۆجستەکاندا ئەو شتەیە کە لە نەست و ئاگایی مرۆڤدا بەشێوەیەك دەردەکەوێت کە بتوانرێت ئەو ماهیەتە بێ هیچ ڕێگری و حیجابێك پێناسە بکرێت، ئەم دیدەش وەك هەموو دیدەکانی دیکەی هۆسرەڵ دوو ڕەخنەی لێدەگیرێت، یەکەمیان ئەوەی واقیعە ناتوانرێت دەربخرێت و دووەمیش ئەم دابەشکردنە خۆی بەرمەبنای دوالیزمەی دیکارتی نێوان سەبجێکت و ئۆبجێکتی دیکارتە[٤٣].

لێرەوە دەتوانین بڵێین تایبەتمەندی فینۆمینۆلۆژیا لەم ڕووەوە دەتوانین کورت بکەینەوە لەم دوو خاڵەدا، تێپەڕاندنی هەردوو تێزی ڕەسەنایەتی مانا و ڕەسەنایەتی واقیعە و وەرگرتنەوەی ڕەهایەتیە لە هەردووکیان پەی پێبردن پەی پێبردنی شتە، هەموو پەی پێبردنێك بێ هەبوونی ئۆبجێکت بێ مانایە و هەموو ئۆبجێکتێکیش بێ هەبوونی بکەری پەی پێبردن بێ مانایە.

**زانینی ڕەها لە دیدی فینۆمینۆلۆجیستەکانەوە.**

دەست ڕاگەشتن بە خودی شتەکان لە بنەما بنەڕەتیەکانی کاری دەرکەوتەناسیە، لەم ڕێیەشەوە دامەزرێنەری دەرکەوتەناسی دەیویست تیۆریای مەعریفە ببێتە زانستێکی یەکلاکەرەوە بۆ شتەکان لە ڕێگەی میتۆدەکەیەوە کە ئامانجی بوو خودیەتی پەی پێبەر بگەیەنێتە مەعریفەی ڕاستەوخۆ وەك بنەمایەکی جێگیر و یەقینی بۆ هەمو زانینێك، ئەمەش لە ڕێگەی فەرامۆش کردنی شتەکان بۆ ئەوەی چۆن دەردەکەون بە وازهێنان لە جیهانبینی و تێگەشتنە پێشینەکانمان بۆیان هەر ئەمەش نهێنی ئەو بانگەشەیەی هۆسرەڵ بوون بۆ گەڕانەوەشە بۆ شتەکان بۆ خودی خۆیان[٤٤].

بەڕای هۆسرەڵ ئەوەی ڕێگرە لەوەی ئێمە نەتوانین پەی بە زاتیەتی شتەکان ببەین بریتیە لە پێشگریمانە و تێگەشتنە پێشینەکانمان بۆ شتەکان بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین پەی بە خودی ئۆبجێکتەکان ببەین وەك دەرکەوتەیەکی ڕووت و بێبەرگ نمایان بن پێویستە هەموو پێشداوەری و تیۆریایەکی لە بارەی ئەوەوە فەرامۆش بکەین[٤٥] لەپێناو دەرکەوتنی زاتیەتی شتەکاندا پێویستە پێشداوەری و تیۆریا پێشینەکانمان فەرامۆش بکەین بەو واتایە دێت پێویستە هەموو تیۆریا و بیروباوەڕەکانمان لەبارەی ئەو واقیعەوە بوونی هەیە فەرامۆشیان بکەین و لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی پەتی بکەین بێ پەیوەست بوون بەهیچ رایەکی پێشینەوە و لەوبارەیەوە بێ هەبوونی هیچ پێشگریمانەیەکی میتافیزکی بە چەشنی ئەوەی فەیلەسوفە ئایدلگەرا و ریالیستەکان ئەنجامیان داوە.

فەرامۆشکردنی پێشگریمانە و جیهانبینی و وەك دەوترێت مەقولاتی پێشین لەسەر هەر بابەتێك دەبێتە یەکێك لەو خاڵە لاوازانەی ڕەخنەگرەکانی فینۆمینۆلۆژیا لێیەوە دەچنە ناو میتۆدی فینۆمینۆلۆجستەکانەوە و دەیخەنە بەر ڕەخنەگرتنەوە، ئەمە لە ڕوویەکەوە کە مرۆڤ ئاسان نیە بتوانێت ئەو کارە بکات خۆی لە خۆی خاڵی بکاتەوە، خۆی دابڕێت لە پێشینەی مەعریفی و فیکری و تەنانەت لە توانای فیکری خۆشی، زانینەکانی خۆی فەرامۆش بکات، ڕەخنەگرتن لەم دیدەش بەوەوە ناوەستێت کە مرۆڤ ناتوانێت ئەو کارە بکات بەڵکو لەوەش تێدەپەڕێت بۆ ئەو

ئاستەی نەك پێویستمان بەوە نیە تێڕوانینی لە پێشینەی خۆمان لەسەر ئەو بابەتانە فەرامۆش بکەین بەڵکو ئەو تێڕوانینانەی ئێمە بۆ تێگەشتن مەرجێکی بنەڕەتین، مرۆڤ ناتوانێت لە نەزانراوی رەها تێبگات، دەبێت خاڵێکی هاوبەش بوونی ببێت لێیەوە لە نەزانراوەکان تێبگەین، هەر ئەمەش وایکردووە "گادامێر" پێی وابێت نەك رزگار بوون لە پێش فەهمەکان مومکین نیە بەڵکو پێویستە و بەشێك لە کتێبەکەشی بەناوی زەرورەتی پێشفەهمەکان بۆ تێگەشتن ناوە[٤٦].

ناونانی فینۆمینۆلۆژیای هۆسرەڵ بە فینۆمینۆلۆژیای ئیستعلایی لەم بازنەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێی وایە دەتوانرێت واقیعیەتی کۆتایی و بنەمای بنەڕەتی ئەو واقیعە روون بکرێتەوە چونکە دەرکەوتەناسی لە دیدگای واتا و رەسەنایەتی دەڕوانێت بۆیە بنەمای نابراو تەعبیر لە بنەمایەك دەکات کە هەموو شتێك بە هۆی ئەوەوە مانا وەردەگرێت، واتە لە ئیستعلایەکەوە کە لەدەرەوەی جیهانەوەیە بە ئاراستەی ئەو دەجولێت[٤٧].

پێشتریش کەمێك ئاماژەمان بەو کەلێنانە کرد لە دیدەکەی هۆسرەڵدا بوونیان هەیە بەتایبەت لەبارەی پەی پێبردنی کۆتایی و رەها و رێگریکردن لە بەشداری کردنی مەعریفەی پێشینەی مرۆڤ تا بەشدار ببێت لە خولقاندنی ناسین و ئاگاییدا بۆیە لێرەشدا ئاماژەیەك کورت بە رەخنەیەکی گادامێر دەکەین لەو رووەوە کە پێی وایە دەرککردنێکی رەها بوونی نیە تاوەکو لە رێی ئەوەوە بتوانین ئۆبجێکتە پەی پێبراوەکان لەکارەکانی راڤەکار جیا بکەینەوە، زەینی مرۆڤ هەرگیز ناتوانرێت لەوحەیەکی پاك و لەسەر

**لێکۆڵینەوە لە مەعریفە گرنگی لە ڕادە بەدەری هەیە لەوەدا ڕێگە نادات بکەوینە هەڵەی مەنهەجیەوە**

نەنووسراو بێت[٤٨].

**دەرەوە و ناوەوەی ئۆبجێکت لە فینۆمینۆلۆژیادا:**

پرسی نۆمن و فینۆمن یەکێکە لەو پرسە بنەڕەتیانەی لە بابەتی مەعریفەناسیدا باسی لێوەدەکرێت لێرەدا دەمانەوێت بزانین ئایا لە دیدی دەرکەوتەناسەکانەوە ئەم دوو بازنەیە لە چ جۆرە پەیوەندیەکدان، ئەڵبەتە دەبێت ئاماژەیەك بە دیدی کانت لەم رووەوە بکەین و جیاوازیەکانی هۆسرەڵ و کانت لەم رووەوە بخەینەڕوو چونکە لانی کەم کانت بەیەکێك لەو کەسانە هەژمارە دەکرێت لەم رووەوە رۆڵێکی دیاری هەبووە و تێزەکانی بەسەر بەشێکی زۆر لەو کەسانەوە لەم بوارەدا کاریان کردووە کاریگەریان هەیە بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە دەرکەوتەناسی بە مانای هەبووونی پەردەیەك نایەت لە نێوان زاهیر و باتینی شتەکاندا کە رێگر بێت لە دەستڕاگەشتنی ناوەوە و نهێنی شتەکان، بەڵکو بەو واتایەی هەر دەرکەوتەیەك دەرەوەو ناوەوەیەکی تێکەڵە و باتینێکی بێ زاهیر و زاهیرێکی بێ باتین بوونی نیە، دەرکەوتەش دابڕاو نیە لە لە باتینی شتەکان، بۆیە ماهیەت و وجود و جەوهەر

**ئەگەر فەلسەفیانە بۆ تیۆریای مەعریفە بڕوانین ئەوا دەڵێین ئەو بابەتەیە لە خودی مەعریفە دەکۆڵێتەوە**

و عەرەز و زیهن و واقیع لە دەرکەوتەناسیدا لەناو چووە{٤٩}.

کانت باوەڕی وابوو کە مرۆڤەکان دەتوانن پەی بە رووکاری شتەکان ببەن بەڵام شتەکان وەك خۆیان لەدەرەوەی توانا و هێزی دەستراگەشتنی مرۆڤەوەن، لێرەوە هۆسرەڵ جیاوازیەکانی خۆی لەگەڵ کانتدا روونتر دەکاتەوە و لەو رووەوە جیاوازیەك نیە لە نێوان خودی شتەکان و دەرکەوتەی شتەکاندا، بوونێکی قووڵتر و راستر لەناوەوەی ئۆبجێکتە پەی پێبراوەکاندا بوونی نیە، پاشان مرۆڤیش دەتوانێت دەستی بە خودی پەی پێبراوەکان بگات نەك تەنها دیوە دەرەکیەکانیان دەبینین دووانیەکانی زاهیر و باتین و خود و دەرکەوتە و هیزەکی و کردەکی و حەقیقەت و مەجاز لەناو دەچن{٥٠} لێرەوە بە وردبوونەوە لەو بابەتەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێدا دەبینین هۆسرەڵ دوو شت لێك جیا دەکاتەوەیەکیان پەیبردن بە شتێك و دووەمیان بوونیاتنانی دەرکەوتە وەك ئیدراکی هەستەوەری لێرەوە ئامادەگی عەینی ئۆبجێکتەکانی پەیپێبردن لە پەی پێبردنی پەتیدا لە پێش هەموو شتێکەوەیە هەر ئەمەش وایکردووە ئەم رەخنەیە لەم دیدەی هۆسرەڵ بگرێت.

پەی پێبردن پرۆسێسێکی دوو قۆناغی نیە، بەو واتایەی کائینێك (هەبوویەك) بخرێتە بەردەم ئاگاییەوە پاشان ئێمە ئەو هەبووە تەفسیر بکەین و مەعنای لێبخولقێنین، بە رای گادامێر هەر بینینی شتێك لە پێش هەموو شتێکەوە خۆی پەی پێبردنیەتی، ئەمەش بۆ هۆسرەڵ قورس بوو قەبوڵ بکرێت بریتیە لەوەی کە پەی پێبردن مەحکومە بە کارتێکەرە واقیعیەکان و لە بنەڕەتیشیەوە پێش قۆناغی ئاگاییەوە.

باوەڕ بوون بە پەی پێبردنی رەها هۆسرەڵ بەرەو مۆدێلێك لە مەعریفەت ئاراستە دەکات کە تەواوی مەعریفەت دامەزراو لەسەر ئیدراکی پەی پێبردنی هەستەوەری بێت، بەڵام ئەو قسەیە ناتوانرێت قسەیەکی دروست بێت (کاتێك کە ئامادەگی هەمە لایەنە لەبارەی تەفسیری واقیعەوە بێت، ئیمە ئیتر ناتوانین ئەوەی دراوی بێ نێوەندگیرە لەپێشتر دانێین بەسەر ئەوەدا کە دراوە بەنێوەندگیرەوە، بۆیە هەموو شتێك لەرێی ناوەندیگیرێکەوەیە، ئاگایی هەستەوەری مەقامی باڵای لەدەست دەدات ئیمانیەتی سەرچاوەی دروست و نائیدراکی بەسیرەت بۆ دەرکەوتە ئاشکرا دەکات{٥١}.

**هەڵپەساردن یان گۆڕینی دەرکەوتەناسیانە (Phenomenological Reduction)**

مەبەست لە هەڵپەساردنی دەرکەوتەناسیانە بریتیە لەوەی وجود بخەینە ناو پرانتێز (دوو کەوانە) بەشێوەیەکی کاتی کەناری بخەین تاوەکو بوون و شتەکانی ناوی وەك دەرکەوتە نمایان ببن، واتە ئەوەی دەیزانین بیخەینە ناو پرانتێزەوە و روونکردنەوەی ئاگایی بەو دەرئەنجامەی لە رێگەی ناسینەوە پێی دەگەین. بە دەربڕینێکی

دیکە ناسینی پرۆسێسی ئاگایی لە میتۆدێك دەتوانرێت بهێنرێتەدی کە هەڵپەساردنی ئاگایی ئەنجامدرا بێت، ئەمەش پێی دەوترێت "ئاپوخە" کە هۆسرەڵ لە گومانگەراکانی وەرگرتووە و بەمانایەکی جیاوازتر بەکاری بردووە، بۆ ناسینی هەموو شتێك لەسەرەتاوە دەست پێدەکات[٥٢]کە ئەمەش بە بنەمای کاراکردنی دەرکەوتەناسی هەژماردەکرێت، واتە میتۆدی دابڕین یان خستنە نێوان کەوانەی دۆخی و باری سروشتی، واتە بڕوا بوون بە جیهانێك کە ژیان پێش فەلسەفە چۆن دەگوزەرێت، یان گواستنەوەی بابەتەکان بۆ قۆناغی پێش فەلسەفە چۆن بوون[٥٣].

**تەوەرەی سێیەم: هێرمنوتیکا: هەڵگەرانەوە لە ئەبستمۆلۆژیا.**

لەپێشەوەش ئاماژەمان پێکرد فەلسەفەی نوێ و تیۆریای مەعریفی لەسەر ئەو بنەمایە بوونیات نابوو کە دەتوانرێت زانینی رەها لە مامەڵەکردن لەگەڵ وجوددا بەدەستبخرێت، تێکڕای ئەو تیۆریایانەش لەو بوارەدا هاتبوونە ئاراوە لەسەر بنەمای پێشگریمانەیەك بوون ئەویش بریتی بوو لەوەی کە خودێکی دانا و بابەتێکی زانراومان هەیە کە هەریەکەیان بوونێکی سەربەخۆی لەوی تریان هەیە، هەریەکەیان پێش دروستبوونی ئەو پەیوەندیە مەعریفیەی کۆیان دەکاتەوە بوونێکی سەربەخۆیان هەیە[٥٤] هەروەها ئاماژەشمان بەو گوزەرە کردبوو کە لە ئەبستمۆلۆژیای رەهاگەرایانەوە بەرەو هێرمنوتیك هەنگاوی ناوە و بۆتە خەسڵەتی کارکردن لەبواری زانیندا.

لێرەشدا بە کورتی جەخت لەسەر پرسی هێرمنوتیکا بەتایبەتی لە دیدی هیرمنوتیکا ئەنتۆلۆجیستەکانەوە دەکەینەوە، کە لە هایدگەرەوە دەست پێدەکات و پێی وایە دەبێت رووگەی مەعریفی بەرەو ئەو ئاستە بگەڕێتەوە چونکە دیوی وجودناسی لە مەعریفەی نوێدا فەرامۆشکراوە تا ئەو کاتەش کە حەقیقەتی وجود نەبێتەوە بە بابەتی بیر لێکردنەوە وجودناسی بێ بنەما دەمێنێتەوە و کاری بنەڕەتی فەلسەفە بریتیە لەوەی لە بارەی پرسیاری وجودەوە وەڵامی ببێت، ئەوەی پێی وابوو فەلسەفەی رۆژئاوا لە رێڕەوی دروستی خۆی رووی وەرچەرخاندوە ئەم رەخنەیەشی بۆ ئەوە بوو کە رێگەیەکی نوێ بۆ فەلسەفە بکاتەوە ئەم رێیە نوێیە هەوڵ بدات بۆ شهود و پەی بردن بە واتای بوون لە رێگەیدەرکەوتەناسیەوە، لێرەشدا لە بری قسەکردن لەسەر (من) لە چوارچێوەی (جیهاندا) وەك دوو فرمان دەبێت باس لە (من بکرێت لەناو جیهاندا) وەك یەك فرمان ئەمەش ناو دەنێت دازایین (ئەو یەك فەرمانیە کە خودی مرۆڤە ناو دەنێت دازاین)[٥٥].

**چەمکی هێرمنوتیك :**

نامانەوێت لە پێناسەکردنی چەمکی هێرمنوتیکدا بەدوای پێناسەیەکی یەکانگیر و گشتگیردا بگەڕێن چونکە لە بنەڕەتەوە ئەمە پێچەوانەی خۆی هێرمنوتیکایە، بەڵکو دەمانەوێت بەشێکی کەم لەو ئاراستە و تەوژمانە بخەینەڕوو لەو بارەوە بوونیان هەیە و بەدرێژایی مێژووی ئەو هزرە دەرکەوتوون "ئۆگست ۆلف" هیرمنوتیکی بە یاسای دۆزینەوەی ئەندێشەی دانەر و بێژەر پێناسە دەکرد[٥٦] هێرمنوتیك لە هەندێك شوێنی دیکەدا بە زانستی تەفسیر و لە هەندێك شوێنی دیکە بە زانستی فەهم باسی لێوەکراوە، ئیدی ئەو

دۆزینەوەی واتا و تێگەشتن و تەفسیر کردنە هەر شتێك بێت، دەق بێت، چالاکی مرۆیی و ...هتد، بێت[٥٧]، ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت کاری لەسەر بکەین بریتیە لەو بنەمایەی کە پێمان دەڵێت هێرمنوتیك دەیان پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە کە بە کورتی ناوی چەند پێناسیەکیان دەهێنین.

هێرمنوتیکا تیۆری تەئویلی کتێبی پیرۆزە biblical exegesis

هیرمنوتیکا بریتیە لە پرۆگرامی فیلولوجیای گشتی philology زانستی فیقهی زمان.

هێرمنوتیکا بریتیە لە زانستی تێگەشتنی زمانەوانی.

هێرمنوتیکا بریتیە لە بنەمای مەنهەجی بۆ زانستی مرۆیی.

هێرمنوتیکا بریتیە لە فینۆمینۆلۆژیای بوون و تێگەشتنی بوونی هەروەك لای هایدگەر.

هێرمنوتیکابریتیە لە ئینسیاقی راڤە کە مرۆڤ بەکاری هێناوە بۆ گەشتنە واتا و تێپەراندنی ئەفسانە و نیشانە.

ئەم پێناسانە نوێنەرایەتی زیاتر لە قوناغێکی مێژووی دەکەن یا هەریەکەیان ئاماژە بە قۆناغێکی گرنگ لە گرفتەکانی تەفسیری تایبەت بە ئینجیل و زانستی فیقە و زانستی سروشتی و زانستی مرۆیی و ئینسیاقی بوونی شارستانی دەکەن بە شێوەیەك هەریەکەیان رووناکی دەخەنە سەر لایەنە جیاوازەکان و دیاری کراوەکانی تەفسیر و بەتایبەتی تر تەفسیری دەق[٥٨].

ئەگەر ئەو پێناسانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردن پۆلێنبەندیەکی دیکەیان بکەین دەبینین دابەش دەبن بۆ سێ ئاستی جیاواز، ئاستی یەکەمیان پەیوەست دەبێتەوە بە هێرمنوتیکای کلاسیکەوە کە هەردوو پێناسەی یەکەم و دووەم لەخۆ دەگرێت و بەشێك لە لیکۆڵەرەکان پێیان وایە دەچنە دەرەوەی باسی هێرمنوتیکاوە، هەرچی ئاستی دووەمە خۆی لە میتۆدی سێیەم و چوارەمدا دەبینێتەوە کە هەریەکە لە "شلایرماخەر ولیەم دەلتای" رێبەرایەتیان دەکەن ئەوانیش بە هێرمنوتیکای رۆمانتیکی دەناسرێنەوە کە هیچ یەکێك لەم تەوژمانە نابنە بابەتی لێکۆڵینەوەی ئێمە.

لەم بابەتەدا ئەوەی زیاتر جەختی ئێمەی لەسەرە بریتیە لە میتۆدی پێنجەم کە خۆی لە فینۆمینۆلۆژیای بووندا دەبینێتەوە وەك ئەوەی لای هایدگەر هەیە، پاشتریش گادامێر وەك درێژەپێدەری ئەو تەوژمە کاری لەسەر دەکات چونکە وەك دەوترێت ئەوانی پێشووتر لە چوارچێوەی میتۆددا کاریان کردووە بەمەش دەکرێت بوترێت بەشێك بوون لە چوارچێوەی ئەبستمۆلۆژیا و مۆدێرنە و بەرکاریگەر بوون بە کۆی ئەو تەوژمە مۆدێرنەیەی لە رێگەی میتۆدەوە ویستویانە بگەنە ئەنجامێك و چاویان لەسەر تاك میتۆدێك بوە، کە ئەمەش خەسڵەتێکی فەلسەفەی مۆدێرنە، هایدگەر شۆڕشی بەسەر ئەم دیدەدا ئەنجامداوە، بۆیە دەتوانرێت بوترێت فەلسەفەی مۆدێرن فەلسەفەی تاك میتۆدین، دیکارت و هۆسرەڵ تاك میتۆد بوون، دیکارت هەموو شتێکی لە میتۆدی بیرکاریدا و هۆسرەڵ هەموو شتێکی لە میتۆدی دەرکەوتەناسیدا کورت کردبوویەوە.

هیگڵ و هیوم و کانتیش تاك میتۆد بوون، ئەوان باوەڕیان بە میتۆدی دایك هەیە کە دەتوانێت شتەکانی دیکە لە ناخی خۆیدا قووت بدات،

بەلام ئەو رووگانەی باوەڕیان بە فرەمیتۆدی هەیە، پێیان وایە هەر میتۆدێك دەتوانێت بەشێك لە حەقیقەت دەربخات، بیرکردنەوەی مۆدێرنانە لەسەر بنەمای تاك میتۆدیە و پۆست مۆدێرنەکان باوەڕیان بە فرە میتۆدیە، لە مۆدێرنەدا کە روانگەیەکی میتۆدۆلۆژیایانەیان هەیە، میتۆد زاڵ بووە، لایەنگری ئەم رووگەیەن کە میتۆد حەقیقەت دەردەخات، میتۆد لەگەڵ روانگەی میتۆدۆلۆجیدا جیاوازە، پێش مۆدێرنە میتۆدیان هەبووە بەڵام روانگەی میتۆدۆلۆژیانەیان نەبوە، بەهەمان شێوە لە پۆست مۆدێرنەشدا میتۆد هەیە بەڵام روانگەی میتۆدۆلۆژیانە نیە، لێرەوە هیۆمنوتیکای هایدگەر و گادامێر لەم رووەوە دەچێتە بازنەی هێرمنوتیکایەکی پۆست مۆدێرنەوەو و جیا دەبێتە لە هێرمنوتیکای شلایەر ماخەر و ولیەم دەلتای[٥٩].

ئەوەی سەرەوە ئاماژەمان پێدا تیشك خستنە سەر ئەو تەوژمە هیرمنوتیکیانە بوون کە زادەی مۆدێرنەیە و دەچنە چوارچێوەی هێرمنوتیکای میتۆدیەوە، هەرچی هێرمنوتیکای میتۆدیە زیاتر هێرمنوتیکایەکی مۆدێرنە و هێرمنوتیکای نامیتۆدیش هێرمنوتیکایەکی پۆست مۆدێرنە، هێرمنوتیکای ولیەم دەلتای هێرمنوتیکایەکی میتۆدیە و بەرکاریگەر بووە بە هیگڵ و شلایرماخەر، بەڵام هێرمنوتیکای هایدگەر و گادامێر نەزعەیەکی وجودیانەیان هەیە[٦٠]، لە رێی ئەویشەوە هێرمنوتیکا پێدەنێتە قۆناغێکی نوێوە و فەلسەفەش لەم چوارچێوەیەدا قووت دەدات[٦١] شێوازی کارکردن و نووسینی ئێمە لەم بابەتەدا لەسەر ئەو فینۆمینۆلۆژیا وجودیەیە یان ئەو هێرمنوتیکا نامیتۆدیەی لای هایدگەر دەست بە چڕۆکردن و گەڵاڵەکردن دەکات، ئەمەش خزمەتی

> **گۆرگیاسی سوقستایی باوەڕی وابوو وایە مرۆڤ بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت دەستی بە مەعریفە بگات**

زیاتر بە ئەو گواستنەوەیە دەکات لە سنوورەکانی رەهایی ئەبستمۆلۆژیا رزگارمان دەکات بەرەو هێرمنوتیکا چونکە ئەگەر هێرمنوتیکیش یەك میتۆد بێت تێگەشتنی هەموو مرۆڤەکان یەکسان دەبێت و تێگەشتنی پلۆرالانەمان بۆ دروست نابێت[٦٢].

**رەخنە لە جیهانبینی ئەبستمۆلۆژیا:**

بەڕای هێرمنوتیسیانە وجودیەکان ئەبستمۆلۆژیا لە رووی جیهانبینیەوە مایەی رەخنەکردن و لەسەر وەستانە، نەك لە دەرهاویشتە و کارکردن و دەرئەنجامدا، ئەمەش دەکرێت لەو بنەما سەرەکیەی کاری هێرمنوتیکاوە بێت کە جیهانبینیەکان کاریگەریان لەسەر تێگەشتنەکان هەیە و لێیان دانابڕێن.

بەڕای ئەنتۆلۆجیستەکان ئەبستۆمۆلۆژیا لەسەر ئەو جیهانبینیە دامەزراوە کە هێزی دەرك پێکەر و مودریك و بابەتی پەی پێبراو مودرەك جیاوازن و دوو کیانی سەربەخۆ و خاوەن شوناسی جیاواز و سنووردیاریکراون، ئەمە لەکاتێکدا ئەم جیهانبینیە رووبەرووی پرسیارێکی قوڵ و جەوهەری دەبێتەوە ئەگەر خودی عاریف (دەرك

## غەزالی باوەڕی وابوو گومان میتۆدێکە بۆ گەشتن بە مەعریفە ئالێرەوە گومانی غەزالی بۆ گەشتنە حەقیقەتە

پێکەر) جیاوازە لە بابەتی دەرك پێکراو ئەو ئامڕاز و ئالیەتە چیە کە لە رێیەوە کەسی دەرك پێکەر دەچێتە دەرەوەی خۆی و لە سنوورەکانی خۆی قوتاری دەبێت{٦٣}.

لێرەوە وێنای ئەوان بۆ ئەم دیدەی ئەبستمۆلۆجیستەکان لە وێنای ئەو راوچیە دەچێت کە بەیانیان بۆ گرتن و کوشتنی نێچیرێك روو دەکاتە دەرەوەی ماڵەکەی خۆ و پاش راوکردنیش نێچیرەکە دەکاتە ناو هەمبانەکەیەوە و دەیگەڕێنیتەوە بۆ ماڵەوە لەکاتێدا ناتوانرێت وا وێنای تێگەشتن بکرێت کە راوچیەك بچێت راوکراوەکانی بهێنێتەوە بۆ ناو ناخی خۆی{٦٤}. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئەگەر ئەو دوو بوونە سەربەخۆیە بوونیان هەیە چون خودی مرۆڤ دەتوانێت لە خودیەتی خۆی رزگاری بێت و کیانەکەی دیکە بناسێت{٦٥}.

بەڵکو دروستتر وایە بڵێین تێگەشتنی مرۆڤ لەو وجودە جوێ نابێتەوە کە دەوریان گرتووە، ئەمەش بەرمەبنای ئەو جیهانبینیەی کە دازایین لە دەرەوەی مرۆڤەوە نیە بەڵکو ژیانە لەناو جیهاندا و مەعریفەش رەنگێکی وجودە و لایەنگریەتی و ئینتمای بۆ وجود هەیە لەناو جیهاندا{٦٦} لای ئەمان دازایین بۆ گەشتنە بوونەکان و دەرەك کردنیان پێویستی بە بەجێهێشتنی ئەو پانتایی ناوەکیەی خۆی نیە کە ئەبستمۆلۆجیستەکان وادادەنێن تێیدا بەندکراوە، بەڵکو بەپێی سروشتی بوونی یەکەمی خۆی بەردەوام لە دەرەوەدایە، نزیکە لەو بوونانەی پێیان دەگات لەناو جیهاندا و دەیاندۆزێتەوە، بۆیە تێگەشتن لە شتەکان بەچەشنی دەسکەوت و غەنیمەیەك نیە مرۆڤ بۆ ماڵی وشیاری و هەستی خۆی بیهێنێتەوە{٦٧}.

### هێرمنوتیکای هایدگەر

وەك لە پێشەوەش ئاماژەمان پێکرد لەسەردەستی هایدگەردا هێرمنوتیکا ئاراستەیەکی نوێی وەرگرت، بەرەو ئەو قۆناغە هەنگاوی دەنا کە تێگەشتن بخاتەوە ناو بازنەی وجود، بۆیە لای ئەو خودی فەلسەفەش بۆ تێگەشتنە، هیرمنوتیکاش لێکۆڵینەوە نیە لە بارەی مەفاهیم و چەمکەوە بەڵکو لە بنەڕەتەوە ئاشکرا کردنی ئەوەیە لە ناوەوەی مرۆڤدا دەگوزەرێت، لەوێ بوون، واتە کار کردنی حزوری و زیندوو و ئامادەبوون، کارێك کە لە رێگەی ئەوەوە لە ئێستادا ئاشکرا دەبێت{٦٨}.

بۆ ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ بابەتی هێرمنوتیکادا هەیە دەزانن لەسەر دەستی کۆمەڵێك تیۆرسێن بەبەردەوامی بازنەی کاری هێرمنوتیکا فراوانتر بوە تەنانەت بە وردبوونەوە لەو پێناسانەش لەم بابەتەدا ئاماژەیان پێکراوە بۆ قۆناغە جیاوازەکانی هێرمنوتیکا بە روونی ئەوە هەست پێدەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر لەسەردەستی "ولیام دەلتای"دا هێرمنوتیکا بازنەکەی فراوان بوو گواستیەوە بۆ بازنەی لێکۆڵینەوە لە زانستە مرۆییەکان ئەوا لەسەردەستی هایدگەریشدا ئەم

بازنەیە فراوانتر بوو بۆ تێگەشتن لە سەراپای وجود[٦٩] دیدی هایدگەر لەرێگەی کتێبی بوون و کاتەوە و پاشتریش لە چوارچێوەی دەرسگوتارەکانی هێرمنوتیك و واقیعی بوون لەگەڵ دیدە کلاسیکیەکەی هێرمنوتیکیدا جیا دەبێتەوەو بەرەو رووی دەرکەوتەناسی و فەلسەفەی باڵا دەکات[٧٠] هایدگەر جۆرێك لە هێرمنوتیکی دژە زەینی پێشنیار دەکات کە جەخت لەسەر کەمالی مرۆڤ لەناوی مێژوو و زماندا پێداگری لێدەکات، ئەوەش رەت دەکاتەوە بتوانرێت وجود لە زیندانی هەندێك تەسەوراتی لۆژیکی بنەمای عەقڵی و چوارچێوەی مەعریفی پێشینەدا، بۆیە بانگەشەی رزگارکردنی پرسیاری وجودی دەکرد لە چوارچێوە مەعریفیەکانی ئەبستمۆلۆژیا[٧١].

### تێگەشتن لە دیدی هایدگەرەوە

کاتێك لە بارەی تێگەشتن لە دیدی هایدگەرەوە لێکۆڵینەوە دەکەیت دەبینیت بوون ناسی لە کارەکانی ئەودا لەسەر کورسی میتۆد دادەنیشێنێت و بەمەش لە مەعریفەتناسی و میتۆدناسی رزگاری دەبێت و پێ دەخاتە ناو دەرکەوتەناسی و وجودناسیەوە[٧٢]، مامەڵەی وجودیانە لەگەڵ تێگەشتندا ئاسۆی تێگەشتن بەرەو ئاستێکی باڵا هەڵدەکشێنێت و لەوێوە ئیتر فەهم (verstehen) هاومانای ئەندەرستاندینگ نیە، وەك ئەوەی لای "ولیەم دەلتای" بوونی هەیە، چونکە (understanding) تەعبیرە لە هاودڵی و ئامادەگی هەستکردنی شتێك کە کەسێکی دیکە ئەزموونی دەکات بەڵکو تێگەشتن تێڕوانینێکی بەصیرانەیە (understanding look)ە کە باڵاترە لە زانینی عەینی رەها[٧٣]، تێگەشتن بریتیە لە توانای تاك بۆ پەی بردن بە مومکینەکانی بوونی لە چوارچێوەی کۆنتێکستی جیهانی ژیانیدا کە مرۆڤ لەناویدایە[٧٤].

ئەمەش یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ ئەوەی لەو ئاراستە شلایرماخەریە جیاببینەوە کە پێی وابوو تێگەشتن هێزێکە کە بەهۆیەوە مرۆڤی پەی پێبەر پەی بەو بابەت و کەسە دەبات لەبارەیەوە لێکۆڵینەوە دەکات، لەو رووەشەوە کە هێزێك نیە مرۆڤ ناتوانێت بانگەشەی خاوەندارێتی ئەو بکات[٧٥]،بەڵکو شتێکە کە ئێمە پێکی دەهێنین رەهەندێکە لە رەهەندەکانی بوون لەناو جیهاندا[٧٦] جۆرێکە لە دانایی کردەیی جیاوازی دانایی کردەیی و دانای تیۆری لێرەدایە کە دانایی تیۆری لە چوارچێوەی گوزارەیەکدا بەیان دەکرێت واتە هەواڵ لەبارەیەوە دەدرێت لە کاتێکدا دانایی کردەیی مەهارەتە و بێ ئەوەی بتوانین بەیانی بکەین، تەنانەت کاتێك دەمانەوێت بەیانی بکەین لە شێوەی نزیکە گوزارەدا کاری لەسەر دەکەین، بۆ نموونە من دەزانم مەلە بکەم بەڵام کاتێك دەمەوێت پرۆسێسی مەلەکردن بەیان بکەم ناتوانم بەو شێوەیەی دەیزانم بەیانی بکەم، بۆیە تێگەشتن وشەیەکی پێشگرتووە بە گریمانەکانی وجودناسی[٧٧].

تێگەشتن بنەمای هەموو راڤەکردنێکە و لە پێش هەموو کردارێکی بوونەوەیە[٧٨] ئەمە بۆ راڤەکردن و تەفسیر کردنی کتێبی پیرۆز و هەموو دەقەکانی دیکەش دروستە بۆ نموونە کتێبی پیرۆز چەند جار بخوێنرێتەوە هێندە جار دووبارە دەنووسرێتەوە، تێگەشتن میتۆد نیە رووداوە، دەق لە مندا تەجەلا دەکات و منیش لە دەقدا دەردەکەوم[٧٩] ئەڵبەتە ئەم مامەڵە وجودیە لەگەڵ تێکستدا جیاوازیەکی روونی هەیە لەگەڵ

مامەڵە پێشترینەکانی هێرمنوتیسیانەکاندا بۆ نموونە لای "شلایر ماخەر" تێگەشتن بریتیە لە دووبارە بیناکردنەوەی تێکست، دەق چۆتە دەرەوەی زەمان و مەکانەوە لە کاتێ تێگەشتندا ئێمە دۆخە بەرهەمهاتووەکان لە ژیانی تایبەتی و کردەیی خۆماندا لەگەڵ دۆخە بەرهەمهاتووەکانی دەق لە زەمەنی خۆیدا هاوئاهەنگ دەکەین، راستە ناتوانین لە زەمەنی خۆمان قوتارمان ببێت بەڵام هەوڵ دەدەین ئەو دەقە بگەڕێنینەوە بۆ زەمەنی پێش خۆمان، ئێمە دەبێت لە دەروازەی مێژووەوە بۆ دەق بڕۆین{٨٠} لێرەوە ئیدی جیاوازیەکان بە روونی دەردەکەون

یەکەم: جیاوازی نێوان میتۆد و رووگە، هێرمۆنتیکای "شلایر ماخەر" باسی دەبێت و نابێتە، دەبێت چی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەوەی پێویستە لە تێگەشتنی دەقدا بێتەدی.

دووەم: بابەتێکی ئیختیاری بەردەستی مرۆڤە و چۆن بتوانیت بەسەر مێژوودا زاڵ ببێت.

بۆیە بەو ئاراستەیەدا دەبینین هایدگەر لەم تەوژمە جیا دەبێتەوە و وا پێناسەی تێگەشتن دەکات کە بریتیە لە توانای دەرك کردنی ئیمکانیەتی خودی ئەو کەسە بۆ وجود لەناو دەقی ژیانی جیهاندا کە مرۆڤ خۆی لەوێدا دەژی تیگەشتنی ورد بەشێکی دانەبڕاوە لە (بوون لەناو جیهاندا)، تیگەشتن پەیوەستە بە بوونی مرۆڤەوە لەو رووەوە هەموو وجود پەیوەست دەبێت بە مرۆڤەوە و مرۆڤیش پەیوەست دەبێتەوە بە وجودەوە، ئەمەش لەو دەربڕینە بنەڕەتی و سەرەکیەی هایدگەرەوە کە دەیگوت: "ئەگەر من نەبم وجود تەجەلا ناکات ئەگەر وجودیش نەبێت من نیم"{٨١} بەشێوەیەکی سەرەکی دەتوانین بیروڕای هایدگەر لەبارەی تێگەشتنەوە لەم چوارچێوەیەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە.

تێگەشتن بریتیە لە توانای دەرککردنی توانای خودی کەسەکە بۆ بوون، موئەلەفەیەك کە ئیمکانیەتی "دازایین" بۆ ئەو روون دەکاتەوە، ئیمکان واتە واتای وجودی ئەو نەك ئیمکانیەت بە واتای ئەگەر روودانی شتێك بۆ دازایین.

پرۆژەی تێگەشتن بۆخۆی ستراکچەرێکی وجودیانەی هەیە "دازایین" خۆی لەسەر بنەمای تێگەشتن لە ئیمکانیەتەکانی دادەڕێژێتەوە لە هەر پرۆژەیەکیشدا ئیمکانیەتی نوێ بۆ تێگەشتن دێتە ئاراوە. تا کاتێك دازاین هەیە بەردەوام خۆی لە پەیکەری تێگەشتنیدا تێدەگات، دازایین بۆ ئەوەی توانامەندیەکانی خۆی بۆ بوون تەحقیقی بکات ئازاد و موختارە، دازایین لەناو ئیمکانیەتی جۆراوجۆردا رووبەڕووی ژمارەیەکی فراوان لەو ئیمکانیاتانە دەروات کە فەزا بۆ مانۆرکردن دەکەنەوە، ئەو فەزایە تەواوی ئەو شتانەن کە من تەسەوریان دەکەم و توانای ئەنجامدانیانم هەیە.

خەسڵەتی دیاری تێگەشتن ئەوەیە تێگەشتن لەناو کۆمەڵێکی دیاریکراو لە پەیوەندیدا دێنە ئاراوە کە پێشتر تەئویل کراون، واتە گشتێکی پێکەوە پەیوەست کاردەکات کە ئەمەش لە حەقیقەتدا ستراکچەرێکی وجودیانەی هەر تێگەشتن و تەئویل و وجودی مرۆڤە کە لە کۆتاییدا بە دەوری هێرمنوتیکی دەگات و لێرەوە تێگەشتن هەم کردارێکی هێرمنوتیکیە و هەمیش وجودی (وجودیە چونکە بە ئاراستەی دازایین و رەهەندی جیانەبووەوەی ئەوەی هەیە و هێرمنوتیکیشە چونکە دەبێتە هۆی روونبوونەوەی (بوون لەناو جیهاندا){٨٢}.

مرۆڤ بۆ ئەوەی لە عالەم تێبگات بەڕای هایدگەر تەنها سێ ڕێگە بوونیان هەیە كە هیچكامیان مەعریفەتناسیانە نین لە ڕێگەی ئەو پێگە و شوێنەوە كە من لەناو عالەمدا هەمە یان لە ڕێگەی زمانەوە كە لە لۆگۆسدا دەردەكەوێت یانیش شتێك بە شێوەی سەبجێكتیڤیتی بۆم دەرك ناكرێت بەڵكو لە شێوەی ئاوەڵاكردنەوەی وجودی ئێمەوە دەبێت و كرانەوەیەكمان بۆ ڕوو دەدات{٨٣}.

دیدی هایدگەری بۆ وجود:

پرسی وجود بۆ هایدگەر پرسێكی بنەڕەتی گەورەیە، نەك بە تەنها ئەوەی ئەو پرسە گرنگیەكی گەورەی فەلسەفی هەیە، لە تەنیشت پرسەكانی دیكەوە بەڵكو دایكی بابەتەكانی دیكەی ناو فەلسەفەیە و دەبێتە سەنتەری كاركردنی فەلسەفیانە لە چوارچێوەی جیهانبینی و زەینی كاركردنی هایدگەردا، ئەو پێی وایە كار بنەڕەتی فەلسەفە بریتیە لە تێگەشتن لە واتای بوون

(being) ئەمەش بەبێ شیكار كردنی دەركەوتەناسیانەی بوونی مرۆڤ (دازایین= dasein )دەستی مرۆڤ ناكەوێت{٨٤}، ئەمە نهێنی و هۆكاری شیكاركردنی دەركەوتەی وجودە لە بەشە جیاوازەكانی وجوددا، چونكە بەبێ شیكار كردنی ئەو لایەنانەی تەجەلای وجودیان تێدا دەردەكەوێت ئاسان نیە قسە لەسەر ئەو بابەتە بكرێت، ئەمەش لەو گۆشەنیگایەوە كە كاری فەلسەفەی حەقیقی شیكاركردنی مانای وجودە و وجودیش لەناو هەموو وجودەكاندا جیلیوە دەكات{٨٥}.

پرسیارەكە بوونی مرۆڤ دەیخولقێنێت پێش هەر شتێكی دیكە، مرۆڤ لەناو جیهاندا بوونێكی

**ئەزمونگەراكان ڕەتی فیترەت دەكەنەوەو عەقڵانیەكانیش باوەڕیان بە عەقڵینە لە پێشینە هەیە**

دیاریكراوی هەیە، ئەم بوونەش بۆتە پرسیار بۆی، نەك پرسیارێكی لاوەكی و سەرەتایی بەڵكو پرسیارێكی بنەڕەتی و فەرامۆش نەكراو{٨٦} بە پێچەوانەی ئەو دیدە دیكارتیەوە كە دەیگوت: "من بیردەكەمەوە كەواتە من هەم"، بەڵكو بەو واتایەی بوونی من دەكەوێتە پێش ماهیەتی منیشەوە، بە كورتی ئەگەر بمانەوێت لە ڕستەیەكی سادەی هایدگەردا كورتی بكەینەوە ئەوا دەتوانین بڵێین زەینی من ئەگەر وجودی لێدەربكەین هیچی لێنامێنێتەوە{٨٧}.

هەروەك ئاماژەمان پێكرد وجودی مرۆڤ بۆ خودی مرۆڤ بنەڕەتی ترین پرسیارە ئەمەش وادەكات ئەم دەركەوتەیە ببێتە سەنتەری كاركردن و فینۆمینۆلۆژیای دازایین، لەو گۆشە سەرەكیەوە كە دازایین بوونی هەیە و پرسیاری كردن لە بارەی بوونەوە پرسیارێكی بنەڕەتیە لەو ڕووەوەشەوە كە بوونی دازایین جگە لە تێگەشتن لە بوون شتێكی تر نیە و لێرەشەوە بۆ تێگەشتن لە نهێنی بوون بە شیكاری وجودی دازاینن دەست پێدەكات{٨٨}.

وجود دەبێتە بنەمای هەموو تێگەشتنەكانی دیكە، چونكە لە بنەڕەتەوە وجود خۆی واتای بنەڕەتە و پێویستی بە هیچ سەرچاوە و

# فینۆمینۆلۆژیا ڕێچكەیەكە دەوێت جەدەلیەتی نێوان تیۆریای مەعریفی مادی و تیۆریای مەعریفەی میسالی تێپەڕێنیت

مەرجەعێكی تر نیە واتای پێببەخشێت، بەڵكو خۆی واتایە و ناگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی دیكە و بنەما و ئەساسی دیكە تا واتای خۆی بەدەست بهێنێت، بە شێوەیەكی دیكە وجود واتەی بەدەستهاتوو و موكتەسەبی نیە، خۆی جیا نیە لە واتای خۆی بەڵكو واتا خۆی وجودە بۆیە لە ڕێگەی شیكاركردنیدازاینەوە هەم لە بوون نزیك بوینەتەوە هەمیش پرۆسێسی تێگەشتن و تەفسیركردن كە بەهۆی ئەوەوە ڕێگە دەگرێت[٨٩] بوون بە مانای بوونی ڕەها (زایین ) و بوونیش بە مانای بوون لەناو جیهاندا (دازاین)[٩٠].

**پێشگریمانەكان و ڕۆڵیان لە تێگەشتندا:**

لە باسی فینۆمینۆلۆژیا ئاماژەمان بەو ڕایەی هۆسرەڵ كرد كە باوەڕی بەوە هەبووو بۆ ئەوەی دەركەوتە وەك خۆی بۆمان نمایان ببێت پێویستە خۆمان لە ئەحكامی پێشینەو پێشگریمانەكان دابڕنین، لەوەی ئاماژەمان بە ڕای گادامێر لەو بارەیە كرد و ڕەخنەكانیمان خستەڕوو، لێرەدا ئاماژە بە دید هایدگەر لەسەر ئەولەویەت و چیەتی پێشگریمانە دەكەین.

هایدگەر پێی وایە تێگەشتن هیچ كاتێك دەركێكی بێ پێشینەی هیچ شتێك نیە، ئەوەی لە بابەتدا دەردەكەوێت ئەوەیە كە مرۆڤ ڕێگەی پێدەدات[٩١].

ئەڵبەتە قسەكردن لەسەر پرسی پێشگریمان زیاتر لەمەی دەوێت بەڵام پێدەچێت دەرفەتی ئەم نووسینەی ئێمە ئەوەندە نەبێت بە درێژی ئەو بابەتە بخرێتە بەر باس و لێتوێژینەوە بۆیە بەشێوەیەكی كورتی ئاماژەیەكی خێرا بە ناوەڕۆكی پێش گریمانە دەكەین كە دەكرێت بەم چەشنە كورت بكرێتەوە.

پێش بوون fore - having: تەواوی تێگەشتن دەبێت لە یەك پێش بەرداشتەوە سەرچاوە بگرن، تێگەشتنێك پێشینتر لە زەمینەی گشتی دەست پێبكات، لە تێگەشتنێكی گشتی لە بارەی جیهانەوە هەمە تێگەشتن لە جەنگی جیهانی دووەم مومكینە.

پێش خەون: بۆ تێگەشتن لە بابەتێكی دیاركراو دەركێكی گشتی بە گشتی یەك مەجموعەوە پێویستە بەڵام كافی نیە، ناتوانێت لە بارەی بوارە تایبەتەكانی ئەوەوە زانیاریمان پێبدات لێرەوە پێویستە پێشبینیمان ببێت (Fore-sight) لە بارەی ئەوەوە چۆن لەگەڵ بابەتی تێگەشتندا بەرخورد بكەین.

پێش چەمك: ڕوودانی ئەو حەدەسەیە كە پێشبینی دەكرێت و لە كاتی ڕودانیاندا بۆمان روون دەبنەوە[٩٢].

**دەوری هێرمنوتیكی یان بازنەی هێرمنوتیكی:**

لە زانستی هێرمنوتیكدا بۆ تێگەشتن و ناسینی بەشەكی هەر بابەتێك پێویستمان بە تێگەشتنی هەمەكی ئەو بابەتە هەیە و بە پێچەوانەشەوە

بۆ ناسینی هەمەکی هەر بابەتێك پێویستمان بە روانینی بەشەکی هەیە بۆ ئەو بابەتە ئەمەش پێی دەوترێت بازنەی تێگەشتن یان ئەلقەی تێگەشتن، بەڕای هێرمنوتیسیانەکان لەناویشیاندا "شلایر ماخەر" ئەم دەورە وەك دەوری لۆژیکی نیە کە بە نادروست هەژمار بکرێت بەڵکو بنەمایەکی بۆ تێگەشتن لەو بابەتە[٩٣].

پرسی دەوری هێرمنوتکی جارێکی دیکە سەر دەکێشێتەوە بۆ قسەکردن لەسەر پێشگریمانەکان، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا رای هایدگەر وایە ئێمە ناتوانین بێ پێشگریمانەکان تێبگەین لە کاتێکدا پێشگریمانەکان روانینی گشتین بۆ بابەتەکان[٩٤] ئەمە بەدەر لەوەی هەموو پێشگریمانەکانیش خۆشیان تێگەشتنن و لە تێگەشتنیش زیاتر نین[٩٥].

### مەعناداری لای هایدگەر:

بەهەمان شێوەی چەمکەکانی دیکە لای هایدگەر چەمکی واتاش قووڵتر و فراوانترە لەو واتا باوەی پێشتر بەکار هێنراوە، چونکە خودی مەعنا لەو سیستمە لۆژیکەی زمان قووڵترە کە کاری لەسەر دەکرێت، بەڵکو لە پێشترە لە زمان و لەناو وجوددا خۆی دەبینێتەوە بۆیە واتاداری شتێك نیە مرۆڤ بە وشەکانی ببەخشێت بەڵکو ئەو شتەیە کە شتەکان لە ڕێگەی فەراهەمکردنی ئیمکانیەتی بوونناسی وشەکان و زمانەوە بە مرۆڤ دەبەخشێت[٩٦].

ئەمەش ئەو دەروازە گەورەیەیە کە لە بەردەم ئێمەدا دەکرێتەوە تا ئاماژە بەوە بکەین ناتوانین لە نێوان جیهان و زماندا هیچ جیاوازیەك قەبوڵ بکەین، وشەکان لە رووی وجودیەوە خاوەنی واتان، وشە لە بەرامبەر شتەوەیە و لە باری وجودی شتەوەن لێرەوە زمان واتای وجودیانەی هەیە پێویستە لە بازنەی وجودیدا لێی تێبگەین، بە واتایەکی دیکە وجود هەرگیز بێ زمان خۆی نمایان ناکات، ئەو وجودەی نمایان دەبێت لەبەرچاوی ئیمە مرۆڤدا تەنها ئەو وجودەیە زمان پێمانی ناساندوە، لە دەرەوەی توانای زمانی ئێمەوە وجودێکی دیکە دەرك ناکەین، هەموو وجود لە ماڵی زماندا خۆی دەردەخات و هەموو ئەو تەفسیرانەی ئێمەش بۆ مانا دێنە ئاراوە بریتین لە مانای وشەکان[٩٧].

هەرچۆن لە پرسی زانیندا ئاماژەمان بەوە کرد زانین بە شێوەی راوچیەك نیە لە ماڵی خۆیەوە بچێتە دەرەوە راوی نێچیرەکەی بکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ ماڵی خۆی، بەهەمان شێوەش لێرەدا ئاماژە بە رایەکی دیکەی هایدگەر دەکەین بە پێی وایە وشەکان لە کیسەیەك ناچن نووسەر ماناکانی خۆی فڕێبداتە ناویانەوە و خوێنەریش لەناویدا ماناکان دەربهێنێتەوە بەڵکو یەکەم جار وجود لەسەر شێوەی وشە و زمانەوە دێتە بوون[٩٨].

### سەرچاوە و پەراوێزەکان


١. انطوان خوری: مدخل الی فلسفة الظاهراتیة، ص ٣٨.

٢. د. آمنة عبدالسلام الزائدی: مفهوم النظریة المعرفة، مجلة کلیة الاداب، العدد الثالث.

٣. جواد آملی: نظریة المعرفة في القران، ص٦٣.

٤. عصام زکریا جمیل: اتجاهات معاصرة في نظریة المعرفة، ص١٥.

٥. عصام زکریا جمیل: هەمان سەرچاوە، ل١١.

٦. د. آمنة عبدالسلام الزائدی: هەمان سەرچاوە.

٧. عصام زكريا جميل: هەمان سەرچاوە، ل١١.

٨. عصام زكريا جميل: هەمان سەرچاوە، ل١٢.

٩. جعفر السبحاني: المدخل الي العلم و الفلسفة و الالهيات، نظرية المعرفة، سلسلة محاضرات ، ص٥٨.

١٠. د. صبري محمد خليل : مقدمة في الفلسفة و قضاياها، http://www.uoanbar.edu.iq..

١١. د. عادل سكري: نظرية المعرفة من سماء الفلسفة الي ارض المدرسة، ص ٣٥.

١٢. عبدالرحمن الدمشقية : الشك عند الغزالي طريق الي اليقين، http://www.dimashqiah.com.

١٣. جعفر السبحاني :المدخل الي العلم و الفلسفة و الالهيات، نظرية المعرفة، سلسلة محاضرات، ص٧٥.

١٤. د. نظمي لوقا: الحقيقة، ص ٢٩.

١٥. اسلامية المعرفة: مجلة يصدر معهد العالمي للفكر الاسلامي.

١٦. عين‌الله خادمی:تاريخچه اجمالی تجربه‌گرايی و واكنشهای متعارض با ان، پرتال جامع علوم انسانی.

١٧. peter Caruthers: what's empiricism, http://faculty.philosophy.umd.edu

١٨. د. ايمن المصري: اصول المعرفة و المنهج العقلي، ص ٢٠.

١٩. http://onefd.edu.dz/

٢٠. د. ايمن المصری: هةمان سةرضاوة، ل ٢٠

٢١. احمد حمدى: نظرية المعرفة عند هنري برجيستون، موقعه الشخصي.

٢٢.حسين علي: ما هي الفلسفة، ص ١٣٧-١٣٨.

٢٣. منتر ميد، الفلسفة انواعها و مشكلاتها، فؤاد زكريا، القاهرة- نيويورك١٩٧٥، ص١٩٣.

٢٤. امانويل كانت، نقد عقل المحض، ل ٤٥.

٢٥. امانويل كانت، هەمان سەرچاوە، ل ٤٥.

٢٦. امانويل كانت، هەمان سەرچاوە، ل٤٧.

٢٧. د. محمود نوالی: پديدار شناسی بەعنون شناخت مجدد از شناخت، پژوهش نامه علامه، دوره اول، پاييز ١٣٨٠ – شماره١.

٢٨. د. حسين علی، هەمان سەرچاوە، ل ١٤٢.

٢٩. د. آمنة عبدالسلام الزائدی: هەمان سەرچاوە.

٣٠. عادل زامل: هەمان سەرچاوە، ل٣٢،لەم سەرچاوەیەدا بەو شێوەیە کتێبەکەی جۆن لۆك ناوی هاتووە (مقاله فی عقل البشری).

٣١. د. محمود خاتمی: مدخل فلسفه غربی معاصر، ص ٤٠.

٣٢. انطوان خوری: هەمان سەرچاوە، ص ٣٥.

٣٣. پديدارشناسی چيست؟http://www.hawzah.net.

٣٤. پديدار شناسی چيست؟ هەمان سەرچاوە.

٣٥. د. محمود نوالی: پديدار شناسی چيست، نشريەی دانشكده ادبيات و علوم انسانی دانشگاه تبريز ١٣٦٩ شماره ١٣٥ و ١٣٦.

٣٦. د. محمود نوالی: پديدار شناسی چيست، هەمان سەرچاوە.

٣٧. هەمان سەرچاوە.

٣٨. د. محمود خاتمی: مدخل فلسفه غربی معاصر، ص٦١.

٣٩. هەمان سەرچاوە، ل٦٣.

٤٠. د. محمود نوالی: پديدار شناسی چيست، سەرچاوەی پێشوو.

٤١. هەمان سەرچاوە.

٤٢. هەمان سەرچاوە.

٤٣. عليرضا آزادی و اشرف فرهادی: نگاه انتقادی گادامر به هوسرل، پژوهشهای فلسفی، شماره ١٦ ، بهار و تابستان ١٣٩٤.

٤٤. د.عادل مصطفی: فهم الفهم، مدخل الي

الهیرمنویطیقا، ص٤٥.
٤٥. علیرضا آزادی و اشرف فرهادی: نگاه انتقادی گادامر به هوسرل، سەرچاوەی پێشوو.
٤٦. غادامیر: الحقیقه و المنهج، ص ٣٨٢.
٤٧. د.محمود نوالی :پدیدار شناسی چیست، سەرچاوەی پێشوو.
٤٨. علیرضا آزادی و اشرف فرهادی: نگاه انتقادی گادامر به هوسرل، سەرچاوەی پێشوو.
٤٩. د. محمود نوالی :پدیدار شناسی چیست، سەرچاوەی پێشوو.
٥٠. د. محمود نوالی :پدیدار شناسی به عنوان شناخت مجدد از شناخت، سەرچاوەی پێشوو.
٥١. علیرضا آزادی و اشرف فرهادی: نگاه انتقادی گادامر به هوسرل، سەرچاوەی پێشوو.
٥٢. اصغر کاظمی، ابوذر رحیمی: ادموند گوستاو البرشت هوسرل، ویب سایتی http://pajoohe.net
٥٣. در امدی بر پدیدارشناسی هوسرل: http:// www.aftabir.com
٥٤. بهاء الدرویش، فلسفة نیقولاي هارتمان النظریة، ص ٣٢.
٥٥. علی فتحی:هرمنوتیك فلسفی یان فلسفەی هرمنوتیکی، مجلەی تخصصی الهیات حقوق، شماره ٢٩.
٥٦. جعفر سبحانی، هرمنوتیك، ص ٨.
٥٧. محسنی معینی، هرمنوتیك و درام مدرن.
٥٨. ریچارد ا.پالمیر، علم هرمنوتیك، ترجمه: محمد سعید حنایی کاشانی، ص٤١.
٥٩. د. محمد خاتمی: مدخل فلسفه غربی معاصر، ل٢٩٢.
٦٠. د. محمود خاتمی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٣-٢٩٠
٦١. علی فتحی: هرمنوتیك فلسفی یا فلسفه هرمنوتیکی، سەرچاوەی پێشوو.
٦٢. د.محود خاتەمی : سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٣.
٦٣. علی فتحی: هرمنوتیك فلسفی یا فلسفه هرمنوتیکی، سەرچاوەی پێشوو.
٦٤. علی فتحی: هەمان سەرچاوە.
٦٥. جون ماکوری: الوجودیه: ص ١٨٣.
٦٦. علی فتحی: هرمنوتیك فلسفی یا فلسفه هرمنوتیکی، سەرچاوەی پێشوو.
٦٧. د. عادل مصطفی: فهم الفهم، مدخل الی الهیرمنویطیقا ، ص ٤٥.
٦٨. علی فتحی: هرمنوتیك فلسفی یا فلسفه هرمنوتیکی، سەرچاوەی پێشوو.
٦٩. ریچارد پالمێر: علم هرمنوتیك، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧.
٧٠. احمد واعظی: در امدی بر هرمنوتیك، کتاب نقد، سال ششم، شماره ٢٣.
٧١. علی فتحی: هرمنوتیك فلسفی یا فلسفه هرمنوتیکی، سەرچاوەی پێشوو.
٧٢. محمد رعایت جهرمی: هایدگر زبانمندی فهم، http://www.zamane.info
٧٣. ریچارد پالمێر: علم هرمنوتیك، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤.
٧٤. د. عادل مصطفی: فهم الفهم، مدخل الی الهیرمنویطیقا، ٢٢٥.
٧٥. علی فتحی:هرمنوتیك فلسفی یان فلسفه هرمنوتیکی، مجلەتخصصی الهیات حقوقشماره ٢٩.
٧٦. د. عادل مصطفی: فهم الفهم، مدخل الی الهیرمنویطیقا، ٢٢٥.
٧٧. علی فتحی: هرمنوتیك فلسفی یا فلسفه هرمنوتیکی، سەرچاوەی پێشوو.
٧٨. د. عادل مصطفی: فهم الفهم، مدخل الی

الهيرمنويطيقا، ٢٢٥.

٧٩. د. محمود خاتەمی: مدخل فلسفه غربی معاصر، ص ٤١٦.

٨٠. د. محمود خاتمی: مدخل فلسفه غربی معاصر، ٣٦٠.

٨١. د. محمود خاتمی: هەمان سەرچاوە، ٤١١.

٨٢. علی فتحی: هرمنوتیك فلسفی یا فلسفه هرمنوتیكی، سەرچاوەی پێشوو.

٨٣. د. محمود خاتمی: مدخل فلسفەی غربی معاصر ٤٠٩

٨٤. احمد واعظی: در امدی بر هرمنوتیك، كتاب نقد، سال ششم، شماره ٢٣.

٨٥. علی فتحی: هرمنوتیك فلسفی یا فلسفه هرمنوتیكی، سەرچاوەی پێشوو.

٨٦. احمد واعظی: در امدی بر هرمنوتیك، سەرچاوەی پێشوو.

٨٧. د. محمود خاتمی: هەمان سەرچاوە، ٣٩١.

٨٨. علی فتحی: هرمنوتیك فلسفی یا فلسفه هرمنوتیكی، سەرچاوەی پێشوو.

٨٩. علی فتحی: هەمان سەرچاوە.

٩٠. د. محمود خاتمی: مدخل فلسفه غربی معاصر، ص ٣٩١.

٩١. ریچارد پالمیر: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠.

٩٢. علی فتحی: هرمنوتیك فلسفی یا فلسفه هرمنوتیكی، سەرچاوەی پێشوو.

٩٣. حمید رضا شایگان فر: نقد ادبی ، ص ١٤٣.

٩٤. محمد بهرامی: دور هرمنوتیكی درنگاه هرمنوتیستها وتفسیرگران قران، مجلەی پژوهشهای قرانی، سال شانزدهم تابستان و پاییز ١٣٨٩، شماره ٦٢ و ٦٣.

٩٥. علی فتحی: هرمنوتیك فلسفی یا فلسفه هرمنوتیكی، سەرچاوەی پێشوو.

٩٦. ریچارد پالمیر: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨.

٩٧. علی فتحی: هرمنوتیك فلسفی یا فلسفه هرمنوتیكی، سەرچاوەی پێشوو.

٩٨. ریچارد پالمیر: سەرچاوەی پێشوو، ١٤٩.

# ڕۆڵی ماف لەسەردەمی نوێدا
# بوومەلەرزەکە لە (بیرو باوەر)ەوە بۆ مافی (باوەڕداربوون)

تەحسین حەمەغەریب

( ١ )

پێشەکی:

بەم نووسینەم دەمەوێت ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی کە باوەڕم وایە دەبێت موسڵمانان بیکەن بخەمەڕوو، ئەگەر چی وەرچەرخانێکە وەکب وومەلەرزەش دەکەوێتەوە گرنگ ئەوەیە پشتبەستوو بە بیرکردنەوە و بەڵگەدار بێت. ئەویش وەرگەڕانەبۆ (ماف) سەنتەری، چونکە جیهانی ئیسلامی و هزری ئایینی ئێمە پێشتر تەنها جەختمان لەسەر ئەرك کردۆتەوە کە موسڵمان تەنها ئەرکی خۆی جێبەجێکردوە و بەشێوەبەکی سیستەماتیك داوای مافەکانی خۆی نەکردووە!.

لەوانەیە بڵێی جا ئەم بابەتە لانی کەم لە جیهانی نووسیندا هەم هێندە تازە نیە، هەمیش نووسەرانی دیکە باسیان کردووە و هەمیش تۆش کەم کەم لە نووسین و بابەتە وتراوەکاندا ئاماژەت پێکردوە. بەڵێ وایە بەڵام گەورەیی ئەم بابەتە وامان لێدەکات زیاتر بنکرێ بکەین تا دیوە نەبینراوەکانی پیشان بدەین و هەمیش بیکەینە ئاوێنەیەك ئێستای خۆمانی تێدا ببینینەوە. لەوانەیە هیچ بابەتێکی دیکە هێندەی ئەم بابەتە نەتوانێت هەم قووڵایی ئەم سەردەمە و هەمیش پێگە و جێگەی ئێمە لە ئێستادا پیشان بدات. بێگومان ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی پەیامی ئایینەکان لەم سەردەمە و کەشفی ئەو ڕووانەی کە دەبێت تازە بکرێنەوە و ڕۆڵیان لەم چەرخەدا پیشان دەدات. کە بابەتێکی ئەوەندە گەورەیە کە تا لەگەڵی بڕۆیت زۆرتر ڕووە نەبینراوەکانیت بۆدەردەکەوێت.

بۆ ئەوەی لە بابەتەکە بچمە پێشەوە پێشگریمانەیەك دەخەمەڕوو کە پەیوەندی بە رۆڵ و کاری سەرەکی ئایینەکانەوە هەیە لەم سەردەمەدا کە دەشێت بووترێت زۆرتر بەرەو قووڵایی بابەتەکەمان دەبات و رەنگە زێتر جیاوازی بۆچوونی فەیلەسوفەکان و خاوەن راکانی ئەم سەردەمە بە بەراوورد لەگەڵ فەیلەسوف و زانایانی قۆناغی پێشوو پیشان بدات: بە بۆچوونی من ئەمە لە سەرەکیترین کێشەی ئەم سەردەمەوە سەرچاوەدەگرێت لە پەیوەندیەوە بە مرۆڤەوە ئەویش هەرچی زیاتر داگەڕانی مرۆڤە بەرەو بە شتبوونی مرۆڤ وبە شتانی بوونی ئەم مەخلوقە. بە جۆرێك هەمیشە لە نێوان داننان بە کەسایەتی مرۆڤ و بە شت سەیرکردنی مرۆڤدا وادەکەوێتەوەئەوەی دووەمیان هەڵبژێردرێت.

واتە مرۆڤ (هێندەی شتە) کە ئەرکێکی پێسپێردراوە وەك هەموو (هەبووەکان)ی دیکە ئەمەش وەك بنەما، هێندە کەسایەتیەك نیە کە دان بە بوونیدا بنرێت. ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە مرۆڤ مافی بنەرەتی و سەربەخۆی نیە. مافی ژیان و هەڵبژاردن وسەربەخۆ بوون و...هتد،. ئەوەی پێی بووترێت مافی هەڵبژاردنت نیە و بتەوێت یاخود نەتەوێت هەر ئەوەیە و تەواو. ئیتر ئەگەر کاری سەرەکی ئایینەکان جولان بەرەو پێگەیشتنی مومکین و شیاوی مرۆڤ بوو بێت ئەوا لەم سەردەمەدا کاری سەرەکی ئایینەکان رزگارکردنیەتی لەو بە (شت) بوونە، نەك هەر ئایینە گەردوونیە گەورەکان بەڵکو فەلسەفە و فیکریش بە هەموو قوتابخانە و رووگە گەورەکانیەوە، تەنانەت فەلسەفەی پووچگەراش کە هەموویان هاواریانە مرۆڤ مرد یاخود دەمرێت مرۆڤ بۆتە شت، تەنانەت کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت بەڵکو (وەك نوورسی دەڵێت) دەکرێتە شت و دەبرێتە تاقیگە و مادەکانی ئەو شتە لێکۆڵینەوەیان دەربارە دەکرێت، ئیدی وەك هایدگەر دەڵێت وجودی لە بیرکراوە.

بەگوتەی بیرمەندە مەعنەوی و ئیماندارەکان کە باوەریان وایە مرۆڤ زیاد لە مەیدانێك (بەڵکو جیهانێك)ی هەیە وەك مەیدانی جەستە و مادەی بینراو و مەیدانی نەفس و رۆحی نەبینراو، تەنها لە لایەنە مادی و جەستەکەیدا کورتکراوەتەوە، کە وەك هەر مەخلوقێکی مادی دیکە (کار) پێدەکرێت و کۆنترۆڵ دەکرێت و ئەویش عاقلێك (ئەرکە)کانی جێبەجێ دەکات، هەندێك جاریش هەوڵی (یاخی بوون) دەدات بەڵام سەرکەوتوو نابێت.

ئیدی توانای هەڵبژاردن (مافی هەڵبژاردن)ی نیە ئەو مافەی کە لە بەهەشت دەرکرا تا ئەو مافەی پێنەبەخشرا نەهاتەسەر زەوی، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم بابەتە راستەوخۆ پەیوەندی بە مرۆڤ بوونی مرۆڤەوە هەیە، هەر ئەمەش وادەکات مرۆڤ هەست بە تراژیدی بوونی ژیان و بێهودەیی و پووچی مرۆڤەوە هەیە لەم سەردەمەدا و کە راستەوخۆ پەیوەندی بە مافی ئەو مەخلوقەوە و قەبوڵکردنی (وەك خۆی) هەیە بە بۆچوونی من ئەوەی لەمە تێنەگات هەرگیز لەم سەردەمە تێناگات، ئەگەرچی زمانەکانیش بزانێت و بڕوانامەی (شوناسی ئەم سەردەمە)ی هەبێت و کارامەیی باشی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاشی بێت، کە ئەمە زۆرتر جەخت لەسەر ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی ئەم سەردەمەوەیە کە

بەسەر مرۆڤدا هاتووە و ئەوەی درکی قووڵاییەکەی نەکراوە. ئەم نووسینە دەیەوێت ڕەهەندەکانی پیشان بدات ئەو گۆڕانکاریانەش بخەملێنێت کە دەبێت موسڵمانان و کوردیش بەسەر خۆیدا بهێنێت تاکو پێگەی خۆیانبدۆزێتەوە.

لەدایکبوونی مەوجودێکی تاك ڕەهەند:

ئیدی لێرەوە مرۆڤ بوویە مەوجودێکی یەك لایەنە ئەویش لایەنی مادی و شت بوونەکەی و مانا بۆ ژیان و کارەکانی نەماوە (خۆی بۆ خۆی دەرکەوتنی کێشەی مانای ژیانیش بابەتێکی نوێی ئەم سەردەمەیە) ئیدی هەر کەسە و بۆ هۆکارە سەرەکیەکەی (علە العلل) گەڕاوە. بەڵام هەر هەموویان لەسەر دەرەنجامەکەی کۆکن کە بریتیە لە بە شت بوونی مرۆڤ، ئیدی لە چارەسەری لایەنە شتانەکەیشی (ئەو لایەنانەش پەیوەندیان بەو لایەنانەوە هەیە وەك لایەنی ئەزمونی دەروونی) زۆر ئازان، وەك دۆزینەوە بەردەوامەکانی چارەسەری نەخۆشیەکانی جەستە، ئەوەش کە ماوە تەنها پەیوەندی بە جەستەوە هەیە و بە دڵنیاییەوە چارەسەری بۆ دەدۆزنەوە.

هەر لێرەوە ئەو وەهمەشیان بۆ دروستبووە کە ئیتر خودایەك بوونی نیە هەموو ئەوەی دەدرایە پاڵ خودا زانست دەتوانێت چارەسەری بکات و بۆیە کاری خوداباوەڕەکان تەنیا پڕ کردنەوەی بۆشاییەکانی زانستە واتە ئەوەی هێشتا زانست پێی نەگەیشتووە دەیدەنە پاڵ خودا و کاری خودا، ئیتر بەم دواییانە چەمکی خودا پڕکەرەوەی بۆشاییەکان (The god of gaps) لە کتێبە ئیلحادیەکاندا بە چڕی دەرکەوتەوە.

ئیتر بێ ئاگا لەوەی کە ئەمە دەرەنجامی هەڵەی ئەو پێشەکیە هەڵەیە کە بە هۆی

**جیهانی ئیسلامی و هزری ئایینی ئێمە پێشتر تەنها جەختمان لەسەر ئەرك کردۆتەوە موسوڵمان تەنها ئەرکی جێبەجێکردووە**

تاك ڕەهەند بوونەوە و شتانی بوونی مرۆڤەوە لەم سەردەمەدا دروستبووە تەنها گشتاندنی بابەتێکی یەك ڕەهەندە بۆ هەموو ڕەهەندەکان، کە بە هەڵکلۆفینی چاوەکانمان (وەك فینگشتاین دەڵێت) جۆرێکی دیکەی ڕوانین لە دیدگایەکی دیکەوە سەیرکردنی بابەتەکە هەڵەبوونی ئەو بۆچوونانەت بۆ دەردەکەوێت. ئیدی نە ئەمبوونە یەك دیوە ڕاست و نە مرۆڤیش لە بنەڕەتدا یەك ڕەهەندە. تەنانەت هەندێك لە فەیلەسوفان وای بۆ ڕۆشتوون کە بێ ئەو ڕوانینە فرە ڕەهەندیە، بۆ نموونە هێنانە بەرباسی دیوی ئەخلاقی هەرگیز لەم دیوە مادیەش تێناگەین، بەڵکو هەڵەی ئێمە پێشتر ئەوە بووە تەنها بە یەك ڕەهەندی سەیرمان کردوە، وەك ڕاکانی هەردوو فەیلەسوفی گەورە "تۆماس نێگڵ" و "هیلاری پەتنام".

ئیدی مرۆڤ بۆتە یەك ڕەهەند و هۆکارەکەی هەرچی بێت جا بەهۆی سیستەمی سەرمایەداری و دروستبوونی مرۆڤی بەکاربەر وەك هەر لەسەردەمی مارکس و هەتا دەرکەوتنی کتێبە بەناوبانگەکەی فەیلەسوفی مارکسی نوێ لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هێربۆرت مارکۆزە

**بە سەرنج دانی مێژوو بیرمەندەکان ئەوەیان بۆ سەلماوە بەبێ بایەخدان بە ماف پێکەوە ژیان مومکین نییە**

(مرۆڤی تاک ڕەهەند) وادەنرێت کە سوپای سیاسیەکان و پیاوانی ئایینی زاناکانی زانستە ئەزموونیەکان خەریکی شەرعیەت بەخشینن بەو خوداوەندە ئابووریەن. تا بەم دوایانە دەرکەوتنەوەی زاراوە کۆنەکەی کە ئێمە ئەسینامان بەسە (ڕەمزە بۆ عەقڵ) و ئیتر پێویستمان بە ئۆرشەلیم (وەك ڕەمزێك بۆ شاری ئایینی و پێغەمبەرایەتی) نیە، ئەو گەڕانەوە گەورەی ئەمرۆش بۆ مەعنەویەت هەڵهاتنەلەو تاك ڕەهەندیە.

لەوانەیە ئەم بابەتە تەنها بۆ ئەو کۆمەڵگەیانە بگەڕێنرێتەوە کە لە ڕووی بەکاربردنی زانستە ئەزموونیەکان و تەکنەلۆژیاوە چوونتە پێشەوە لێکبدرێتەوە کە هەرگیز وانیە و لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا زۆر خراپترە وەك دواتر دەردەکەوبت، بێگومان ڕۆڵی مافیش لەم نێوەندەدا زۆر سەنتەریە کە دینیەکان دەبێت زۆر باش لەم بابەتە تێبگەن کە ڕۆڵی ئەم چەمکە و جێکەوت و دەرەنجامەکانی هیچی لە زانستە ئەزمونیەکان کەمتر نیە کە بلیۆنان دۆلاری لە پێناودا خەرج دەکرێت.

**مرۆڤی تاك ڕەهەند دەرەنجامی مەعریفەی تاك ڕەهەند:**

وا دەردەکەوێت کە کێشەکە لەوێوە سەرچاوەی گرت ئەو فرە سەرچاوەییەی مەعریفە لەسەردەمەکانی لەوەو پێشدا هەبوو (هەر ئەوەش بیرکردنەوە و تێرامانی دەخولقاند) لەم سەردەمەدا بوونی نەماوە، هەر بۆیە مرۆڤ ناتوانێت لە خۆی را بمێنێت لە تەك خۆیدا گفتوگۆ بكات (لای ئەفلاتۆن بیرکردنەوە گفتوگۆی مرۆڤە لەتەك خۆیدا) هەربەمەش مرۆڤ تەنها کار جێبەجێ ناکات بەڵکو دەشبینێت، ئیتر بە گوتەی فەیلەسوفی ئیسپانی بەناوبانگ "ئۆنامۆنۆ" لە مشەخۆری رزگاری دەبێت، کە مشەخۆر بێجگە لەو مەخلوقەی تەنها بەردەمی خۆی دەبینێت و دەخوات (بۆ نموونە مشەخۆرەکانی ناو ریخۆڵەیەکی ئێمە) ناتوانێت دوور بینێت شتێکی دیکە نیە.

لەکاتێکدا مرۆڤی نامشەخۆر چونکە دوور دەبینێت دەزانێت چی دەکات و بەرەو کوێ دەڕوات، ئیدی ئەو مەخلوقێکی کوێر نیە تەنها ئەرك جێبەجێ ناکات بەڵکو بیردەکاتەوە خۆی دەبینێت، ئیدی بیری بابەتێکی وەك مافیش لێرەوە چرۆ دەکات. مرۆڤێك کە دەزانێت هەیە، بوونی سەربەخۆی هەیە، بە بوونی ئەو سەربەخۆیی و جودابوونەوە مافی جێگیری بۆ دەبێت، ئەمەش سەبارەت بە کۆمەڵگەکانیش بە هەمان شێوەیە، کۆمەڵگەی وا هەیە تنها کار دەکات (ئەرك جێبەجێ دەکات کە نیگڵ ناوی دەنێت کۆمەڵگەی سیاسی چیشی داوا لێبکرێت هەر ئەوە دەکات و کۆمەڵگەی کولتورسەنتەریش کە تەنها ئەرك جێبەجێ ناکات بیر دەکاتەوە و کار دەکات بێ مافی جێگیریش ئەوەی بۆ ئەنجام نادرێت، ئیدی

كۆمەڵگە ماف سەنتەرەكان هەمان كۆمەڵگە كولتور سەنتەرەكانن نەوەك كۆمەڵگە سیاسەت سەنتەرەكان (دواتر دێمەوە سەر ئەم باسە).

**لەوانە مەترسە كتێب دەخوێننەوە لەوانە بترسە یەك كتێب دەخوێننەوە:**

ئەو كەسانەی بە تاك رەهەندی مامەڵەی مەعریفیان هەیە ناتوانن لە ماف تێبگەن. ئالێرەوە ئەو قسەیە مانا پەیدا دەكات كە دەدرێتە پاڵ "برتراند راسڵ" كاتێك دەڵێت لەوانە مەترسە كە كتێب دەخوێننەوە بەڵكو لەوانە بترسە تەنها یەك كتێب دەخوێننەوە. ئیتر كێشەكە یەك رەهەندی مەعریفیە واتە یەك جۆر مەعریفە بوون بە خۆراكی دەزگای دەركی مرۆڤ، بێگومان ئەمە هەنگاوی دواترە و تا مرۆڤ لەم هەنگاوە تێنەگات لە قووڵایی قەیرانەكان تێناگات، هەر ئەمەشە مانای ئایدیۆلۆجی بوون، لەبەر ئەوە یەك جۆر مەعریفی یەك جۆر بینین دەسەپێنێت، ئیتر مامەڵەكە لە گفتۆگۆوە وەردەچەرخێنێت بۆ وەرگرتن و مەعریفەیەكی ئامادەی یەك دیو هەر لێرەوە حەقیقەت سادە و یەك دیو و روون دەبێت، ئیتر تۆ دەبیتە گوێ و فەرمانەكان (حەقیقەتەكان دەبیستی) ئیتر نە مافی بیركردنەوەو نە مافی قسەكردنت هەیە، بێگومان كاتێك مافی گفتۆگۆم لە تۆ وەرگرتەوە تەنها تۆم بێدەنگ نەكردوە بەڵكو تۆم لە مرۆڤ بوون خستووە، هەر ئەمەشە مانای ئەوەی بۆ ئەوەی مرۆڤ، مرۆڤ بێت مافەكانی مرۆڤشیمانەی لەتكردنیان نیە و دەبێت پێكەوە وەربگیرێن.

**كێشەكانی ئێمەش یەك رەهەندی سەرچاوەی مەعریفەمانە:**

هەر لەبەر ئەم یەك لایەنەیی بوونەی مەعریفەشە كێشەی گروپەكانی وەك سەلەفیەت و قورئانی بوون و ... هتد، ئەوەی یەك جۆر مەعریفەی هەبوو یەك جۆر روانینی بۆ دروست دەبێت، هەر لەبەر ئەوەش ئایینداری لای ئەو وەردەچەرخێت بۆ فەرشێكی ئامادەی یەك دیو كە یەك رووە و ئیستاتیكی و وەستاو وەرچەرخاو بۆ بابەتێكی مێژوویی و دووبارە بوو، كە هەرگیز مرۆڤی دیندار مافی نیەبەشداری تێدا هەبێت، بەڵكو دەبێتجێبەجێی بكات.

**روانینەكانی پاش مەرگیشدانەوەی روانینەكانی ئێرەن:**

ئەم روانینە یەك دیو و ئیستاتیكیەیە روانینی بۆ پاش مردنیش یەك دیو دەبێت (چونكە مەرگ و پاش مەرگ گونجاو لەگەڵ ئێرەن و مردن هاوڕەنگی ژیانی ئێرەیە وەك مەولانا دەڵێت)، ئیتر بەهەشت تەنها لە خۆراك و سێكس و بابەتە یەك دیو و رووكەشەكاندا كورت دەبێتەوە، ئیتر ئەو مامەڵە دینامیكی و گەرموگوڕ و گەیشتن و گۆڕانكاری و عروج و ( رضوان من الله) مانای نابێت، هەر وەك لێرە تەنها ئایین كۆمەڵێك رێسای یەك دیو وشك دەبێت، ئیتر مرۆڤ بوونی مرۆڤ و گەیشتنی بە شكۆفایی و گەیشتن مانایەكی نابێت.

**پەیامی سەرەكی ئایینەكان مرۆڤبوونی مرۆڤ:**

ئەمە لە كاتێكدا پەیامی سەرەكی مرۆڤەكان بۆ مرۆڤە، بەڵكو هێشتنەوەی مرۆڤبوونی مرۆڤە وەك رێزلێنراوی خوادا، كە بە بێ مافە جێگیرەكانی ئەو رێزلێنانە مانا پەیدا ناكات و ناتوانێت بەرپرسیارێتی كارەكانی خۆی وەربگرێت، بتوانێت بەرگری لە خۆی بكات و بەڵگە بۆ كارەكانی بهێنێتەوە بەڵكو داوای مافەكانی لە

بەرامبەرەکەی بکات، لە قۆناغی ئامرازبوونەوە بۆ قۆناغی شایستەبوون بگوازێتەوە، لە باتی ئەوەیش بێت کەسایەتی هەبێت، چونکە شت بەرپرسیارێتی وەرناگرێت، دەربارەی چاکی و خراپی کارەکانی لەوانی تر پرسیار دەکرێت.

بۆ نموونە کاتێك لە کاری ئامێریك دەپرسین لە خۆی ناپرسین بەڵکو لە مرۆڤەکان دەپرسین تا بزانین چاك کاری کردووە یان خراپ، شتەکانی موڵکی ئەوانی ترن ئیتر بوونی سەربەخۆی خۆیان نیە، مرۆڤیش کاتێك خاوەن ماف نەبوو ئیدی دەبێتە هەبووی ئەوانی تر (وەك کۆیلەکانی سەردەمەکانی پێشتر) ئیدی بوونی نابێت تا هەوڵی گەیاندن و شکۆفەپێدانی ببێت، ئیتر بەرپرسیارێتی تاکیش هیچ مانایەکی نابێت ﴿کل نفس بما کسبت رهینة﴾ و ﴿کلهم أتیه یوم القیامه فردا﴾ کە کەسێکی وەك "ئیمامی رازی" دەفەرموێت ئەگەر قورئان بەتەنیا ئەو ئایەتانەی تێدابوایە بەس بوو.

**مرۆڤ داوای بەڵگەش لە خودا دەکات :**

ئەگەر دان بەم سەربەخۆییەی مرۆڤدا نەنرێت داواکردنی بەڵگە لەلایەن مرۆڤەکانەوە مانای نەبوو (للناس علی الله حجة بعد الرسل)، مرۆڤ کاتێك دەتوانێت داوای بەڵگە لە خودا بکات کە بوونی جودا و سەربەخۆ و خاوەن مافی هەبێت، هەر بۆیە لەم حاڵەتدا یەکێك لە وەسفەکانی پەروەردگار لای کەسی ئیماندار دەبێت بەوەی کە خودا مافە جێگیرەکانی بە مرۆڤ بەخشیوە، ئەمە کەمی نیە بۆ خودایەتی خودابەڵکو زۆرتر کەماڵی خودایی دەردەکەوێت، یەکێك لە وەسفەکانی پەوەردگار دەبێتە (المحق) و مافبەخش.

**نموونەیەك لە فەلسەفەی سزاوە:**

بۆ ئەوەی بابەتەکە روونتر بێتەوە لە فەلسەفەی سزاوە نموونەیەك دەهێنمەوە، کە زۆرێك لە فەیلەسوفەکانی یاسا بۆ ئەوە دەڕۆن بۆیە سزا بەسەر تاوانباردا دەسەپێنرێت لەبەر دوو هۆکار، یەکێکیان بریتیە لە تەوساندنی تاوانبار (ردع المجرم) کە تا جارێکی دیکەتاوانی لەو شێوەیە ئەنجام نەداتەوە و ساماندنی ئەوانی دیش بێت تا کاری لەو شێوەیە ئەنجام نەدەن.

**سزای دۆزەخ:**

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەی بۆچی سزای دۆزەخ بوونی هەیە لە کاتێکدا لەوێ ئەو دوو حیکمەتە بوونیان نیە، ئیتر نە تاوانبار دەتوانێت خراپە ئەنجام بداتەوە (کلا انها کلمه هو قائلها) نەو ئەوانی دیش دەتوانن خراپە ئەنجام بدەن. بۆچی خودا گیان سزای دۆزەخیەکان دەدات؟

وەڵام بێجگە لەوەی کە دۆزەخیەکان بە هۆی بوونی سەربەخۆ و مافی جێگیریانەوە و توانای هەڵگرتنی باری بەرپرسیاریەتیانەوە دواجار شایستەبوویان بە سزادان ناتوانین وەڵامێکی دیکەمان ببێت، ئەوان سزا دەدرێن لەبەر ئەوەی توانای هەڵبژاردن و بوونی سەربەخۆ و مافەکانی تایبەت بە تاك بوونیان هەبوو.

**سەردەمی نوێش بەمە دروست بوو:**

سەردەمی نوێش بە هۆی بە رەسمیەت ناساندنی ئەم مافە و بەسەنتەرکردنی شتێکی دیکەی نەکرد، ئەمە لە پشتی ئەو گۆڕانکاریانەوە بوو کە سەردەمی نوێیان خولقاند، ئەو دیوە نەبینراوەشە کە دەبێت ببینین.

هەر بۆیە ئەگەر لە سەردەمە پێشترەکاندا بیروباوەڕەکان حوکمی مرۆڤەکانیان دەکرد و

ناوچەکانی جیهان لەسەر بنەمای ئایین و باوەڕەکان جودا دەبوونەوە ئەوا هەنووکە مرۆڤەکانی مافی باوەڕداری و بێباوەڕیان هەیە، ئەمەش ئەو بوومەلەرزە بوو کە ئەم سەردەمەی شڵەقاند، بێگومان ئەمەش بە قازانجی ئایینەکانە چونکە خەڵکی بە ویست و ئیختیاری خۆیان هەڵیان دەبژێرن و ناچار بە دووڕوویی نابن، بۆیە هەنووکە هێندە جەخت لەسەر ئاییندارى دەکرێتەوە هێندە جەخت لەسەر خودی ئایینەکان ناکرێتەوە، هەر ئەمەشە نهێنی دەرکەوتنی کۆمەڵێک زانستی تایبەت بەم بوارە کە پێشتر لە زانستە ئایینیەکاندا بوونیان نەبوو (وەك دەروونناسی ئایین و کۆمەڵناسی ئایین).

هەر بەمەش دەتوانین توانای مانەوەو بەردەوامی بە ڕێژەی قەبوڵبوونی ئەم بابەتە بۆ گروپ و ئایینەکان دابنێین، واتە تەنها ئەو ئایین و گروپانە دەتوانن لەم سەردەمەدا بمێننەوە کە ئەم بابەتەیان قەبوڵە و لە بەشی دواتردا وردتر لە بوون و سەرهەڵدانی دەکۆڵینەوە.

**(٢)**

**بوون و چیەتی ماف**

**مافی یاسایی و مافی ئەخلاقی:**

بەدبینانەترین ڕاڤە ئەوەیە کە ماف بۆ هێزێکی ئەخلاقی کورت بکەینەوە، کە ئەگەر جێبەجێکردنی یاسایی بخەینە کەنارەوە ئەوا باوەڕی کەسی زیانلێکەوتوو ئەوەیە کە ئەو مافی وەرگرتنەوەی قەرەبووی هەیە، کە دەتوانێت بە گوشارێك لەبەرامبەر ئەوانی دیکە بەکاری بهێنێت، چونکە ئەو هێزێکی ئەخلاقی هەیە کە ئەوانی دیکە نیانە، ئەم بیرکردنەوەیە لە ماف

**لەوانە مەترسە**
**کە کتێب دەخوێنەوە**
**لەوانە بترسە تەنها**
**یەك کتێب دەخوێنەوە**
**یەك جۆر کتێب**
**دەخوێننەوە**

وەك ئەرکی ئەخلاقی بیرکردنەوەی نەوەیەك لە فەیلەسوفە ئەوروپیەکانی دەوروبەری (بێنتام) بووە، واتە فەیلەسوفە گومانکارەکان لە بوونی سروشتی و دەرەکی ماف.بۆیە دەشێت بپرسین هەر بە ڕاست ماف چیە؟.

**پێناسەی ماف و دوو تیۆریای (سوود و ویست):**

ماف لەو بابەتانەیە کە ناکرێت پێناسە بکرێت هەتا دابەش نەکرێت بۆ دوو تیۆریاکەی ماف، کە دوو تیۆریای گرنگ هەن دەربارەی ماف ئەوانیش هەردوو تیۆریای (بەرژەوەندی) و (ویست)ن:

یەکەم: تیۆریای بەرژەوەندی (Benefit-Interest Theory) کە بەلایەوە ماف دەبێتە بەرژەوەندی (بەرژەوەندی تایبەتی و ئەرکی ئەوانی دیکەشە ئەو بەرژەوەندیە بپارێزن). لەم تیۆریایەدا یاساسەنتەری و یاساسەروەری گرنگی پەیدا دەکات. (بنتام)ی فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەخلاق (ئەخلاقی دەرەنجامگەرا و بەرژەوەندی گشتی) بە دامەزرێنەری ئەم تیۆریایە دادەنرێت. بێنتام هەموو مافە سروشتیەکانی لە باشترین حاڵەتدا بە خەیاڵ و لە خراپترین حاڵەتدا بە وەهم

دەسەڵاتە ستەمکارەکانەوە. بەڵام ئەم بابەتەش بە ئاسانی وەڵام دەدرێتەوە، چونکە ئەم بەڵگەیە نابێتە بەڵگەی نەبوونی ماف. هەروەك ئەوەی پێشکەوتنی زانستی فیزیا نەگەیشتووە بە ناسینی، بابەتێکی وەك ئەلکترۆن مانای نەبوونی نیە. بێجگە لەوەی دانانان بە بوونی سەربەخۆی مافدا لە رێژەگەرایی کولتووری دەمانپارێزێت، بێجگە لەوەی کاتێك مافەکان لەلایەن دەسەڵاتە ستەمکارەکانەوە پێشێل دەکران ئەوە تەنها تیۆریای مافی سروشتی و بوونی سەربەخۆی ماف بوو، بەرگری لە ماف دەکرد. بێجگە لەوەش تەنانەت کورتکردنەوەی ماف لە مافە یاساییەکاندا ئەویش جێگەی رەخنەیە چونکە مافی یاسایی بۆ دانپێدانان و بەرگریکردنە لە مافێکی پێشتر هەبوو بۆ نموونە مافی ئازادبوونی کۆیلەیەك کە پێشتر بوونی هەیە.

دووەم: تیۆریای ویست (Will-Choice Theory): ئەم تیۆریایە پشت بە دەسەڵاتی ویست و ئیرادەی مرۆڤ دەبەستێت: فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەڵمانی (کانت) بە دامەزرێنەری ئەم تیۆریایە دادەنرێت، فەیلەسوفی بەناوبانگی یاساش لە سەدەی بیستدا (هارت) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (چەمکی یاسا) پەرەی پێداوە کە بە لای ئەمیشەوە ویستی ئەخلاقی و ویستی یاساییش بوونی هەیە، کەواتە: (ویست= ئەخلاق+یاسا).

واتە بە بێ ویستی مرۆڤ کە بیەوێت مافەکانی بەکار بهێنێت ماف بوونی نابێت، بەڵکو ماف خودی ئەو ویستەیە، ئەمەش دەرگای تاك سەنتەری دەکاتەوە، وا دەکات مرۆڤ بەرپرسیارێی کارەکانی خۆی بگرێتە ئەستۆ، بێگومان ئەم

**ڕوانیینەکانی پاش مەرگیش ڕەنگدانەوەی ڕوانینەکانی ئێرەن**

**ئاینەکانیش هاتون تا مرۆڤبونی مرۆڤ بپارێزن**

ناوزەد کرد، ئەو مافە سروشتیەکانی بە ئەدەبیاتی درەندە و بە تەپڵی ناوخاڵی (Bawling upon paper) ناو دەبرد.

**ماف تەنها وەهم و خەیاڵ نیە:**

ئەمەش مانای ئەوە بوو کە مافی سروشتی تەنها خەیاڵە و مافی مرۆڤ بێمانایە و وەك گوزارەی سارد و گەرم وەهایە، چونکە ئەم جۆرە مافانە وەك گوزارەیەکی مانادار ناتوانرێت دەرببڕدرێن. بێگومان بە واقیعدانەرەکانی ماف، وەڵامی ئەم بۆچوونەی بێنتام دەدەنەوە کە باوەڕیئەم هەموو خەڵکە بە ماف و مافی مرۆڤ ناکرێت بە تەنها بە وەهم و خەیاڵ دابنرێت.

وەڵامی ئەمانیش ئەوەیە کە داننەنان بەبوونی دەرەکی مافدا هیچ لە واقیعەکە ناگۆڕێت لە رووی کردەییەوە دەتوانرێت مافەکان داوا بکرێن و لە کاتی پێشێلکردنیشیاندا سزایان بۆ دابنرێت.

**خراپ بەکارهێنانی ماف لە لایەن ستەمکارانەوە مانای نەبوونی نیە:**

یاخود بێنتامیەکان دەڵێن ئەگەر ئەم مافانە بوونی دەرەکی و راستەقینەیان هەیە ناشێت بەخراپ و هەڵە بەکار ببرێن لە لایەن

بۆچوونە یەکێك لەو بۆچوونانەیە کە لەسەردەمی نوێدا سەریهەڵداوە و جێکەوتی لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان لەم سەردەمەدا داناوە لەوانەش ئایینداری و تەنانەت لەسەر فەلسەفەی سزاش ئیتر سزا وەك ئامرازێك لەسەر بنەمای سیاسەتی سزایی دەوڵەت دانانرێت، واتە دەوڵەت سزادان بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بۆ ئەو شوێنە بەرێت کە خۆی دەیەوێت، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەوەی تاك بە ویستی خۆی تاوانی کردوە لەبەر ئەوەش مرۆڤ خاوەن ویستە دەی ئیتر دەبێت باجی کاری خۆی بدات کە ئەمە رای گەلێك فەیلەسوفی وەك هێگڵیش بوو. بێگومان هەردوو تیۆریاکە چەندین رەخنەیان لێگیراوە کە ئێستا بواری لەسەردوانیان نیە.

**دیسان ماف و سەردەمی نوێ:**

وەك پێشتر نووسیمان سەردەمی نوێ تەنها بۆ بابەتە دەرەکیەکانی وەك تەکنەلۆجیا و جیهانگیری ناگەڕێنەوە بەڵکو بۆ ئەو چەمکانەی ئەم سەردەمەیان دروستکرد کە یەکێك لەوانیش چەمکی مافە. یەکێك لە فەیلەسوفەکان دەڵێت: سەردەمی نوێ بەهۆی کارەبا و کەشتی هەڵمی و (ماف)ەوە دروست بوو.

**گەڕانەوە بۆ سەردەمی رۆشنگەری:**

بۆ ئەمەش دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی رۆشنگەری و فەیلەسوفەکانی سەرەتای سەردەمی نوێ هەر ئەو کاتەی کانت کورتترین و بەناوبانگترین بابەتی دەربارەی رۆشنگەری نووسی و تێیدا ئەم دیاردە نوێیەی (دروستبوونی سەردەمی نوێ قەرزاری ئەوە) تەنها لە یەك زاراوەدا کورت کردەوە و وتی: (بوێری بیرکردنەوەت هەبێت)!.

ئیتر ئەم سەردەمە لە ئازادیەوە دەستی پێکرد ئەویش ئازادی بیرکردنەوە و لە خۆ (رامان)، بەڵکو مرۆڤ بوونی مرۆڤ بەسترا بە توانای لەخۆ روانین و سەربەخۆ بوون و بوون بە خاوەنی ماف و لە دایکبوونی مرۆڤی خاوەن (ماف).

**ئازادی سەرەکیترین خاڵ بوو:**

هەر لێرەوە هەندێك لە فەیلەسوفان بۆ ئەوە دەڕۆن کە سەرەکیترین بابەت بووە هۆی ئەوەی ئەم سەردەمە نوێیە دروست بێت چەمکی ئازادی مرۆڤ بوو، ئەو چەمکەی فەیلەسوفە لیبراڵەکانی ئەو قۆناغە کردیانە سەنتەری بیرکردنەوەی خۆیان بەڵکو بوونە پەیامبەری ئەو قۆناغە و هەوڵیاندا ئەو چەمکە بە کۆمەڵگە بگەیەنن و لە سیستەمی سیاسیشدا بیچەسپێنن.

**ئازادی و ماف هەر یەك شتن:**

بەڵام زۆرێك لە لێکۆڵەرەکانی ئەندێشە بۆ ئەوە دەچن کە ئازادی لەگەڵ مافدا هەمان شتن، هەر لێرەوە کاتێك مرۆڤ بە هۆی ئازادی و بیرکردنەوە لە (خۆ)وە پەی بە جیاوازی و سەربەخۆبوونی خۆی برد، ئەمەش مانای کەشفی مافەکانی خۆی کرد. هەر بۆیە ماف ئەو بابەتە نوێیە بوو کە داهات و پێشتر بوونی نەبوو، ئەگەرچی پێشتر لە هەناوی مرۆڤایەتیدا مابوویەوە و ریشەی لە کولتوری مرۆڤایەتی و ئایینەکانیشدا هەبوو، بەڵام ئەم کۆرپەلەیە بواری لەدایکبوونی بۆ نەرەخسابوو هەنووکە و لەم سەردەمەدا لە دایکبوو کە پێشتر مرۆڤ تەنها ئەرکەکانی جێبەجێ دەکرد.

مرۆڤ لە پێش ئەم قۆناغەدا نەتەنیا خاوەن ماف نەبوو، بەڵکو تەنها ئەرکەکانی جێبەجێ دەکرد، ئەو ئەرکانەی لە لایەن سیستەمی سیاسی

و پیاوانی ئایینییەوە بە بەسەریدا دەسەپێنران، بۆیە لەم سەردەمە نوێیەدا (سەربەخۆ)یی لە سیاسیەکان و (ویست و بیرکردنەوە) لە بوارە ئایینیەکەدا بوونە سەنتەر!.

### چەمکی گرێبەستی کۆمەڵایەتیش دەرکەوت:

هەر بۆیە چەمکی مرۆڤ بوون بەسرا بە مافە سەرەتایی و هەمیشەییەکانی مرۆڤەوە، هەر لێرەوە کاری فەیلەسوفەکانی (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) دەستی پێکرد. ئیدی مافی پارێزگاری لە خود و ژیان لای (هۆبز)ی فەیلەسوفی ئینگلیزی بەناوبانگ و مافە سروشتیەکان لای فەیلەسوفەکانی دیکەی وەك(لۆك و رۆسۆ) بوونە سەنتەر. ئیتر دەرکەوت ئەو سیستەم و دۆخە سیستەمی مرۆیی و ئەخلاقیترن کە مافی سەربەخۆیی و ئازادی بۆ مرۆڤ دابین بکەن.

### میتۆدۆلۆژیای کەشفی ماف:

لەوانەیە ئەوەی لە بابەتێکی وەك مافدا بابەتێکی زۆر گرنگ بێت و ئەوانەی دەربارەیان نووسیوە جەختیان لەسەر کردبێتەوە، بریتیە لەوەی ماف و (مافەکانی مرۆڤ) بە بیرکردنەوەی پێشترانەی فەیلەسوفە و زانایان دانەهێنراوە تا سەپاندنی ئایدیۆلۆجیایەك یاخود جیهانبینی شارستانیەتێك بەسەر شارستانیەکانی دیکەدا بێت وەك لە رووکەشدا وادەردەکەوێت، ئەگەرچی زۆرێك لە فەیلەسوف و ئایینەکانیش بیریان لێکردبووەوە و لە قووڵایی خۆیاندا باوەڕیان پێی بوو، ئیتر نەوەك مامەڵەیەکی فەلسەفی موجەرەد نەبوو بەڵکو مامەڵەیەکی دەرکەوتەیی مێژوویی بوو کە مرۆڤەکان بۆیان دەرکەوت کە ئاوا دادوەرانەتر و شیاوترە بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاشتیانە پێکەوە بژین دەبێت وا مامەڵە بکەن دان بەیەکتردا بنێین بە بوونی هەمەجۆر و فرە رەهەندی یەکتردا، ئیدی نە ژیانی تاك رەهەند و نە مەعریفەی تاك رەهەند.

### ئیعتباری عاقڵەکانی سەردەم:

سەبارەت بە میتۆد و مەنهەجی کەشفی ماف بە میتۆدێکی تیۆری (پێشتر) ئامادەکراو کەشف نەبووە، بەڵکو دەرکەوتەیەکی دیاردەناسیانەی مێژوویی (دواترانە)یە. کە عاقڵەکانی ئەم سەردەمە دوای روانینیان بۆ مێژوو و دەرکەوتەکانی مرۆڤ بۆیان دەرکەوتووە کە بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە بژین دەبێت رەچاوی بکەن، ئەگینا هەرگیز ناتوانن پێکەوە بژین، بۆیە بنەمای ماف ئیعتیباری عەقلەکانە!.

هەر بەهۆی ئەو روانینە دیاردەناسیانەی عاقڵەکانی سەردەمەوە مامەڵەی هەڵەیهەندێکلە ئایینزا و ئایدیۆلۆجیاکان دەرکەوت. هەروەك هێگڵ مامەڵەی تەقلیدی (بەندایەتی) هەندێك لە ئایینەکانی بە مامەڵەیەکی نائەخلاقی دانا. چونکە مرۆڤ لەو ئایینانەدا تەنها ئەرك جێبەجێ دەکات و مافی جێگیرینیە. کەواتە بۆ یەکەم جار لەدەرەوەی ئایینەکانەوە ماف بوو بە پێوەر بەسەریانەوە.

### خودا و مرۆڤ:

هەردەبوو واش بێت بۆئەوەی ئێستا پێوەری بینراو بەردەست ببێت، تاکو سیستەمە یاسایی و ئەخلاقیەکەش تەواو بکرێت، نەدەبوو بوون و وەرگرتنەوەی بۆ قیامەت هەڵبگیرێن، بەڵکو دەبوو مافەکان هەر لێرە دەرەنجامی خۆی بدات، هەر بەمەش سیستەمی دادوەری تەواو ببێت. بۆ

ئەوەی رێ لەوە بگیرێت مافی هیچ بخورێت و پاشان پێی بووترێت خودا لە قیامەتدا پاداشتی لەدەست چوونی مافەكەت دەداتەوە، ئەو خاڵەی زۆرجار رووبەڕووی باوەڕدارەكان دەكرێتەوە، كە ئێوە لە بەهەشتدا هەموو شتێكتان هەیە ئیتر لێرە مافتان بۆ چیە!.

دەبوو لێرە لە دونیا پێوەرێك روون و ئاشكرا بوونی ببێت، هەموو مرۆڤەكان ئاییندار و بێ ئایین و لە ناو ئاییندارەكانیشدا باوەڕداران بە ئایینزا جیاوازەكان پشتی پێ ببەستن. ئیتر دەبوو بابەتی ماف نەبەسترێتەوە بە خودا و قیامەتەوە، نەوەك بەو مانایەی دژی خودا و ئایینەكان بێت.

**ماف بەرامبەر بە مرۆڤەكانی دیكەیە نەوەك خودا:**

هەر بۆیە گرۆسیۆس باوكی یاسای نێودەوڵەتی بەناوبانگ دەڵێت: (لە خراپترین حاڵەتدا تەنانەت ئەگەر گریمانەی ئەوە بكەین كە خوداشبوونی نەبێت ئەوا هەر ماف بوونی هەیە) ئەگەرچی گرۆسیۆس خۆی مرۆڤێكی باوەڕدار بوو.

**ئیمان دژی ستەمكاریە:**

هەر بۆیە دانان بە مافدا رووبەڕوو بوونەوەی ستەمكاری و داننانە بەوانی تردا تا مافی بیرو باوەڕداریان هەبێت، ئەمەش مانای نەسەپاندنی بیروباوەڕێكی تایبەتە، بیروباوەڕیش كاتێ بیرو باوەڕە بە متمانە و قەناعەتەوە وەربگیرێت ئەگینا ستەم و سەپاندن دەبێت هەر بۆیە هەرگیز ئیمان لەگەڵ ستەمكاریدا نایەتەوە، بۆئیمان هێنان مرۆڤ پێویستی بە ئازادی و سەربەخۆیی هەیە واتە داننان بە مافەكانیدا وەك بوونێكی ئازاد و سەربەخۆ.

هەر بۆیە "رینە كاسن" یەكێك لە نووسەرەوانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ دەڵێت: ماف لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەكاندا مانا پەیدا دەكات نەوەك لە پەیوەندیان لەگەڵ خودادا.

**لە كۆتاییدا:**

ئیتر دەتوانین بڵێین: ماف لە سەرەتاییترین مانایدا واتە بیروباوەڕی مرۆڤ بەشێك نیە لە كەسایەتی ئەو و نابێت لەسەر ئەو بنەمایە حوكمی بەسەردا بدرێت، چونكە ئەو بێ ئەوەش مرۆڤە و مافی جێگیری خۆی هەیە.

## سەرچاوەكان


١. أحمد، الدكتور محمدشريف، فكرة القانون الطبيعي عند المسلمين (دراسة مقارنة)، وزراة الثقافة والاعلام دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٠.

٢. الاحمد، الدكتور محمد سليمان، فلسفة الحق، منشورات الزين الحقوقية، بيروت لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠١٧.

٣. إمام، زكريا بشير، مفهوم العدالة بين الفكر الإسلامي والفكر الغربي، دار روائع مجدلاوي، عمان أردن، الطبعة الأولى، ١٤١٤هـ -٢٠٠٣م.

٤. البزاز، عبد الرحمن، مبادئ القانون المقارن، مطبعة العاني،بغداد ١٩٦٧م.

٥. البشير، عبدألباقی البكری زهير، المدخل لدراسة القانون، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي جامعة بغداد، ١٩٨٩.

٦. البناني، العلامة حاشية العلامة البناني على متن جمع الجوامع، ناشر كتابفروشي محمدي، مدينةسقز، بدون ذكر تأريخ النشر.

٧. الجابری، د. محمد عابد، التراث و الحداثة،

بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الثانية، ١٩٩٩م.

٨. الجابری، د. محمد عابد، الدين و الدولة و تطبيق الشريعة، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الأولى ،١٩٩٦م.

٩. الحافظ، الدكتور هاشم، تأريخ القانون، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، طبع على نفقة جامعة بغداد، دارالحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٠.

١٠. حريق، إيليا، الديموقراطية و تحديات الحداثة، دار الساقي، الطبعة الأولى ٢٠٠١.

١١. خدوري، د. مجيد، مفهوم العدل في الإسلام، ترجمة: دار الحصاد للنشر و التوزيع، دمشق، الطبعة الأولى ١٩٩٨م.

١٢. الزنون، الدكتور حسن علي، فلسفة القانون، الطبعة الأولى، بغداد، ١٩٧٥.

١٣. الزنکی، الدكتور صالح قادر، اسباب النزول و الورود و اشكالية قراءة النص الشرعی دراسة اصولية، الطبعة الأولى، ايران- قم، ٢٠٠٣.

١٤. زيدان، عبدالكريم، نظرات في الشريعة الإسلامية، مؤسسة الرسالة (ناشرون)، بيروت، الطبعة الأولى، ١٤٢١ه-٢٠٠٠م .

١٥. زيدان، الدكتور عبدألكريم، الوجيز في أصول الفقه، نشر إحسان، الطبعة الأولى، طهران.

١٦. السنهوری، عبدالرزاق احمد، مصادر الحق في الفقه الاسلامي، ج ١، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ١٩٩٨.

١٧. الشاوي، الدكتور منذر، مذاهب القانون، مركز البحوث القانونية، وزارة العدل، بغداد، ١٩٨٦م.

١٨. الفارابي، ابوالنصر، آراء اهل المدينة الفاضلة و مضاداتها، تقديم تبويب و شرح علی بوملحم، بيروت دتر و مكتبة الهلال، ١٩٩٥م.

١٩. القرضاوي، دوكتور يوسف، السياسة الشرعية (في ضوء نصوص الشريعة ومقاصدها)، مكتبة وهبة، القاهرة، الطبعة الأولى، ١٤١٩هـ-١٩٩٨م.

٢٠. تبيت، مارك، فلسفه‌ی حقوق، مترجم: حسن رجايی، گروه پژوهشی، مشهد، ١٣٨٤ه.ش.

٢١. كاتوزيان، دكتر ناصر، فلسفه‌ی حقوق، جلد اول، شركت سهامی انتشار، تهران، چاپ چهارم، ١٣٨٥.

٢٢. كلی، جان، تاريخ مختصر تئوری حقوقی در غرب، ترجمه: محمد راسخ، انتشارات گرح نو، تهران١٣٨٢ هـ.ش.

٢٣. حسين ساكت، محمد، نگرشی تأريخی به فلسفه‌ی حقوق، شركت انتشارات جهان معاصر، تهران ١٣٧٠هـ.ش.

٢٤. طالبی، دكتر محمد حسين، درآمدی بر فلسفه‌ی حق، نشر پژوهشگاه حوزه و دانشگاه، قم جعفری، چاپ اول، پاييز ١٣٩٣ه. ش.

٢٥. legislation (eds) by J. H burns and H.L.A hart, (Oxford: Oxford University press).

٢٦. Buckle, s. (١٩٩١), natural law, in peter singer (ed) a companion to ethics (oxford: Blackwell publishers).

٢٧. Crickbernard، on justice new statesman، number٥ may١٩٧٤.

٢٨. Cample Tom، justice، Macmilan Education، ١٩٨٨.

٢٩. Daniels Norman (editor)، Reading rawls، Stanford University press ١٩٨٩.

٣٠. Dwokin Ronald، Taking Rights Seriously، Harvard University press ١٩٧٩.

٣١. Dwokin Ronald، "foundation of

libral equality” published in “The Tanner lectures on human valves”، edited by Grethe Peterson، ١٩٩٠

٣٢. Feinbergk Joel, Coleman, jules(ed): philosophy of law ٦ thed, printed in u.s.a ١٩٩٩.

٣٣. Fridrich, Carl Joachim: the philosophy of law in historical prespective, Chicago, the university press ١٩٦٤.

٣٤. Habermas jurgen، the jurnal of philosophy، no ٩٢، ١٩٩٥.

٣٥. Ian, brownli(ed): basic documents in international law, Clarendon press, oxford, ١٩٩٥.

٣٦. International covenant of economic, social and cultural rights (١٩٦٦), in H.R: A compilation of international instruments.

٣٧. Kymlicka Will، contemporary political philosophy، Clarendon press، ١٩٩٩.

٣٨. Khadduri, majid: Islamic conception of justice, Baltimore and London, john Hopkins University press, ١٩٨٢.

٣٩. Keslen, hans: (law as a normative order) in philosophy of law, ed. By Johnson Conrad, mecmillan publishing company, New York, ١٩٩٣.

٤٠. Locke john، the second Treatise of government، edited by Gough، Blackwell، ١٩٥٦.

٤١. John rawls، “the law of peoples”، Harvard university press، fifth printing ٢٠٠٠.

٤٢. Jorgen HabermasK، The Theory of communicative Action، Reason and the Rationalization :Volk١ of sociatyktr.T.Macarthy (London Heinemannk١٩٨٤)

٤٣. Malachowski Alan، reading Rorty، basil Blackwell، ١٩٩٠.

٤٤. Manning David، The mind of Jeremy Bentham، London lomgman، ١٩٦٨.

٤٥. Mac Intyre, A. (١٩٨٥) after virtue: a study in moral theory (London: duckworth).

٤٦. Mackie, J. L. (١٩٨٠) Humes moral theory, (London: Routledge and kegan Paul).

٤٧. Mill, J .s. (٢٠٠١) (ed) utilitarianism, by George sher (indianapolis: Hackett publishing company).

٤٨. Nozick Robert “Anarchy، state and utopia” Blackwell، ١٩٧٤.

٤٩. Pettit Philip & chanddran Kukathas، “Rawls: A theory of justice and its critics”، polity press، ١٩٩٠

٥٠. Pound, roscoe: social control through law, archon books, ١٩٦٩.

٥١. Pettit Philip & Robert Goodin،

contemporary political philosophy، Blackwell، ١٩٩٨.

٥٢. Paul, J. (١٩٨١) reading nozick: essays on anarchy, state and utopia, oxford: Blackwell.

٥٣. Rawls John "A Theories of justice" oxford university press، (first published ١٩٧١) ١٩٩٩.

٥٤. Rawls John، "justice as fairness"، Harvard University press، ٢٠٠٠.

٥٥. Rawls John lectures on the history of moral philosophy، edited by Barbara Herman، Harvard university press، ٢٠٠٠.

٥٦. Rawls John، "political liberalism" Columbia university press، (first publication، ١٩٩٣) ، ١٩٩٩.

٥٧. Rawls John، collected papers، edited by Samuel freeman، Harvard University press، ١٩٩٩.

٥٨. Reiss Hans، Kant political writings، Cambridgs University press، ٢٠٠١.

٥٩. Rawls John، the law of peoples with the idea of public reason revisited، Harvard university press، fifth printing inprinted in the United States of ٢٠٠٠، America.

٦٠. Rotry Richard، contingency Irony &solidarity، Cambridgs University press، ١٩٨٩.

٦١. Rosen Allen، Kant's theory of justice، cornll university press، ١٩٩٦.

٦٢. Raz, J. (١٩٧٠) the concept of legal system: an introduction to the theory of legal systems, oxford: Clarendon

٦٣. Sandel Michael، liberalism and the limits of justice، Cambridgs University press، ١٩٨٢.

٦٤. Sandel Michael، "The procedural Republic and the unencumbered self" political theory، volume ١٢، Feb ١٩٨٤.

٦٥. Sidgwick, H (١٩٠٧) the methods of ethics, (Cambridge: Hackett publishing company).

٦٦. Swinburne, R, G (١٩٨١) (duty and the will of God) in Paul Helen (ed). Commabnds and morality (Oxford: Oxford University press).

٦٧. Shapiro Ian، The evolution of rights in libral theory، Cambridgs University press، ١٩٨٦.

٦٨. Simmonds, N. e. (١٩٨٦) central issues in jurisprudence: justice, law and right, London: sweet & Maxwell.

٦٩. The procedural Republic and the unencumbered self، political theory، volume ١٢، (Feb، No. ١٩٨٤).

٧٠. Universal declaration of human rights. (١٩٤٨), in H.R: A compilation of international instruments, vol ١.

٧١. Walsh Adrian، a Neo – Aristotelian Theory of social justice، Ashgate publishing ltd، ١٩٩٧.

# بەرەو ئەخلاقێکی گەردوونی*

و: حوسەین سەیید ئەدهەم

پێشەکی:

جیهان لە ناو ئازار و کەسەر و مەینەتیدا گەوزاوە، بەجۆرێك تەشەنەی کردووە و بڵاو بۆتەوە، بۆتە بەڵا و زامێکی کوشندە بەسەر جەستەی گەردوونەوە، بۆیە ناچارین دەرکەتەکانی ئەو ئازار و مەینەتیانە باس بکەین، تا لە قووڵاییەکەی تێبگەین و بۆمان روون ببێتەوە.

ئاشتی لێمان هەڵدێت، گۆی زەوی لە تیاچووندایە، دراوسێکان ترسیان لە یەکدی هەیە، ژنان و پیاوان بەیەکتری بێگانەبوون، لەلایەکی دیکەوە منداڵان وا دەمرن... بەڕاستی ئەم بارودۆخ و دیمەنانە جەرگبڕ و بەسوێن.

ئێمە لە کۆمەڵەی بانگەشەکەرانی ئەخلاقی گەردوونیدا، ئیدانەی کۆی ئەو حاڵەت و دیاردانە دەکەین، دژی خراپ بەکارهێنانی سیستمی ژینگەپارێزین، هەژاری و برسیەتی رەتدەکەینەوە. دژی توندوتیژی بەرانبەر بە منداڵانین، لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئاریشە کۆمەڵایەتیەکانی گەلە جیاوازەکانین. دادگەری کۆمەڵایەتیمان لا مەبەستە. کۆی ئەم ئازار و مەینەت و کەسەرانەیش لەسەر بنەمای ئەخلاقێك چارەسەریان هەیە، ئەخلاقێك کە سوود و بەرژەوەندی بۆ تاك و کۆمەڵگە هەیە.

ئێمە تێکڕا جەخت لەسەر رێنمایی ئایینە جیاوازەکان دەکەینەوە، کە لەسەر کۆمەڵێك بەهای بنەڕەتی بونیاد نراون، ئەم بەهایانەیش ئەخلاقێکی گشتگیر و جیهانی و گەردوونی دێننە کایەوە. دەشزانین کە ئەم حەقیقەتە لە رابردوودا هەبووە، بەڵام بە پراکتیزە نەکراوە.

**لەم وێستگەیەدا ڕایدەگەیەنین کە:**

مرۆڤایەتی تێکڕا وابەستەی یەکتریە، ئێمەیش رێزی کۆی بوونەوەرمان لا مەبەستە، هەروەکو مرۆڤ

ڕێزی هەموو گیاندار و بێگیانێکمان لا مەبەستە. پارێزگاری لە زەوی و ئاو و هەوا و خاك دەکەین و لەلامان بەنرخن. بەو جۆرە دەمانەوێت مامەڵە لەگەڵ بەرانبەرەکانماندا بکەین، کە پێمان خۆشە بەرانبەرەکانمان لەگەڵماندا دەیکەن. مامەڵەیەکی مرۆییانە لەگەڵ هەموو کەسێکدا دەکەین. نایەڵین جیاوازیەکانی نێوانمان کارمان تێبکات، پێویستە لەم ڕووەوە پەند لە رابردوو وەربگرین، خۆڕاگربین و واز لە تۆڵەسەندنەوەی یەکدی بهێنین. نابێت تەنیا بۆ خۆمان بژین، بەڵکو پێویستە خزمەتی کەسانی تریش بکەین. پێویستە هەردەم لەبیری بەتەمەن و لێقەوماو و پەناخوازاندا بین و لەبیریان نەکەین. دژی پلەبەندی مرۆڤایەتین لەگەڵ کەسی پلە یەك و پلە دوودا نین. پێویستە هاوکاری نێوان پیاوان و ئافرەتان بوونی هەبێت و بەردەوام بێت، ڕۆحی هاوکاری مرۆیی لە برەودا بێت. دژی پاوانخوازی دەسەڵاتین و تاکڕەوی ڕەتدەکەینەوە، پێویستە بەشێوەیەکی ساغڵەم مامەڵە لەگەڵ جیهانی سێکسدا بکرێت.

دەکۆشین بۆ یاسایەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی جیهانیی دادەگەرانە، با راستگۆیی بکەینە پیشە، ئاشتی جیهانیمان لامەبەستە، دیاردەی دزیمان لا ناپەسەندە، لە هێز و دەسەڵات و ناوداری و سەروەت وسامانی نایاسایی، خۆبەدوور دەگرین و ڕەتی دەکەینەوە،پابەند دەبین بە پەروەردەی دەروون و چاودێری پەرە بە بیری چاك دەدەین. کۆی مرۆڤایەتی، بە دیندار و نادیندارەوە، بەم بەڵێننامایە و لەم بەیاننامەیەدا بانگهێشت دەکەین.

*** بنەمای ئەخلاقێکی گەردوونی:**

لە ئێستادا لە زۆنگاوی قەیرانێکی سیاسی و ئابووری و روانگەیەکی خراپی هەمەلایەنداین، بوونی گرێکوێرەیەکی زۆر بۆ بابەتی سیاسی و سەرۆکایەتی، لە سەرتاسەری جیهاندا ملیۆنان کەس دووچاری بێکاری و هەژاری و برسێتی بوونەتەوە، شیرازەی خێزانەکان پچڕاوە، گەندەڵی زۆر بووە، بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان پەرەیان سەندووە، ژیانێکی ئاسوودە ئەستەم بووە. ترس باڵی بەسەر زۆرێك لە خێزانەکاندا کێشاوە.

هەندێك لە ڕێبەران و پەیڕەوانی ئایینە جیاوازەکان بوونەتە هۆی دەمارگیری و شەڕانگێزی و توندئاژوویی، تەنانەت پشتی توندوتیژی و خوێنڕشتنیش دەگرن، دین بۆ مەرامی سیاسی بەکار دەهێنرێت و جەنگەکانی پێ شەرعیەت دەدرێت. ئێمە کۆی ئەم حاڵەتە نەخوازراوانە ئیدانە دەکەین. بە ئەخلاقێکی گەردوونی سەراپاگیر دژیان دەوەستینەوە، کە دەتوانێت ببێتە چارەسەر و بەشێك بە ئەلتەرناتیڤ، هەرچەندە بۆ کۆی کێشە گەورەکان ڕێگەچارەیەکی گونجاو نیە و نابێت بە چارەسەری یەکەم.

ئێمە کەسانێکین خۆمان بە یاسا و ئاداب و ئایینەیی جیهانیەوە پابەند کردووە، دڵنیاین کە لە نێوان ئایینەکاندا کۆڕاییەك هەیە کە بە هۆیەوە دەتوانرێت بنەمای ئەخلاقێکی سەراپاگیر و جیهانی یان گەردوونی بهێنێتەکایەوە.

*** بەبێ بوونی ئەخلاقێکی نوێی جیهانی، مەحاڵە یاسایەکی نوێ بکەوێتەگەڕ:**

- هەمووان لەژێر چەتری یاسایەکی جیهانیدا بە گونجاو و شیاو دەزانین.

- دەسبەکاربوونی ئێمە لە بواری دڵنیایی مافی مرۆڤ و ئازادی و دادپەروەری و ئاشتی و پاراستنی گۆی زەویدا بە ڕەهایی، پێویستیەکە هەنووکەییە.

- نابێت کەلەپووری ئایینی و کولتووره

جیاوازەکانمان ببێتە هۆی دەتسبەکاربوونمان لە کاروبارە جیاوازەکانماندا، دەبێت هەوڵەکانمان بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی بەبێ جیاوازی بێت.

ئەو چەند بنەمایەی کە لەم ئەخلاقیە گەردوونیەدا بانگەشەی بۆ دەکەین، هەموو ئەو کەسانەی کە سەر بە بیروباوەڕێکی ئەخلاقین، ئیتر زەمینەیەکی دینی هەبێت یان نا، دەتوانن ڕای خۆیانی لەسەر بڵێنیان پشتگیری لێ بکەن.

ئێمە هەمووان وەکو کەسانێکی ئاییندار و مەعنەویەتگەرا (مینۆکی)، ژیانمان لەسەر بنەمای واقیعیەت بونیات نراوە، بەپشتبەستن بە پەرستش و نزا و پاڕانەوەکانمان و ئەنجامدانی کرداری باش، هێزی مەعنەوی دەستدەخەین. خۆمان بەرپرسیار دەزانین بەرانبەر بە مرۆڤایەتی و بوونەوەرانی تری سەرزەوی، خۆمان لە هیچ کەس بە باشتر نازانین، بەڵام دڵنیاین کە حیکمەتی دێرینی ئایینەکانمان دەتوانێت ڕێگەی ئایندەی دەستنیشان بکات. مەبەستی ئێمە لە ئەخلاقی گەردوونی، کۆدەنگیەکی بنەڕەتیە لەسەر بەهاپابەندبووەکان و پێوەرە جیاجیاکان و هەڵسوکەوتە تاکە کەسیەکان، بە پێچەوانەوە هەمووی درەنگ یان زوو دەکەوێتە بەرهێرشێکی بێ سەروبەرەوە یان هێرشێکی داگیرکاریەوە، بە جۆرێک مرۆڤ تێیدا نائومێد دەبێت.

*** پێویستە لەگەڵ هەموو کەسێکدا بەشێوەیەکی مرۆڤانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە ئەمە پێویستیەکی بنەڕەتیە:**

هەمووان بەبێ جیاوازی ڕەگەز، هەڵە و کەموکوڕی و تاوانمان هەیە، هەر ئەمەیشە وا دەکات کە لە واقیعی شەڕ بەئاگابین، بۆیە پێویستمان بە ئەخلاقێکی گەردوونی هەیە، دڵنیایشین کەلە ڕووی ئایینی و سلوکی

**ئاشتی لێمان هەڵدێت، گۆی زەوی لە تیاچوون و مەترسیدایە ، دراوسێکان ترسیان لە یەکدی هەیە،**

ئەخلاقینانەی هەریەکەمان، کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، ئەخلاقێك بهێنێتە کایەوە، بەجۆرێك بۆ هەمووان و بەبێ جیاوازی بەسوود بێت.

نامانەوێت چاوپۆشی لە جیاوازیە ئایینیەکانی هەریەکەمان بکەین، ناشمانەوێت خۆمان لەو گشت جیاوازیە ئایینیە بێئاگا نیشان بدەین، بەڵام نابێت ئەم جیاوازیانە ببنە کۆسپ و هۆی شاردنەوەی خاڵە هاوبەشەکانمان.

هەرچەندە ئایینەکان ناتوانن پرسگەلی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی جیهان چارەسەر بکەن، بەڵام دەتوانن ببنە ڕێگەچارەی گونجاو و پێشنیازی ڕای نوێ بکەن. هێزی مینۆکی (مەعنەوی) ئایینەکان دەتوانێت هەستێکی قووڵی بەرپرسیارێتی و بنەمایەکی واتادار بۆ جیهان و ژیان یان جیهانسازی و ژیانسازی بهێنێتە ئاراوە. هاوکات لە توانایدا هەیە هاوڵاتیەکی مینۆکی دروست بکات.

ئێستایش وەکو رابردوو و لە سەرانسەری جیهاندا رەفتاری نامرۆیی لەگەڵ مرۆڤایەتیدا دەکرێت، ئازادیەکان زەوت کراون، مافەکان پێشێل کراون و ڕێز و شکۆیان شکێنراوە، بەڵام لەملایشەوە

**ئیمە جەخت لەسەر ڕێنمایی ئایینە جیاوازەکان دەکەینەوە کە لەسەر کۆمەڵێك بەهای بنەڕەتی بونیاتنراون**

بیروباوەڕی ئایینی و ئەخلاقی بانگەشەی ئەوە دەکات کە پێویستە هەموو کەسێك بە شێوەیەکی مرۆڤانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بەو واتایەی کە هەموو کەسێك بەبێ جیاوازی ڕەگەز و ئایین و ڕەنگ و نەژاد و ...هتد، ڕێزی پارێزراو بێت و مافیان لەبەرچاو بگیردرێت و جێی مەبەست بن. هەموو کەسێك پێویستە لەسەری کە مرۆییانە ڕەفتار بکات و چاکە ئەنجام بدات و خۆی لە خراپە بەدوور بگرێت.

مەبەست لە ئەخلاقی گەردوونی، ڕوونکردنەوەی واتای هەڵسوکەوتی مرۆییانەی مرۆڤە لەگەڵ خۆی و بەرانبەرەکەیدا. دەمانەوێت یاسایەکی ئەخلاقی گەردوونی بێ کۆت و بەند و پارێزبەندی ڕەچاو بکرێت، تا مرۆڤ لە سایەیدا بحەوێتەوە و پارێزراو بێت و بتوانێت بەجۆرێکی تر ژیان بۆ خۆی مسۆگەر بکات. لە زۆرێك لە ئایینەکان و یاسا ئەخلاقیەکاندا جەخت لەسەر چاکەکردن لەگەڵ بەرانبەر و خۆبەدوورگرتن لە تاوانو هەڵە و خراپە لەگەڵ بەرانبەردا کراوەتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە ژیانێکی کامەران و ئاسوودە بۆ هەموو تاکێکی ئەم سەرزەمینە بهێنرێتەکایەوە. پێویستە خودپەسەندی و خۆپەرستی وەلابنرێت، ئیتر لەسەر ئاستی تاکدا بێت یان کۆمەڵەکەسێك پەیڕەوی لێ بکەن، ئێمەیش هەموو جۆرە جیاوازیەکی چینایەتی و نەتەوەیی و نەژادی و ڕەگەزی ڕەتدەکەینەوە. گرنگ پێکەوە ژیان و پێکەوە هەڵکردنە، نەوەك دژایەتی و دوژمنایەتی لەگەڵ یەکتریدا.

*** بەئەستۆگرتنی کولتووری ناتووندوتیژی و ڕێزگرتن لە ژیان:**

هەمووان دەکۆشن ژیانێکی ئارامیان هەبێت و بەدوور بن لە تووندوتیژی و ژیانیان پارێزراو بێت، چونکە تووندوتیژی فیزیکی و جەستەیی، شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە تێکدەدات و هاوسەنگی لە ژیاندا ناهێڵێت. یەکتر خوێندنەوە و ڕێزگرتن لە ڕاوبۆچوونی یەکدی، گەرەنتی ژیانێکی پڕ بەختەوەری دەستەبەر دەکات.

ئاشکرا کە کێشمەکێشم بەردەوام بوونی هەبووە و هەیە، تا مرۆڤ هەبێت کێشمەکێشمیش هەیە، بەڵام نابێت تووندوتیژی لێ بکەوێتەوە. پێویستە لە چوارچێوەی دادگەری کۆمەڵایەتیدا سنووردار بکرێت. ئەمە بۆ هەموو بوارەکان و لەسەر هەموو ئاستەکاندا هەر وایە و ڕاستە.

پێویستە منداڵانیش لە ماڵ و قوتابخانە فێری کولتووری ناتووندوتیژی بکرێت و بەدووریش بن لە تووندوتیژی.

هەموو بوونەوەرێك لەم سەرزەمینەدا مافی ژیانێکی ئاسایی و ناتووندوتیژی هەیە، پێویستە هەمووان پارێزراو بن و چاودێری بکرێن، لە گەورەوە بۆ بچووك و لە دەسەڵاتەوە بۆ بێ دەسەڵات... پێویستە مرۆڤ ژیانێکی هەماهەنگی لەگەڵ سروشتدا هەبێت، تا گەشەی زیاتر بکات و بگاتە پلەی کەماڵ.

دەبێت مرۆڤی مینۆکی و ئەخلاقی لە ژیانی خۆیدا خەمی بەرانبەرەکەی لە دڵدا بێت و

هەوڵی هاوكاریكردنی بدات، بەسۆز و دلۆڤان بێت. لەسەر ئاستی گشتیش پێویستە هەموو میللەت و گەل و هۆز و ئایین و ئایینزایەك ڕێزی بەرانبەرەكەی بگرێت و پاسەوانی و چاودێری بكات و بە خۆشیەكانی دڵخۆش بێت و لە خراپە و ناخۆشی بیپارێزێت.

*** بەئەستۆگرتنی كولتووری هاوپەیوەندی و هاوكاری و بوونی یاسایەكی ئابووریی دادگەرانە:**

مرۆڤ بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتیە، بەو پێیە دەكۆشێ لەگەڵ بەرانبەرەكەیدا بژیت و ژیانی بەسەر بەرێت، مەگەر حاڵەتێكی دەگمەن و ناباو، وەگەرنا مەیلی بۆ ژیانی پێكەوەبوون هەیە.

ئەمڕۆ سۆشیالیزم و یاسای سەرمایەداری، زۆرێك لە بەها ئەخلاقی و مینۆكیەكانی بێ ناوەڕۆك كردووە. ڕوانینێكی ماددیگەرایانە بۆتە هۆی هەڵپە و تەماعی نەخوازراو. گەندەڵی بە هەموو شێوەكانیەوە وەكو خۆرەیەك بەربۆتە گیانی وڵاتان و لە گەشەیەكی خێرادایە.

لەم ڕووەوە بە پشتبەستن بە یاساگەلی ئایینی و ئەخلاقی گەورە و دێرین، گەندەڵی و دزی، ڕەت دەكەینەوە. بەكارهێنانی سەروەت و سامانی گشتی و دەستبرن بۆ ماڵی بەرانبەر ئیدانە دەكەین. لە هەر شوێنێك هەژاری هەبێت، ئەوا نائومێدی و ڕەشبینی باڵ دەكێشێت بەسەر ئەو كەس و شوێنەدا، بۆیە دژی دەوەستینەوە، چونكە دزیەكی زۆر لە ئارادایە.

هەر كاتێك سەروەت و سامانی گشتی بەفیڕۆ درا و لە خەڵكی شاردرایەوە، ئەوا بێزاری و تووڕەیی و سەرپێچی و شەڕەنگێزی دێتەكایەوە، بۆ ئەو مەبەستە یاسایەكی دادگەرانە و سیستمێكی ئابووری بێلایەن، دەتوانێت ڕێگری لەو دەرئەنجامی نێگەتیڤانە بكات و هەمووان بە یەكسانی بەشی خۆیان ببەن و سوودمەند بن.

پێویستە بەرەنگاری هەژاری و قەیرانی ئابووری ببینەوە، تا هەمووان لەخۆشگوزەرانیدا بن و بە ئاسوودەیی ژیانیان ببەنەسەر. گرنگە بۆ ئێستامان كە ڕێگەبە خەرجی زیادە و زیادەڕەوی لە خەرجیدا بگیرێت، سنوورێك بۆ زیادەڕەوی و ڕۆتینیات لە بەكارهێنانی سەروەت و ساماندا دابنرێت.

بەرگری لە مافی زەوتكاران دەكەین سەركۆنەی ئەو فەرمانڕەوایانە دەكەین كە ژێردەستەكانیان دەچەوسێننەوە و سەركوتیان دەكەن. لە هەر شوێنێك كە هێز و دەسەڵات، حەقیقەت دەخاتە ژێر پرسیارەوە هەڕەشەی لێ دەكات، ئەوا بەرەنگاری دەبینەوە و دژی دەوەستینەوە.

مرۆڤی ئاییندار و ئەخلاقی، دەیەوێت بەبێ جیاوازی سوود بە تێكڕای خەڵكی بگەیەنێت، سیاسەتی باش بۆ خزمەتكردنی هاووڵاتیان و داهات و ئابووری وڵاتیش بە یەكسانی دابەش بكرێت. ڕۆحی هاوكاریی تێدایە، بە تەنگ تەنگ و چەڵەمەی بەرانبەرەكەوەیەتی و دژی چەوساندنەوە و ستەمە.

*** بە ئەستۆگرتنی كولتووری سازان و ژیانێكی خۆش و هاوڕا لە ڕاستگۆیی :**

هەمووان حەز دەكەن ژیانێكی ئاسایی و بە پێكەوەگونجان و هەڵكردن لەگەڵ یەكدیدا ببەنەسەر و بە ڕاستگۆیی مامەڵەیەكی ڕاستگۆیانە لەنێوانیاندا هەبێت و كێشمەكێش و ناكۆكی لەنێوانیاندا نەبێت، بەڵام بەداخەوە هەندێك لە سیاسەتمەدارانی فێڵباز و بازرگانانی چاوچنۆك، خەریكی فریودانی خەڵكی و هەڵخەڵەتاندنیانن. بەداخەوە میدیایش ڕۆڵێكی خراپ و نێگەتیڤ لە گەیاندنی هەواڵی ناڕاست و زانیاری نادروستدا، دەگێڕێت. لە جیاتی پابەندبوون بە ئیتیكی ڕاگەیاندنەوە و ئەخلاقیانە

مامەڵە لەگەڵ پیشەکەدا بکەن، خەریکی چەواشەکارین.

هەندێك لە زانایان و لێکۆڵەرەوانیش خۆیان تەرخان کردووە بۆ ئەو بەرنامە ئایدۆلۆژی و سیاسیانەوە کە لە رووی ئەخلاقیەوە ئەگەری گفتوگۆیان هەیە. زۆرجاریش دەنگی خۆیان دەخەنە پاڵ ئەو بابەتانەی کە سنووری بەها بنەڕەتیە ئەخلاقیەکان دەبەزێنن. پشتگیری ئەو دەنگ و رەنگە خراپانە دەکەن.

کەسانێك کە لە راگەیاندن و میدیاییدا کار دەکاتن ئێمە داوایان لێدەکەین کە حەقیقەت دانەپۆشن، بەڵکو رۆشنی بکەنەوە و پشتی بگرن، چونکە بەرپرسیارن بەرانبەر بە بەها و رێز و مافی مرۆیی و نەچنە نێو ژیانی تایبەتی کەسەوە، بەدواداچوون بۆ بیروبۆچوونی کەس نەکەن، مەگەر بە ئاگاداری و پرس و راوێژی کەسەکە نەبێت. بەرانبەرەکانیان فریو نەدەن و واقیع ئاوەژوو نەکەنەوە.

هەرچی هونەرمەند و نووسەر و زانایانیشن، مافی ئازادی پیشەییان پێ دەدەین و پشتگیریان دەکەین، پێویستە ئەوانیش چاو لە حەقیقەت نەپۆشن و پشتی بگرن.

دەبێت رێبەرانی وڵات، سیاسەتکاران و حیزبە سیاسیەکانیش لە خزمەتی گەل و ولاتدا بن و هەمیشە حەقیقەت بە گەلەکەی خۆیان بگەیەنن و روونی بکەنەوە. با پیاوانی ئایینیش واز لە توندڕەوی و هەڕەشە و ترساندن بهێنن و نەرم و نیان بن و هاوسەنگانە لەگەڵ ئایین و دژەکانیاندا مامەڵە بکەن، بە پێچەوانەوە دووچاری هێرش و لۆمە و سەرکۆنەکردن دەبنەوە، دەبێت دڵی هەواداران شوێنکەوتووانیان خۆش بکەن و نەیانڕەنجێنن. هەمووان پێویستیمان بە راستگۆیی هەیە، چ بە بیرکردنەوە بێت یان لە کاتی ئاخاوتن و رەفتار و کارکردندا، ئەمەیش لە پێناو ژیانێکی راستگۆیانەدا بۆ تەواوی مرۆڤایەتی.

*** کولتووری رەسەنی ئیسلامی و ئەخلاقی دروست رێگری لەم حاڵەتانە دەکات:**

- نابێت ئازادی تێکەڵی هەوەسبازی و بەرەڵایی بکرێت.
- دروست نیە بەرانبەر حەق و حەقیقەت بێباك بین.
- ناڕاستگۆیی و ساختەکاری لە ژیاندا نەهێڵدرێت.
- بێ وەفایی بنبڕ بکرێت.
- دژی خۆفریودان و بەرانبەر خەڵەتاندن بین.

***بەئەستۆگرتنی کولتووری بەشداریکردن لە مافی یەکسانی نێوان هەردوو رەگەزدا:**

مرۆڤ هەمیش حەز بە ژیانێکی پڕ لە شادی دەکات و حەز دەکات لە بەختەوەریدا بژیت، عیشق هەوێنی ژیانی بێت، خێزانێکی ئاسوودەی هەبێت. بەڵام بەداخەوە ژیانی باوکسالاری و پیاوسالاری و ستەم لە ئافرەتان و مامەڵە خراپ لەگەڵ منداڵاندا تەشەنەی کردووە. لادانی سێکسی و زەوتکردنی مافی کەسێتی بۆتە دیاردە. بۆیە ئێمە جیاکاری رەگەزی و مامەڵە نەشیاوی مرۆییانە و کۆی ئەو بەها و رەوشتە خراپانەی سەرەوە ئیدانە دەکەین و یارمەتیدەر و هاوکارێکی ژیانێکی راستەقینەین بۆ هەموو مرۆڤێکی سەرزەوی.

نابێت پەیوەندی نێوان ژن و پیاو لەسەر بنەمای بەزەیی هاتنەوە بەیەکدیدا بێت و منەتکێشی لەسەر یەکتری نەکەن، بەڵکو عیشق و خۆشەویستی بکەنە هەوێنی ژیانیان، چونکە هەردوولا پێویستییان بە یەکدی هەیە، ئەمەش خواستێکی دەروونی و بایەلۆژیە.

هاوسەرگیری وەك پرۆسەیەکی پێویست

و بەردەوام سەیر بکرێت و بایەخی پێ بدرێت، ئەمەیش لەگەڵ جیاوازیە ئایینی و کولتووریەکەیدا. ئامانجیش پاراستنی مافی هەردوولا و خستنەوەی نەوەیەکی باش و بەسوود بۆ کۆمەڵگە بێت.

## * گۆڕانکاری هۆشیارانە:

ئەزموون دەریخستووە کە ناتوانرێت مرۆڤ ئەوەی لە سنووری توانستی ژیری و جەستەییدا نیە، ئەنجامی بدات، ناتوانێت هەوڵی گۆڕینی جیهان بدات، مەگەر ئەوەی گۆڕانکاری هۆشیارانە لە ناخدا چەکەرە بکات و گەشەی پێ بدرێت، ئەگەر لێرەیشەوە دەست بە سوڕانەوەی ژیانی ئاسایی بکرێت، ئەوا تێیدا سەرکەوتوو دەبێت.

لە سالآنی رابردوودا گەواهیدەری چەندین گۆڕانکاری مێژوویی و سیاسی و کۆمەلایەتی بووینەوە، پێویستە بەو شێوەیە گۆڕانکاری لە سلووك و ئەخلاق و رەفتاری مرۆڤدا رووبدات و مرۆڤ لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر هەنگاو هەڵبگرێت، نابێت لە قاوغە کۆنەکەیدا بمێنێتەوە، پێویستە گەشە بکات و ئاستی مەعریفی و هۆشیاری خۆی بەرز بکاتەوە. ئەم هەست بە بەرپرسیاریەتیکردنەیش، زیندووراگرتن و بەخشینی واتایەکی بەرهەمدار و قووڵ و گواستنەوەی بە نەوەکانی ئاییندەن ئەرکێکی تایبەتی ئایینەکانن پێویستە دینداران بە جیددی و دڵسۆزیەوە ئەم کارە ئەنجام بدەن.

پێویستە لە هەموو گۆشەنیگایەکی ژیانەوە هۆشیاریەکی نوێ سەبارەت بە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی بهێنرێتە کایەوە، بۆ ئەو مەبەستە هەر کەس بەپێی توانا و شارەزایی و پسپۆڕیەتیەکەی لە کار و پیشەکەیدا بکۆشێت بۆ جێبەجێکردنی یاساگەلی ئەخلاقی.

دەخوازین لە هەموو گرووپ و کەسایەتیە ئایینیەکان کە ئەخلاق بکەنە هەوێنی ژیانی ئێستامان، چونکە ئەخلاق ناسنامەیەکی دیاریکراوی نیە و موڵکی هەموانەن تا جیهان بەرەو وێستگەیەکی گەشتر بڕوات. دەبێ واتای ژیان و ژیاندۆستی و دونیاویستی روون بکەنەوە، تا ژیانێکی ئەخلاقیانە بۆ تاك و کۆ و لەناو کۆمەڵگەدا، بەرجەستە بکرێت.

لە کۆتاییدا داوای ژیانێکی بەختەوەر و ئەخلاقیانە بۆ گشت خەڵکی سەرزەوی دەکەین، خوازیاری هەموان بەبێ جیاوازی بە ئاشتی و داداگەریەوە بژین.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

---

*ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا بەیاننامەیەکە دەربارەی ئەخلاقی گەردوونی بەناونیشانی (Towards a Global Ethic – An Initial Declaration)، دەرئەنجامی راوێژی کۆمەڵێك لە نوێنەرانی ئایینە جیاوازەکانە، لە دانیشتنێکدا و ساڵی ١٩٩٣ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی لە شیکاگۆ لە ئەمریکا و بە واژۆی ئەندامانی ئامادەبوو پەسەند کراو و بڵاوکرایەوە.

دەتوانرێت بگوترێت کە ئەم بەیاننامەیە وەکو یەکەمین هەوڵێك بۆ بەدەستهێنانی هاوڕاییەك لەگەڵ ئەخلاقدا و لەسەر ئاستی جیهان ناوزەد بکرێت، لە لایەن مستەفا مەلەکیانەوە بۆ سەر زمانی فارسی و لە لایەن وەرگێریشەوە بۆ کوردی وەرگێڕدراوە.

١. ملکیان، مصطفی، مهر ماندگار، چاپ اول، نشر معاصر، تهران، مرداد ١٣٨٥.

# تیۆریای عەدالەتی سەحابە

یاسین حەمەسەعید

دەربارەی سەردەمی پێغەمبەری خودا (د.خ) و خولەفای راشیدین هەمیشە دوو رای جیاواز بوونی هەبووە، رایەکیان باوەڕی وایە کە ئەو سەردەمە سەردەمێکی بێ هەڵە و کەموکوڕیە و مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە مرۆڤی کامڵ و بێهەڵەن. رایەکی دیکەیان باوەڕی وایە سەرەڕای بەرەو پێشچوونی مەعنەوی و ئەخلاقی مرۆڤەکانی ئەو قۆناغە بەڵام ئەوان مرۆڤ بوون و مرۆڤەکانیشی بە هەڵەکانی خۆیەوە قەبوڵە. بە راستی ئەم دوو دیدە دوو رووگەی جیاوازی هزری و سیاسی لە شارستانیەتی ئیسلامیدا دروستکردووە. کە هەر کام قوتابخانەی فەلسەفی خۆیان هەیە: ئەو قوتابخانە فەلسەفیەیباوەڕی بە مرۆڤی کامڵ هەیە و چەندین فەیلەسوفی وەك ئیبن عەرەبی و کۆی فەیلەسوفە شیعە مەزهەبەکان تیۆریاریزەیان بۆ کردووە.

لە بەرامبەر ئەمەدا قوتابخانەی فەلسەفی مرۆڤی هەڵەمەشرەب و گوناهکاری سیستەماتیزەیی، کە مرۆڤیان بە هەڵە و گوناهەکانیەوە بە هەڵگری ئەمانەتی ئاسمانی زانیوە، بێگومان چەندین فەیلەسوفی گەورەی شارستانیەتی ئیسلامی سەر بەم قوتابخانەیەن، ئەمەش رەوتێکە هەر لە دوای وەفاتی پێغەمبەری خوداوە هەتا ئەمڕۆ درێژەی هەیە، چەندین فەیلەسوف و عاریف سەر بەم قوتابخانەیەن، تەنانەت هەندێکیان بە بیریاری گوناهناس ناسراون، وەك حافیزی شیرازی. دەتوانین بڵێین زۆرینەی فەیلەسوفەکانی ئەهلی سوننە و جەماعە سەر بەم قوتابخانەی دووەمن وەك ئیمامی غەزالی، راغیبی ئەسفەهانی، ئەبی عەبدوڵای ئەنساری و مەولانا جەلالەدینی رۆمی و...هتد،.

دەتوانین بڵێین هەرکام لەو دوو رووگەیەش هزری بنەرەتی خۆیان لە روانینیانەوە بۆ سەحابەی پێغەمبەری خودا (رەزای خودایان لێبێت) دامەزراندووە، ئایا سەحابە کێن و پێوەر بۆ سەحابە بوون چیە، ئەگەر هەر مرۆڤێك لە هەر کارێکدا دوو خەسڵەتی پێویست بێت کە یەکیان شارەزایەتی لە

کارەکەیدا و دووەمیان ئەخلاقیانە مامەڵەکردنە لەو کارەدا، هەر بۆ نموونە پزیشکێك تەنها شارەزایی لە زانستی پزیشکیدا بەس نیە بۆ ئەوەی بە کاری پزیشکایەتی خۆیەوە خەریك بێت، بەڵکو دەبێت ئەخلاقیانە (واتە عادیلانە) لەگەڵ نەخۆش و پیشەکەیدا مامەڵە بکات. هەروەها بۆ سەحابەش هەم لە جێبەجێکردنیبابەتە ئایینیەکان و هەمیش لە گەیاندنیاندا (ئێمە ئایین لە ڕێی گەیاندنەکانی ئەوانەوە دەناسین) بەو شێوەیە. ئالێرەوە گرنگی تیۆریایەکی وەك تیۆریای عەدالەتی سەحابە لە هزر وفیکری ئیسلامیدا دەردەکەوێت، بە تابەت لە فەلسەفە و هزری سوننیانەدا ئەم بابەتەی لێکۆڵەر مامۆستا "یاسین حەمەسەعید" تیۆریاکە و ڕەهەندەکانیمان بۆ روون دەکاتەوە بۆیە بە پێویستمان زانی لەم ژمارەیدا بڵاوی بکەینەوە.

(هەژان)

**پێشەکی:**

لەلای ئەهلی سوننە و جەماعە سەحابە کێیە و پێگەیان لە ئیسلامدا چیە و چ پلەیەکیان هەیە ئەو بنەمایانەی کە دەبێت لەگەڵ سەحابەدا لەکاتی هەڵسوکەوتکرن لەگەڵیاندا پەیڕەو بکرێن چین، لەم بابەتەدا قسەیان لەبارەوە دەکرێت لەبارەی تیۆریای عەدالەتی سەحابەوەشەوە چەمکگەلی وەك عەدالەت و هەروەها لە چ شوێنکاتێکدا پێویستیان بە عەدالەت هەیە و لە کوێدا بەکاربهێنین، چەمکی عەدالەت لەلای ئەهلی سوننە و جەماعەت لەم بابەتەدا خراونەتەڕوو.

بێگومان هەموو ئەو کەسانەی کە لە مەککە و مەدینەدا ژیاون و ئیمانیان هێناوە -جگە لە مونافق و فاسقەکان- هەموویان "عادل"ن چونکە ئەوان لە قۆناغێکدا ئیمانیان هێناوە کە باوەڕهێنان هیچ بەرژەوەندیەکی دونیایی بۆیان نەبوو، بگرە زیاتر دەبووە هۆی ئازار و مەینەتی بۆیان. واتە ئەوانەی کە ئیمانی ڕاستەقینەیان هێناوە و لە هەموو بەرژەوەندیەکی خۆیان دەستیان هەڵگرتووە و ئەمەش دیارە کەسێکی لەم چەشنە عادلە و ئەخلاقیانە هەڵسوکەوت دەکات و ئەمەش مانای عادلبوون دەگەیەنێت لە لای زانایانی فەرمووده و ڕیوایەتەوە.

بیروباوەڕەکانی ئەهلی سوننە لەبارەی سەحابەوە لەگەڵ بیروڕای ئایینزای شیعە جیاوازە و لە ڕاستیدا هەر ئەم جیاوازانەشن کە جیاوازی لەنێوان ئەم دوو ئایینزایەش پیشان دەدات و لە گرنگترینی ئەم جیاوازانەش لەبارەی عەدالەتی سەحابە و تیۆریای عەدالەتی سەحابە و بنەماکانی ئەم تیۆریایەوەیە چونکە ئەهلی سونە و جەماعە پێیان وایە کە سەحابە هەموویان عادلن ئەگەر بکەونە چوارچێوەی پێناسەی سەحابەوە و یەکێك لەو کەسانە بێت کە پێغەمبەر خودا (د.خ) پێی گەیاندووە بەلانی کەمەوە ئاستێك لە عادلبوون لەو کەسەدا بوونی هەیە و خودای گەورەش لە هەموو ئەو کەسانە ڕازی بووە.

بەبیروڕای ئەهلی سوننە نابێت جیاوازیەکانی سەحابە بێنە نێو چوارچێوەی ئایینداری ئێمەوە و دەڵێن ئایا چ سوودێك بە ڕادەی ئیمانداری و تەقوای ئێمە دەگەیەنێت و یان بە پێچەوانەوە، چونکە ئایین کاری ئەوەیە کە ئەزموونی ڕۆحی ئێمە لە رووی ڕۆحیەوە گەشە پێبدات. بەگوێرەی بیروڕای ئەهلی سوننە ڕەخنەگرتن لە سەحابە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسی ڕەخنەگر بەدبین و تووشی گومان بێت و ئەم ڕەخنانەش نابنە هۆی

ئـەوەی کـە رۆح و مەعنەویەتـی کەسـەکە گەشـە بـکات بەڵکـو زیانـی پێدەگەیەنێـت و سـوود لـە ئەزمـوون و ژیانـی سـەحابە نابەیـن، کەواتـە هەمـان رادە بەسـە کـە کەسـانی دەسـتەبژێر و مێژوونـووس و فەقیهەکانـی مێـژوو ئـەم بابەتانـە بزانـن و چیـدی پێویسـت نیـە کـە ئـەم بابەتـە دابەزێتـە نێـو کـۆڕ و کۆمەڵـی گشـتیەوە و خەڵکـی سـەبارەت بـە سـەحابە دووچـاری گومـان بکەیـن کـە نەوەیەکـن پێغەمبـەری خـودا (د.خ) ئەوانـی پێگەیانـدووە.

ئەمـە لـە کاتێکدایـە لـە کتێبـە ئاسـمانیەکاندا بەتایبەتـی لـە تـەورات و ئینجیـل و قورئانـدا ستایشـی هاوەڵانـی پێغەمبـەر (د.خ) کراوە و خـودی پێغەمبەریـش (د.خ) باسـی گەورەیـی و پێگـەی هاوەڵانـی خـۆی لـە چەندیـن شـوێنی جیـاوازدا کـردووە، خـودا بەبەرزتریـن و باڵاتریـن پێگـەی "صدیقیـن وشـهدا و صالحیـن" پاداشـتیان دەداتـەوە و ئەوانـی بەخشـیوە، چونکـە ئـەوان سـونتەتی پێغەمبـەری خودایـان (د.خ) بـۆ ئێمـە گواسـتۆتەوە و پێغەمبەریـان (د.خ) لـە ئـان و سـاتی دابەزینـی سروش و وەحیدا بینیـوە کەواتـە مەبەسـتی تایبـەت و گشـتی وتەکانـی پێغەمبـەر (د.خ) و کردەوەکانـی ئەویـان زانیـوە و لـە سـونتەتی پێغەمبـەر (د.خ) ئەوەی دەیزانیـن و ئـەوەی نایزانیـن ئـەوان ئـاگاداری بوون و لـە هەمـوو جۆرە زانسـت و ئیجتیهـاد و وەرع و عەقـڵ و بابەتێـك لـە سـەرووی ئێمـەدا بـوون و بەهۆیـەوە ئـەو زانسـت و زانیاریـەوە هەڵێنجاندنیـان کـردووە.

لـەم سۆنگەیەشـەوە عەدالەتـی سـەحابە یەکێکـە لـەو بابەتانـەی کـە پێگـەی تایبەتـی لەنێـوان مسـوڵماندا بەتایبەتـی ئەهلـی سـوننە و جەماعـەدا هەیـە، ئـەم پێگەیـەش لـەلای ئـەوان بەبـێ هـۆ نیـە چونکـە ئەهلـی سـوننە تێڕوانینیـان بـۆ سـەحابە ئەوەیـە کـە مرۆڤگەلێکـی پـاك بـوون و ئەخلاقیانـە مامەڵەیـان کـردووە و هەمـوو توانـای خۆیـان بـۆ ئایینـی ئیسـلام و بڵاوبوونـەوەی بەکارهێنـاوە.

لـەم بابەتـەدا هەوڵـدراوە کـە لۆژیکێـك کـە لـە جیهانـی ئیسـلام و ئەهلـی سـوننە کـە لـە ڕێبـازی سـەحابە پەیـڕەوی دەکـەن پیشـان بدرێـت و بۆچـی ئـەم لۆژیکـە زەمینـەی بـۆ بڵاوبوونـەوەی عەدالەتـی سـەحابە رەخسـاندووە و یـان باشـتر بڵێیـن بۆچـی عەدالەتـی سـەحابە بـە خاڵـە بەهێزەکانـی و —یـان لەوانەشـە بـە بۆچوونـی رەخنەگرانـی- کەموکوڕیەکانـی لەنێـوان زیاتـر لـە صـەدا نـەوەدی مسـوڵمان —ئەهلـی سـوننە و جەماعـە- هێشـتا درێـژە بـە ژیانـی خـۆی دەدات و ماوەتـەوە.

لەبـارەی شـێواز و ڕێبـازی توێژینـەوەوە دەبێـت ئامـاژە بـەوە بدرێـت کـە توێـژەری ئـەم بابەتـە وەك کەسێکی پەیـڕەوکار لـە ئاییـنزای ئەهلـی سـوننە و جەماعـە لـە پرۆسـەی توێژنەوەکـەدا بیروبۆچوونـی ئـەوان رەچاو کراوە لـە هەمـوو جۆرە ستایشـێکی بـێ بنەمـا و دروسـتکردنی کاریزمـا بێـت بـەدوور بـووە و سـەحابە هـەروەك هەمـوو مرۆڤێکـی دیکـە سـەیر کـراوە —هەڵبـەت بـە رەچاوکردنـی شـوێنکات- کـە وەکـوو سـەرچاوەیەکی رەسـەن لـە جیهانـی ئیسـلامدا — هەڵبەتـە لـە لای ئەهلـی سـوننە و جەماعـە- لـە پێگـەی بـەرز و تایبەتـدان و خـودی سـەحابە و ڕێبازەکەیـان چەندیـن تایبتمەنـدی لەخۆیـان دەگـرن کـە دەکرێـت لـەلای هـەر یەکـە لـە ئێمـە ئەرێنـی یـان نەرێنـی بێـت.

بەهـەر حـاڵ هەوڵـدراوە لەبـارەی سـەحابە و تیۆریـای عەدالەتـی سـەحابە توێژینـەوە بکرێـت و هیـچ بانگەیەشـەکیش ناکرێـت کـە هەمـوو رەهەنـد و

لایەنەکانی عەدالەتی سەحابەتی لەخۆ بگرێت، بەڵکو هەوڵدراوە تا باشترین ڕێگەی گونجاو بە باشترین شێوە زیاتر خۆمان لە حەقیقەت نزیك بکەینەوە کە ئەمەش لە ڕێگەی هەڵێنجاندن و توێژینەوەی ئەکادیمی و داهێنانکارانە بووە.

## پێناسەی سەحابە و پێگەیان لە ئایینی ئیسلامدا:

لە بارەی سەحابەبوونی کەسێکەوە بیروڕای جیاواز هەیە و هەندێك لە زانایان و شارەزایان بەمجۆرە پێناسەی سەحابەیان کردووە کە سەحابە بریتیە لە کەسێك کە ئیمانی هێنا بێت و بۆ تەنها یەك جاریش بێت پێغەمبەریشی (د.خ) بینی بێت و تەنانەت بینینی پێغەمبەریشیان (د.خ) بە مەرجی پاش ئیمان هێنانیان دانەناوە و ئەگەر لە پاش وەفاتی پێغەمبەریش (د.خ) ئیمانیان هێنا بێت ئەوا بە سەحابە هەژمار دەکرێت، بۆ نموونە گروپێك لە سەحابە هەبوون کە لە ماوەی ژیانی پێغەمبەردا منداڵ بوون و پاش وەفاتی گەورە بوون، کە بەمانەش سەحابە دەوترێت مەرجی سەرەکیشی ئەوەیە ئیمانیان هێنا بێت[١].

زۆرینەی زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە لەسەر ئەوە کۆکن و یەك دەنگن کە سەحابە کەسانێکن کە ئیمانیان هێناوە و بۆ یەکجاریش پێغەمبەریان (د.خ) بینیووە[٢]، جگە لەمەش کەسانی تر هەبوون کە پێغەمبەریان دیووە و بەڵام ئیمانیان نەهێناوە و تەنانەت زۆرێك لەم گرووپە دژایەتی پێغەمبەر (د.خ) و ئایینی ئیسلامیشیان کردووە وەك "ئەبوجەهل"و"ئەبولەهەب" و کەسانێکیش هەبوون کە پێغەمبەریان بینیووە بەڵام ئیمانیان بە ئایینەکەی نەهێناوە و لە هەمان کاتیشدا دژایەتیان نەکردووە و هەندێکیش هەبوون

**نابێت تۆمەتی ناعادلبوون بخەینە پاڵ سەحابە کە ئەو نەوەیەن لە ڕێی ئەوانەوە ئایینی ئیسلام گەیشتۆتە دەستمان**

لەبەر ئەوەی خزم و کەسی نزیکی پێغەمبەر (د.خ) بوون بەرگریان لێی دەکرد کە بە سەحابەش هەژمار ناکرێن.

بەگوێرەی بیروچۆنی شارەزایانی ئەهلی سوننە و جەماعە سەحابە هەموویان "عادل"ن و هیچ کام لەو سەحابانەی کە ئێمە مەبەستمانن گوناهی گەورەیان ئەنجام نەداوە و لە دوای ئیمان هێنان و تەوبەکردنیشیان لە سەر گوناهە بچووکەکانیش بەردەوام نەبوون و ئەمە لە کاتێکدایە ئەگەر سەحابەیەکیش تووشی گوناهێکیش ببێت و تەوبە بکات ئەوا سیفەتی "عادل"بوونی لێوەرناگیرێتەوە[٣].

بابەتی ئەوەی کە کێ سەحابەیە و کێش سەحابە نیە، بابەتێکە کە زانایان و شارەزایان ئەم بوارە بیروڕای جیاوازیان لەمبارەیەوە خستۆتەڕوو و هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە مەرجی ئیمان هێنان دواتر بۆ مەرجەکانی تر زێدە بکرێت. لەمبارەشەوە چەندین کەسانی زانا و شارەزا و پسپۆر پێناسەی جیاوازیان بۆ سەحابەبوون کردووە وەك: "ئیبن حەجەر، بوخاری، ئیبن صەلاح و ئیبن ئەسیر و .... هتد،"[٤].

**مەرج نیە هەرکەسێك کە لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ)دا ژیا بێت یان ئەوی دیبێت بکرێت پێی بوترێت سەحابە**

کەواتە ئیمان هێنان مەرجێکی سەرەکی و گرنگە واتە کەسێکە هەم "حافظ" و هەمیش "عادل"ە و هەر بۆ ئەم سیفاتانەشە کە ئێمە فەرمـوودە "مەنقول"ەکانیان پەسەند دەکەین، لەم روانگەیەشەوەیە کە گرووپێك لە ئەهلی سوننە و یان باشتر بڵێن زانایانی سوننە لەو باوەڕەدان کە بە تەنیا یەکجار بینینی پێغەمبەر بەس نیە بۆ ئەوەی کە ئێمە ئەو کەسە بە سەحابە دابنێین، بەڵکو دەبێت هێندە لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) ژیا بێت کە ئاشنایی تەواوی لەگەڵ گوزارشت و دەستەواژەکانی پێغەمبەری (د.خ) هەبێت، بەو واتایەی هەر شتێك کە پێغەمبەر (د.خ) فەرموو بێتی ئەو کەسە "سەحابە" بزانێت مەبەستی پێغەمبەر (د.خ) لەو بابەتەدا چیە و واتە تەنیا بینین بەس نیە، بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە لە حەجی ماڵئاواییدا بەشدار بوون ژمارەیان هەزاران کەس بوو و هەندێك لە ریوایەتەکان ئاماژە بە صەد هەزار کەس دەدەن، هەمووشیان پێغەمبەریان (د.خ) بینیووە بەڵام لە لایەن زانایانی زانستی فەرمـوودەوە بە سەحابە هەژمار ناکرێن، چونکە لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) نەژیاون و لەگەڵیشیدا هەڵسوکەوتیان نەکردووە یان کەسێکیش بۆ ئەنجامدانی کارێك یاخود بە رێکەوت رێی کەوتۆتە مەدینەوە و پێغەمبەری (د.خ) بینیووە، ناتوانین بڵێین ئەم کەسەش سەحابەیە و تاڕادەیەکی زۆریش شارەزایان و زانایان لە سەر ئەم بۆچوونە کۆکن[٥].

رایەکی تریش هەیە دەڵێت ئێمە کەسانێك بە سەحابە دەزانین کە دانیشتووی مەدینە و دەرەوەی مەدینە بن کە پێغەمبەریان (د.خ) بینی بێت و بۆ ئەوەی "حافظ" و "عادل" بن دەبێت هێندە لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) ژیا بن و هەڵسوکەوتیان کرد بێت کە ئیمان لە ناخیاندا بە جۆرێك چەسپا بێت کە بوو بێتە "مەلەکە" لە ناخیاندا و نەتوانن دەستبەرداری ببن[٦].

## چەمکی "عادل" و "عەدالەت":

لەبارەی تیۆریای "عەدالەتی سەحابە"وە[٧] بێگومان بەر لەوەی شتێك بڵێین، وا پێویست دەکات چەند چەمکێك روون بکەینەوە، چەمکگەلێکی وەك عەدالەت و هەروەها ئەوەی کە لە چی شوێنکاتێکدا پێویستیمان بە عەدالەت هەیە و عەدالەتیش لە چ شوێنێکدا بەکار ببەین، چەمکی عەدالەت لای سوننە بریتیە لە دەستەواژەیەك کە بۆ کەسێك بەکاردێت کە دوچاری گوناهی گەورە نەبوو بێت و لەسەر گوناهی بچووکیش بەردەوان نەبێت، ئیدی بەو کەسە "عادل" دەوترێت[٨].

لێرەوە دەچینە نێو باسێکی ترەوە ئەویش بریتیە لەوەی کە مەبەستمان لە وشەی "عادل" چیە، کاتێك دەڵێین هەموویان عادلن، مەبەستمان ئەوەیە هەر کردارێك لە لای ئەهلی سوننە و جەماعە بە تایبەتی لە لای زانایانیان ئەگەر

کەسێك بخرێتەبەر توێژینە و هەڵسەنگاندن یان پرۆسیسی "جرح" و "تعدیلی" لەسەر ئەنجام بدرێت بەتایبەتی ئەو کەسەی کە فەرموودەیەکی لێوەردەگرن، واتە کەسێك کە فەرموودەیەك لە پێغەمبەرەوە (د.خ) دەگێڕێتەوە دەبێت دوو تایبەتمەندی هەبێت[٩]:

یەکەم: دەبێت ئاشنایی لەگەڵ فەرموودەدا هەبێت واتە هێندە لەگەڵ پێغەمبەردا (د.خ) ژیا بێت و بزانێت مەبەستی پێغەمبەری ئیسلام چی بووە و بۆچی ئەوەی فەرمووە یان بە واتایەکی تر دەبێت ئاشنایی لەگەڵ "فیقهی حەدیس" هەبێت.

دووەم: دەبێت راستگۆ بێت و وتەی ناڕاست بە دەم پێغەمبەرەوە نەگێڕێتەوە، کەسێك کە تایبەتمەندی یەکەمی هەبێت. لە "زانستی فەرمووده"دا[١٠] پێی دەوترێت "حافظ" و هەر کەسێکیش خاوەنی تایبەتمندی دووەم بێت بەناوی پێغەمبەر و لە زمانی ئەوە درۆ نەکات و راستگۆ بێت ئەوا "عادل"ی پێدەوترێت، لەم روانگەیەوەیە کە ئەهلی سوننە و جەماعە یارانی پێغەمبەر بە "عادل" یان "عدول" ناو دەبن.

کەواتە بەڕای ئەهلی سوننە و جەماعەت هەروەك چۆن پێشتر ئاماژەی پێدرا مەبەست لە "عادل" و "عدول" چیە و وتمان سەحابە گوناهی گەورەیان ئەنجام نەداوە و لەسەر گوناهی بچووکیش بەردەوام نەبوون، ئەمەش بەو واتایەیە کە راستگۆش بوون و ئەو فەرموودانەی کە گێڕاویانەتەوە و هەم ئاشنای وتە و کرداری پێغەمبەر بوون کەواتە "حافظ"ن و هەمیش راستگۆ بوون کەواتە "عادل"یش بوون. بەگشتی دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە سەحابە لە لای ئەهلی سوننە و جەماعە واتە کەسانێك کە ئەم تایبەتمەندی و سیفاتانەیان هەیە و هەم "حافظ" و هەمیش "عادل"ن ئاشناش بە زانستی فەرموودەن[١١].

عەدالەت لە رووی زمانەوانیەوە بە واتای یەکسانی و دادگەری و راستبوون دێت. لە زاراوەشدا، وەسفی کەسێکە کە کەسایەتی ناوەکی و دەرەکی ئەو کەسە لەگەڵ شەرعدا یەکسانە و هاوتەریبە و لێی لانادات. بە واتایەکی تر: "عەدالەت" واتە تەقوا، پاکی، پاکی و دووربوون لە گوناه. بە کەسێك کە خاوەنی ئەم سیفاتانە بێت "عادل" دەوترێت. کەواتە دەتوانرێت متمانە بە وتەکانی بکرێت و جێی و باوەڕ بن، "چونکە کەسێك کە هەڵگری تەقوا و جوامێریە، لە خودا دەترسێت و لە ناخیدا شتێك دروستبووە و هیچ کاتێك ناهێڵێت دوچاری درۆکردن ببێت. بەپێچەوانەی کەسێکەوە کە هێندە لە خودا ترسی نیە تا هیچ شتێك نەبێت کە نەهێڵێت درۆ بکات، کە وتەی ئەمجۆرە کەسانەش متمانەیان پێناکرێت".

کەسێك "عەدالەت"بوونی سەلمێنرا بێت، ریوایەت و شایەتی "گەواهیدان"یشی قەبوڵکراوە. بۆ هێنانەکایەکی "عەدالەت"، عیصمەت لە هەموو گوناهێك مەرج نیە. هێندە بەسە کەسێك لە خۆی گوناه بەدوور بگرێت، بەهیچ شێوەیەك پەنا بۆ گوناهی گەورە "کبیرە" نەبات و پێداگری و بەردەوامی لەسەر گوناهی بچووکیش نەبێت. ئەگەر گوناهی گەورەشی کرد بەڵام دواتر تەوبەی کرد و ڕێگەی راستی گرتەوەبەر، هەمدیس ئەو کەسە "عادل"ە، ئەگەر بەبێ تەوبە گوناهی گەورە دەکات و یان بەبێ پەروا لەسەر گوناهی بچووك بەردەوامە کە لە هەردوو دۆخەکەدا "فاسق"ی پێدەوترێت و "فسق"یش

عەدالـەت لەنێـو دەبـات[١٢].

دەبێـت کەسـەکان "سـەحابە" هێنـدە لەگـەڵ پێغەمبـەری ئیسـلامدا هەڵسـوکەوتی هەبـوو بێـت کـە ئیمـان لـە دڵ و دەروونیانـدا بـوو بێتـە مەلەکـە و بەجۆرێـك ئیـدی ناتوانـن بـێ ئیمـان ببنـەوە و ئەمـەش بـەو واتـا نیـە کـە لـە ژیانـی رۆژانەیانـدا دوچـاری گونـاه و تـاوان نەبوونەتـەوە و هەڵەیـان نەکـردووە، بەڵکـو ئەگـەر هەڵەیەکیشـیان کردبێـت لەبـەر ئـەوەی ئیمـان لـە نـاخ و دڵیـان ئامادەگـی هەبـووە و کاتێـك بـە هەڵەکەیـان زانیـووە هەروەکـو کەسـێك کـە ئاسـتی خوێنـدەواری بـەرزە کاتێـك لـە نووسـینی بابەتێـك و وشـەیەکدا هەڵـە دەکات بـەڵام پـاش دوبـارە پێداچوونـەوە سـەرلەنوێ راسـتی دەکاتـەوە، کەواتـە سـەحابەش دوچـاری گوناهکـردن بـوون بـەڵام بـە سـەرنجدان بـەم بۆچوونـە کەسـانێك کـە ئیمـان لـە دڵ و دەروونیانـدا بۆتـە مەلەکـە و چیـدی ناتوانـن بـێ ئیمـان بـن و ئەهلـی سـوننە و جەماعـە وێـڕای جیاوازی لـە بیروبۆچونیانـدا بـەڵام لەمـەدا هـاوڕان کـە هەرکەسـێك "عـادل" و "حافـظ" بێـت و پێغەمبـەری ئیسـلامی (د.خ) بینـی بێـت بـە سـەحابە و هـاوەڵ دادەنرێـت، لـە هەمـان کاتـدا بـۆ ئـەوەی "عـادل" و "حافـظ" بـوون بێتـە ئـاراوە سـێ بۆچـوون بوونـی هەیـە:

یەکـەم: بۆچوونـی یەکـەم لەسـەر ئـەم بنمایەیـە کـە "هەرکەسـێك پێغەمبـەری ئیسـلامی (د.خ) بینـی بێـت و ئیمانـی هێنـا بێـت و تـا مردنـی هـەر بـە مسـوڵمانی مابێتـەوە"[١٣]. بەدڵنیاییـەوە عادلـە و چونکـە کەسـێك ئیمانـدار و بـاوەڕدارە ناکرێـت و ناتوانێـت بـە دەم پێغەمبـەرەوە (د.خ) درۆ بـکات.

دووەم: هەندێکیـش لەسـەر ئـەو بیروڕایـەن کە ئـەو کەسـە دەبێـت هێنـدە لەگـەڵ پێغەمبـەری ئیسـلامدا (د.خ) هەڵسـوکەوتی کـرد بێـت و لـە شـێوازی قسـەکردن و وتـەی پێغەمبـەر (د.خ) هێنـدە ئاشـنا بێـت و لـە رەمـز و نهێنـی کـە لـە شـێوازی قسـەکردنی پێغەمبـەر (د.خ) و تەنانـەت لـە مەبەسـتی رسـتە زۆر کورتەکانـی بـگات.

سـێیەم: گرووپێکـی تـر لەسـەر ئـەو بیروڕایـەن سـەحابە کەسـانێکن کـە ئیمـان لـە دڵ و دەروونیـان بۆتـە "مەلەکە" و لـە هیـچ بارودۆخێکدا ناتوانـن کە بـێ ئیمـان بـن.

بـە سـەرنجدان بـە هەرسـێ بیـروڕا و بۆچوونـی ئاماژەپێکـراوی سـەرەوە بیـروڕای جیـاواز دێتـە ئـاراوە بەتایبەتـی بابەتـی ئـەوەی کـە چ کەسـێك سـەحابەیە و چ کەسـێکیش سـەحابە نیـە[١٤].

بێگومـان عادلبوونـی سـەحابەش بـە سـەرنجدان لـە بارودۆخـە جیـاوازەکان، جیـاواز دەبێـت، بـۆ نموونـە ئەگـەر بـۆ وەرگرتنـی ئایینـی ئیسـلام و گواسـتنەوەی بـە نەوەکانـی داهاتـوو بێـت، ئـەوا لـەم بارودۆخـەدا سـیفەتی عادلبـوون زیاتـر گرنگـی پێدراوە و هەروەهـا ئـەم کەسـە دەبێـت لـە بنەماکانـی ئایینـی ئیسـلام شارەزا بێـت و هیـچ وتەیـەك نەداتـە پـاڵ پێغەمبەرکـە بـە زاریـدا نەهـات بێـت، و بـۆ گێڕانـەوەی ریوایەتـە مێژوویەکانیـش عادلبـوون بابەتێکـی ئێجـگار پێویسـتە.

تیۆریـای عەدالەتـی سـەحابەش بـە گشـتی لەسـەر چەنـد بنەمایـەك پێکهاتـووە کـە بەگشـتی ئەمانـەن:

## * بنەمای "اصحاب كله العدول":

سـەحابە لـە لایـەن ئەهلـی سـوننە و جەماعـەوە و هـەر چـوار مەزهەبەکەیـەوە کەسـانێکن کـە خـودای گـەورە، ئەوانـی بـۆ هاودەمـی پێغەمبـەر (د.خ) و

سەرخستنی ئایینەکەی و و دەرخستنی راستی هەڵبژارد، لە کردار و گوفتاریان رازی بوو و ئەوانی کردە سەرمەشق و هەر شتێکیش کە پێغەمبەر (د.خ) لە لایەن خوداوە بۆی دەهات ئەوان لەبەریان دەکرد و دەیانپاراست، هەموو شتێك لە لە سوننەت و شەرع و حوکم و بڕیاردان و فەرمان بەچاکە و وازهێنان لە خراپە کە لە پێغەمبەرەوە (د.خ) فێر دەبوون بە شێوەیەکی رێکوپێك و شایستە لێی بە ئاگابوون و هەر شتێکیان لە پێغەمبەر (د.خ) ببیستبایە یان راڤە و تەئویلی ئەویان لە ژیانی رۆژانەدا بەدی بکردبایە، پەیان پێدەبرد و دەرکیان دەکرد و لەم سۆنگەشەوە ئەمانی بە "عەدول"ی ئومەتی ئیسلام ناو دەبرد[١٥].

کاتێك دەوترێت سەحابە "کلهم عدول" واتە سەحابە هەموویان عادلن مەبەست ئەوە نیە کە سەحابە گوناە ناکەن چونکە پێیان وا بووە تەنانەت خودی پێغەمبەریش (د.خ) چەند گوناهێکی بچووکیشی هەبووە ئەویش بە پشتبەستن بە ئایەتی قورئانی کە بە پێغەمبەر دەفەرموێت: ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَتَعۡلَمَ ٱلۡكَٰذِبِينَ﴾ (توبە: ٤٣) واتە خودا لە تۆ خۆش بێت بۆچی رێت پێدان، مەبەستی لە دیلەکانی شەڕی بەدر و ئازادکردنیانە، ئەگەر ئەمە هەڵە نەبووبێت بۆچی خودا دەفەرموێت خودا لە تۆ خۆش ببێت.

لەم نێوەندەدا تەنیا پێغەمبەران لە گەیاندنی پەیامی خودا مەعصوم و بێخەوشن و زۆرێك لە پێغەمبەرانیش لە لایەن خوداوە بەهۆی چەند هەڵوێستێکەوە سەرزەنشت کراون و بۆیان راست کراوە و ئاگادار کراونەتەوە یان خودا بە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: ﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ١ أَن جَآءَهُ ٱلۡأَعۡمَىٰ ٢ وَمَا يُدۡرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ ٣ ﴾ (عبس:١-٣) کاتێك کە نابینایەك هاتە لای پێغەمبەر (د.خ) و لەو کاتەدا سەرقاڵ بوو بە بێباوەڕەکانەوە و رووی لە نابیناکە وەرگێڕا و بەمەش دڵشکانی کەسە نابیناکەی لێکەوتەوە و بەهۆیەوە ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە.

**نابێت بە هیچ یەکیك لە سەحابەکان خەسڵەت و تایبەتمەندی لە سەروو مرۆیی ببەخشین**

ئەهلی سوننە و جەماعە لەو باوەڕەدان کە پێغەمبەر (د.خ) تەنیا لە بابەتی سروش و وەحیدا مەعصومە و ئەویش هەروەکو هەر مرۆڤێکی دیکە تووشی هەڵە و نەپێکان دەبێت چونکە ئەویش مرۆڤە و بە هەمان شێوەش سەحابەش دوچاری هەڵە بوونە و بەم روونکردنەوانە دەتوانین بگەیەنە ئەو دەرەنجامەی کە عادلبوونی کەسێك پێچەوانە نایەتەوە لەگەڵیدا کاتێك هەڵە دەکات[١٦]. و مەحکوم کردنی ئەهلی سوننە و جەماعە بە پیرۆزکردن و مەعصومکردنی سەحابە لە راستیەوە دوورە و بە هەمان شێوە کە باوەڕیان بە مەعصومبوونی پێغەمبەران تەنیا لە سروشدا نەبێت، نیە و بە دڵنیاییشەوە ئەم بابەتەش بۆ سەحابە رەت دەکەنەوە[١٧].

مرۆڤبوون و هەبوونی هەڵسوکەوتی مرۆڤانە

## هیچ هاوەڵێکی پێغەمبەر (د.خ) سیفەت و تایبەتمەندیەکی بەدەر لە مرۆڤبوونی نەبوە بەڵکو مرۆڤی ئاسایی بوون

لەلای ئەهلی سوننە و جەماعە بنەمایەکی سەرەکیە و ئەو بنەمایەش بە تەواوەتی لەلای سەحابە دەبینن و هیچ جۆرە تایبەتمەندیەکی لە سەرووی توانای مرۆڤبوونەوە نادەنە پاڵ هیچکام لە سەحابە و تەنانەت پێغەمبەریش (د.خ) بە هەمان شێوە کە خودا لە قورئاندا بە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمویێت: ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾ ﴾ (کهف:١١٠).

ئەوە مێژووە بڕیار دەدات و دەریدەخات کە سەحابەیەکی دیاریکراو چۆن بووە و نە ئێمە و نە هیچ کەسێکی تر بۆمان نیە هەرشتێك کە لە زەینماندایە بەسەریاندا بسەپێنین، راستە ئەوانیش مرۆڤ بوون و توانای زەینی و عەقڵی سنووردارییان هەبووە بەهەمان شێوەش کە توانای جەستەییان سنووردار بووە کەواتە هەڵەیان هەبووە و بەڵام لەسەر ئەو هەڵە و گوناهکردنانە بەردەوام نەبوون. بەڵام ئەم کۆمەڵگەیەی نەوەی یەکەمی قورئانە، کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی بووە و ئەخلاقیانەش مامەڵەیان کردووە، چونکە ئێمە ئاییمنان لە رێی ئەوانەوە پێگەشتووە و تۆمەت دانە پاڵیان تۆمەتدانە پاڵ ئایینی ئیسلام چونکە لە رێی ئەوانەوە وردەکاری ئایینی ئیسلام گەیشتووە بە ئێمە و خودا لە قورئان، تەورات و ئینجیل ستایشی سەحابەی کردووە و خودی پێغەمبەریش (د.خ) بە چاکە وەسفی کردوون. هەر لە رێی ئەمانەوە سوننەت و ئاکارەکانی پێغەمبەر (د.خ) بەبێ هیچ نێوەند و نێوانبەرێك بۆ ئێمە گواستراوەتەوە، کەواتە ئەمان بوون کە بنەما سەرەکی و تایبەتی و تەنانەت لاوەکیەکانی ئایین ئیسلامیان دەرك پێکرد و ئەوەی کە ئێمە نەماندەزانی ئەوان ناسیان، لەم سۆنگەیەشەوە سەحابە لە هەر زانست، ئیجتیهاد، وەرع، عەقڵ و بیروبۆچونێکدا کە دەبێتە هۆی دەستکەوتن و هەڵێنجاندنی زانست و زانیاریەکانی ئایینی ئیسلام لە ئێمە باشتر و لە پێشترن و تێڕوانینەکانیان بۆ ئێمە بەبایەخترن[١٨].

هەروەها ئایینێك کە بڕیار وایە دوا ئایین بێت بۆ هەموو مرۆڤایەتی ئەگەر نەتوانێت نەوەی یەکەمی خۆی هێندە ئەخلاقی پێبگەیەنێت و پەروەردەیان بکات کە ئەخلاقیانە مامەڵە بکات چۆن دەتوانێت نەوەکانی داهاتوو بە جۆرێك پێبگەیەنێت کە ئەخلاقیانە مامەڵە بکەن، قورئان و ئایینی ئیسلام بۆ کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیە، کەواتە راستەوخۆ لەگەڵ پێغەمبەردا (د.خ) مامەڵەیان کردووە و تایبەتمەندی و سیفاتی پێغەمبەر (د.خ) لە ئاکار و گوفتاریاندا رەنگدانەوەی هەبوو و هەر بەم هۆیەشەوەیە کە لە مەزهەبی ئیمامی مالیکدا فەرموودەیەك کە لە دابونەریتی خەڵکی مەدینە بێت لەپێشترە لە فەرموودەیەکی تر کە تەنانەت راوی و سەنەدەکی متواتر بن، گرنگیپێدانی بە فەرموودە تاڕادەیەك

بوو کە تەنانەت بە یەك بەڵگە لەسەر ئەوەی کە فەرموودەیەکی دروستە و ئیدی حکومی خۆی بە ڕەچاوکردنی قورئان و ئایەت و فەرموودە و شێوازی سەحابە و ئیجماع دەدا بە تایبەتی بە ئیجماع و کۆدەنگی خەڵکی مەدینە یان زۆرینەی خەڵکی ئەو شارە لەسەر حوکمێك، ئیدی وەك فەرموودە و سوننەتێك لەگەڵیدا مامەڵەی دەکرد و چونکە ئەوانی بە شارەزا و ئاگا و تەنانەت ئالوودەبوو بە کردار و حوکمەکانی پێغەمبەر (د.خ) و سەحابەکانی دەزانی و دەیفەرموو چینە جیاوازەکانی ئەم شارە (مەدینە) کردار و مامەڵەکردنیان لە نەوەی هاوچەرخی پێغەمبەرەوە (د.خ) وەرگرتووە و ئەوانیش ئەحکامەکانی ئایینیان ڕاستەوخۆ بە سەرپەرستی و چاودێری پێغەمبەر وەرگرتووە و فێری بوون{١٩}.

قوتابییەکانی پرسیاری ئەمەیان لە ئیمام مالیك کرد و ئەویش لە وەڵامیاندا فەرمووی: چونکە هەر شتێك کە لەلای خەڵکە مەدینە بوو بێتە دابونەریت و کرداری باوی ئەو شارە کەواتە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) زۆر لەسەر ئەو دیاردەیە کاری کردووە تا بێتە کایەوە زۆر گرنگتر و باشترە لە ڕیوایەتێك کە کەسێك گێڕابێتەوە. لەوانەیە یەکێك لەو ڕەخنانەی کە لە ئیجتیهادی ئیمامی عەلی گیرا بێت ئەوە بێت کە پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینەوە بۆ کوفە گواستەوە، چونکە خەڵکی کوفە هێشتا لەسەر دابونەریتی عەرەبیانەی جاهیلانەی پێش ئیسلام بەردەوام بوون و کوفە بۆ ئەرکی کارگێڕی و حکومەتداری ئامادە نەکرابوون ئەمە لە کاتێکدایە کە مەدینە پێغەمبەری ئیسلام کاری لەسەر کردبوو و ئامادەی کردبوو، تەنانەت ئەگەر کاری سێ خەلیفەکەی تری ڕاشیدین لەم بوارەشدا بەهەند وەرنەگرین، کە بە دڵنیاییەوە ئەوانیش کاری باشیان لەم بوارەدا ئەنجامداوە و هێندەی تر شاری مەدەنیەیان بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە قاڵتر کردبوو، دەرەنجامی ئەم کارەی ئیمامی عەلی ئەوە بوو کە خەڵکی کوفە پشتیان لێکرد و بە تاك و تەنیا هێشتیانەوە و پەیمان و بەڵێنیان بەجێنەهێنا{٢٠}.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەگەر سەحابە بوون بریتی بێت لە پلە و پایەیەك کە لەگەڵ پێغەمبەردا ژیانیان بەسەر بردووە و مامەڵەیان کردووە، ئەوا خودی ئەم صەحابانەش لە پلە و پایەیاندا وەك یەك نەبوون و هەر وەکو هەموو کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکانی تر لە ڕووی ئاکار و پلەی ئیمانیشەوە جیاواز بوون، لەوانەیە یەکێکیان ئیمانی زیاتر بوو بێت لە کەسێکی دیکەیان یان جوانی کردارییان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز بوو بێت و بۆ ئەمەش بەڵگەی قورئانیمان هەیە ﴿لَا يَسْتَوِي مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ﴾ (الحديد: ١٠) واتە یەکسان و هاوتا نین کەسانێك بەر لە فەتحی مەککە لەگەڵ ئەو کەسانەی دوای فەتحی مەککە ئیمانیان هێناوە.

بێگومان کەسانێك کە ڕۆژەکانی سەرەتای بانگەوازی ئیسلامیدا، بانگهێشتی پێغەمبەریان (د.خ) قەبوڵکردووە و لەگەڵیدا بەرگەی هەموو دژوارییەکانی ڕێگەکەیان کرد و لە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان چاویان پۆشی، بە دڵنیاییەوە هەرشتێك کە پێغەمبەر (د.خ) فەرموبێتی ئەمان بەجوانی لە مەبەست و ئامانجی تێگەیشتوون و لەلای خوداش پلە و پایەکی بڵندیان هەیە تا سەحابەیەك کە ئەویش دیندار و ئیمانی هێنا بێت بەڵام ئەزموونێك کە ئەمانەی پێشوو دیویانە ئەم

نەیدیووە و لە نزیکەوە لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) بۆ ماوەیەکی زیاتر نەژیا بێت و مامەڵەی لەتەکدا نەکردبێت. لەم سۆنگەوە ئەهلی سوننە و جەماعە لەو باوەڕەدان کەسێك کە لەتەك پێغەمبەردا (د.خ) زیاتر ژیا بێت و هەڵسوکەوتی کردبێت لەپێشترە تا کەسێك دواتر ئیمانی هێنا بێت و یان لەپاش پێغەمبەر (د.خ) لەدایك بوو بێت.

بەگوێرەی بۆچوونی ئەهلی سوننە و جەماعە ئەهلی بەیتیش بریتیە لە هاوسەران و ئەو خێزانانەی کە لەگەڵ پێغەمبەردا (د.خ) ژیاون و پێیان وایە ئایین چەندێك کاریگەری لەسەر کەسێکی ئاسایی هەیە بە هەمان شێوەش کاریگەری لەسەر سەحابە هەبووە و رۆحی ئەوانی بەجۆرێك ناسك کردۆتەوە و سنگی فراوان کردوون و باوەڕی تەواویان هەیە کە هیچ کام لە سەحابە هیچ سیفەت و تایبەتمندیەکی بەدەر لە مرۆڤبوونیان نیە یان ئیلهامیان بۆ هاتبێت و ئەوانی لە کەسانی دیکە جیا کرابێتنەوە و تایبەتمەند بن، بەڵکو تەنیا هەڵگری سیفەتی سەحابەن و سەحابەبوونیشیان بۆتە هۆی ئەوەی کە لەو سروش بۆ پێغەمبەر (د.خ) هاتەوە بەهرەیان وەرگرتووە، ئیدی هیچ کام لە سەحابە یان "تابعین و صالحین" یان هەر کەسێکی دیکە کە لە پاش ئەمان هاتوون بەهەر ناونیشانێکەوە هیچ شتێکی دیکەیان پێنەبەخشراوە.

لێرەدایە کە جیاوازی لە نێوان شیعە و سوننەدا دەردەکەوێت، چونکە ئایینزای شیعە پێی وایە کە ئەهلی بەیت بریتیە لە حەزرەتی عەلی و بنەماڵەکەیی و ئەو یانزدە ئیمامەی کە لە پاش ئەو دێن و ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەهلی سوننە و جەماعە ئەمە بە جۆرێك لە جیاوازی چینایەتی دەزانن و دەڵێن بیروڕا و بۆچوونەکانی ئێمە لە سروشتی کۆمەڵگە مرۆییەکانەوە نزیکترە و لە کاتێکدا "ختم نبوت" بووە و حوکمە رواڵەتی و ناوەکیەکای ئایین کە بڕیار وایە سوود بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگەیەنن هەموویان لە ژیاننامەی پێغەمبەردا (د.خ) هەیە و چیدی پێویست بە شتێکی دیکە ناکات و هەر لەم روانگەوەیە کە ئەهلی سوننە ئەوەی کە لە کیتاب و سوننەدا نەبێت بە بیدعە دەزانن و بە پشتبەستن بە چەند ئایەت و فەرموودەیەك، نابێت شتێك روو بدات و هیچ کەسێك سیفاتی تایبەتی لەم چەشنەی نیە لەبەر ئەمەشە ئەهلی سوننە پێیان وایە کەسانێك کە لەگەڵ پێغەمبەردا (د.خ) ژیان و ئیمانیان پێهێناوە لەپێشترن تاوەکو کەسانێك کە "١٥٠" ساڵ یان زیاتر لەمەش لە پاش پێغەمبەر (د.خ) هاتوونەتە دونیاوە[٢١].

لە هیچکام لە مەزهەبەکانی ئەهلی سوننە و جەماعەدا، سەحابەیان وەك "دلیل قگعی" لە ئوصولی فیقهدا دانەناوە، بۆ نموونە لەلای ئەهلی سوننە "دلیلە حتمی"ەکان بریتین لە: "کتاب" و "سنت" و "اجماع" کە هەموو سەحابە لەسەری کۆك بن، ئیتر ئەوی دیکە کە بە "استدلال" ناو دەبرێت و بە "قیاس" دەست پێدەکات و لە هیچکام لە چوار مەزهەبەکانی ئەهلی سوننەت و لە ئوصول فیقهدا لە رێبازی سەحابە بەشێوەیەکی رەها سوودیان لێوەرنەگرتووە و کاتێکیش رێبازی سەحابەیان گرتۆتەبەر کە لە گەڵ "کتاب و سنت"دا یەکی گرت بێتەوە و هەر بۆ ئەمەشە ئەهلی سوننە پێیان وایە کە رێچکە و رێبازی ئەوان مرۆڤانەترە[٢٢].

هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەتوانن

وتەکانی خۆیان لە رووی مێژووییەوە بسەلمێنن و دەڵێن هیچ کەسێك ناتوانێت بڵێت کەسانێکی وەك خەلیفەکانی راشیدین و هاوسەرانی پێغەمبەر و سەحابە کە چەندین ساڵ و رۆژ و شەو لەگەڵ پێغەمبەردا ژیاون و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردووە، لەگەڵ پێغەمبەردا (د.خ) نەبوون و هیچ کەسێك ناتوانێت لەم بوارەدا بۆ ئێمە گومان دروست بکات.

*** بەڵگەپێدانی کردارەکانی سەحابە:**

أ. بەڵگەپێدانی کردارەکانیان لەسەر بنەمای تەوبە:

هەروەك چۆن پێشتر ئاماژەی پێدرا عادلبوونی سەحابە بەو واتایە نیە کە ئەوان هەڵە و گوناهیان نەبووە، بۆ ئەوەی لایەنی مرۆییان زیاتر پیشان بدەین هەروەك چۆن بیریارێك بە "حافیزی شیرازی" دەڵێت: "حافیز" مرۆڤی کامڵ نەبوو بەڵام بە تەواوەتی مرۆڤ بوو. واتە هەموو کەموکورتیەکانی مرۆڤبوونی تێدا بوو. بە هەمان شێوەش کاتێك دەڵێین سەحابە مرۆڤ بوون واتە هەموو لاوازیەکانی مرۆڤبوونیان تێدا هەبووە و ئەمەش ئەگەری هەڵەکردن و گوناهکردن لەلای ئەمانیش دێنێتەکایەوە، بەڵام تەوبەیان کردووە، لەمبارەوە زانا "محمد ابوریە" دەڵێت: "سەحابە هەروەکو هەموو مرۆڤەکانی ترن کە هەڵە و گوناە و بیرچوونەوەیان هەبووە، لەوانەشە بکەونە شوێن هەوا و هەوەسیشیان لەبەر ئەوەی ئەوانیش بەشەرن و سروشتی بەشەری لە ئەوان هەروەکو کەسانی ترە و هەمان ئەو کارانەی کە کەسانی تر ئەنجامی دەدەن ئەگەری ئەنجامدانیشیان لای ئەمانیش رەوایە"[٢٣].

کاتێکیش دەوترێت کە سەحابە تەوبەیان

**لە کتێبە ئاسمانیەکاندا بەتایبەتی لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا ستایشی هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) کراوە**

کردووە ئیدی هیچ شتێك نامێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەوان سەرزەنشت بکەین چونکە ئەوان بە مرۆڤ دەزانین و سیفەتی خواییان پێنابەخشین کە هەموو توانایەکی خۆشیان بۆ گەیاندنی ئیسلام و بڵاوکردنەوەی بۆ ئێمە تەرخان کردووە و لەم پرۆسەی گەیاندن و بڵاوکردنەوە و تەنانەت لە پرۆسەی پێگەیاندنی رۆحیشیاندا لەوانەیە چەند هەڵەیەکیان کرد بێت لەبەر ئەوەی سەحابە هەم تەوبەیان کردووە و هەمیش ئیجتیهادیان کردووە بۆ نموونە لە بواری جەنگەکاندا دەڵێین هەم دایکی مسوڵمانان حەزرەتی عائیشە هەمیش سەحابە و خەلیفەی پێغەمبەر ئیمامی عەلی ئیجتیهادیان کردووە. بەڵام ئەوان مەعصوم نەبوون بەڵکو هەر خۆیان دانیان بە هەڵەکردنی خۆیاندا ناوە و لەم سۆنگەیەوەیە کە ئەهلی سوننە ئەوان بە موجتەهید هەژمار دەکات و موجتەهیدیش لەوانەیە هەندێکجار لە ئیجتیهادەکەیدا نەپێکێت و هەڵە بکات[٢٤].

بەگوێرەی سەرچاوە و بەڵگە مێژووییەکان، ئایینی ئیسلام هەم لە رووی شوێنکاتەوە لە سەخترین و دواکەوتووترین ناوچە و خراپترین

**بە تەنیا یەکجار بینینی پێغەمبەر بەس نیە بۆ ئەوەی ئەو کەسە بە سەحابە دابنێین هەروەك وا باوە**

بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا لەنێوان خەڵکانێکدا دەرکەوت کە خراپترین شێوازیان بۆ بەڕێوەبردن و بەڕێکردنی ژیانی خۆیان هەڵبژارد بوو، بەڵام بناغەی باشترین شارستانیەتی پێکهێنا تا ئەو جێیەی بە وتەی (ویل دۆرانت): "ڕۆژئاوا خۆی بە قەرزاری تێگە و تەعالیمەکانی ئەو دەزانێت"{٢٥}. ئەم شارستانیەتە لە لایەن ئەوەی یەکەمی قورئانەوە گەیشتۆتە دەستمان و ئەوانیش مامەڵە و کردارێکی ئەخلاقیانەیان هەبووە و بەو واتایەش نا لە دۆخی مرۆڤبوون هاتبێنە دەرەوە، بەڵکو کاتێك دەڵێین ئەوانیش مرۆڤ بوون واتە لە گوناهکردن بەردەوامیان نەبووە و هێندە حەقیقەتویست بوون ئەگەر گوناهێکیشیان کردبێت هەرکاتێك هەستیان پێکردبێت یەکسەر تەوبەیان کردووە.

کاتێکیش لە ئیمامی عەلی پرسیاریان کرد بۆچی لە کاتی خەلیفەکانی پێشووتردا ئەم کێشانەمان نەبوو؟ لە وەڵامیاندا فەرمووی لەبەر ئەوەی ئەوان کەسانێکی وەك منیان هەبوو و منیش کەسانێکی وەك ئێوەم هەیە، هەر کام لە خەلیفەکانی ڕاشیدین مامەڵەیەکی عادیلانە و ئەخلاقیانەیان هەبووە و ئەمەش بەو واتایە نیە کە ئەمانە سنوورەکانی سەردەم و زەمانەی خۆیانیان تێپەڕاندووە و هەڵگری سیفەتی سەروو بەشەری و ئیلاهی بن، بۆیە زۆر ئاساییە کە ئەگەر جەنگ و تەنانەت ئاشتیان کردبێت و ئیجتیهادێکی تەواو یانیش بە پێچەوانەوە کردبێت، هەر بۆیە ئێمە ئەوان لە ڕووی ئەخلاقیەوە تۆمەتبار ناکەین و تۆمەتبارکردنی هەر کەسێك ئیدی ئەو کەسە مسوڵمان یان نامسوڵمان بێت کارێکی ناڕەوایە چ بگات بەوەی کە ئێمە سەحابەی پێغەمبەر (د.خ) و تەوبەکردنیان بەهەند وەردەگرین{٢٦}.

دواجار تێڕوانینی ئەهلی سوننە و جەماعە بۆ مرۆڤەکان و بەتایبەتی سەحابە تێڕوانینێکی ئەرێنی و خۆشبینانەیە و تەنانەت بەگوێرەی ئایەتەکانی قورئانیش دەبێت گومانی ئێمە بۆ ئیماندار ئەوە بێت کە کاری چاکە و باش ئەنجام دەدات و خۆی لە کارە ناپەسەند و ناشیرینەکان، دەپارێزێت و ئامادە نیە بەهۆی بەرژەوەندی خۆیەوە لە زمانی پێغەمبەرەوە (د.خ) درۆ بکات و تەنانەت ماڵ و سامانیش و لاوێتی خۆیشی لە ڕێگەی خودادا سەرف کردووە و ئەمەش زۆر لە ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاقەوە نزیکترە و بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی ترەوە بە تایبەتی ئایینزای شیعە زۆرێك لە زەحمەت و فیداکاریەکانیان دەخەنە ژێرپرسیارەوە، ئەگەر گوناه و هەڵەیەکیشیان کردبێت ئەوا تەوبەیان کردووە و دەرگای تەوبەی ئیلاهیش بۆ هیچ کەسێك دانەخراوە{٢٧}.

بەتێڕوانینی ئەهلی سوننە و جەماعە هیچکام لە سەحابە یان نزیکانی پێغەمبەر (د.خ) و یانیش ئەوانەی لە سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامەوە "سابقون" ئیمانیان هێناوە، مەعصوم و بێگەرد لە

گوناه نین. بەڵکو دەگونجێت تووشی گوناه ببن و دواتریش تەوبە بکەن و خوداش بیانبەخشێت و بە هۆی چاکەکانیشەوە پلەیان بەرزتر بکاتەوە و گوناهەکانیشیان بسڕێتەوە و یان بەهۆی چەند هۆکارێکی ترەوە لە گوناهەکانیان خۆش ببێت{٢٨}.

لەلایەکی ترەوە ئەهلی سوننە پێیان وایە کە سەحابە دوچاری هەڵە و لادان دەبنەوە کە هۆکارەکەشی بۆ سروشتی بەشەری دەگەڕێتەوە چونکە هیچکام لە تاکەکانی مرۆڤایەتی ناتوانن لە سروشتی مرۆڤبوونی خۆی کە هەموو بوونەوەرێك بە تایبەتمەندیەکانی خۆی سروشتی خۆی ناسراوە، بێنە دەرەوە هەر وەك چۆن پێغەمبەر (د.خ) لەمبارەیەوە دەفەرمویێت: (كُلُّ ابْـنِ أَدَمَ خَطَّـاؤٌ وُخَـيْرُ الْخَطَّائِـينَ التَّوَّابُـونَ) واتە: "هەموو رۆڵەکانی ئادەم تووشی هەڵە دەبن و باشترینیان ئەو کەسانەن کە تەوبە دەکەن"{٢٩}.

تێڕوانینینی دروستیش لەبارەی سەحابەوە ئەوەیە کە ئەوان مرۆڤ بوون و مرۆڤیش هەڵە دەکات و ئێمەش بانگەشەی ئەوە ناکەین کە لە گوناه مەعصوم و بێگەردن، کەواتە دەبێت چاکەکانیان باس بکەین و خۆمان لە باسکردنی کەموکورتیەکانیان بپارێزین، ئەگەر ئێمە هەڵە و کەموکورتیەکانیان لەگەڵ چاکە و کردارە باشە و گیانفیدایی و جیهادیان لە ڕێی خودا و هاوکاریکردنی ئایینی ئیسلام بەراورد بکەین، هەڵەکانیان وەك دەنکۆڵە تۆزێك وایە لە بەرامبەر گردێکی گەورەدا و وەك دڵۆپێك ئاوە لە بەرامبەر دەریادا. کەواتە ئەگەر ریوایەتێك بە پێوەری "جرح و تعدیل" دروست بوو و لە رواڵەتی ریوایەتەکەشدا وا دەربکەوێت کە لە سەحابەکەوە هەڵەیەك ڕوویدا بێت، مسوڵمان دەبێت باشترین بەڵگەپێدان و عوزری بۆ بێنێتەوە، لەمبارەوە " ابن ابوزید قیروانی" دەڵێت: دەبێت لەوەی کە لە نێوان سەحابەدا ڕوویداوە دەست هەڵبگیرێت، ئەوان شایستەترین کەسانێکن باشترینی گومانەکانیان لەبارەوە ببرێت"{٣٠}.

ب. بەڵگەپێدان لەسەر بنەمای ئیجتیهاد:

پێناسەی ئیجتیهاد:

ئیجتیهاد لە زاراوەدا بەواتای بەکارهێنانی دوا توانست لە ناسین و هەڵێنجاندنی حوکمەکان لە دەلیلە شەرعیەکانە و بەجۆرێك کە موجتەهید ویستی زیادە خۆی تێیدا هەست بە ناتوانایی دەکات. ئێمە باوەڕمان وایە کە ئیجتیهاد یەکێك سەرچاوەکانی گرنگی شەریعەتە و ئیجتیهاد بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئایینی ئیسلام سازگار و گونجاوە لە گەڵ هەموو شوێن و سەردەمێکدا ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لە ژیاندا گەلێك ڕووداوی نوێ ڕوو دەدات و لە ڕاستیدا ڕووداوەکان سنووردار نین لەکاتێکدا کە دەقەکانی شەریعەت سنووردارن کەواتە حیکمەتی ئیلاهی لەگەڵ ئەوەدایە تا ئیجتهاد لەو کاروبارانەی کە دەقیان لەسەر نیە بە گوێرەی "قیاس" لەسەر ئەو بابەتانەی کە دەقیان لەسەر هەیە لە ئەگەری هەبوونی خاڵی هاوبەشدا هەردوو بابەتەکە بخاتە نێو هۆکاری ڕێپێدراوەوە{٣١}.

سەبارەت بەو جیاوازیانەی کە لەبارەی سەحابەوە هەیە ئەهلی سوننە و جەماعە لەسەر بنەمای "ئیجتیهاد" لێکی دەنەوە و ئەمەش بنەمای جیاوازی نێوان ئەهلی سوننە و ئایینزای شیعەیە چونکە لە لای سوننە ئایین

بابەتێکی بابەتیە "موضوعی" و لە رواڵەت و دەرەوەدایە و لەنێو قورئان و فەرمووددایە و هەر ئەم قورئان و فەرموودەیەشە کە پێوەر و بنەما بۆ هەڵسەنگانی کردەوەکانی مرۆڤە و ئیدی گرنگ نیە ئەو مرۆڤە کێ بێت، سەحابەیە یان هەر کەسێکی دی بێت. بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە چەند پێوەرێکی بابەتین کە کردەکانی کەسەکی پێ هەڵدەسەنگێنرێن هەر بەو شێوەیەی کە ئیمامی عەلی دەفەرموێت: "لا تعرف الحق بالرجال" واتە: راستی بە پیاوەکانی مەناسە، بەڵکو "اعرف الحق، تعرف اهله" واتە: حەق بناسە و کاتێکیش حەقت ناسی ئەوا پیاوانیشی دەناسی.

لەم سۆنگەوەیە کە ئەهلی سوننە پێی وایە ئەو پێوەرانە بابەتەنانێکن کردار و کردەوەکانی سەحابەی پێ هەڵدەسەنگێنن و چونکە پێوەرەکان قورئان و فەرموودەن ئەگەر هەڵەیەکیان هەبێت پەییان پێدەبرێت و لەبەر ئەوەش عادل و ئیماندارن، ئیمان لە دەروونیاندا بۆتە مەلەکە و جێگیر بووە، کەواتە هەڵە و گوناهەکانیان بە ئەنقەست نەبووە و نەیانویستووە لە بازنەی ئایینداری بێنە دەرەوە بەتایبەتی بە شێوەی گرووپ و کۆمەڵ، لەوانەیە کەسێك هەڵە بکات بەڵام هەڵە تەنانەت گوناهی بە گروپ و گشتگیر مەحاڵ و مومکین نیە کە نەوەیەك پێغەمبەر پێی گەیاندبن هەڵە و گوناهی بە کۆمەڵ و رێکخراو ئەنجام بدەن. بەڵام لەوانەیە یەکێك لە سەحابەکان پێچەوانەی بابەتی بوونەوە هەڵسوکەوتی کردبێت و ئەم مامەڵەکردنەشی ئەهلی سوننە وا تەئویل و لێکدانەوەی بۆ دەکەن کە بە ئەنقەست نەبووە و نەیویستووە لە چوارچێوەی چەمکەکانی ئایین لا بدات بەڵکو ئیجتیهادی کردووە و موجتەهیدیش لەوانەیە لە لە ئیجتیهادەکەیدا بۆچوون و کردەوەکەی راست بێت و یانیش نەپێکا بێت کە لە هەردوو بارەکەدا خودا پاداشتی دەداتەوە چونکە لەمبارەوە هەوڵ و تێکۆشانی کردووە [٣٢].

لە رووی بەڵگەی عەقڵی و مێژوویییەوە ئەو جەنگانەی کە لە نێوان سەحابەدا روویانداوە لەبەر ئەوەی ئەوان مرۆڤ بوون لەوانەیە هەوڵێك بە هەندێکیان گەشت بێت و بە هەندێکی دیکەشیان نەگەیشت بێت کەسە و تاقمێکی تریان ئاگایان لێی نەبێت و یان لەوانەیە لە ئیجتیهاد و لێکدانەوەیاندا دوچاری هەڵە بووبن و هەرکامەیان تەئویلێکی جیاوازیان کردبێت چونکە ئەهلی سوننە لەو باوەڕەدان سەحابە لە ئیجتیهادکردنیاندا نیەتیان خێر و باشە بووە چونکە ئەوان کەسانێکی ئەخلاقی بوون و هەموو ماڵ و دارایی و بەرژەوەندی مادی و مەعنەویان لە رێگەی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئیسلامدا بەخشیوە[٣٣]. بۆ نموونە سەحابە حەزرەتی عائیشەی دایکی ئیمانداران ئەگەر جەنگی جەمەلی بەرێنەدەخست ئەوا لە لای مسوڵمانان و تەنانەت لە مێژووشدا پلەیەکی باڵاتری هەبوو و دوچاری رەخنەگرتن نەدەبوویەوە، بەڵام بێگومان ئەو خۆی بە حەق زانیوە چونکە خودی خۆیی و هەموو مسوڵمانیش دەیانزانی نە ئەو نە هیچ ژنێکی دیکە مافی ئەوەی نەبوو ببێتە خەلیفەی مسوڵمانان، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئیجتیهادیدا دووچاری نەپێکان و هەڵە بوو و کاتێکیش ئەمەی زانی بە گوێرەی ریوایەتێك دەستی لە جەنگەکە هەڵگرت و کاتێکیش بە دیلی کەوتە دەستی ئیمامی عەلی ئازادی کرد و بەسەر باشترین وشترەوە رەوانەی مەدینەی کردەوە [٣٤].

ئەهلی سوننە گومانی باشی بە سەحابە هەیە و خۆی بەدوور دەگرێت لە باسكردنی ناكۆكیەكانی نێوانیان و لێكدانەوە و تەئویل بۆ جەنگەكانیان ناكات و بەڵكو دەڵێت سەحابە موجتەهید بوون و ئیجتیهادیان كردووە و تەئویلیان كردووە و نیەت و مەبەستی گوناە و دەستكەوتنی بەرژەوەندی دونیاییان نەبووە، بەڵكو هەر گرووپ و تاقمێكیان باوەڕیان وا بووە كە لەسەر حەق بوون و نەیارەكانیشیان یاخین و لەبەر ئەم هۆیەش جەنگ كردن لەگەڵ یاخیبووانداا واجیبە تا ئەو كاتەی بۆ ئەمری خودا دەگەڕێتەوە، هەندێكیان ئیجتیهادەكەیان راستتر بوو و ئەوانی دیكەش هەڵە بوون و لەبەر ئەوەی ئیجتیهادیان كردووە گوناهیان لەسەر نیە و حەزرەتی عەلیش لەو جەنگانەدا لەسەر حەق و پێكانی ئیجتیهادەكەیدا بوو. ئەمە تێڕوانینی ئەهلی سوننەیە سەبارەت بەو جەنگانەی كە لەنێوان مسوڵمانانداا روویانداوە و لەم نێوەندەشدا گرووپێك لە سەحابە دوچاری حەیرەت بوون و لە دوو گروپەكەی تر خۆیان بەدوور گرت و نەڕۆشتنە مەیدانی جەنگەوە و بەشێوەیەكی یەكلاكەرەوە نەیاندەتوانی كە چ شتێك راستە و بۆیە بە بەرژەوەندی هیچكامێكیان لایەنگریان نەكرد{٣٥}.

تێڕوانینی سەحابە بۆ ئەهلی سوننە جێی بایەخە بێگومان لە تێڕوانینی ئێمە چاكتر و شایستەترە و هەركامیان كە جێی متمانە بوون و وتەیەكی بۆ ئێمە نەقڵ كرد بێت و لەبارەی ئەوەی كە لە پێغەمبەری خوداوە شتێكیان بیست بێت و پەنایان بۆ بۆچوونی خۆیان بردووە، ئەگەر لەگەڵ یەكتریشدا ئیجماع و كۆدەنگیان هەبوو بێت و لەگەڵ هەندێكیشیاندا بیروڕای جیاواز هەبوو بێت، ئەوا ئێمە تێڕوانینی ئەوانیش دەخەینەڕوو و لە وتەی ئەوانیش ناچینەدەرەوە ئەگەر یەكێكیشیان بۆچوونێكی تایبەتی هەبێت و هیچ سەحابەیەكی تر سەرنجی لەبارەیەوە نەبێت ئەوا ئەهلی سوننەش ئەو بۆچوونە بەهەند وەردەگرن{٣٦}.

> **رای دروست وایە كە پێغەمبەران لە گەیاندنی پەیامی خودا مەعصوم و بێخەوشن**

لەلایەكی ترەوە ئەهلی سوننە پێیان باشە لەبەرامبەرە خاڵە ناكۆك و جیاوازیەكانی نێوان سەحابە بیدەنگی هەڵبژێرن و تەنیا ئەوە رادەگەیەنن كە ئەوان موجتەهید بوون و ئیجتیهادیان كردووە، كەواتە هەركامیان یان هەردەستە و تاقمێكیان لەسەر حەق بوو بن ئەوا دوو پاداشتی دەست دەكەوێت و هەركامێكیشیان لەسەر حەق نەبوو بن ئەوا یەك پاداشتیان هەیە{٣٧}.

بەگوێرەی ئایەتی ﴿ٱلْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ حِلٌّ لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَّهُمْ ۖ وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكُمْ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِىٓ أَخْدَانٍ ۗ وَمَن يَكْفُرْ بِٱلْإِيمَٰنِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُۥ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ

**ئەوە مێژووە بڕیار دەدات و دەریدەخات کە سەحابەیەکی دیاریکراو چۆن بووە و چۆن ژیاوە نەك شتی تر**

مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ﴾ (المائدە: ٥) ئایینی ئیسلام کامڵ بووە و لە ڕێی قورئان و سوننەت و فەرموودە و حوکمەکانی ئیسلامدا بەدەست گەیشتووە و سروش تەواو بووە و هەرچیەك لە دوای ئەوە بێت ئەوا ئیجتیهادە و ئیجتیهادیش لەوانەیە ڕاست بێت و یانیش بەپێچەوانەشەوە بێت واتە هەر کەسێك لە نەوەی سەحابە چ لە تابعین و صالحین یان هەر کەسێکی تر بەهەر ناونیشانێکەوە بێت بۆچوونی ئەوانمان وەك خودی ئایینی ئیسلام قەبوڵ ناکەین بەڵکو تەنیا وەك ڕوونکردنەوەیەك بۆ قورئان و سوننەت وەریدەگرین تەنانەت لەبارەی بۆچوونی هەر چوار مەزهەبەکەی ئەهلی سوننەدا واتە "مالکی، حەنەفی، شافیعی و حەنبەلی" کە خودی ئەوانیش دانیان بەم ڕاستیەدا ناوە[٣٨] چونکە هەموویان مرۆڤن و شیمانەی هەڵەکردن و بیرچوونەوەیان لێدەکرێت.

دواجاریش ئەهلی سوننە پێیان وایە ڕاڤە و تەئویل و ئیجتیهادی سەحابە بۆ ڕیوایەتەکان لە سەحابەیەکەوە بۆ سەحابەیەکی تر جیاوازە و هیچ سەحابەیەك لە بنەما و تێگە و تەعالیمە ڕەسەنەکانی قورئان و ئایینی ئیسلام لای نەداوە.

ج. بەڵگەپێدان لە سەر بنەمای لێخۆشبوون:

بە بۆچوونی ئەهلی سوننە باوەڕهێنان بە تایبەتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەهۆی پێغەمبەرەوە (د.خ) وەکو ئەوە وایە جارێکی دیکە ئەو کەسە سەر لەنوێ لە دایك بوو بێتەوە، واتە دەتوانێت لەو گوناهانەی کە پێشتر ئەنجامی داوە تێپەڕ ببێت و جارێکی دیکە بۆیان نەگەڕێتەوە و نابێت چاومان لەسەر ڕابردووی ئەوان بێت لە سەردەمی جاهلیەتدا و بەتایبەتی لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەرەوە (د.خ) مەحکومیان بکەین بە گەڕانەوە بۆ گوناهکردن وەك ئەو ساتانەی کە ئیمانیان نەهێنا بوو [٣٩].

باوەڕمان وایە کە ئیمان بابەتێکە پەیوەستە بە دڵەوە هەروەك چۆن پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: "انما تقوی ها هنا" بە دەستی ئاماژە بەدڵی دەکات و دەفەرموێت ئیمان لێرەدایە، لە دڵدایە و مرۆڤ دەتوانێت جارێکی تر لەدایك بێتەوە و باوەڕمان وایە سەحابە بەختیار و لە ڕزگاربووانن چونکە جارێکی دیکە لە دایك بوونەتەوە و خوداش لە گوناهانی ڕابردوویان خۆش بووە و هەروەك چۆن لە قورئانیشدا هاتووە لێیان ڕازیە [رضی اللهم عنهم] سیفاتە ناشیرین و گوناه و کردارەکانی سەردەمی جەهالەتیان بۆ قۆناغی دوای ئیمانهێنیان نەگواستۆتەوە [٤٠].

سەحابە هەرکاتێك گوناهێکیان کردبێت یان هەڵە و کەموکورتیەکیان هەبوو بێت خودا گوناهەکانیانی بەهۆی تەوبە یانیش بەهۆی شەفاعەتی پێغەمبەرەوە بە سەرنجدان بە چاکە و ئەو پێشینەیەی هەیانبووە بەخشیووە. هەرکەسێك ئەگەر بە دیدێکی کراوە و ئینسافەوە سەیری

ژیان و کردارەکانیان بکات ئەوکات یەقینی بۆ دروست دەبێت کە چەندێك کرداری باش و زانستی بەسوود و هەوڵ و جیهادیان لە ڕێی خودادا ئەنجام داوە و ئەگەر چەند گوناهێکی کەمیشیان هەبوو بێت کە ئەگەر بەراوردیان بکەین بە کارە باشەکانیان شتێکی ئەوتۆ نیە چونکە خودا ئەوانی بە باشترینەکانی ئومەتەکان و سەدەکان هەڵبژاردووە {٤١}. و هەر کەسێك لە کتێبەکانی ریوایەت کە زانایان لەسەر ڕاستبوونیان کۆدەنگیان هەیە و ریوایەت، وتەی متواتر لە کتێبەکانی فەرموودە وەکو "صحاح، سنن، مسانید، معاجم، و اسماو و کتێبەکانی هەواڵی سەحابە و ژیانیان و غەزواتەکان و تەفسیر و فیقهدا" بڕوانێت بە یەقینێکی متەواترەوە پەی بەوە دەبات سەحابە پێشەوایان و ئیمامانی ڕێپیشاندان و چرای تاریکیەکان بوون و خودا لێیان ڕازی بووە و لێیان خۆش بووە {٤٢}.

ئیبن حەزمیش دەڵێت: لەوێدا کە خودا فەرموویەتی: ئەوەی کە لە دڵەکانیاندا هەیە دەزانێت و لێیان ڕازیە و ئارامشی خۆیی بۆ ناردوون، بۆ هیچ کەس دروست نیە کە لەبارەیانەوە هەڵوەستە بکات و یان گومان بچێتە نێو دڵیانەوە {٤٣}.

خودا لە قورئاندا فەرمانی داوە کە بۆ هەموو ئەو باوەڕدارانەی کە لە پاش سەحابە لە دایکبوون، کە دوعا و نزایان بۆ بکەن ڕەحمەت بۆ ڕۆحی پاکیان بنێرن هەروەك چۆن دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ جَاءُو مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ﴾ (الحشر: ١٠) واتە: "هەروەها ــ ئەو کەسانەی لە پاش ئەوان ــ مهاجرین و انصار- هاتن و دەڵێت: پەروەردگارا ئێمە براکانمان کە لە ئێمە لە ئیمانهێناندا پێشکەوتوون خۆش ببە و لە دڵەکانماندا رق و کینە سەبارەت بە باوەڕداران دامەنێ، پەروەردگارا تۆ میهرەبان و بەخشندەیت" {٤٤}.

پێشەوایانی هەر چوار مەزهەبەکەی ئەهلی سوننە جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەموو سەحابەکانی پێغەمبەریان خۆشدەوێت و لە بەدگومانی و ڕەخنەگرتن لێیان خۆمان دەپارێزین، ئیمامی شافیعی بە ڕەبیعی قوتابی دەڵێت: سێ شت لە منەوە فێر ببە یەکەم لەبارەی سەحابەی پێغەمبەرەوە خۆهەڵقورتان مەکە چونکە لایەنی بەرامبەرت لە ڕۆژی قیامەتدا خودی شەخسی پێغەمبەر دەبێت {٤٥}.

خودا تەوبەکاران دەبەخشێت و بۆ ئەم بەندە دەستەبژێرانەی خۆیشی بە پێغەمبەری (د.خ) فەرمووە کە ئەگەر خەوشێك و هەڵەیەکیان هەبوو لێیان خۆش ببێت: ﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ﴾ (أل عمران: ١٥٩) واتە: "لێیان خۆش ببە و بۆیان لە خودا داوای لێخۆشبوون بکە و لەکاروبارەکاندا ڕاوێژیان لەگەڵدا بکە". جگە لە سەحابە بۆ هیچ کەسێکی دیکە داوای لێخۆشبوون و ڕازیبوونی خودا لە چوارچێوەی سروشدا نەکراوە و ئەم بابەتەش بە دڵنیاییەوە هەڵگری پەیامێکی تایبەتە سەبارەت بە سەحابە بۆ ئێمە {٤٦}.

ئەبولحەسەنی ئەشعەریش دەڵێت: هەموو سەحابە ڕێبەرانی پارێزبەندن لە هەڵە و ئەگەری

تۆمەتبارکردنیان لە ئاییندا نیە لەکاتێکدا خودا و پێغەمبەرەکەی سەرجەمیانی ستایش کردوون و ئێمەیان بۆ ڕێزنواندن و پەیڕەویکردنیان ئەمر فەرمووە و لە ڕەخنەگرتن و کەموکورتی دۆزینەوە لە هەرکامێکیاندا ئێمەیان ئاگادار کردۆتەوە {٤٧}.

لە فەرموودەیەکیشدا پێغەمبەر دەفەرموێت: (خیرالناس قرني ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم) واتە باشترینی خەڵکانی مێژووی مرۆڤایەتی ئەو کەسانەن کە لەم سەدەیەدا لەگەڵ مندان و لەپاش ئەمانیش ئەو کەسانەن کە لە دوای ئەمان دێن، و پاشان ئەو کەسانەن کە لەپاش گرووپی دووەم دێن و هەمان فەرموودە بە چەند ریوایەتێکی تر هاتووە وەك: (خير امتي قرني، خيركم قرني) و ئیمامی نەوەوی دەڵێت: زانایان هەموویان لەسەر ئەوە هاودەنگن کە مەبەستی پێغەمبەر (د.خ) لە باشترین سەدە، سەدەی پێغەمبەر و مەبەستیش لە خیرالناس سەحابەکانی پێغەمبەری خودان {٤٨}.

بەگوێرەی باوەڕی ئەهلی سوننە خودا سەحابەی بۆ هاوکاریکردنی پێغەمبەر (د.خ) هەڵبژاردووە و ئەوانی وەك نێوانبەرێك بۆ گەیاندنی ئایین داناوە بۆیە ئەم تایبەتمەندی و ئیمتیازاتەی پێدان کە لەم دونیایەدا لە هەموو هەڵەکانیان خۆش بووە و مژدەی ڕازیبوون و بەڵێنی بەهەشتی لە قورئاندا بۆ دابەزاندن {٤٩}.

ئەگەر واش دابنرێت هەڵە و کەموکورتیەکانی سەحابە لە بابەتێکی دیاریکراودا بە ئیجتیهاد دانەنرێت بەڵکو بە ڕاستی گوناه بووە ئەوا ئەوەی کە لە خوداترسان و تەقوای ئەوان بەدیدەکرێت جگە لە گەڕانەوە و تەوبەکردن نەبووە، ئەگەرچی تەوبەکەشیان بە ڕواڵەت ڕانەگەیاند بێت و خەڵکیان لێ ئاگادار نەکردبێتەوە بەڵام خزمەتکردنیان بە ئایین و چاکەکانیان هێندە زۆر بووە کە بۆتە هۆی لێخۆشبوون و بەخشینیان تا ئاستی یەقین لە لایەن خوداوە بۆ ئێمە نزیکە {٥٠}.

کاتێك پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بووە پێغەمبەر و قورئانی بۆ هاتەخوارێ نەوەی یەکەمی سەحابە هەر وەك چۆن "سيد قطب" دەڵێت: (الجيل القرآني الفريد) بە نەوەی قورئانی کەم وێنە ناسران. چونکە پێغەمبەر (د.خ) ئەوانی پێگەیاند بوو کە ئیمان لە دڵەکانیاندا بیبێتە مەلەکە و هەرگیز بە زمانی پێغەمبەرەوە لێو بۆ درۆ نەکەنەوە و لە قورئانیشدا چەندین بەڵگە لەبارەی عادلبوون و ڕاستگۆبوونی سەحابە هەیە و بۆ نموونە لە بەیعەتی "رضوان"دا لەژێر سێبەری درەختێکدا تاقمێك بەیعەتیان بە پێغەمبەردا و خوداش لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿لَّقَدْ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِى قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا﴾ (فتح: ١٨) ئیتر خودا ڕازیبوون و لێخۆشبوونی خۆی بۆ ئەو تاقمە لە سەحابە دەربڕی و ئەوەشی لە قورئاندا بۆ هەمیشە تۆمار کرد سەحابەگەلێکی وەك ئەبوبەکر و عومەر و عەلیش لەنێوانیاندا بوون.

*. ڕێگری کردن لە باسکردن و ورووژاندنی ناکۆکیەکانی نێوان سەحابە:

ئەگەر تۆمەتی ناعادلبوون بخەینە پاڵ سەحابە کە ئەو نەوەیەن لە ڕێی ئەوانەوە ئایینی ئیسلام گەیشتۆتە دەستمان ئەوا لە ڕاستیدا حەقیقەتی ئایین دەبەینە گۆڕەپانی شك و گومانەوە و دەیخەینە ژێر پرسیارەوە، پێغەمبەر (د.خ) بە شەونخوونی و هەوڵی خۆی و بە پشتیوانی وەحی و سروش تا ئەو شوێنەی توانی

بێتی هەوڵی داوە هاوەڵان و یارانی عادلانە و ئەخلاقیانە پەروەردە بكات بەجۆرێك كە ئەخلاقیانە مامەڵە بكەن و ئەهلی سوننەش لە هەوڵی ئەوەدان لەو مرۆڤە عادلانە ئەوپەڕی سوود وەربگرن ئەخلاق و كردەوەیان و ئەزموونی رۆحی و لەخۆبردووییان بكرێتە سەر مەشق و ئەگەر ناكۆكیەكیش لەنێوانیاندا هەبێت نابێت بچێتە ناو خەڵكی بەگشتیەوە چونكە هیچ سوودێك لەمكارەدا نابینرێت [٥١].

سەبارەت بەو ناكۆكی و جیاوازیانەی كە لەنێوانیاندا روویداوە و تەنانەت ئەوانەشی كە لە مێژوودا تۆماركراون بۆ ئەوەی كە لە مێژوودا بمێننەوە و لەناو نەچن ئەمەش مافێكی مرۆڤایەتی و زانستی و مێژوونووسیە و تەنانەت هەندێكیش دەڵێن ئێمە لەسەرمان نیە تا لەبارەی سەحابەوە قسە بكەین و لەبارەی كردەوەكانیانەوە گەنگەشە بكەین بەڵكو هەر كاتێك باس هاتە سەر كردەوە و جێناكۆكانیان دەبێت بووەستین و بێدەنگ بین و بۆ ئەم مەبەستەش ئەم ئایەتە دەكەنە بەڵگە بۆ بیربۆچوونەكانیان ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ (بقرە: ١٣٤) واتە: "ئەوان ئومەتێك بوون رابردوون و كۆچیان كردووە، كردەوەكانیان پەیوەستە بە خۆیانەوە و كردەوەكانی ئێوەش پەیوەستە بە خۆتانەوە و ئێوە هیچ كاتێك بەرپرسیاری كردەوەكانی ئەوان نابن"[٥٢].

بۆچوونی ئیمامی شافیعیش لەمبارەوە بەم چەشنە بوو كە پێویستە خۆمان لە هەر جۆرە باسكردنی ناكۆكی نێوان سەحابە بپارێزین و خۆیشی لەمبارەوە بێدەنگی هەڵدەبژارد و باسی نەدەكرد. و بە بەڵگەوە لە "عومەری كوڕی عەبدولعەزیز"ەوە

**هەر شتێك كە لەلای خەڵكە مەدینە بوو بێتە دابونەریت و كرداری باوی ئەو شارە كەواتە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) زۆر لەسەر ئەو دیاردەیە كاری كردووە**

ریوایەتی دەكرد كاتێك لەبارەی رووداوەكانی نێوان سەحابەوە پرسیاری لێكرا لە وەڵامدا وتی: "لەو رووداوانەدا خوێنێك رژاوە كە خودا دەستی ئێمەی تێدا بە پاكی هێشتۆتەوە لەبەر ئەوە حەز ناكەم زمانم بەوە رەنگرێژی بكەم" شافیعیش لەسەر ئەم وتەیە دەیووت: "وتەیەكی لەمە بە نرخ و جوانتر نیە، چونكە بێدەنگی مرۆڤ لە شتێك كە هیچ سوودێكی پێناگەیەنێت باشترین كارە"[٥٣].

قسەكردن لەبارەی ناكۆكیەكانی نێوان سەحابە بنەڕەتێك نیە لە لای ئەهلی سوننە بەڵك بنەڕەتی بیروباوەڕی لای ئەوان ئەوەیە كە لەبارەی ئەم بابەتانەوە بێدەنگی هەڵبژێرێت و لەنێو كتێبە عەقیدەیەكاندا پانتایەكی زۆر لەبارەی ئەم بێدەنگیە دەبینرێت، بەتایبەتی لەكاتی فیتنە و تێكدانی زەینی خەڵكیدا زیاتر جەخت لەسەر ئەم بێدەنگیەوە دەكرێتەوە چونكە دەبێتە هۆی ئەوەی كە لە زەینی كەسەكەدا لەنێوان گەورەیی و عەدالەت و پلە و پایەی سەحابەدا جۆرە پارادۆكس و دژهاتنەوەیەك دروست ببێت[٥٤].

لە لایەكی ترەوە ئەهلی سوننە باس لەوە دەكەن هیچ پێویست ناكات ئەم هەلانە بۆ چینی گشتی باس بكرێت هەر وەك چۆن ئیمامی غەزالیدەڵێت:

**کاتێك دەڵێین سەحابە واتە ئەو کەسانە مرۆڤ بوون واتە هەموو لاوازیەکانی مرۆڤبوونیان تێدا هەبووە**

("الجام عوام" دەبێت چینی گشتی و خەڵکی لەم بابەتە دوور بخرێتەوە کە هەڵەی سەحابە بکەوێتە سەردەمی خەڵکی چونکە ئەوانیش مرۆڤ بوون و دەبێت کەرامەتی مرۆڤایەتیان پارێزراو بێت مامەڵەیەکی ئەخلاقیان لەگەڵدا بکرێت و هەروەها رێزی مرۆڤی کوچکردوو لەسەر باوەڕداران واجیبە)[٥٥].

لەلایەکی ترەوە نابێت بەهەندێك سیفاتی لە سەروو مرۆڤبوونەوە ببەخشین و ئەوانی تر کە کارگەلی زۆر گرنگیان بۆ ئیسلام ئەنجامداوە لەسەر شانۆ بسڕینەوە، بەگشتی دەبێت هەموویان لەچوارچێوەی مرۆڤبوون و سیفاتی مرۆڤایەتیدا ببینین و هەرکەسێکیش لەو ناکۆکیانەی کە لەنێوانیاندا هەبووە خۆی هەڵقورتێنێت لەکاتێکدا خودا لە گومانی خراپ لەبارەیانەوە بەشێوەیەکی ناڕاست و لە رووی دەمارگیریەوە هەمووانی ئاگادار کردۆتەوە و کەسێکە لەم چەشنە لە راستیدا بە دەستدرێژیکار بۆ سەر ئەوان دادەنرێت[٥٦]. لەمبارەشەوە شەهابی کوڕی خەراش دەڵێت: لە صالحین و پێشینانی ئەم ئومەتەم بیستووە کە دەیانوت سەحابەکانی پێغەمبەر (د.خ) بەجۆرێك لەنێو کوڕ و کۆمەڵی خەڵکیدا باس بکەن کە دڵی خەڵکی پێوەیانەوە ئولفەت بگرێت و هەڵە و لاوازیەکانیان باس مەکەن تا رای خەڵکی لە دژیان نەوروژێنرێت[٥٧].

لەلایەکی ترەوە دەبێت لەوەش دڵنیا بین ئەوانیش توانای زەینیان سنووردار بووە و هەروەك چۆن توانی جەستەییان سنووردار بووە، لەمەشەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی لەوانەیە هەواڵێك گەشتبێتە یەکێکیان و بەوانی تر نەگەیشت بێت، و هەڵەکەشیان بەهۆی ئەم بێ ئاگاییی و نەگەیشتنی هەواڵێکەوە بوو بێت بەڕادەیەك گەیشتۆتە ئاستی جەنگ و وەك ئەوەی لە جەنگی "جەمەل"دا دەبینرێت و بەڵام دواتر بەو هەڵەی خۆیان زانیوە.

لەم سۆنگەوە و بەتێڕوانینی ئەهلی سوننە، لەبەر ئەوەی سەحابە بە عادل دادەنرێن، ئیدی نابێت باسی ناکۆکی و فیتنە و هەموو ئەو شتانەی لەنێوانیاندا روویداوە، ئەگەر باسیش بکرێت دەبێت "توجیە" بکرێن و عوزریانەی بۆ بهێنرێتەوە و پاکانەیان بۆ بکرێت بەوەی کە ئیجتیهادیان کردووە، ئەویش لەسەر ئەو پێشگریمانەیەی کە هەر گوناە و هەڵەیەکیان کردبێت ئەوا تەوبەیان کردووە، ئەوەش ئاساییە کە گوناهیان کردبێت هەروەکو هەموو مرۆڤەکانی دیکە چونکە مەعصوم و بێگەرد نین و ئەمەش هیچ کاریگەریەکی لەسەر عادلبوونیان ناکات و شتێکی لەم چەشنەش نامۆ نیە چونکە هەروەکو ئاماژەی پێدرا مەعصوم نین. بەڵام ئەو کەسانەی کە پێغەمبەریان بینیوە و مونافیق بوون و گوناهکار بن و تەوبەیان نەکردبێت ئەوا بە سەحابە دانانرێن[٥٨].

ئیبن حەمدان لە "نهایە المبتدئین"دا وتوویەتی:

خۆشویستنی هەموو سەحابە و دوورکەوتنەوە لەوەی کە هەر شتێك لەنێوانیاندا روویداوە ئیدی بە نووسین، خوێندنەوە، بیستن و یان هەر شتێکی دیکە پێویستە لەسەر هەموان و باسکردنی کارە چاکەکانیان و رازیبوون لێیان و خۆشویستنیان و دوورکەوتنەوە لەوەی بکەوینە بەرەی بەرامبەریانەوە و دەبێت رابگەیەنین ئەوەی کە ئەنجامیان داوە لە رووی ئیجتیهادەوە بووە کەواتە ناچێتە خانەی "فسق و کوفر"ەوە بگرە بەپێچەوانەوە پاداشت دەدرێنەوە چونکە ئیجتیهادێکی رەوایان کردووە[٥٩].

شایانی وتنە کە کاری پەسەند و گونجاو بۆ ئێمە ئەوەیە کە خۆمان بەدوور بگرین لەباسکردن و وروژاندنی هەموو ئەو شتانەی کە لەنێوان سەحابەدا روویداوە و داوای لێخۆشبوون بۆ هەموو مسوڵمانان لە هەردوو گرووپ و تاقمەکە بکەین لە خودای گەورە و هەروەها خۆشویستنیانە، بەڵام لەسەرمان پێویست و واجیب نیە وا دابنێین هەر دوو تاقمەکە زانا و خاوەنی لێکدانەوە و تەئویل بوون بەڵکو لەنێوانیشیاندا کەسانی گوناهکار و لەوانەشە چەند کەسێك هەبوو بن بە هۆی نەفسیانەوە لەکاری ئیجتیهاد دا کەموکورتیان کرد بێت بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر ئەو کەموکورتیە لەگەڵ چاکەکانیان بەراورد بکەین بێگومان چاکەکانیان زۆرتر و لایەنی لێخۆشبوونی ئیلاهی زیاتر دەیانگرێتەوە. بۆیە ئەهلی سوننە لەبارەیانەوە بەباشی دەدوێن و سۆز و بەزەییان بۆیان هەیە و لە هەمان کاتیشدا بە مەعصومیان نازانن و ئەوەش بەهەند وەردەگرن کە لە ئیجتیهادەکانیاندا نەیان پێکاوە و بە تایبەتی کاتێك دانیان پێدا ناوە و تەوبەیان کردووە[٦٠].

"ذهبی"ش لە بارەی ناکۆکی و ناتەباییی نێوان سەحابەش ئاماژە بەم خاڵانە دەکات:

١. ناکۆکی و ناتەبایی سەحابە لەنێوان خەڵکیدا بڵاو نەکرێتەوە.

٢. شاردنەوەی ئەو ناکۆکیانە لەخەڵکی و تەنانەت لە هەندێك لە زانایانیش.

٣. تەنیا بە ژمارەیەکی دیاریکراو رێگای توێژینەوە بدرێت کە خاوەنی ویژدانن و بەدوور لە هەر جۆرە دەمارگیری و رق لێبوونەوە لە ئەوپەڕی رێز و داوای لێخۆشبوونەوە بۆ سەحابە لەبارەیانەوە توێژینەوە بکەن[٦١].

لە "کتاب السنە"دا ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلدا هاتووە: یەکێك لە کردەوە باشەکان، باسکردنی چاکەی هەموو سەحابەیە و خۆبەدوورگرتنە لە بیرخستنەوەی ئەو ناتەباییانەی کە لەنێوانیاندا بووە... بەڵکو خۆشەویستنی سەحابە یەکێکە لە سوننەتەکان و دوعای خێر بۆکردنیانە تا زیاتر لە خودا نزیك ببنەوە و پەیڕەویکردنیان هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە خوداوە و دەستگرتن بە ئاکارەکانیەوە هۆکاری بڵندبوونەوەی ئەخلاقە. پاشان ئیمام ئەحمەد دەڵێت: سەحابەکانی پێغەمبەر (د.خ) لە دوای خەلیفەکانی راشیدینەوە، باشترین کەسانی ئومەتن و بۆ هیچ کەسێك نیە کە باسی ناکۆیەکانیان بکات و هەڵەکانیان باس بکات یان تانەیان لێبدات و بە شوێن هەڵەکانیاندا بێت[٦٢].

## * رێگری لە "جرح و تعدیل" لەبارەی سەحابەوە:

جەرح بەو واتایە دێت کە کەسێك بخرێتەبەر نەشتەری رەخنە و لە رووی زمانەوانیشەوە بەواتای بریندارکردن و لە رووی زاراوەشەوە واتە ئەو کەسە

جێی متمانە نیە. تەعدیلیش واتە کەسێك بە عادل بزانین و کاتێکیش کەسێکمان بە سەحابە زانی واتە دانمان پێدا ناوە کە سەحابەیە و عادلە ئەمەش واتە پرۆسەی جەرح و تەعدیلی بەسەردا جێبەجێ کراوە. چونکە لەو سەردەمەدا ژمارەیەك لە مونافیقیش هەبوون ئەمەش وەك پێوەرێك وا بوو کە چ کەسێك سەحابەیە و بەپێچەوانەشەوە، هەروەك چۆن پێشتریش ئاماژەی پێدرا یەکێك لە و سیفەت و پێوانەی کە کەسێك سەحابەیە و چ کەسێکیش سەحابە نیە، ئاماژەش بەوە درا یەکێك لە سیفەتەکانی سەحابە بوون ئەوەیە کە ئیمان لە دەروون و دڵیدا بوو بێتە مەلەکە و جێگیر بوو بێت و لەسەر زاری پێغەمبەریش درۆ نەکات، ئەمەش بەو واتایی نا لەبارەیانەوە هیچ لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی ژیانیانەوە نەکرێت، بەڵکو هەر ئەوەندە توێژینەوە دەکرێت کە بزانرێت سەحابەن یان بە پێچەوانەوە، کاتێکیش زانرا کە کەسێك سەحابەیە کەواتە عادلە و پەنا بۆ درۆ نابات، ئەمەش بەو مانایەی لەلای ئەهلی سوننە و "علم رجال" لە ریوایەتیەکاندا پرۆسەی جەرح هێندە درێژە پێبدەن لەبارەی کەسێکەوە تا دەگەنە ئەوەی کە سەحابەیە. ئەم کاری ناسینی کاروباری کەسانیش لە سەدەکانی پاش کۆچی دوایی پێغەمبەرەوە (د.خ) دەست پێدەکەن و ئەمە لە کاتێکدایە کە شیعە لە کەسانێکەوە دەست پێدەکەن کە لە دەوربەری پێغەمبەردا بوون و هەر لەو ساتەوەختەوە دەست پێدەکەن{٦٣}.

بەگوێرەی بۆچوونی ئەهلی سوننە جگە لەوەی کە سەحابە پلەیەکی باڵایان هەیە و عادلن و بەڵام توانا مرۆڤیەکانی ئەوانیش بە باشی دەرك پێدەکەن، گریمانەی ئەوە دادەنێن کە وشەیەکیان لەبیر چوو بێت یان پاش و پێشیان خست بێت، کەواتە بۆ چارەسەری ئەم گرفتە لە زانستی فەرمووددا دوو بەشی تر هەیە کە یەکەمیان عادلبوونی سەحابە و دووەمیش بە "درایت" ناو دەبرێت و بریتیە لە بەراوردکردنی ریوایەت لەگەڵ دەقی قورئان و فەرمووددا بۆمان دەردەکەوێت لەکوێیدا گرفتێك هەیە بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێت چونکە ئەوانیش مرۆڤ بوون ئەمەش وامان لێدەکات کە دەبێت زیاتر ئاگادار بین و هەموو شتێکی سادە و تەنها بە مەرجی سەحابە بوون وەرنەگرین. بۆ ئەوەی کە ئێمە بزانین –جگە لە رێی توێژینە- کە سەحابە عادلن یان نا ئەوا بۆ ئەم مەبەستە ئەهلی سوننە ریوایەتی سەحابە بۆ دوو گرووپ دابەش دەکەن{٦٤}: یەکەمیان ریوایەتی پێدەوترێت، دووەمیش: "درایت"ی پێدەوترێت.

واتە هێندە بەس نیە کە ریوایەتێك سەحابەیەك گێڕابێتیەوە و بۆ کەسێك لە تابعین و دواتریش موسلیم و بوخاری تۆماریان کردبێت، بەڵکو دەق و ناوەڕۆکی ریوایەتەکەش توێژینەوەی لەسەر کراوە کە ئایا لەگەڵ رۆح و شێوازی قورئاندا دەگونجێت یان نا، یان لەگەڵ ریوایەتێکی تری "متواتر"دا دێت یان نا چونکە زانستێك هەیە بەناوی زانستی "اختلاف حدیث". بۆ نموونە ئەگەر دوو ریوایەت هەبن لە رووی ماناوە وەك یەك نەبن و پێکەوە گونجانیش لە نێوانیاندا نەبوو، چۆن ئەو دووانە لەیەك جیا بکەینەوە ئەوا ئەم کارە بە رێکارە زمانەوانیەکان ئەنجام دەدەین. بۆ نموونە ئێمە بنەما و پێوەری قورئانیمان هەیە و سەحابەیك ریوایەتێکی نەقڵ کردووە و لەوانەیە بەهۆی مرۆڤبوونیەوە هەندێك لەو وشەکانی پێغەمبەری گۆڕانکاری بەسەردا هێنا بێت ئەوا

ئێمە لە ڕێگەی پێوەرە قورئانییەکانەوە دەتوانین بزانین کە ئەم فەرموودەیە گۆڕانکاری تێدا کراوە یان نا چونکە زۆرجار سەحابە ریوایەتەکانیان و ژیان و سیرەی پێغەمبەریش بریتیە لە ڕاڤە و تەفسیری ئەو بنەما و پێوەرانەی کە قورئاندا بوونی هەیە، بۆ نموونە گۆڕینی دروستکراوەکانی خودا لە قورئاندا حەرامە و شەیتان یەکێك لە هەڕەشەکانی کە دژی مرۆڤ دەیکات ئەوەیە کە لەبەردەم خودادا پەیمان دەدات کە نەوەکانی ئادەم وا لێبکات کە گۆڕانکاری لە خەلق و دروستکر اوەکانی خودادا بکەن ﴿وَلَأُضِلَّنَّهُمۡ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمۡ وَلَأٓمُرَنَّهُمۡ فَلَيُبَتِّكُنَّ ءَاذَانَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ وَلَأٓمُرَنَّهُمۡ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلۡقَ ٱللَّهِۚ وَمَن يَتَّخِذِ ٱلشَّيۡطَٰنَ وَلِيّٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ فَقَدۡ خَسِرَ خُسۡرَانٗا مُّبِينٗا﴾( النساء:١١٩) ئەهلی سوننە فەرموودەیەك لە "عەبدوڵای کوڕی مەسعود" دەگێڕنەوە کە دەڵێت: "پێغەمبەری خودا دەفەرموێت لەعنەتی خودا لەکەسێك کە برۆ لادەبات و دانەکانی خۆی شاش دەکات" و لە کۆتایی ریوایەتەکەدا هاتووە دەڵێت: "المغیرات لخلق الله" واتە ئەمانە چەند نموونەیەکن بۆ گۆڕانکاری لە دروستکراوەکانی خودا کە بنەماکانی لە قورئاندا بوونیان هەیە[٦٥].

بەپشتبەستن بە عادلبوونی سەحابە ئەو بەشەی کە پەیوەستە بە جەرح و تەعدیلەوە واتە ئەو توێژەرانەی کە لەو کەسانەی کە ریوایەتەکانیان گێڕاوەتەوە و جەرح و تەعدیلیان ئەنجام داوە و دەریانخستووە کە ئەو کەسانە عادلبوون یان نا[٦٦]. ئەگەر عادلیش بوو بێت و بەڵام سەلمێنرا بێت ئەو ریوایەتەی کە نەقڵی کردووە بەجۆرێك لە جۆرەکان گرفت و کێشەی

> **ئەگەر رواڵەتی ریوایەتەك وا دەربکەوێت کە لە سەحابەکەوە هەڵەیەك روویدا بێت، مسوڵمان دەبێت باشترین بەڵگەپێدان و عوزری بۆ بێنێتەوە**

تێدایە چیدی ئەو ریوایەتە بەهەند وەرناگیرێت. بەڵام خودی سەحابە ناچنە نێو فیلتەر و پرۆسەی جەرحەوە چونکە سەحابە کەمترین ئاستی عادلبوونیان هەیە و ئەم ئاستە دەگونجێت لە سەحابەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاواز بێت یەکێکیان لەوانەیە لەویدی بە تەقواتر و داناتر بێت، بەڵام چونکە پەروەردەی خودی پێغەمبەرن ناتوانین بە ناعادل حسابیان بکەین و ئەمەش "ابن کثیر" لە "اسد الغابە" ئاماژەی پێداوە و وتوویەتی ناکرێت سەحابە بە ناعادلبوون تۆمەتبار بکرێن[٦٧].

## * سپاردنی هەڵسەنگاندنی کردوەکانی سەحابە بە کەسانی پسپۆڕ "فقە تاریخ":

ئەهلی سوننە و جەماعە پێیان وایە کە دەبێت فەقیە لەبارەی ئیجتیهادی سەحابە و هەڵە و کەموکورتیەکانیان توێژینەوە بکات لەبەر ئەوەی دەبێت مامەڵەیەکی ئەخلاقیانەمان هەبێت و هیچ پێویست بەوە ناکات باشترین نەوەی پەروەردەکراوی پێغەمبەر (د.خ) بکرێنە بنێشتە خۆشەی دەمی خەڵکی و لەمبارەوە وتەیەکی ئیمامی عەلی هەیە کە دەڵێت: "حدثوا الناس بما یعرفون، أتحبون

ئەو جەنگانەی
که له نێوان
سەحابەدا
روویانداوە بەڵگەی
روونە لەسەر مرۆڤ
بوونی ئەوانە

أن یکذب الله و رسوله" واته: لەگەڵ خەڵکیدا بەو هەمان ئەندازە قسە بکەن کە تێدەگەن، ئایا پێتان خۆشە بە دەم خوداوە و پێغەمبەرەوە درۆ بکرێت". (حافظ) لەبارەی ئەم وتەیەی حەزرەتی عەلیەوە دەڵێت: ئەم وتەیەی حەزرەتی عەلی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نابێت ئەو شتانەی کە گومان دروست لە لەلای خەڵك باس بکرێت{٦٨}.

ئەمەش بەو واتایە نیە کە ئەم بابەتە بوو بێتە بابەتێکی چینایەتی و هیچ کەسێکیش لە چینی گشتی نەتوانێت توێژینەوە بکات و یان توێژینەوە تایبەت بێت بە نەوە یان بنەماڵەیەکی تایبەتەوە، بەڵکو هەموو کەسێك دەتوانێت لێکۆڵینەوە بکات بەو مەرجەی بەدووی لەکەدارکردنی کەسایەتی و ئیمانی سەحابەدا نەبێت و هەروەها ئاستی زانستی خۆیان بە خوێندنەوە لەم بوارەدا بەرز بکەنەوە و بگاتە پلەیەك کە بە پسپۆر بناسرێت و بەبێ بەڵگە و دەلیلەوە قسە نەکات، ئەمەش جیاوازی زۆرە لەگەڵ ئەوەدا کەس مافی توێژینەوەی نیە یان تایبەتە بە فەقیە و زانایانی تایبەتەوە بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە سەحابە هێڵی پێکەوەبەستنی "وصل"ی پێغەمبەرن (د.خ) بە ئێمەوە و لە وەرگرتنی ئایینی ئیسلامدا نابێت رەخنەیان لێبگیرێت و کەسێکیش کە خوازیاری توێژینەوەیە دەبێت چەند مەرجێکی تێدا بێت کە گرنگترینیان ئامانجی و نیەتی توێژەر و زانستەکەی لە پلەیەکی باڵادان. لە هەموو زانستەکاندا بەم چەشنەیە و کەسێك کە لە بوارێکدا پسپۆری نیە و پسۆر نیە نابێت لەبارەی بدوێت. بەڵام ئەو کەسە دەتوانێت بە خوێندنەوەی جیدی شێلگیرانە بگاتی ئاستی کەسانی پسپۆڕ. لەبەر ئەمەشە لە لای ئەهلی سوننە هەرکەس تەقوای زۆرتر بێت پەیوەندی بەوەوە نیە کە لە "ئەهلی بەیت" بێت یان نا، بەڵکو بەستراوە بەڕادەی هەوڵی تاکەکەسەکەوە و هەرکەسێك زۆرتر دەزانێت و لێهاتوویی زیاترە پەیوەندی بە خێزان و بنەماڵەوە نیە و لە رووی ویژدان و قەناعەتی مرۆڤایەتیشەوە ئەمە لۆژیکی ترە{٦٩}.

هەروەها پێغەمبەری ئیسلام ماوەی بیست و سێ ساڵ لەگەڵ گرووپێك لە مرۆڤەکان ژیاوە و متمانەی پێیان هەبووە و نابێت ئێمەش گومانی خراپمان بۆیان هەبێت و بەدبین و رەشبین بین بەرامبەریان. یان تەنانەت وا بیر بکەینەوە پاشایەك لە شوێنێکدا هەبووە و خزمەتکارێکی هەبووە و لەگەڵ پاشادا ژیاوە و متمانەی پێی هەبووە، بۆ زانینی ژیانی ئەو پاشایە چ کەسێك باشتر لەو خزمەتکارە و دۆستان و کەسانی نزیکی شك دەبەین. لە لای ئەهلی سوننەش لەبەر ئەوەی سەحابەکانی پێغەمبەر (د.خ) یەکەمین نەوە و یەکەمین توێژ بوون کە زانیاری و وردەکاریەکانی ئیسلامیان لە پێغەمبەرەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو گواستۆتەوە تا بگاتە دەستی ئێمە و سەرجەم مسوڵمانان، شکاندنی شکۆیان لە رێی رەخنە،

هەڵەدۆزینــەوە، تۆمەتباركـردن، سـەب و لەعنـەوە دەرەنجامەكـەی بـێ نـرخ كـردن و شـكاندنی ئـەو زانسـت و هەواڵانەیـە كـە لـە ڕێـی ئەوانـەوە پێمـان گەیشـتووە[٧٠].

ئەهلی سـوننە تێڕوانینیـان لەبارەی ژیاننامـەی سـەحابە و ئـەو توێژانـەی لەمبـارەوە دەكرێـت بـۆ ئـەو ئامانجـە نیـە كـە كەرامەتـی مرۆڤایەتیـان بخەینـە ژێـر پرسـیارەوە بەڵكـو بـۆ ئـەو خاڵەیـە كـە كاتێـك لەبـارەی صحابـەوە دەدوێـن بـۆ ئەوەیـە كـە پلەیـان جیـاواز بـووە و وەكیـەك و چوونیـەك نەبـوون تەنانـەت سـەحابەگەلی گـەورەی وەك خەلیفەكانـی ڕاشـیدینیش هەڵەیـان هەبـووە، و لـە ڕووی ئەخلاقـی و ڕێبـازی لێكۆڵینەوەشـەوە ئەركـی ئێمەیـە بـۆ ئـەوەی دەسـتكاری ئاییـن نەكرێـت و لـە تەحریـف پارێـزراو بێـت ئەگـەر لەبـارەی هەڵەكانیشـیانەوە شـتێك بوترێـت یـان كارێـك ئەنجـام بدرێـت بـۆ ئـەوە نیـە بـۆ شـكاندنی شـكۆی كەسـایەتی و یـان مورتـەد زانیـن و كـەم نرخكردنـی ئـەو زەحمەتـە فراوانەیـان بێـت كـە هـەر یەكەیـان لـە ئاسـتی خۆیـەوە بـۆ ئایینـی ئیسـلام كێشـاوە و لـەم بوارەشـدا هەوڵـی زانایانـی وەك بوخـاری لـە بـارەی "فتـن" -بـە تۆماركردنـی ئـەو هەڵانـەی كـە سـەحابە ئەنجامیـان داوە-و خاوەنـی "جامـع الاصـول" لـە بەشـەكانی تایبـەت بـە قیامـت وەك "حـوض" ئەوانەیـان بـاس كـردووە[٧١].

## دەرەنجام:

دواجار دەتوانیـن بڵێیـن كە سـەحابە لـەلای ئەهلی سـوننە و جەماعـە عادلـن، واتـە لەسـەر زمانـی پێغەمبـەرەوە درۆ ناكـەن و دەبێـت بزانرێـت مەبەسـت لـە سـەحابەبوون چیـە. واتـە هەركەسـێك كـە لەگـەڵ پێغەمبـەردا ژیـا بێـت سـەحابە نیـە، دەبێـت هێنـدە لـە خزمـەت فەرمـوودەكانـی پێغەمبـەردا بـوو بێـت و لەگەڵیـدا ژیـا بێـت كـە ئیمـان لـە نـاخ و دەروونیـدا چەسـپا بێـت و بـوو بێتـە مەلەكـە بەجۆرێـك چ بیەوێـت و چ نەیەوێـت نەتوانێـت بـێ ئیمـان بێـت و هـەر شـتێك كـە پێغەمبەر(د.خ)فەرموویەتـی یـان ئەنجامـی داوە بەباشـی دەركیـان كردبێـت و لـە ئامانـج و مەبەسـتی گەیشـت بـن و پێغەمبـەری لـە ناخـی دڵیـەوە خـۆش بوێـت هـەر بـە هەمـان چەشـن كـە پێغەمبـەر (د.خ) سـەحابەكانی خۆیـی خۆشویسـتووە لـە ڕیوایـەت و فەرموودەكانیـدا ستایشـی كـردوون، چونكـە ئـەوان لـە نزیكـەوە لەگـەڵ پێغەمبـەردا مامەڵەیـان كـردووە و ئاییـنـی ئیسـلامیش لەڕێـی ئەوانـەوە گەشـتۆتە دەسـتمان و عـادل بـوون كەواتـە تەعدیلیـان ناكەیـن بەڵكـو دەیانكەینـە سەرمەشـقی خۆمـان.

سـەحابە هەموویـان عادلـن و ئەمـەش بـەو مانایـە نـا هیـچ توێژینەوەیـەك لـە ڕیوایەتەكانیانـدا نەكرێـت و هەڵەكانیـان قەبـوڵ بكەیـن بەتایبەتـی ئەوانەیـان پەیوەندیـان بـە ئاینـداری و قیامەتـەوە هەیـە، بەڵكـو بەپێچەوانـەوە ئەمـە وامـان لێدەكات كـە زیاتـر هوشـیار بیـن چونكـە ئەوانیـش مـرۆڤ بـوون و وەحـی و سروشـیان بـۆ نەهاتـووە و عادلبوونیشـیان بەواتـای بێخـەوش بـوون و مەعصـوم بوونیـان نیـە لەوانەیـە چەنـد كەموكورتیەكانیشـیان هەبێـت و لـە ڕیوایەتەكانیشـیاندا لەوانـە جێگۆركـێ و تێنەگەیشـتن و تەنانـەت فەرامۆشـكردنیش ڕوویـدا بێـت ئەمـەش وایكـردووە لـەلای ئەهلـی سـوننە گرنگـی زیاتـری پێبدرێـت و ببێـت بـە زانسـت ڕیوایەتەكانیـان پۆلێنبەنـدی بكرێـن و جۆرەكانـی فەرمـوودە دەسـت نیشـان بكرێـن وەك "متواتـر، آحـاد، ضعیـف و ...هتـد،" بەجۆرێـك پارادۆكـس

و دژهاتنەوەی فەرموودە لەلای ئەهلی سوننە کەمتر بێت چونکە ئەوانیش مرۆڤ بوون و ئیجتیهادیان کردووە نە ئەوەی بێخەوش و مەعصوم بن.

لەبارەی باسنەکردنی ناتەبایی و ناکۆکی نێوان سەحابەکانیش ئەهلی سوننە باوەڕیان وایە سەحابە مرۆڤگەلی عادل بوون هەرگیز بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی و دونیاییان ئەم کارانەیان ئەنجام نەداوە یان بەهۆی ئەوە نەبووە کە ئیمان و باوەڕیان لاواز بوو بێت بەڵکو ئەوان عادلبوونو مرۆڤ بوون، مرۆڤبوونیش واتە ئەگەری ئەوە هەیە کەسێك تووشی هەڵە و نەپێکان بێت، بەڵام ئیمان لەلایان مەلەکە بووە و بە هەمان شێوەش عەدالەت لەلایان مەلەکە بووە وەك هەر مرۆڤێکی دیکە هەڵەیان کردووە و بەڵام دواتر تەوبەیان کردووە بە گوێرەی ئایەتی قورئانی [... و يتوبون من قريب... ] و خوداش تەوبەکەیانی وەرگرتووە.

ئایین و ئاییندارییش بابەتێکی نەقڵیە بەو واتایەی کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، لەبەر ئەمەش ئەهلی سوننە پێیان وایە نەوەی یەکەم کە ئایینی ئیسلامیان بۆ ئێمە ریوایەت کردووە و گواستوویانەتەوە، چۆن بووە هەر بەو چەشنە بۆ ئێمەیان گواستۆتەوە بەبێ ئەوەی بچووکترین درۆ بخەنە پاڵ کرداتر و وتەکانی پێغەمبەرەوە (د.خ) و ئەمانەتدارێکی دەستپاك بوون ئەگەر کەمترین گومانێك لە راستگۆییاندا هەبێت ئایین دەچێتە نێو چوارچێوەی گومانەوە.

بە تێڕوانینی ئەهلی سوننە توێژی سەحابە و دابونەریتی خەڵکی مەدینە لە رووی پێوەرە ئەخلاقیەکانەوە زۆر نزیکتر بوون لە ئاکارەکانی پێغەمبەرەوە و پێیان وایە ئەم نەوەیە لە لایەن پێغەمبەرەوە پەروەردە کراوە و نابێت و ناشگونجێت گوناه و تاوان لەو کۆمەڵگەیەدا بوو بێتە دیاردە و کەسێك یان خەلیفەك بە ویستی خۆی بیەوێت دەستکاری شەریعەت و تەنانەت قورئانیش بکات و یان رێی پێبدرێت بە پێچەوانەی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر هەڵسوکەوت بکات چونکە پێغەمبەری ئیسلام چەندین ساڵ بە پشتیوانی قورئان لەم بوارەدا کاریان کردووە و ئەگەر شتێکی پێچەوانەی ئەمە بێت ئەمەش بەو مانایە کە پێغەمبەری ئیسلام سەرکەوتوو نەبووە و بە شکستخواردوو دادەنرێت.

لەم سۆنگەشەوە لە لای ئەهلی سوننە "جەرح و تەعدیل" تا کاتێك رێپێدراوە کە بۆیان روون بوویەوە کە ئەوان سەحابە بوون و کاتێکیش ئەمە روون بوویەوە ئیدی ئەو پرۆسەیە روویداوە و و تەعدیل روویداوە ئەمەش بەو مانایە کە ئاکارێکی ئەوتۆی هەبووە و ئەخلاقیانە مامەڵەی کردووە بەناوی پێغەمبەرەوە درۆی نەکردووە.

شیکاریەك کە لە زانستی فەرموودەدا بۆ وەرگرتنی ئایین هەیە زۆر جیاوازەترە لەو توێژینەوەی کە لە بواری مێژوودا هەیە، چونکە توێژینەوەی مێژوویی بەبێ کەموکورتی نیە و لە لای ئەهلی سوننەوە جەخت لەسەر عادلبوونی سەحابە دەکەنەوە، ئەمە لەکاتێدایە مێژوونووسیش دەبێت راستگۆ و عادل بێت و خۆی لە درۆ بپارێزێت بەتایبەتی لە ژیان و سیرەی پێغەمبەری ئیسلامدا.

دواجاریش بە بۆچوونی ئەهلی سوننە هیچ رێگەیەکی تر بوونی نیە بۆ دەستکەوتنی سوننەت و وەحی و تەنانەت ژیان و سیرەی پێغەمبەری ئیسلام و بۆ دەستکەوتنی ئاکار و

ڕەوشتی نەوەی یەکەمی قورئانی تەنیا خودی ئەم نەوەیە —سەحابە-ن.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

١. سەحابە هەر دوو ڕەگەزی پیاو و ئافرەت لە خۆ دەگرێت، بە کەسانی باڵغ و پێگەشتووەوە بەڕای سەرجەم کەسانی شارەزا و ئەهلی حەدیس چەمکی سەحابە دەیانگرێتەوە، بەڵام کەسانی ناباڵغ و ناپێگەیشتوو و ئەوانەی گەیشتوونەتە تەمەنی تەمیز بە سەحابە دادەنرێن، وەکو هەر دوو نەوەی پێغەمبەر (د.خ) حەسەن و حسێن، عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر و ... هتد، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: : الذهبي، أبوعبدالله، مفهوم عدالت صحابه (مفهوم عداله الصحابه)، ناشر دیجیتالی: سایت عقیده، بدون ذکر محل و سال چاپ، ص٨.

٢. مەبەست لە بینینی پێغەمبەر بینینی ڕاستەوخۆی ڕوخساری پێغەمبەر نەبووە چونکە کەسانێك هەبوون بە هۆی نابینایییەوە لەوانەیە ڕوخساری پێغەمبەریان نەدیت بێت بەڵام ئەمانەش بە سەحابە هەژمار دەکرێن، بۆ زیاتر بڕوانە: جلال حبیب الله، نیهاد، پێناسی هاوەڵان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ١٤٣٣، ل ٦.

٣. چاوپێکەوتنی توێژەر (یاسین حەمەسەعید) لەگەڵ مامۆستا تەحسین حەمەغەریب،ڕێکەوتی ٢٠١٣/٤/١٤.

٤. جلال حبیب الله، نیهاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦-١٧.

٥. تەحسین حەمەغەریب، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

٦. مەبەست لە مەلەکەبوونبریتیە لەوەی کە شتێك لە ناخی مرۆڤدا دروست بێت و نەتوانێت دەستبەرداری ببێت بۆ نموونە کەسێك کەخوێندەوارە ئیدی خوێندەواری لە ناخ و بوونیدا بۆتە مەلەکە و ناتوانێت نەخوێندەوار بێت، بەڵام کەسێك کە خوێندەوارە و خوێندەواریتییدا بۆتە مەلەکە بەو مانایە نیە لەکاتی خوێندنەوەدا یان نووسیندا هەڵە ناکات بگرە تووشی هەڵە دەبێت کە بە دووبارە خوێندنەوە و پێداچوونەوە بە نووسینەکانی پەی بە هەڵەکانی خۆی دەبات و ڕاستیان دەکاتەوە و لێرەشدایە کە دەتوانین لە مانای ئایەتی قورئانی: ﴿ إِنَّمَا ٱلتَّوۡبَةُ عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعۡمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٖ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٖ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا ١٧ ﴾ (النساء: ١٧) تێبگەین و بەجوانی درکی پێ ببەین.

٧. تیۆریای "عەدالەتی سەحابە" یەکێکە لە پایە سەرەکیەکانی باڵاکانی سیستمی سیاسی ئەهلی سوننە و جەماعەت، لەبەر ئەمەیە کە هەندێك لە نووسەران باوەڕیان وایە لەسەر بنەمای ئەم تیۆریایە کە ئەهلی سوننە و جەماعەت سیتسمی خەلافەتی ئیسلامیان وەك تەنیا سیستمێکی شەرعی ئیسلامی خستۆتەڕوو، بۆ زیاتر بڕوانە: فیرحی، داود، نظام سیاسی و دولت در اسلام، انتشارات سمت، چاپ هشتم، قم، زمستان ١٣٨٩، ص ٩٤.

٨. ئەهلی سوننە و جەماعەت بۆ سەلماندنی عەدالەتی سەحابە پەنایان بۆ چەند نموونەیەك بردووە کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین، بۆ نموونە ئیمامی نەوەوی دەڵێت: "الصحابه کلهم عدول، من لا بس الفتن و غیرهم باجماع من یعتد به" واتە هەموو سەحابەکان عادلن چ ئەو کەسانەی کەوتوونەتە نێو فیتنەوە و چ ئەوانەشیان نەکەوتوون، و ئەم بیروبۆچوونەش ڕێکەوتنی هەموو ئەو کەسانەیە کە وتەیان جێی متمانەیە.

٩. تەحسین حەمەغەریب، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی

پێشوو.

١٠. ئەوەی کە زۆربەی زانایانی ئیسلامی لەسەری یەك بۆچوون و لەسەری کۆکن ئەوەیە کە باشترین زانست لە دوای قورئان، زانستی فەرموودەیە، چونکە زۆرێك لە بابەتەکانی نێو قورئان بە تایبەتی حوکمەکان بەشێوەیەکی کورت و گشتی ئاماژەیان پێکراوە، تایبەت و گشتی بوون و ناسخ و منسوخ بوونیان جگە بە فەرموودەکانی پێغەمبەر روون نابێتەوە، بۆیە لەم روانگەوە خودا (جل جلاله) دەفەرموێت: ﴿بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِۗ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ﴾.{نحل: ٤٤} واتە: ئێمە ئەم قورئانەمان بۆ تۆ نارد تا بۆ خەڵکی ئەوەی بۆیان نێردراوە روون بکەیتەوە و بەو هیوای کە ئەوان بیر بکەنەوە. بڕوانە: الدقر، عبدالغنی، (امام نووی) ترجمە: عبدالله پاسالاری، ناشر دیجیتالی: سایت عقیدە، بدون ذکر محل و سال چاپ، ص٥١.

١١. تەحسین حەمەغەریب، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

١٢.ازاد، محمد سلیم، چرا صحابە را عادل می دانیم؟، ناشر دیجیتالی: سایت عقیدە، بدون ذکر محل و سال چاپ، ص٨.

١٣. النعمە، ابراهیم، ماینبخب ان یعرفە المسلم عن الصحابە، مرکز بحوث والدراسات الاسلامیە، بغداد، ٢٠١١، ص١٠.

١٤. تەحسین حەمەغەریب، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

١٥. فراخوان دفاع از صحابە، سلیمان ناصر العلوان، (الاستنفار فی الذب عن الصحابە الأخیار)، ناشر دیجیتالی: سایت عقیدە، بدون ذکر محل و سال چاپ، ص١٧.

١٦. تەحسین حەمەغەریب، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

١٧. علیاو نسب، چیاوالدین، صحابە در قرآن، مرکز انتشارت مؤسسە ی آموزشی و پژوهشی امام خمینی، چاپ اول، تابستان ١٣٨٣، ص ٢٧١.

١٨. العقیل، محمد بن عبدالوهاب، روش امام شافعی: در اپبات عقیدە، ناشر دیجیتالی: سایت عقیدە، بدون ذکر محل و سال چاپ، ص ١٠٨ - ١٠٩.

١٩. أقاصالحی، علی، امام شافعی و شاگردان مکتب بغداد و مصر، از ناشر دیجیتالی: سایت عقیدە، ١٣٨٧هـ.ش، ص٧٦-٧٧.

٢٠. تەحسین حەمەغەریب، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

٢١. هەمان سەرچاوە.

٢٢. هەمان سەرچاوە.

٢٣. شیخانی، علی باقر، عدالت از دیدگاه تشیع و تسنن، مرکز پژوهشهای اسلامی صدا و سیما، چاپ اول، ١٣٨٣ هـ .ش، محل چاپ: قم، ص٣٨.

٢٤. رضوانی، علی اصغر، پیشین، ص ٢٩٢.

٢٥. نقدی، محمد، با یاران پیامبر(ص)، ناشر دیجیتالی: سایت عقیدە، بدون ذکر محل و سال چاپ، ص٣.

٢٦. تەحسین حەمەغەریب، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

٢٧. بۆ نموونە هەندێك لە رەخنەگران و نەیارانی تیۆریای عەدالەتی سەحابە هۆکاری ئیمان هێنانی هەندێك لە سەحابە بەم چەشنە باس دەکەن: "بەگوێرەی هەواڵەکانی ئینجیل و تەورات بۆ هاتنی پێغەمبەرێك لە ناوچەی حیجاز و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لەماوەیەکی کورت بەسەر نیمچە دوورگەی عەرەبیدا و دواتریش بەسەر زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا، دەرکەوتنی پێغەمبەر و هاتنی بوو بوو بە بابەتێك کە هەموان چاوەڕوانیان دەکرد، بەجۆرێك کە گروپێك لە یەهودیەکان بە دەیان ساڵ

بەر لە هاتنی پێغەمبەر بۆ دەوروبەری شاری یەسریب "مەدینە" کۆچیان کرد بوو، هەندێك لە قورەیشییەکانیش کە پەیوەندی تایبەتیان بە جوولەکانەوە هەبوو دەیانزانی کە ئایینی ئیسلام دوارۆژێکی پرشنگداری هەیە و لەم رووەشەوە بۆ گەشتن بە پلە و پایە و بەرژەوەندی مادی و دونیایی، بوونە شوێنکەوتەی ئایینی ئیسلام". بۆ زیاتر بڕوانە: دایرەالمعارف اسرار اهریمن: بدون ذکر نویسندگان و محل و سال چاپ، ص٢٥٨.

٢٨. قدر اصحاب رسول الله (ص) را بدانید، پنج سؤال و جواب در مورد صحابە از ابن تیمیە، بدون ذکر نویسندە و محل و سال چاپ، ناشر دیجیتالی: سایت عقیدە، ص١٣.

٢٩. ابن تیمیە،سەرچاوەی پێشوو، ل ٦.

٣٠. تألیف: مرکز پژوهشها و مطالعات مؤسسەی أل و اصحاب، گزیدەهایی از میراث أل و اصحاب، ترجمە: (قبسات من تراث الال والاصحاب)، بخش اول، ناشر دیجیتالی: سایت عقیدە، بدون ذکر محل و سال چاپ، ص١٥١.

٣١. نجاتی، محمد نوح، (اجتهاد، اتباع، تقلید)، جمع آوری و تخریج احادیث: محمد عید عباسی، ناشر دیجیتالی: سایت عقیدە، بدون ژکر محل و سال چاپ، ص١١.

٣٢. تەحسین حەمەغەریب، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

٣٣. بۆ نموونە حەزرەتی عائیشە ریوایەتی کردووە کە ئیمامی عەلی تا شەش مانگ بەیعەتی بە حەزرەتی ئەبوبەکر نەدا، دژ بەیەك نایەتەوە. "ئەبوسەعید خدری"ش لە ریوایەتێکدا دەڵێت عەلی بەیعەتی بە ئەبوبەکر دا، لەبەر ئەوەی عائیشە بەگوێرەی ئاگایی خۆی قسەی کردووە و ئەبو سەعید خدریش بە گوێرەی ئاگایی خۆی قسەی کردووە، وتەی کەسێکیش لەسەر کەسێك کە نازانێت و ئاگای لێ نیە بەڵگە و حوجەتە بۆ زیاتر بڕوانە: تألیف: مرکز پژوهشها و مطالعات مؤسسەی ال و اصحاب، احترام و تقدیر متبادل بین صحابە و اهل بیت، ناشر دیجیتالی: سایت عقیدە، بدون ذکر محل و سال چاپ، ص٥٣.

٣٤. تۆمەتبارکردنی حەزرەتی عائیشە لە لایەن رەخنەگرانیەوە کە گوایە خوازیاری سەرۆکایەتی و خەلافەت بووە، بۆ نموونە دەڵێت: "عائیشە خۆی سەرکردایەتی سوپاکەی دەکرد و وەك خەلیفەیەکی شەرعی لە کاروبارەکانیدا مامەڵەی دەکرد، وای بۆ دەچم کە ئەو خواستی ئەوەی هەبوو کە دەتوانێت جێی باوکی بگرێتەوە" بۆ زیاتر بڕوانە: سودانی، عبدالمنعم حسن، با نور فاگمە (سلام الله علیها) هدایت شدم، مترجم: سید حسین محفوقی موسوی، ناشر چاپی: بنیاد معارف اسلامی، ناشر دیجیتالی: مرکز تحقیقات رایانەای قائمیە اصفهان، چاپ اول، ١٣٨٣ هـ.ش، ص١٤.

٣٥. محمد صلابی، علی محمد، جنگ جمل، (از کتاب سیرە أمیر المؤمنین علی بن أبی طالب و شخصیت و عصر او)، ناشر دیجیتالی: سایت عقیدە، بدون ژکر محل و سال چاپ، ص٢٥٨.

٣٦. العقیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٢-٣٤٣.

٣٧. سەفارینی لە"الدرە المضیە" لەمبارەوە دەڵێت:

و احذر من الخوض الذي قد یزریبفضلهم مما جري لو تدري

فانه عن اجتهاد قد صدرفاسلم اذل الله من لهم هجر

واتە: لە قووڵبوونەوە لەبارەی ئەوەی کە لە نێوان سەحابەدا رووی داوە خۆت بپارێزە، چونکە لەوانەیە بەبێ ئەوەی بەخۆت بزانی لە گەورەیی و فەزلیان کەم بکەیتەوە، و ئەوەش بزانە هەموو ئەو شتانەی کە ئەنجامیانداوە لە رووی ئیجتیهادەوە بووە کەواتە خۆت بگرە و مسوڵمانێکی هوشیار بە، چونکە خودا هەر کەسێك بەجێ بهێڵێت ئەوا پەست و زەلیلی دەکات. بڕوانە بۆ:العقیل، هەمان، ص٣٤٠-

.٣٤١

٣٨. رۆژێك لە ئیمامی شافیعیان لەکاتی خستنەڕووی بیروڕاکانیدا یەکێك لە ئامادەبووان وتی ئەوەی کە تۆ دەیڵێیت لەگەڵ بیروڕای ئیمامی عەلیدا جیاوازە، ئەویش لە وەڵامدا وتی من کێم تا لە بەرامبەر بیروڕای حەزرەتی عەلیدا بۆچوونم هەبێت، من سەرم دەخەمە رووی زەوی تا ئیمامی عەلی بە پاپوچەکانی پێ بنێت بەسەرمدا، من هەرگیز بۆچوونی جیاوازم لەبارەی کردار و بۆچوونی ئەو زاتەدا نیە.

٣٩. ئیمامی شافیعی لەبارەی رەتکردنەوەی لێخۆشبوونی سەحابە دەڵێت: هەر کاتێك کەسانێك دەبینم کە خوویان گرتووە بە باسکردنی خراپی سەحابەی پێغەمبەرەوە ئەوە وا لێکدەدەمەوە کە خودا دەیەوێت لەم رێگەیەوە لە هەمبەر ئەو کەموکورتیانەی کە لە کردارەکانیاندا هەیان بووە زیاتر لێیان خۆشبێت و پاداشتیان بداتەوە. بڕوانە بۆ: العقیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٢.

٤٠. تەحسین حەمەغەریب، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

٤١. ابو انس، السید بن عبد المقصود، دیدگاه اهل سنت دربارەی مشاجرات و اختلافات میان صحابە کرام، ناشر دیجیتالی: سایت عقیده، بدون ذکر محل و سال چاپ، ص ١٧.

٤٢. محمد بن قاسم، محمد عبدالرحمن، اهل بیت رسول الله (ص) و صحابە ایشان، (چکیدەای از کتاب منهاج السنه نوشتەی ابن تیمیە)، از انتشارات سایت عقیده، بدون ذکر محل و سال چاپ، ص١٤٥.

٤٣. الوهیبی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

٤٤. دبیری العوچی، اسحاق بن عبدالله، بهترین انسانها بعد از پیامبر (خیرکم قرنی)، تهیه کننده: وزارت اوقاف و شئوون اسلامی کویت، انتشارات حقیقت، چاپ اول، سال ١٣٨٧، ص ٤٣.

٤٥. ابو انس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

٤٦. ئازاد، محمد سلیم، چرا صحابە را عادل می دانیم؟، از انتشارات سایت عقیده، بدون ژکر محل و سال چاپ، ص١١٣.

٤٧. داود فیرحی، نظام....، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥.

٤٨. محمد حسان: الفتنه بین الصحابه، مکتبه فیاچ للتجاره و التوزیع، الطبعه الاولی، مصر- المنصوره، ٢٠٠٧، ص ١٨.

٤٩. شفیع، محمد، مقام صحابه، ترجمه: عبدالله سربازی، ناشر دیجیتالی: سایت عقیده، بدون ذکر محل و سال چاپ، ص١٢١-١٢٢.

٥٠. شفیع، هەمان سەرچاوە، ص ١٢٣-١٢٤.

٥١. لە هەمانکاتدا رەخنەگران و نەیاران چەند بیرکردنەوەیەکی خۆشبینانە بە خستنەڕووی چەند پرسیارێك دەخەنە ژێر پرسیارەوە و بۆ نموونە دەڵێن: "لەوانەیە پرسیارێك بکرێت چ سووربوونێك هەیە لە بارەی ئەوەی کە ئەم ناکۆکیانە بەمشێوەیە لەبارەیانەوە قسە بکرێت؟ ئەم کەسایەتیانە سەر بە رابردوون و ناکۆکی و جیاوازی لەمبارەوە بۆ ئێمە سوودێکی نیە. کە دەبێت لەم سۆنگەوە بووترێت، چارەسەرکردنی ئەم بابەتە بۆ سەردەمی ئێستامان گەلێك گرنگە. چونکە ئەگەر بە بەڵگە قورئانی، ریوایەتی و مێژوویی و تەنانەت عەقڵیەکانیش بسەلمێنرێت هەموو سەحابە لەیەك ئاستدا نەبوون، ئەوا گەورەیی و لێهاتوویی هەندێکیان بەسەر ئەوانی دیکەدا دەسەلمێنرێت و بە ئاسانی دەتوانرێت ئەوانەیان کە لەپێشترن زیاتر بکرێنە سەرمەشق و لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بسەلمێنرێت هەندێکی تریان عادلنەبوون ئەوا پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیان دەچێتە ژێر پرسیارەوە و ئەو فەرموودانەی لەمانەوە وەرگیراون

چیدی بەهای خۆیان لە دەست دەدەن. بۆ زیاتر بڕوانە: حائری، صالح، عدالت صحابە، سپیده دم ١٢، بدون ژکر محل و سال چاپ، ص٨.

٥٢. رظوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣١-٢٣٢.

٥٣. العقیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٢.

٥٤. الوهیبی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

٥٥. پێشەوایانی ئەهلی سوننە زۆر جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکەنەوە بۆ نموونە: رۆژێك پیاوێك هاتە لای ئەبو زەرعە و وتی من زۆر رقم لە مەعاویە دەبێتەوە، ئەبوزەرعە وتی بۆچی؟ پیاوەکە وتی چونکە مەعاویە لە دژی عەلی کوڕی ئەبوتالیب جەنگا، ئەبو زەرعە وتی پەروەردگاری مەعاویە زۆر میهرەبانە و لایەنی بەرامبەریشی کە عەلی کوڕی ئەبوتالیبە زۆر بەخشەندەیە دەی کەواتە بۆچی لە نێوانی ئەم دووانەدا خۆت هەڵدەقورتێنی. بڕوانە بۆ: ابو انس، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

٥٦. ابن تیمیە، مشاجرات بین اصحاب، ترجمە: عبدالمتین، از انتشارات سایت عقیدە، بدون ذکر محل و سال چاپ، ص٥٥.

٥٧. ابو انس، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

٥٨. الخمیس، عثمان بن محمد، حقبە من التاریخ، دار ابن الجوزی، الطبعە الاولی، مصر — القاهرە، ٢٠٠٧، ص ١٧٢.

٥٩. العقیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤١.

٦٠. ابن تیمیە، خلفای ......، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢-٤٣.

٦١. ابو انس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

٦٢. الخمیس، محمد بن عبدالرحمن، عقیدەی امامان چهارگانەی اهل سنت، ناشر دیجیتالی: سایت عقیدە، بدون ذکر محل و سال چاپ، ص٤٧.

٦٣. سودانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

٦٤. تەحسین حەمەغەریب، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

٦٥. هەمان سەرچاوە.

٦٦. زانایان هەوڵێکی فراوانیان بۆ جیاکردنەوەی فەرمووودەی "صحیح و حسن" لە "ضعیف، معتل و موضوع" داوە، بۆ نموونە بوخاری فەرمووودەی صەحیحی کە چوار هەزار فەرمووودە بوون لە کۆی شەش صەد هەزار فەرمووودەدا دەرهێنا و موسلیمیش کارێکی هاوشێوەی ئەوی ئەنجامدا. ئیمام ئەحمەدیش سی هەزار فەرمووودەی لە کۆی حەوت صەد پەنجا هەزار فەرمووودەدا لە مەسنەدەکەیدا وەك فەرمووودەی صەحیح ناساندووە. بۆ زیاتر بڕوانە: الدقر، پیشین، ص٥١.

٦٧. رضوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.

٦٨. الوهیبی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.

٦٩. تەحسین حەمەغەریب، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

٧٠. زمانی، محمد حسن، گفتوگوی مذاهب (عدالت صحابە)، مۆسسەی بوستان کتاب قم، چاپ اول، ١٣٨١ هـ. ش، ص ٢٦.

٧١. سبحانی، جعفر، فرهنگ عقاید و مذاهب اسلامی، جلد اول، انتشارات توحید قم، چاپ اول، آژر ١٣٧١ هـ. ش، ص٢١٣.

# ئەخلاقناسی و ئایین ناسی
# ئایین ناسی لە پەنجەرەی ئەخلاقەوە

موسعەب ئەدهەم

## دڵۆپێك:

ئەوەی لەم نووسینەدا دەیخوێنیتەوە، هەوڵدانێکی سەرەتایی و گچکەیە لە خوێندنەوەی و روانینی دەرەئایینیانە بۆ نێو ئایین، بە مانایەکی تر لە دەرەوەی ئایینەوە دەیەوێت سەیری جیهانێکی مەزنی وەکو ئایین بکات، (دیارە لەم جیهانەشدا جەختکردنەوە و قسەکردن لەسەر خاڵێك، چونکە سەیرکردنی ئایین چ لە دەرەوەی خۆیەوە و چ لەناو خۆیەوە لە توانای نووسینێکی لەمجۆرەدا نیە)، بە پشتبەستن بە گووتە جوانەکەی مەولانای رۆمی: "ماسی بۆ ئەوەی هەست بە مەزنی ئاو بکات، دەبێت بێتە دەرەوەی ئاو". لێرەدا هەوڵدراوە لەم دیدگا و ئەم روانینەوە بابەتەکە روون بکرێتەوە، ئیدی هەم بەڵگەکان و هەمیش خودی بابەتەکە لەبەرئەوەی لە دەرەوەی ئایینەوە دێنەوە ناو ئایین، بۆیە کەمتر پشت بەبەڵگەی ئایینی بەستراوە، جۆری دیدگا و ئەو بانگەشەی سەرەوەش ئەوە دەخوازێت. ئەمەش دەشێت بڵێین جۆرێکی تر روانین و خوێندنەوە و تێگەیشتنە هەم لە ئایین و جیهانی ئایین و هەمیش هەموو ئەو چەمك و گەوهەر و مرواریانەی لە نێو دەریای ئایین و ژیاننامەی مەزنێکی وەکو پێغەمبەر "د.خ" زیدەتر مەزنی و پێویستیان نومایان دەبێت.

## ئەخلاقناسی

لە سەردەمێکدا کە روانین و دیدگای مرۆڤەکان رووەو دەرەوە و تەیکردنی رێگاکانی دەرەوە و دوور لە خۆیانن، کە ئەمەش راست پێچەوانەی برینی رێگای ناوەکی و دوورکەوتنەوەیە لە خودی خۆیان

و نیشتیمانی رەسەن و راستەقینەی خۆیان و (مەولانا) گووتەنی، دروستکردنی ماڵ و خانەیە لە سەرزەمینی ئەوانی دیکە، بۆیە ئێمە کاری خۆمان ناکەین، بەڵکو کاری ئەوانیتر دەکەین.

در زمین دیگران خانه مکن
کار خود کن کار بیگانه مکن

واتە: "لە زەمینی ئەوانیتر ماڵ دروست مەکە، کاری خۆت بکە، کاری بێگانە مەکە".

بابەتی "مانا" و "مانای ژیان" کە یەکێکە لە سەنتەریترین بابەتەکانی سەردەمی نوێ هەر لە فەلسەفەوە تاکو دەگاتە ئایین جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە ئەو شتە یان بابەتە چۆن مانا بە ژیانی من دەبەخشێت، تەنانەت پێش راستبوون و هەڵەبوونی هەر شتێك بابەتی "مانا"یە، بۆ نموونە ئێمە کاتی قسە لەمەڕ بابەتێك دەکەین، سەرەتا دەبێت ئەوە روون ببێتەوە ئەو شتە ماناداره یان نا، پاشان راستبوون و هەڵەبوونی بەسەردا بدەین[١]، بەڵام وەك فەیلەسوفی بەناوبانگ (کارل پۆپەر) دەڵێت: پرسیارکردن لەبارەی مانای ژیانەوە، دەگۆڕێت بۆ پرسیارێکی ئەخلاقی و پەیوەست دەبێت بە زانستی ئەخلاقەوە. ئەم پرسیارەش دەتوانرێت بەمجۆرە بخرێتەڕوو: دەبێت من چ کار و وەزیفەیەك بگرمە ئەستۆ تاکو ژیانم مانادار بێت؟ یان لەسەر زمانی (کانت): دەبێت چی بکەم؟[٢]

بۆیە وەك ئەو فەیلەسوفەی ئەخلاق دەڵێت، حاڵی ئێمەی مرۆڤی سەردەمی نوێ بۆ پێویستیمان بە ئەخلاق و بابەتە ئەخلاقیەکان وەکو حاڵی ئەو نەخۆشەیە کە لە نیوەشەودا زۆر پێویستی بە پزیشك دەبێت. لە لایەکەوە لەو کاتەدا بە ئاسانی دەستی ناگاتە پزیشك و لە لایەکی ترەوە زۆر پێویستی پێیەتی، ئیدی پێویستمان بە

**ئەگەر ئەخلاق بوونی نەبێت، ئایین جێگیر نابیت. چونکە هەموو ئایینی تاکە کەس پشت بەئیمان و وتەکانی ئەو دەبەستێت**

جیهانە مەزن و بەرینەکەی ئەخلاقە بۆ ئەوەی لێیەوە بچینەوە نێو جیهانی راستەقینە و رەسەنی خۆمان و مژۆڵی کاری خۆمان بین، لە رێگەی گەیشتن بە مرۆڤتربوون و ناسینی رێگە و دواجار گەیشتن بە پلەی تەواوکاری "کمال" کە ئەمەش یەکێك لە ئامانجە هەرە مەزنەکانی ئایینەکان بەگشتی و ئاینی پیرۆزی ئیسلامیشە.

لەم کورتە نووسینەدا چەند دڵۆپە خاڵێکمان خستۆتەڕوو و لە باخی مەعریفەدا چەند گوڵێکمان هەڵبژاردوە، ئەوانیش بەراوردێکی ئەخلاق یان وردتر بڵێین، قوتابخانەیەکی گەورە و مەزنی وەکو ئەخلاقی فەزیلەت یان فەزیلەتگەراییە لەگەڵ ئایینداا کە لە دێرزەمانەوە هەر لەیۆنانیە دێرینەکانەوە باسوخواستی لەسەر بووە تاکو دەگاتە سەردەمی نوێ کە بە گرنگترین و گەورەترین و پڕ لایەندارترین قوتابخانەی ئەخلاقی دەژمێردرێت.

## سێ قوتابخانە مەزنەکەی ئەخلاق:

هەر لە بەرەبەیانی دەرکەوتنی مرۆڤ و بوونی لەم سەرزەمینەدا، بابەتی ئەخلاق و کردار و رەفتارەکانی جێگەی سەرنج و قسە

**قوتابخانەی ئەنجامگەرا سەری ئەنجامی کارەکان دەکات بۆیە نە جوانی و نە ناشیرینی پەیوەست نین بە خودی کارەوە بەڵکو پەیوەستن بە ئەنجامەوە**

لەسەرکردن بوون، بۆیە بە درێژایی ئەم مێژووە پیرە، ژیر و عاقڵەکانی مرۆڤایەتی بیروڕای خۆیان و تێگەیشتنیان لەسەر ژیان و بوون دەربڕیوە و لەم رووەوە ئەخلاق هەم لە ئایینەکان "چ ئاسمانی بن یان زەمینی" نەك هەر قسەی خۆیان، بەڵکو گرنگترین جێکەوتیان لە بواری ئەخلاق و چۆنیەتی بیرکردنەوە و چیەتی رەفتار و کردارەکان کردوە، زیادەڕۆیی نیە گەر بڵێین، مرۆڤ بە بێ ئەخلاق مرۆڤ نیە، و یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی مرۆڤیش لە نێو تایبەتمەندیە سەرەکی و گرنگەکانی بابەتی ئەخلاق و کردارەکان و بەرپرسیاریەتی و ئەرك و کاریەتی لەم جیهانەدا.

بۆیە چەندین قوتابخانە و تیۆریای گرنگ لەم رووەوە سەریان هەڵداوە و جێکەوتی خۆیان لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی مرۆڤایەتی بەجێهێشتوە، لێرەدا دەشێت بڵێین زۆرینەی بۆچوونەکان و فەیلەسوفان و زانایانی ئەخلاق و ئەخلاقناسی، لەسەر ئەوە کۆکن ئەم سێ قوتابخانەیە گەورەترین و بەناوبانگترین و دیارترینی ئەو قوتابخانانەن کە بوونیان هەبووە، ئێستا بە جۆرێك لە جۆرەکان رەنگدانەوە و رۆڵیان لەسەر بیر و زەینی مرۆڤەکان داناوە، ئەوانیش:

١- قوتابخانەی ئەرکگەرا یان وەزیفەگەرا، ئەم قوتابخانەیە جەخت لەسەر ئەرك دەکاتەوە و پێی وایە مرۆڤ دەبێت ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، ئیدی دەرەنجام چی دەبێت، گرنگ نیە. (کانت) دەڵێت: راست بڵێ تەنانەت گەر گەردوون و فەلەك وێران ببێت. لە راستیدا ئەرك و وەزیفەی مرۆڤ راست وتن و راستگۆییە. خودی کردارەکان چاك و خراپیان هەیە[٣].

٢- قوتابخانەی ئەنجامگەرا، ئەم قوتابخانەیە بە پێچەوانەوە، سەیری ئەنجامی کردارەکان دەکات، راست لە خودی خۆیدا نە چاکە و نە خراپ، نە ناشیرین و نە جوان، ئەوەی چاك و خراپە بەرهەم و ئەنجامەکانیەتی، ئەگەر بەرهەم و دەرەنجامەکانی چاکن، دەتوانێت چاك بێت و بە پێچەوانەشەوە گەر دەرەنجامەکانی خراپن، ئەوە خراپە. لە راستیدا هیچ پیرۆزیەك لە راست وتن و هیچ پیسی و ناشیرینیەك لە درۆ وتندا نیە. ئێمە شەیدا و پەرێشانی هیچ کردارێکی ئەخلاقی نین، کاتێك دەوترێت چ بەرهەم و ئەنجام گەلێك چاك و باشن، لێرەدا جیاوازی بوونی هەیە. دەبێت سەیری بەرهەم و ئەنجام بکرێت و بڕیار بەسەر ئەوەدا بدەین. بەرهەم و ئەنجام چێژ دەهێنێت، واتە ئەوەی کردارێك ئایا باشترین چێژ بۆ زۆرترین تاك فەراهەم دەکات، یان نا. بۆیە لەبەرئەوەی گەر سەیری بەرهەم و ئەنجام بکەین و بەوە قایل بین، ئەوە ئەو بەرهەم و ئەنجامانە چاکە و خراپەیان هەیە، لە کاتێکدا خودی ئەم بابەتە ئەوە پیشان نادات چ بەرهەم و ئەنجام گەلێك چاك و باشن[٤].

٣- قوتابخانەی فەزیلەتگەرا، لە ئەخلاقی

فەزیلەتگەرا "بكەر" سەنتەر و چەق، نەك دەرەوەی بكەر، واتە، نە كردار و رەفتارەكان كە لە مرۆڤەوە سەرهەڵدەدەن و نە بابەتە تیۆریەكانیش.

## فەزیلەتگەرایی یان ئەخلاقی فەزیلەت:

لە سەرەتای قۆناغی ڕێنسانسەوە وردە وردە ئەخلاقی فەزیلەت بە سوودی دوو ركابەری تر كەوتە كەنارەوە، لە رۆژئاواشدا لە هەموو شوێنێكدا ئەخلاقی فەزیلەت بڵاوبوو. (ئەفلاتۆن، ئەرستۆ، تۆماس ئەكویناس) مەزنەكانی ئەخلاقی فەزیلەت بوون، بەڵام لە قۆنافی ڕێنسانسدا دوو قوتابخانەی ئەخلاقی دەركەوتن، یەكێكیان ئەخلاقی وەزیفەگەرایی (كانت) و ئەویتریان ئەخلاقی ئەنجامگەرایی كە سەرەتا و بنەماكەی (جرجی بنتام) و (جۆن ستیوارت میل) بوون.

ئەم دوو دیدگایە وردە وردە ئەخلاقی فەزیلەتیان دواخست و لە نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا ئەخلاقی فەزیلەت هیچ جێگە و پێگەیەكی نەبوو و لە واقیعدا ون بوو، هەموو بیرمەندان ئەخلاقی ئەنجامگەرایان قبوڵ بوو، بە تایبەت (بنتام) كە باوەڕی وا بوو كە باوەڕی بە سوودگەراییە یان ئەخلاقی وەزیفەگەرایی كە (كانت) دەستپێك و سەرەتای بوو. لە ناوەڕاستەكانی سەدەی بیستەم بوو وردە وردە كەسانێكی وەكو (ئەلزابیپ ئونسكۆم)، شاگردی (ڤیتگنشتاین) و خاتوو (فیلیافوت) و ئەوانیتر هاتنە مەیدانەوە و بەهێزی خۆیان سوودیان لە لاوازیەكانی ئەو دوو قوتابخانەیە وەرگرت، باس و بابەتەكانی ئەخلاقی فەزیلەتیان خستەڕوو، بە دەستەواژەیەك مەیدان بە تەواوی ئامادە بوو بوو. پاش ئەوان خانم (ئایرس مورداك) لە كتێبی (ئەودیو سروشت وەكو رێنمونیەك بۆ ئەخلاق) كە كۆمەڵێك وتاریانە و هەروەها خاتوو (روزاینی هرتس هیرت) هاتنە ناو مەیدانەكەوە{٥}.

## تایبەتمەندیەكانی ئەم قوتابخانەیە چین؟

گرنگترین تایبەتمەندیەكانی ئەخلاقی فەزیلەت یان فەزیلەتگەرایی دەشێت بڵێین ئەمانەن:

ئامانجگەرایی: لە دوو قوتابخانەكەی پێشوودا ئەرك سەنتەر و گرنگە و لە دوەمیشیاندا، ئەنجام، زۆرترین سوود یان كەمترین زیانی هەیە، لە كاتێكدا لە ئەخلاقی فەزیلەتدا، بۆ نموونە: ئەرستۆ، كە سەر بە قوتابخانە فەیلەتگەرایە و فەلسەفەی رۆمیەكان و یۆنانیەكانیش سەر بەم قوتابخانەیەن، لە پێناسەی فەزیلەتدا مرۆڤی كردۆتە ئامانج، بەو مانایەی فەزیلەتی بە ئامانجێك بۆ گەیشتن بە خۆشبەختی مرۆڤ داناوە، كە هەمان مەبەست و كاری سەرەكی مرۆڤیشە بۆ ئەوەی لەم دونیایەدا پێی بگات{٦}.

پەروەردەكردنی دەروون، ئەخلاقی فەزیلەت كۆمەڵە بەهایەك روون دەكاتەوە و ئاراستەیان دەكات بۆ مرۆڤەكان بۆ حاڵەتە دەروونی و دەرەكیەكان، بە تایبەت بۆ پاڵنەرەكان، ویستەكان، خوو و نەریتەكان و ئەمەش لەگەڵ ئەو واقیعیەتەدا سازگارە كە ئێمە حاڵە گەلی ناوەكی و دەروونی مرۆڤەكان و خودی مرۆڤەكان و شێواز و جۆری كەسایەتیەكان بەوە دەزانین كە حوكمە ئەخلاقیەكان دەیانگرێتەوە، نەك تەنها كار و كردەوەكانیان، لە كاتێكدا لە ئەخلاقی ئەركگەرا و ئەنجامگەرادا، وەك خاتوو "ئایریس مورداك"ی فەیلەسوفی فەزیلەتگەرا

دەڵێت، تەنها كرداره دەرەكی و دیارەكان دەبنە بابەتی گوزاره ئەخلاقییەكان{٧}.

لەوەش گرنگتر و كۆی هەردوو تایبەتمەندیەكە ئەخلاقی فەزیلەت جەخت لەسەر كردار دەكاتەوە نەك داوەریكردن و بڕیار و حوكمدان بەسەر ئەوانیتردا، ئەمەش راست كرۆكی ئایینە كە ئیمان كە گەورەترین چەمك و داخوازی ئایینە، پەیوەندی تەواوی بە كردارەوە هەیە و بەرهەمی ئیمانیش بریتیە لە كردارەكان.

## ئەخلاق و ئایین

هەم ئایین و هەمیش ئەخلاق بە درێژایی مێژووی ئێمەی مرۆڤ نەك دوو بابەتی نزیك لەیەك و میوانی ماڵێك بوون، بەڵكو هەمیشە وەكو بابەت و كایەی مەزنی وەك یەك تاكو رادەی ئەوەی كە لە یەكدی جودا نەبنەوە، سەیركراون. ئێمە لێرەدا بۆچوونی بەرامبەریشمان هێناوە كە هەندێك پێیان وایە جیاوازن و هەندێكی تر پێیان وایە یەك شتن، ئەمەش بۆ ئەوەی وێنا گەورەكە باشتر ببینین و لە ئاوێنەی هەریەكەیانەوە سەیری ئەوی دی بكەین.

١- ئەوانە باوەڕیان وایە یەك شتن، وەكو "ئایینی كۆنفۆشیوس"، "پاركەر"ی فەیلەسوف، مەسیحیەت سەدەی بیست.

٢- ئەوانە باوەڕیان وایە دوو دیاردەی جیاوازن، دوو بەشن:

أ- هەر یەكێكیان دیاردەیەكی سەربەخۆ و پەیوەندیان بەیەكەوە نیە. هەر یەكێك لە بوار و حەوزەیەكی جیاوازە لە ئەوی تر.

ب- ئەوانەی باوەڕیان وایە پەیوەندی لە نێوانیان هەیە: چوار كۆمەڵ و دەستەن.

١- بە گشتی یەك نین و جیاوازن: ئایین جگە لە ئەخلاقە و لەگەڵ ئەخلاق پێچەوانەیە و بە پێچەوانەشەوە.

٢- لە چەند بەشێكدا یەكن: ئایین تاكو رادەیەك لەگەڵ ئەخلاقدا ناسازگارە. ئەخلاقیش بە پێچەوانەوە.

٣- ئاستی گشتی: بە تەواوی پەیوەندیان بە یەكەوە هەیە.

٤- ئاستیلاوەكی: تاكو رادەیەك ئاشتی لە نێوانیان هەیە.

## جیاوازی ئەخلاق و ئایین

زانایان و بیرمەندانی ئەخلاق و ئەخلاقناسی پێیان وایە دەشێ لە سێ روەوە سەیری جیاوازییەكانی ئاین و ئەخلاق بكەین، هەڵبەتە هەر یەكێك لەم سێ رووەش بۆ خۆی كایەكی گەورەیە و هەریەكەیان بۆخۆی چەندین لقی تر و باسی تریان لێدەبێتەوە، لێرەدا هەوڵدراوە بە كورتی رووی جیاوازی ئەم دوو كایە مەزن روون باس بكەین، لایەنە جیاوازەكانیش ئەمانەن:

١- زمان. (زمانی ئایین و زمانی ئەخلاق جیاوازن)

٢- مەعریفەتناسی لە رووی زانیاری و بەڵگەوە، هەر یەكێكیان سەرچاوەی تایبەت بە خۆی هەیە.

٣- بوونناسی. سەرچاوەی هەریەكەیان و دروستبوون یان بوونی هەریەكەیان لەوی دی جیاوازە.

## پێویستی ئەخلاق بە ئایین

١- لە پێناسەكردنی ئەخلاقدا، چارەیەكمان نیە، جگە لە گەڕانەوە بۆ چەمكە ئایینیەكان.

٢- بۆ ئەوەی پۆلینی بکەین، پێویستمان بە ئایینە.

٣- بۆ ئەوەی پێرستی چاکە و خراپەکان بکەین پێویستمان بە ئایینە. (واتە عەقلی مرۆڤ بە تەنها ناتوانێت چاکە و خراپە دیاری بکات.)

٤- بۆ زامنکردنی جێبەجێکردنی ئەخلاق پێویستمان بە ئایین هەیە.

## پێویستی ئایین بە ئەخلاق:

١- ئەگەر ئەخلاق بوونی نەبێت، لە بنەڕەتدا ئایین جێگیر نابێت و ناسەلمێت. چونکە هەموو ئایینی تاکە کەس پشت بەئیمانو وتەکانی ئەو کەسە دەوەستێت. بۆ ئەوەی پشت بە کەسێك ببەستین چارەکمان نیە جگە لەوەی ئەو کەسە ئەخلاقیانە مامەڵە بکات. ئەگەر ئەخلاق نەبێت ئێمە نازانین بونیاتنەران و دامەزرینەرانی ئایین و مەزهەبەکان راست دەکەن یان نا"جۆن هیك"

٢- ژیانی بە بێ ئەخلاق ئیمکانی بوونی نەدەبوو. بە هەمان شێوە ئیمکان ئایینیش بە بەبێ ئەخلاق نەدەبوو[٨].

بە پێی فێرکاریەکانی (بودا) مرۆڤ بێجگە لەوەی دەبێت ناتوانین و سنووردارییەکانی خۆی بناسێت، دەبێت ئاگاداری ئەو هێزانەش بێت لەناو نەفسی خۆیدان، ئەم هێزانەش باشترین و بەهێزترینی ئەو هێزانەن لە مرۆڤدا شاردراونەتەوە، ئەم داستانەی کە دەرونناسی بەناوبانگی ئەڵمانی "ئەریك فرۆم" لە کتێبەکەیدا "دەروونناسی و ئایین" دەیگوازێتەوە، نموونەیەکە لەم شێوازی بیرکردنەوەیە و باسکردنە لە هێزە دەروونیەکان:

سەردەمانێك کەروێشکێك لە ژێر درەختێکدا دانیشتبوو و خەوی پێداکەوتبوو کە هەڵدەستێت، سەیر دەکات هەمووان رادەکەن، پرسیار دەکات بۆ رادەکەن، ئەو کۆمەڵە ئاژەڵەش دەڵێن، پێیان وتین دونیا کۆتایی هاتووە، دواتر کۆمەڵێکی تر دێ، دەڵێن ئێوە بۆ رادەکەن ئەوانیش هەمان وەڵامیان پێ دەبێت، دەڵێن، وتیان دونیا کۆتایی هاتووە، ئەویش دەڕوات تاکو دەگاتە ئەو شوێنەی کە هەموو ئاژەڵەکان لەو شوێنەوە هەواڵەکیان پێگەیشتووە، لەوێ گیاندارێك دەبینێت، کە پەرێشان بووە، دەڵێت، چی بووە هاوڕێ ئەویش دەڵێت، خەوم لێکەوتبوو، گەڵایەك بە خەبەری هێنامەوە و راچەڵکیم، وامزانی دونیای کۆتایی هاتووە، ئیدی بۆی دەردەکەوێت ئەم قسەیە لەوێوە هاتووە هیچ شتێك لە ئارادا نیە، بەڵام ئاژەڵەکانی تر لەم قسەیەوە وا تێگەیشتوون، دونیا کۆتایی هاتووە، بە بێ ئەوەی خۆیان لەم رووەوە سەرنج بدەن و بزانن راستە ئەم قسەیە یان نا[٩].

ئەخلاقی ئایینی و ئایینیەکان جەخت لەسەر ئاگاداربوونی مرۆڤ لە نەفس و هێزەکانی خۆی دەکاتەوە و چۆنیەتی جڵەوگرتن و ئاراستەکردن و پاککردنەوەی ناخی.

> **پەروەردەکردنی دەروون، ئەخلاقی فەزیلەت کۆمەڵە بەهایەك روون دەکاتەوە و ئاراستەیان دەکات**

### پێغەمبەر وەك بەرجەستەکەری ئەخلاق

## لە بنەماکانی ئەخلاقی جیهانی

## مرۆڤ ئامانجە، هۆکار نییە.

## ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە بۆ ئەوانیتریش پێت خۆش بێت

بیرمەندێکی ئیسلامی دەڵێت لە سیمینارێك بووم لە ئیسپانیا، ئەم سیمینارە تایبەت بوو بە بنەما ئەخلاقیە جیهانیەکان و لە لایەن یۆنیسکۆوە بۆ هەموو وڵاتەکان بانگهێشتنامە نێردرابوو. شتێکی بەڵگە نەویستە، کاتێك دەیانویست شتێکی جیهانی بێت، نەیاندەتوانی بۆ ئەم ئایین و ئەو ئایین یان یەکێك لە رێباز و ئایینزاکان بگەڕێنەوە. لێکۆڵینەوەیەکی گەورەیان لەسەرتاسەری جیهاندا ئەنجامدابوو و دوو بنەمایان دۆزیبوویەوە کە گشتگیر و جیهانی بن و ئەم دوو بنەمایەش بۆیان دەرکەوتبوو لە هەموو نەتەوە و ئایینەکاندا بوونیان هەیە، ئەوانیش ئەم دوو بنەمایە بوون.

١- بریتیی بوو لەوەی مرۆڤ ئامانجە، هۆکار نیە .

٢- بنەمای دووەم ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە بۆ ئەوانیتریش پێت خۆش و پەسەند بێت و ئەوەی بۆ خۆت پەسەند نیە، بۆ ئەوانیتریش پەسەندی مەکە و پێت باش نەبێت.

هەڵبەتە قسەکردن لەسەر ئەم دوو بنەمایە چەندەها وتار و بگرە کتێبی دەوێت، چونکە ئەوەی مرۆڤەکان بەرامبەر مرۆڤەکان ئەنجامیان داوە لە بابەتە نائەخلاقیەکاندا، ئەو شتانە بوون کە مرۆڤیان بە هۆکارێك زانیوە، بۆیە مرۆڤ گرنگ نەبووە، هێندەی ئەو شتانە گرنگ بوون کە مرۆڤ یان بەرهەمی هێناون، یاخود مرۆڤەکان دواجار بوونەتەوە بە بەندە و سەرداری خودی مرۆڤ کە ئەمەش زێدەتر لە سەردەمی نوێدا باشتر نومایان دەبێت، هەر ئەوەی کە لە بابەتی تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنە زانستیەکاندا قسەی لەبارەوە دەکرێت، بیرمەندان و فەیلەسوفانی سەردەمی نوێ باوەڕیان وایە کە مرۆڤ بۆ نموونە، ئامێرەکانی گواستنەوەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی سوودیان لێوەربگرێت، لەکاتێکدا ئەم ئامێرانە سواری سەرشانی مرۆڤ بوون و ئەوان مرۆڤ دەبزوێنن، نەك بە پێچەوانەوە. یان هۆکارەکانی راگەیاندن هەر لە ئامێرێکی گواستنەوەی دەنگەوە تاکو دەگاتە ئەنتەرنێت و ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، بۆ ئەوەبوون مرۆڤەکان لە یەکتری نزیك ببنەوە، لە کاتێکدا ئەم ئامێرانە ئێمەیان لە خۆمان بێگانە کردوە و لە یەکتری دوور کەوتووینەتەوە و دوور و ماوی نێوان مرۆڤەکان دوورتر و دوورتر بۆتەوە، بۆیە یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی مرۆڤی سەردەمی نوێ، لە خۆبێگانەبوون و لە خۆنامۆبوونە، چونکە هەم لە خۆی دوور کەوتۆتەوە، خوی راستەقینە و رەسەن و هەمیش لە لەگەڵ مرۆڤەکانی تر تووشی دابڕانێکی سەیر بووە.

سەبارەت بە بنەمای دووەمیش، یەکێك تر لە کێشە هەرە مەزنەکانی مرۆڤ لەم سەردم و هەموو کاتێکیشدا، خود پەسەندی و خۆویستیە، کە ئەمەش گەورەترین بەڵا و کێشەیە، مرۆڤ لەم کاتەدا دەبێتە خۆرەی رۆح و دەروونی خۆی و تەنها خۆی دەبینێت، لە کاتێکدا هیچ مرۆڤ بە بی ئەوانیتر ناژی، ژیانێك کە هەموان هاوبەشی

خۆش و ناخۆشی، چێژ و ئازارەکانی یەك بن. بۆیە لە سەردەمی نوێدا گەلێ لە فەیلەسوفەکانی ئەخلاق، ئەخلاق کورت دەکەنەوە بۆ حسابکردن بۆ ئەویتر. هەر بەو جۆرەی "ئیمانوئیل لویناس" جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەخلاق بە حیسابکردنی "ئەویتر" دەست پێدەکات، "ئەویتر" کە لە رەگەزی ئێمەیە، مرۆڤێك کە لەسەر ئەم گۆی زەویەدا دەژی لەگەڵ جۆرەها کێشە و ناخۆشی و دەرد و ئازار و رەنج و کارەساتە رۆحی و جەستەییەکان دەست و پەنجە نەرم دەکات.

"ئەویتر" دەتوانێت، دایك و باوك و منداڵ و هاوسەر و برا و خوشکی "من" بێت، دۆست و دراوسێ و هاوکار و هاونیشتمانی "من" بێت، "ئەویتر" دەکرێت مرۆڤێکی هەژار و نیازمەند بێت کە لە سەرمای ئێسك سوتێنەری زستاندا لە شەقامدا دەستی نیازی بۆ من درێژ کردووە و یارمەتی دەوێت، "ئەویتر" دەکرێت رێبوارێك بێت کە هەموو رۆژێك لە کۆڵان ببینم، مادام من "ئەویتر"م لە ژێر ناونیشانی "ئەویتر"دا ئەزموون نەکردووە، خۆم بە چاکی و راستی نەناسیوە و نەچوومەتە ناو دۆڵی "ئەخلاق"ەوە.

بە دەستەواژەیەکی تر لە ئامادەگی و حوزوری "ئەویتر"دا کە من بە "من" دەگۆڕێت و خۆم قوڵتر و باشتر دەناسم. هاتنە دەرەوە لە خود و والابوون لەمەڕ "ئەویتر" و هەبوونی پەروای ئەویتر و بوونی هەموو جەستە بە چاو و بینینی ئەو لە پایە و بنەماکانی پێگەیشتن و گەشەی ئەخلاقی منە. ئەو کەسەی لە سنووری خۆی و خودگەریدا دەمێنێتەوە و قسەکردن لەبارەی ئەوانیترەوە تەنها قسەی سەر زمانە و پەیوەندی بوونی قوڵی لەگەڵ ئێرە و ئێستای خود و "ئەویتر" دروست نەکردووە و لە خۆی نەهاتۆتە دەرەوە، دەرکی راست و دروستی لە کاری ئەخلاقی نییە[١٠].

ئێمە گەر وردبینەوە سەرەڕای ئەو هەموو رێسا و بابەتە ئەخلاقیانەی لە قورئانی پیرۆز و فەرمووده و ژیاننامەی پێغەمبەران و پێغەمبەریشدا بوونیان هەیە، زۆر بە روونی ئەم دوو بنەمایە دەبینین و نەك هەر ئەوەش بەڵکو بە بنەما سەرەکی و رێسا مەزنە ئەخلاقیەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دێنەهەژمار و پایە و بونیادە سەرەکیەکانی ئایین بەگشتی و ئەخلاقی ئایینی دەژمێردرێن بە جۆرێك بە بێ بوونی ئەمانە، ئەخلاقی ئیسلامی و دواجار ئامانجی ئایینیش ناتەواوە، چونکە وەکو "د. شەریعەتی" دەڵێت: قورئان بە ناوی خودا دەست پێدەکات و بە ناوی مرۆڤ کۆتایی دێت، هەروەها فەرمووده زێڕینەی پێغەمبەریش "د.خ" ئاماژەیەکی روون و جەختکردنەوەیە لەسەر ئەم بنەمایە و بەوەی کە بەشێك لە بابەتی ئیمان و چوونە ناو دونیای ئیمانی بەستۆتەوە بەم رێسا ئەخلاقیە درەوشاوەوە، وەك ئەوەی کە فەرموویەتی: "لا یومن احدکم حتی یحب لاخیه ما یحب لنفسه"، لە کاتێکدا ئیمان گەورەترین میوەی ئایینە و مەبەستی ئایینیش بەتایبەتی ئیمان و ئاشناکردنی مرۆڤەکانە بە ئیمان و ماناکانی ئیمان، چونکە ژیانی راستەقینە لە بوونی ئیمان و مەزنترکردنی رۆح و دونیای ناوەکی مرۆڤەکانە.

توێژینەوەی ورد و قووڵ لە پەیامی پیرۆزی ئایینەکان و ئیسلام بە تایبەتی و پێغەمبەری خوداش "د.خ" وەك بەرجەستەکەری دیوە دەرەکیەکان و دیوە کرداریەکەی ئیسلامی و قورئان، ئەوەمان

پێ دەڵێت، کە تایبەتمەندی و بنەما سەرەکیە ئەخلاقیەکان ئایین و رەفتار و هەڵسوکەوتی پێغەمبەر "د.خ"لە پشتبەستن بە خودا کە قورئان سەراپا نامەیەکی مەزنی خودایە بۆ ئێمەی مرۆڤ و تەژی لە حیکمەتە قووڵەکانی ئەخلاق و ناسینی خودی مرۆڤ و هەروەها جەختکردنەوە لەسەر فەزیلەتە ئایینی و عیرفانیەکانی وەکو، توکل، سەبر و ئارامگری، پارێزگاری، عیشق و خۆشویستنی خودا و چاکەکاری...هتد ئەوە نومایان دەبێت.

جگە لەوەی قورئانی کتێبی مەزنی ئەخلاقی و مەبەستی مانابەخشینە بە ژیان و بەهاداربوونی مرۆڤ و ئەوەی کە مرۆڤ رێزی خۆی بزانێت کە سەرداری بوونەوەران و خاوەن ئیرادەیە و دواجاریش خۆشبەختی دونیا و دوارۆژیش و پێغەمبەر خوداش وەکو ئەوەی کە مرۆڤێك دەتوانێت بگاتە ئەو کەماڵ و پێگەیەی کە ئایین داوای دەکات و بە گۆڕینی ناوەوەی خۆی و مەزنترکردنی رۆحی دەتوانێت هەم دونیای دەرەکی و هەمیش دونیای مرۆڤەکانی تر ئاوەدان و مەزن بکات و جارێکی بە خۆیان بناسێتەوە، چونکە عاریفێك گوتەنی، مرۆڤێکیش گەر نرخی هەموو شتەکان بزانێت نرخی و بەهای خۆی نەزانێت، شێتە و ناتەواو، وەك دەڵێت:

قیمت هر کاله بدانی چیست
قیمت خود را ندانی ابلهیست

واتە: "نرخی هەر شتێك بزانی چیە، نرخی خۆت نەزانی شێتیە"

بۆیە ئامانجی ئایین، ناسینی مرۆڤ خۆیەتی و ئەمەش دەرگای ناسینی بەدیهێنەرەکەیەتی و راز و نیاز و گفتوگۆکردن لەتەکیدا و گەیشتن بە پلەی تەواوکاری "کمال".

گەر ئەم بابەتە دوو کاری ئەنجام دابێت، ئەوا مەبەستی خۆی پێکاوە و ئەوەی ویستووە کە دەبوو ئەنجام بدرایە، ئەوانیش، باسێکی کورت لەمەڕ کایەیەکی مەزنی ئەخلاقی کە ئەخلاقی فەزیلەتە، کاری دووەمیشی رەنگدانەوە یاخود بەراوردکردنی بە ئایین و ژیانی ئایینی.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١. تەحسین حەمەغەریب، کۆرسی حوزور و قورئان، ناوەندی هەژان، وانەی شەشەم، ٢٠١٥/١٢/٤.

٢. کارل پوپر، می دانم که هیچ نمی دانم، ترجمە: پرویز دستمالچی، تهران، انتشارات ققنوس، چاپ پنجم، ١٣٩٠، ص ١٠٣.

٣. گفتوگۆ لەگەڵ موستەفا مەلەکیان، لەبارەی ئەخلاقی فەزیلەتەوە، سایتی فەرهەنگی "نیلوفر"، هەروەها شهروند امروز، شماره ٦٨،مهر ١٣٨٧.

٤. پەراوێزی پێشوو.

٥. پەراوێزی پێشوو.

٦. غەزالی و ئەخلاق فچیلت دینی، دانشگاه آزاد اسلامی، اصفهان، زمستان ١٣٨٧. باسێکی تێزی دکتۆرای هاشم گوڵستانی، علیرەزا یوسفی، فیروز رەزائیان.

٧. پەراوێزی پێشوو.

٨. بابەتێك لەمەڕ ئەخلاق و ئایین، هاوینی ٢٠١٦، ناوەندی هەژان.

٩. روانکاوی و دین، اریك فروم، ترجمە: ارسن نظریان، انتشارات مروارید، تهران، چاپ پنجم، ١٣٨٩، ص٥٦-٥٧.

١٠. فیکری ناسکی غەمناك، مرۆڤ وەك ئەویتر، د. سروش دباغ، و. موسعەب ئەدهەم، ئەم کتێبە ئامادەی چاپە.

# چۆن (کیتاب) و (سوننە) دەکەین بە (پێوەر)؟

ئا:ئاری عەلی

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە رووناکی بخەینەسەر، بابەتی (پێوەر)ە، پێوەرمان چیە بۆ گەڕانەوە بۆ کیتاب و سوننە؟ رەنگە ئەمە یەکێك لە گەرمترین ئەو مژارانە بێت کە لە پابەندبوون بە کیتاب و سوننەوە هەمیشە گفتوگۆئامێز و بەرباسە.

دەبینین دینداران کۆکن لەسەرئەوەی کە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ کیتاب و سوننە، بەڵام چۆن بگەڕێینەوە؟ ئەمە ئەو باسەیە کە دەبێت تا ئاستی نەهێشتنی کەمترین لێڵی و گومان زۆرترین گفتوگۆی لەبارەوە بکەین.

ئەو پێوەرە چیە کە بەهۆیەوە دەگەڕێینەوە بۆ کیتاب و سوننە؟

لەڕێگەی ئەم پرسیارەی سەرەوە دەچینە ناو بابەتەکەمانەوە، ئەگەر بمانەوێت فەرمانێك یان دەستوورێك لە قورئانەوە وەربگرین، بەچ پێوەرێك دەزانین ئەوەی کە ئێمە پێی گەیشتووین ئەوەیە کە قورئان مەبەستیەتی؟

بێگومان باسەکەمان بابەتێکی فیکریە، نەك سیاسی و دینی، بۆیە ئێمە لێرەدا فەتوا نادەین و هەڵوێستی سیاسیش راناگەیەنین.

بۆ گەیاندنی مەبەست پێویستمان بە هێڵکاریەکی سادە هەیە. لە هەر کایە و بوارێکدا دەبینین شتێك دەکەوێتە چەقی ئەو کایە و بوارەوە، بۆ نموونە لە سیاسەت و هەڵبژاردندا (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) دێتە ئاراوە لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتدا، واتە (رێکەوتن)ێك دەکرێت، ئەمە تەنها لە سیاسەتدا وا نیە، بەڵکو لە دین و فیکریشدا بە هەمان شێوەیە، مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە کە نابێت ئێمە سەیری

خودی ڕێکەوتنەکە بکەین، بەڵکو مەرجەکانی پێش گرێبەستەکە و دوای گرێبەستەکە دەبێت لە بەرچاو بگرین. ئەمە ئەو هێڵکارییەیە کە فەیلەسوفەکان دەڵێن پێکهاتەی زەینی مرۆڤ بەو شێوەیە، واتا من و تۆ کاتێك مامەڵەیەك دەکەین، خودی مامەڵەکەگرنگ نیە، بەڵکو مەرج و دەسکەوتەکانی پێش و دوای مامەڵەکە گرنگن.

با وا دابنێین ئەو شتەی کە مامەڵەکە پێکدەهێنێت لەم بابەتەدا بریتیە لە کیتاب و سوننە، روونتر بڵێین دەبێت بۆ دەقەکانی کیتاب و سوننە بگەڕێینەوە، بەڵام ئەم گەڕانەوەیە مەرجی پێشتر و دەسکەوتی دواتری هەیە، ئەوەندەی بەدواداچوونی ئەم بابەتەمان کردبێت مسوڵمانان کێشەیان لەسەر دەسکەوتەکانی دوای گەڕانەوەکە نیە. زانستەکانی (فیقە و اصول فیقە) لەوەدا کە ئێمە چ دەسکەوتێکمان دەبێت لە کتیاب و سوننە، ئەوە مێژووی ئیسلامی پڕە لەو بابەتە، بەڵام ئەو مەرجانەی گرەنتی ئەوە دەکەن کە من بگەڕێمەوە بۆ کیتاب و سوننە بۆ شتی دیکە نەگەڕێمەوە، ئەمە دەکاتە (پێش دەق)، ئالێرەدایە مسوڵمانان کێشەیان هەیە.

واتا ئەو ڕێسایانە چین هەر بەڕاست وایان لە من کردووە لە مامەڵەمدا لە تەك کیتاب و سوننە بۆ کیتاب و سوننە گەڕاومەتەوە بۆخۆم نەگەڕاومەتەوە؟ بۆ زەینی خۆم نەگەڕاومەتەوە، بۆشتێکی تر نەگەڕاومەتەوە بەناوی کیتابە سوننەوە؟

ئەمە ئەو بابەتەیە کە بە بۆچوونمان لە (رۆشنبیری ئیسلامی)دا پێگەی نادیارە. ئەمەیە پێکهێنەری زانستی (هێرمنیۆتیکا) و ئەو زانستانەی تر کە (ناوەندی هەژان) ئیشی لە سەر کردوون.

ئەو میتۆد و ڕێسا و پێشمەرجانە چین وامان لێدەکەن کە بەڕاستی بۆ کیتاب و سوننە گەڕابینەوە نەك بۆ شتێکی تر؟ ئێمە باوەڕمان وایە ئەمە سەنتەری ترین بابەتە کە دەبێت یەکلایی بکرێتەوە، بەداخەوە ئیشی لەسەر نەکراوە، هێشتا بە کاڵی ماوەتەوە.

ئەوەی هاوکارمانە لێرەدا بۆ دەستپێك (ئایەتی ١١٧ ی سورەتی النساء)ە ﴿إِن يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ إِنَٰثٗا وَإِن يَدۡعُونَ إِلَّا شَيۡطَٰنٗا مَّرِيدٗا﴾ مامۆستا ناسری سوبحانی لە راڤەی (مَّرِيدٗا)دا دەڵێت: "مرید، لە زمانی عەرەبیدا واتا درەختی هەڵپاچراو"، درەختێك کە لق و پۆپ و گەڵاکانی لێکرا بنەوە، تەنها قەدەکەی مابێتەوە، کەڵکی هیچی پێوە نەمابێت.

بە سەرنج و رامان تێدەگەین ئەو پێوەرەی دانراوە کە پێی بگەڕێینەوە بۆ کیتاب و سوننە پێوەرێکی مەریدە! لق و پۆپی پێوە نەماوە، کەڵکی نیە! نابێت پێوەرەکانمان بەم شێوەیە بن.

بۆ ئەوەی پێوەرەکانمان مەرید نەبن و گەرەنتی پێوەربوونیان هەبێت، کۆمەڵێك ڕێگە هەیە دەبێت مسوڵمانان بیگرنەبەر و سەرەتا ئەوەی ئێمە لە (ناوەندی هەژان) ساڵانێکە ئیشی لەسەر دەکەین بریتیە لەوەی کە ئێمە هەرگیز راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کیتاب و سوننە ناکەین، مسوڵمانان ئەگەرچی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە راستەوخۆ دەگەڕێنەوە بۆ کیتاب و سوننە، بەڵام هەرگیز وا نیە، بەڵکو لە روانگەیەکەوە، لە تونێلێکەوە ئەو گەڕانەوەیە دەکەن! لە چاویلکەیەکەوە دەڕواننە

كیتاب و سوننە، ئەو چاویلكەیەش بریتیە لە (زانست و مەعریفەی سەردەمی خۆیان)، واتا ئەوەی كە سەردەمانی پێشین بۆتە سێبەرێك بەسەر خەڵكیەوە كاتێك مامەڵەیان پێكردووە لەگەڵ كیتاب و سوننە، مەعریفەی سەردەمی خۆیان بووە، لەوێوە بۆ كیتاب و سوننەیان روانیوە.

ئێمەی مسوڵمان لەوە تێناگەین كە خوێندنەوە و رامانمان بۆ دەق مامەڵەیەكی راستەوخۆ نیە! دەبێت لەوە تێبگەین كە لە نێوانی (ئێمە) و (كیتاب و سوننە)دا سێیەمێك هەیە.

ئەو هێڵكاریەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆكرد بۆ روونتر كردنەوەی باسەكەمان لێرەدا دەیخەینەروو، سكێچێك هەیە كە بۆ فەلسەفە كێشراوە، سێگۆشەیەكە، لەم سێگۆشەیەوە مەبەستەكەمان دەگەیەنین.

سێ شت هەن سەرەكیترین بابەتەكانی فەلسەفەن، ئەوانیش (مرۆڤ، جیهان و زمان)ن. ئەوانەی توێژینەوەیان لە فەلسەفە كردووە دەڵێن فەلسەفە لەو سێ بابەتە پێكدێت. پەیوەندی هەریەك لەمانە لە تەك ئەوی تردا جۆرێك لە فەلسەفە بەرهەم دێنێت، بۆ نموونە وەك لە هێڵكاریەكەدا دیارە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ زماندا (فەلسەفەی زمان)ی دروستكردووە، ئەو هەموو گۆڕانكاریەی لە فەلسەفەی زماندا روویداوە. پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا (فەلسەفەی زەین)ی چێكردووە، پرسی ئەوەی ئایا چی لە زەینی مندا هەیە؟ یاخود زەینی من دەتوانێت واقیع وەك خۆی بناسێت؟ پەیوەندی زمان لەگەڵ جیهاندا (تیۆریاكانی مەعریفەتناسی) هێناوەتە ئاراوە، ئەو مەعریفانەی ئێمە بە زمان گۆیان دەكەین راستن؟ بۆیە دەبینین سێ

**دینداران كۆكن لەسەرئەوەی كە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ كیتاب و سوننە، بەڵام چۆن بگەڕێینەوە؟**

گەورەترین كایەكانی فەلسەفە لەم سەردەمەدا ئەمانەن.

باوەڕمان وایە مسوڵمانان ناتوانن لە پێگەی كیتاب و سوننە شارەزا ببن هەتا لەم سێ بوارە گرنگە تێنەگەن. واتا بەو جۆرە نیە كە ژمارەیەك ئایەت و فەرموودە بهێنین و یەكسەر جێبەجێیان بكەین، نەخێر، لە نێوان (ئێمە) و (كیتاب و سوننە) دا ئەو سێیەمەی كە هەیە و باسی دەكەین بریتیە لەو سێ بابەتەی خستمانەڕوو:

١- فەلسەفەی زمان

٢- فەلسەفەی زەین

٣- فەلسەفەی مەعریفەتناسی.

بە پێشەكیەك بۆ هەریەكێكیان بە جیا و پاشان پەیوەندی هەریەكەیان بە (دین)ەوە باسدەكەین، لە فەلسەفەی زەینەوە دەستپێدەكەین.

## فەلسەفەی زەین:

لە فەلسەفەی زەیندا دوو بۆچوونی سەرەكی هەن:

بۆچوونی یەكەم: بۆچوونێكی فیزیك سەنتەرە، كە دەڵێت هەرچی مەعریفەی ئێمەیە پەیوەندی بە مێشكمانەوە هەیە.

**بە سەرنج و رامان تێدەگەین ئەو پێوەرەی دانراوە کە پێی بگەڕێینەوە بۆ کیتاب و سوننە پێوەرێکی مەریدە**

بۆچوونی دووەم: بە پێچەوانەوە، دەڵێت: مەعریفە و ئاگاهی ئێمە پەیوەندی بە جەستەی ئێمەوە نیە، (فیزیك) نیە بەڵکو (مێتافیزیك)ە، ئەوە رۆحە مەعریفە وەردەگرێت. گەنگەشەی ئەم دوو باسە تا ئێستا گەرمترین بابەتی فەلسەفەی زەینە لەم سەردەمەدا.

روونکردنەوەی ئەمە زۆر هەڵدەگرێت، کایە و بوارێکی فراوانە، هەوڵدەدەین بە سانایی باسی بکەین، شتێك هەیە کە ئێمە لە کۆرسی (حزوور و قورئان)دا زۆر ئیشمان لەسەر کرد، ئەویش (ئاگایی)ە، ئاگایی ئێمە بەجیهان، ئایا ئاگایی لە کوێوە پەیدا دەبێت؟ ئاگایی مرۆڤ تەنها لە رێگەی هەستەکان و لایەنە ماددیەکەیەوە بۆی دروست دەبێت؟ یاخود رەهەندێکی نافیزیکی لەم بابەتەدا هەیە؟ بۆ ئەوەی روونتری بکەینەوە سەرنج دەخەینە سەر دوایین تیۆریاکان لەم بوارەدا، کە پێمان دەڵێن نەخێر مرۆڤ ناتوانێت تەنها پشت بە رەهەندە فیزیاییەکە ببەستێت بۆ ئەوەی ئاگا بێت، بۆ ئەمەش فەیلەسوفەکانی ئەم بوارە سیناریۆیەك پیشاندەدەن.

"بهێنە بەرچاوی خۆت کەسێك لە ژوورێکدایە رەنگی تێدا نیە جگە لە رەش و سپی، ئەم کەسە قوتابیە، مامۆستایەکی هەیە هەرچی زانیاری هەیەلەسەر رەنگ و شەپۆل و تیشك بەم قوتابیەی دەڵێتەوە، ئەم فێرخوازە ئێستا هەموو ئەم زانیاریانەی وەرگرتووە، لە رووی زەینەوە چی لە سەر رەنگەکان هەیە دەیزانێت، بەڵام لە ژوورەکەداتەنها رەنگی رەش و سپی بینیوە، ئەم کەسە کە یەکەم چرکەسات دەچێتە دەرەوە رەنگی سوور دەبینێت یان تیشکی خۆر دەبینێت، لەو کاتەدا بیردەکاتەوە، تێدەگات کە خەڵکی چۆن خۆر دەبینن! ئەمە لەکاتێکدا لە ژوورەوە هەموو زانیاریەکی هەبوو لەسەر رەنگەکان، بەڵام لە چرکەساتی بینین و مامەڵەی راستەوخۆدا لە گەڵ رەنگەکاندا زانیاریەکی لا دروست دەبێت کە لەوەو پێش بوونی نەبووە لە لای ئەم کەسە، جیاوازی بینینی ناو ژوورەکە و بینینی دەرەوە چیە؟ ئایا تەنها رەهەندی فیزیکیە؟"

فەیلەسوفان و زانایان، ئەوانەی کە باوەڕیان وایە بێجگە لە رەهەندی فیزیکی لایەنێکی دیکەش هەیە دەڵێن بەدڵنیاییەوە ئەو لەو کاتەدا شتێکی وەرگرتووە پێی دەوترێت (ئاگایی) کە ناکرێتە زانیاری!.

نموونەیەکی تر، دوو کەس کە یەکێکیان کوێرڕەنگە (تەنها رەش و سپی دەبینێت) ئەوی تریان ئاساییە، تەماشای نیشتنی خۆر دەکەن، هەردووکیان پەسنی ئەم دیاردەی ئاوابوونە دەکەن وەك لایەنی فیزیکی، بەڵام ئاگایی ئەو کەسەی کە تەنها رەنگی رەش و سپی دەبینێت جیاوازە لە کەسە ئاساییەکە.

لێرەوە بەوە دەگەین کە ئاگایی مرۆڤ شتێکە ناکرێتە زانیاری، بۆیە فەیلەسوفان ناچار بوون

ئەمە ناوبنێن (چۆنیەتی زەینی). لە چەندین بابەتی تردا هەن، بۆ نموونە (ئازار)، ناکرێتە زانیاری، راستە کاتێك برینێك لە جەستەماندایە ئازاری هەیە، بەڵام ئەو ئازارە رەنگدانەوەی برینەکە نیە، بەڵکو برینەکە تەنها ئاماژەیەکە بۆ ئازارەکە. ئارەزووکردن، عیشق، ئومێد، ئیمان، ئەم بابەتانە هەرگیز ناکرێنە زانیاری. یەکێك لە گەورەترین داهێنان و دوایین دەرئەنجامەکانی فەلسەفەی زەین ئەم بابەتەیە.

تۆماس نیگڵ (Thomas Nagel) دەڵێت مێشکی مرۆڤ لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی راست و بەشی چەپ. لای راست وێناکان، زانیاریەکان، خودسەنتەری، ئەوەی کە لەعیرفاندا پێیدەوترێت نەفس لەخۆدەگرێت، زمان لەوێ بوونی هەیە، وشە و چەمکەکان واتاکان بوونیان هەیە. بەڵام لای چەپ شتانێك وەردەگرێت کە نە رەنگن نە وشەن، تەنانەت لۆژیکیش بوونی نیە، وەك ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان دایك و منداڵدا دروست دەبێت، خۆ پەیوەندی منداڵ و دایك-منداڵ پێش زمانگرتن- بەهۆی زمانەوە نیە، بەڵام شتێك هەیە لەسەروی چەمك و زمانەوەیە.

فەیلەسوفانی فەلسەفەی زەین و تۆماس نیگڵ باوەڕیان وایە لای راستی مێشکی مرۆڤ وەکو ئەو کەسە وایە کە تەنها رەش و سپی دەبینێت، ناتوانێت پەیوەندی لە گەڵ ئەو بابەتانەدا دروست بکات کە چەمك نین، یان پێوەرێکی فیزیکیان نیە، ئەوە لای چەپی مرۆڤە ئاگایی بەو شتانە هەیە بەبێ ئەوەی ببنە چەمك، ببنە شتێکی بەردەست، بۆیە فەیلەسوفانی فەلسەفەی زەین هاتوون دوو چەمکیان لەم بوارەدا داناوە.

١-ئاگایی

٢-زانیاری بەردەست

بۆ نموونە، من لەبیرم چۆتەوە کە لەندەن پایتەختی بەریتانیایە، کەسێك لێم دەپرسێت پایتەختی بەریتانیا ناوی چیە؟من لەو کاتەدا نایزانم، بەڵام ئەگەر ئەمجارە بە جۆرێکی تر پرسیارم لێبکەن، هەمان کەس بپرسێت ئایا لەندەن پایتەختی بەریتانیایە؟ دەڵێم: بەڵێ. ئەوەی کە زانیاریەکە لای من هەبێت و کۆنترۆڵی بکەم و بەکاری بهێنم، ئەوە پێی دەوترێت (زانیاری بەردەست)، بەڵام کۆمەڵێك زانیاری دیکە لە ناو مندا هەن بەبێ ئەوەی بتوانم وەك زانیاریە بەردەستەکە مامەڵەی لە گەڵدا بکەم، یاخود وەك یەکەی داتایی بتوانم بیگوازمەوە و بیگەیەنم، ئاگایی دەچێتە ناو ئەم جۆرە لە زانیاریەوە کە بەردەست نیە، ئەمە نۆم چۆمسکی (Avram Noam Chomsky) تەنانەت لە زمانیشدا باسی دەکات. چەندین بابەت هەن ئێمە دەربارەی رێزمانی زمانەکانی دیکە دەیانزانین، بەڵام وێنا ناکەین کە ئەو بابەتانە لەزمانی خۆماندا هەبن، بۆ؟ چونکە ئەوە دەکەوێتە سنووری نائاگایی ئێمەوە.

بۆ نموونە، کاتێك فێری زمانی ئینگلیزی دەبیت، یاساکانی رێزمان و رستەسازی ئینگلیزی دەزانیت، بەڵام ئەگەر لێت بپرسن هەمان بابەت لە زمانی کوردیدا چۆنە؟ نایزانیت. بونیادێکی قووڵترە لە تۆدا، بۆت ناکرێتە چەمك، بۆت ناخرێتە بەردەست. ئێستا قووڵترین و پڕ سەوداترین مژار لە مرۆڤدا کە نابێتە زانیاری (خود)ە، زاتی مرۆڤە، ئەوەی کە ئەو ئاگاییەی تێدا دروست دەبێت. ئێستا بەناوبانگترین کێشە ئەوەیە کە ئایا بەڕاست بێجگە لە مرۆڤ گیاندارانی تریش

خودیـان هەیـە؟

بـۆ ئـەوەی زیاتـر لـە بابەتەکـە تێبگەیـن، فەیلەسـوفان بابەتێکی تریـان داناوە کە پێی دەڵێـن (مەعریفـەی بەرتـر)، ئـەم مەعریفەیـە بریتیـە لـە چـی؟

بـە نموونەیـەك، کەسـێك وا وێنـادەکات ئەمـڕۆ یـەك شـەممەیە، یـەك شـەممانیش ڕۆژی پێدانـی مووچـەی هەفتانەیـە، ئـەو کەسـە دەچێـت مووچەکـەی وەردەگرێـت، ئەمجارە بە جۆرێکی تـر، کەسـەکە ئـارەزوو دەکات ئەمـڕۆ یـەك شـەممە بێـت بـۆ ئـەوی مووچەکـەی وەربگرێـت، هەربەڕاسـتیش وادەبێـت کـە ئەمـڕۆ یـەك شـەممەیە، بـەڵام ئایـا ئـەو ئـارەزووەی ئـەو کەسـە دەچێتـە نـاو زانیاریـەوە؟ یـان دەکەوێتـە ئەودیـو زانیاریەکـەوە، شـتێك لـەو دیـو زانیاریەکانـەوە، (خـودی بەرتـر)، (زانیـاری بەرتـر).

مامۆسـتا سـەعیدی نوورسـی دەڵێـت: "مـن دوو سـاڵ لـە ئەسـتەمبوڵ فەقـێ بـووم، سـوپاس بـۆ خـودا نەزەرێکـم نەکـرد! هەمـوو جومعەیەکیـش کـە دەچوومـە دەرەوە هاوڕێکانـم وایاندەزانـی بـۆ سـەیری ئافـرەت و ئـەو بابەتانـە دەچـم، مـن دەچـووم بـۆ گۆڕسـتانەکان بـۆ زیکـر و رامـان، دوای ئـەوەی کـە گەڕامـەوە سوپاسـی خـودام کـرد لەسـەر ئـەوەی مـن لـەم دوو سـاڵەدا تەنانـەت یـەك نەزەریشـم نەکـردووە! دواترسـەرنجمدا لـەم بابەتـە، بـۆم دەرکـەوت بەڵـی نەفسـم بێگوناهـە لێـرەدا، بـەڵام نەفسـێك هەیـە لەسـەروو ئـەم نەفسـە، ئـەم بێگوناهیـەم لێدەکات بـە گونـاه! "

لەمبـارەدا خودێکـی بەرتـر هەیـە، کـە ناکرێتـە داتـا، بوونـی ئـەو شـتانەی کـە ناکرێنـە زانیـاری، ئەمانـە ئـەو شـتانەن کـە بابەتەکانمـان لـە (ڕەش و سـپی)ەوە بـۆ دەردەکـەن، حەقیقەتـی بابەتەکانمـان

بـۆ نمایـان دەکـەن.

ئـەم مامەڵەیـە دەگوازینـەوە بـۆ مانـای ئایەتەکانـی قورئانـی پیـرۆز، چونکـە مانـای ئایەتەکانـی قورئـان ئـەوە نیـە کـە قاموسـێکی لەپاڵـدا دابنێیـن و مانـای وشـەکانی بدۆزینـەوە و بڵێیـن ئەمـە مانـای فـلان وشـە و ئایەتـە و ئیتـر تـەواو، نەخێر، ئێمـە لـە ڕێگـەی ئاگاییـەوە مانـای زینـدووی ئایەتـەکان دەزانیـن، بەهـۆی مامەڵـەی ئاگایانـەوە قورئـان هەمیشـە ماناکانـی جیلوە دەکـەن و خۆنمایش دەکـەن، ئەمـە ماناکردنەکـە دەژیەنێتـەوە. شەبسـتەری وتەیەکـی جوانـی هەیـە دەڵێـت:"هیـچ ئایەتێـك هێنـدەی ئـەم ئایەتـە کاریگـەری لەسـەرم نەبـووە کـە دەفەرموێـت: ﴿رَّبَّنَآ إِنَّنَا سَمِعۡنَا مُنَادِيٗا يُنَادِي لِلۡإِيمَٰنِ أَنۡ ءَامِنُواْ بِرَبِّكُمۡ فَـَٔامَنَّاۚ رَبَّنَا فَٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرۡ عَنَّا سَيِّـَٔاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ ٱلۡأَبۡرَارِ﴾ (ال عمران : ١٩٣)، پەروەردگارابەڕاستی گوێبیسـتی بانگبێژێـك بوویـن گازی دەکردیـن بـۆ بـاوەڕ، کـە بـاوەڕ بـە پەروەردگارتـان بهێنـن، جـا ئێمـەش باوەڕمـان هێنـا..)

وەڵامـی ئـەو دەنگەمـان دایـەوە، بـێ ئـەوەی گوێشـمان لێـی بێـت! بـاوەڕ بهێنـن بـە پەروەردگارتـان، ئێمـەش باوەڕمـان هێنـا! کێشـەی پێـوەری مەریـد ئەمەیـە کـە پێوەرێکـی ڕەش و سـپی پیشـان دەدات. واتـای ئایەتەکەیـە بـە مردوویـی! لەنـاو زانیاریەکانـی لەفـز و مەعنـادا قەتیسـی دەکـەن، ئیترلێـرەدا وشـە و ئایەتـەکان ناخرێنـە نـاو ئاگاییەکـەوە کـە تەمـاس فەراهـەم بکـەن.

لـە مێـژووی هـەزار و چوارسـەد سـاڵەی مامەڵەپێشـین سـەبارەت بـە (ژیـان لەگـەڵ قورئـان)، ئەوەیـان فێرکردوویـن، کـە قورئـان بەهـاری دڵانـە، ئاگاییـە، واتـا ئێمـە تەنهـا لـە ژوورە ڕەش و

سپییەکەدا لە قورئان ناڕوانین، ئەگەر هەرچی زانیاریە هەمان بێت لەسەر قورئان، هەتا وەك بینینی کەسی ناو ژوورەکە بۆ تیشکی خۆر ئاگا نەبینەوە ناتوانین مانای زیندووی قورئان بزانین! "ئێستە تێدەگەم خەڵك چۆن رەنگ دەبینن!" ئاخر رەنگ تەنها رووناکی نابەخشێت، گەرمیش دەبەخشێت، لێرەدا دەرکی ئەوە دەکەین زەینی دیکەش هەن، خەڵکی تریش هەن وەك ئێمە تێبگەن لەم بابەتە، (فی الصدور لا فی السطور) ئەم جۆرە روانینەیە.

کێشەکە لێرەدا تەنها ئەم گواستەوەیەیە لە (مامەڵەی رەش و سپی)ەوە بۆ مامەڵەی (گەرموگوڕانەی رەنگدارانە) کە (لە ناودا ژیان) بێت لە گەڵ کیتاب و سوننە. بەکورتی ئاگایی بخەینە شوێنی زانینی واتای وشەکان.

ئەو توێژینەوانەی کە دەربارەی ژیاننامەی پێغەمبەرکراون لە سێ سەدەی یەکەمی هاتنی ئیسلامدا، دەڵێن کە لەم سێ سەدەیەی یەکەمدا عەقائید بوونی نەبووە! کتێبەکانی فیقە بوونیان نەبووە! خەڵکی لەبری عەقیدە ئیمانیان هەبووە، ئیمان جگە لە مامەڵەی زیندووانە و گەرموگوڕانە چیدی نیە.

کورتکردنەوەی ئازار لە کاردانەوەیەکی مادیانەی شوێنێکی برینداری جەستەدا، مامەڵەیەکی مەریدانەیە، لەکاتێکدا ئازار مانایەکی گەورەتری هەیە، ئەگەرچی بۆم نەکرێتە لەفز. ئەگەرچی بۆم گۆ نەکرێت.

قورئان و فەرمووده مانایەکی گەورەتریان هەیە وەك لەوەی کە لە مانادۆزی و دیلالەتناسیدا بۆیان دەکرێت، ئەوە رەش و سپیکردنەوەی کیتاب و سوننەیە، کوشتنی ئەو بابەتەیە! بۆیە ناکرێت مانا

**ئێمەی مسوڵمان لەوە تێناگەین کە خوێندنەوە و ڕامانمان بۆ دەق مامەڵەیەکی راستەوخۆ نیە!**

و راڤەی قورئان لە هیچ میتۆدێکی مانادۆزیدا کورت بکرێتەوە، وەك چۆن ناکرێت مانای ئازار و نەخۆشی لە کاردانەوەی ماسولکەییدا کورت بکرێتەوە، ئەم جۆرە مامەڵەیە لەگەڵ ئازار و نەخۆشی پێی دەوترێت (مامەڵەی فیزیکی)، بۆ کیتاب و سوننەیش دەبێتە (مامەڵەی لەفزی)، کاتێك کە دەقێکی کیتاب و سوننە راڤەدەکەین بێ ئەوەی لە دڵماندا رەنگی دابێتەوە، بێ ئەوەی ئاگاییمان هەبێت بەرامبەری، لەفزەکە دەبینین ماناکەی دەردەهێنین، گرنگ ئەوەیە ئەو مانایەی لە وشەکان وەرمانگرتووە جێبەجێی بکەین! ئیتر پێویست بە گۆڕانکاری ناوەوە ناکات!

پەیوەندییەکی زۆر گرنگ هەیە لە نێوان (تێگەیشتن لە فەلسەفەی زەین) و (تێگەیشتن لە کیتاب و سوننە)، هیلاری پەتنام (Hilary Putnam) نموونەیەکی زۆر جوان دێنێتەوە، دەڵێت: "بهێنە بەرچاوی خۆت تۆ کەسێکی زۆر شەرمنیت، دەتەوێت ئەو شەرمە لە خەڵکی بشاریتەوە، تووشی ئازارێکی زۆر دەبیت، شەرم دەکەیت لەبەرچاوی خەڵك وا دەربکەویت کە ئازارت هەیە، لەم کاتەدا لەبری ئەوەی ئاخ بکەیت پێدەکەنیت، ئەگەر ئاخ کاردانەوەی ئازار

**پێوەری زیندوو ئەوەیە لەناو مێژوودا سەیری ئایین بکەین، ، نەك هەموو کیتاب و سوننە لە (لەفز) دا بەند بکەین.**

بێت ئەی ئەم پێکەنیەی تۆ چیە لێرەدا؟"، کەواتە دید و تێڕوانینی تۆ بۆ ئازارەکە کاردانەوەکەیشی گۆڕی! شتێك هەیە بێجگە لە کاردانەوەکە، بابەتێك هەیە بێجگە لە مانای وشەکان وادەکات من جۆرێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ قورئان و فەرموودەدا بکەم.

ئەگەر ئاخ کاردانەوەی ئازار بووایە هەرگیز نەدەکرا تۆ پێبکەنیت! دەکرێت لەبری پێکەنین ئەمجارە بێدەنگ ببیت! بەم جۆرەش ئەگەر ئاخ کاردانەوەی ئازار بووایە نەدەکرا تۆ بێدەنگ ببیت! بۆیە مەولانای ڕۆمی دەڵێت: "خۆت تەئویل بکە نەك زیکر(قورئان)". بابەتەکە (خود)ە.

پێوەری زیندوو ئەوەیە لەناو مێژوودا سەیری بکەین، لە ژوورە ڕەش و سپییەکەدا بۆی نەڕوانین، وەك خۆی تەماشای بکەین، لەناو خۆیدا، لە درێژایی ماوەی هاتنیەوە بۆ ئێستا مامەڵەی لە گەڵدا بکەین، نەك بە دابڕینی زەمەنی و داڕنینی ئەزموونی مرۆڤایەتی بێین هەموو کیتاب و سوننە لە (لەفز)دا بەند بکەین. لێرەوە تەنانەت مامەڵەی فەلسەفیش ئەمەی پێناکرێت، ناکرێت کیتاب و سوننە لە چەمکە فەلسەفیەکاندا کورت بکرێنەوە، چونکە کیتاب و سوننە ئاگاییە، ژیانە!.

مسوڵمانان پێویستیان بەم گواستنەوەیە هەیە لە (گەڕان و کەشفکردنی لەفز ومانا) وە بۆ (مامەڵەی ئاگایانە)، مامەڵەیەکی دیاردەناسیانە، کە بریتیەلە دەرکەوتەی بابەتەکان لە ژیاندا، لەناو خۆماندا، لەخۆدا بینین، خۆمان وا بوو بێتین نەك بڵێین دەبێت وابێت. هەموو ئەوەی کە لە کتێبەکانی ژیاری ئیسلامیدا هاتووە لەسەر ئەوەی کە ئیمان تەنها گوتەیەك نیە بەدەم بیڵێیت، کردەوەی لەگەڵدایە، دەبیت نوێژ مرۆڤ بگۆڕێت..، ئەوانە هەمووی باس لەم ئاگایی و مامەڵە زیندووەیە. گەرنا زۆرن ئەو کەسانەی قورئانیان لەبەرە و مامەڵەیشی پێناکەن، هیچ وەك ئەوە نین کە لە قورئاندا هاتووە. بەڵکو زۆرێك بۆ بەزاندنی بەرامبەر بەکاری دێنن، هێشتا بە ڕەش و سپی دەیبینن. وادەزانن کیتاب و سوننە ئەوەیە!.

بۆیە بەبێ یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتە، بەبێ تێگەیشتن لە فەلسەی زەین، ناکرێت مسوڵمانان لە کیتاب و سوننە تێبگەن. دەبێت زەیننناسی بکەین، ئەوەی کە "ئیمانوێل کانت" کردی، ئەوەیرۆژئاوای دروست کرد.

## فەلسەفەی زمان:

زمان لە ڕوانگەی سەردەمانی پێشووەوە:

سادەترین بنەماکانی فەلسەفەی زمان کە پێویستە مسوڵمانان بیزانن بۆ ئەوەی لە کیتاب و سوننە تێبگەن، بریتیە لەوەی کە لە (فیقهی زمان)ی سەردەمەکانی پێشوودا هەموو ئەوانەی بە هەرجۆرێك سەرقاڵی توێژینەوەن لە دین، پشت بەو فیقهە کۆنەی زمان دەبەستن، زمان کورت دەکەنەوە لە دوو بابەتدا:

یەکەم: گوایا زمان ئامرازێکە بە دەست مرۆڤەوە، بەهۆی ئەو ئامرازەوە پەسنی (دەرەوە) دەکات.

دووەم: زمان ناوەڕۆك (محتوى)ی هەیە، واتا لەڕێی زمانەوە تۆ دەتوانیت وەسفی (دەرەوە) بکەیت.

لەڕێگەی ئەم پێشگریمانەیەوە بەم دەرئەنجامە گەیشتوون کە،

کەواتە کیتاب و سوننە وەسفی(خارج)ن، لە قورئاندا هەموو شتێك هەیە!

بنەمایەکی فەلسەفی هەیە ئەم بابەتە، لەبەرئەوەی ئەوان وا لە زمان تێدەگەن کە ئامرازێکە بەدەست مرۆڤەوە، بەهۆی ئەم ئامرازەوە دەتوانێت وەسفی دەرەوە بکات، کەواتە خودا قورئانی بۆ ئێمە ناردووە، وەسفی دەرەوەی بۆ ئێمە کردووە، هەموو پەیوەندیەکانی بۆ ئێمە روون کردۆتەوە، ئێمەی مرۆڤ (بوونمان، رۆڵمان، مامەڵەمان، پەیوەندیمان لە گەڵ خۆمان و جیهان، لەگەڵ بوون و خودا..)، هەموو ئەمانە کە لە ئەدەبیاتی دینی ئێمەدا بوونیان هەیە ئەم بابەتەیە، لەم جۆرە روانگەیەوە هاتووە کە زمان (ناوەڕۆك)ێکی هەیە و ئیتر تەواو، لە کاتێکدا ئەمە تەنها بەشێکی کەمی فەلسەفەی زمانە، کە ئێستا تێپەڕێندراوە!.

زمان لە روانگەی (فەلسەفەی زمان)ەوە لەم سەردەمەدا:

نیوەی دووەمی فەلسەفەی زمان، کە ئێستا زۆرترین ئیشی تێدا دەکرێت، هەندێك جار بەتایبەت ئەم بەشەی دووەملە جیهانی دینیدا لای عاریفەکان حزووری هەیە، هەڵبەت بەبێ ئەوەی تیۆریاریزە کرابێت، بریتیە لەوەی، زمان تەنها (ناوەڕۆك) نیە تا وەسفی دەرەوەی پێبکەین، بەڵکو زمان ئامرازی مامەڵەکردنیشە لەگەڵ (بوون)دا، بەشداریکردنی ئێمەیە لەگەڵ (بوون) دا.

واتا ئەگەر لە (فەلسەفەی زمانی محتەوایی)دا کە ئێمە وسفی دەرەوەی پێدەکەین (هەواڵ) سەنتەر بێت، چونکە قورئان دەربارەی شتەکان هەواڵمان پێدەدات، ئەوا لە نیوەی دووەمی فەلسەفەی زماندا کە مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەچێتەوە ناو جیهانەوە و مامەڵە لەگەڵ جیهاندا دەکات خواستن (الاستعارە) سەنتەرە نەك (هەواڵ)، خواستن هەواڵی (دەرەوە)مان پێنادات، بەڵکو لەڕێگەی خواستنەوە ئێمە مامەڵەی حزووریانە لە گەڵ (دەرەوە)، لەگەڵ خودا و واقیعدا دەکەین!

لە وەسفی دەرەکیدا، یان روونتر بڵێین بە مامەڵەی (فەلسەفەی زمانی محتەوایی) قورئان هی چوارده سەدە لەمەو پێشە و کۆتایی هاتووە! بەکەڵکی ئەمڕۆ نایەت! بۆ؟ چونکە بەم میتۆدە قورئان ناوەڕۆکێکی هەیە، ئەم ناوەڕۆکە هەواڵێکی دەربارەی (درەوە) تێدایە، ئەم هەواڵە بەئێمە گەیشتووە و تەواو، ئیتر رۆڵی نەماوە!.

لەڕێگەی خواستنەوەیە قورئان زیندووە! بەهۆی میتۆدی دووەمەوەیە کە ئێمە دەکەوینە (گفتوگۆ) لەگەڵ قورئاندا، ئیدی لێرەدا قورئان زیندووە، لایەنە، بەشدارە، نەك تەنها دەقێکی بەردەست و بەرکار، بەهۆی ئیستیعارەوەیە پێغەمبەر (د.خ) شتی نوێی هەیە بۆمان، ئەگەرنا بە "مەنهەجی محتەوایی" مامەڵە بکەین ئەوا کیتاب و سوننە هی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەرن و دەبڕێنەوە! ئەمە بەشە گەورەترەکەی زمانە کە ئەمڕۆ لای مسوڵمانان بزرە! بۆیە دەبینین ئەمڕۆ قورئان وەك

هـەواڵ دەخوێندرێتـەوە، وەك وەڵامـی ئۆتۆماتیکـی حازربەدەست، بـەڵام مـردوو! کەسی پێڕەوکاری ئەم جـۆرە مامەڵەیـە هـەر شـتێك بڵێیـت ئایەتێکـت لـە بەرامبـەری بـۆ دادەنێت، ئاشکرایشە بـاس و دۆز و بابـەت زۆرن و ئایەتەکانـی قورئانیـش ژمارەیەکـی دیاریکـراون، بۆیـە کاتێـك وەڵامـی هەمـوو جیهانـی پێنادرێتـەوە، کـە پێـی نامێنێـت ئیتـر شـەڕ دەکات، وەردەگەڕێـت بـۆ دۆخێکـی سـایکۆلۆژی، توونـدوتیـژی ئەمەیـە، کیتـاب و سـوننە لای ئـەم کەسـە زینـدوو نیـن، هەرچەنـد خـۆی بانگەشـەی ئـەوە دەکات، بۆیـە دەبینیـن کەسـانێك قورئـان و فەرمـوودە سـەحیحەکانی پێشـەوایان بوخـاری و موسـلیم و سـونەن و..هتـد،. چەندیـن دەق و کتێبـی گەورەیـان ئەزبەرکـردووە، کەچـی دەبینیـن پـاش ماوەیـەك بێدیـن بـوون! لەکاتێکـدا کەسـانێکیش هـەن هیـچ خوێندەواریشـیان نیـە، بـەڵام مامەڵـەی زیندووانەیـان هەیـە، جۆرێـك لـە ئیمانیـان هەیـە، عیشـقێك گرتوونـی ئێجـگار گـەرم و زینـدووە، هەرگیـز سـارد نابنـەوە.

ئەمـە ئـەو شـتەیە کـە کاتـی خـۆی عاریفـەکان وتوویانـە فـڵان بابـەت لـە فەقیهـەکان مەپرسـن، حافیـز گوتەنـی ئـەم پرسیارە لـە شـافیعی مەکـەن. ئێمە پێویسـتمان بـە جۆریکـی دیکـە لـە داڕشـتنەوە هەیـە بـۆ ئـەوەی بـە زیندوویـی مامەڵـە لەگـەڵ کیتـاب و سـوننەدا بکەیـن.

ئەمـەی کـە لـەم بەشـەدا باسـمان کـرد وەك دەرگایەکـی زۆر بچـووك بـوو لـە فەلسـەفەی زمـان. مسـوڵمانان تـا ئەمـە نەزانـن چـۆن دەتوانـن بەزیندوویـی گفتوگـۆ لەگـەڵ کیتـاب و سـوننەدا بکـەن؟ بـەم دۆخـەوە ئێمـەی مسـوڵمان دەمانەوێت شـتی گـەورە لـە قورئـان دەربهێنیـن و ناشـتوانین، وەهممـان بۆخۆمـان دروسـتکردووە، بۆیـە دواتـر تووشـی داڕوخـان دەبیـن! دەمانەوێت واقیعـە گەورەکـە بخەینـە نـاو قورئانـەوە، بۆشـمان ناکرێـت! لەبەرئـەوەی وەك بوونەوەرێکـی زینـدوو مامەڵـە لەگـەڵ زمانـدا نەکـراوە، مامەڵـە لەگـەڵ قورئانـدا نەکـراوە، قورئـان لـەم دیـدەوە (لـە روانگـە کۆنەکـەوە بـۆ زمـان) تەنهـا خەبەرێکـە کـە لەگـەڵ ئـەم سـەردەمەدا ناگونجێـت، هـەر بـەزۆر دەیگونجێنیـن، ناشـگونجێت!.

## مەعریفەتناسی:

ئـەوەی لـە سـەردەمەکانی پێشـوودا بەبێ ئاراوتـە مەعریفەتناسـی ئیسلامی و دینی لەسـەر بنیاد نراوە تیۆریـای (صدق)ە. صیدق بەواتـای موتابیقبـوون لە گـەڵ واقیعـدا، واتـا هـەر شـتێك کـە لـە کیتـاب و سوننەدا هاتووە وەك رۆژی روون لە واقیعدا روویداوە یـان روودەدات، ئەمـە پێیدەوترێـت موتابیقبوونـی مەعریفـەی مرۆیـی لەگـەڵ واقیعـدا، بێگومـان کورتکردنـەوەی صیـدق لـە موتابیقبوونـی لەگـەڵ واقیعـدا ریالیزمێکـی سـادە و کاڵ دروسـتدەکات! کەواتـە بـەم رێکارە بێت (یـەك واتـا) لـە ئایەتەکانـی قورئـان و فەرموودەکانـدا هەیـە کەشـفی دەکەیـت و دەبێـت خۆت و خەڵکیش بەگوێی بکـەن، ئیتر هیـچ ماناکردنێکـی تـر هەڵناگرێـت، دادەخرێـت و کۆتایـی دێـت! بۆیـە دەبینیـن خەڵکـی دینـی تەنانـەت لـە هونەریشـدا هونەرێکـی ریالیزمیـان قبوڵـە، واتـا هـەر شـتێك بـە ئەقڵـی ئـەو واقیعـی نەبێـت ئیتـر ئـەوە ئیسـلامی نیـە، بۆیـە شـیعر و رۆمـان و ...هتـد، هەمـووی پـێ رەفـزە! لەیادگـە و ئەقڵـی ئـەودا، بەڵکـو لـە بونیـادی ئەقڵی ئـەودا مەعریفـە بریتیـە لـەوەی کـە دەبێـت موتابیقـی واقیـع بێـت.

لەکاتێکـدا ئێسـتا مەعریفەتناسـی زۆر فـراوان

كراوە، بەجۆرێك تەنانەت صیدق یان راستگۆییش ناكاتە موتابیق بوون لەگەڵ واقیعدا! زۆر گۆڕانكاری فراوان ئەنجام دراوە، بەڵام مسوڵمانان و فیكری دینی ئاگادار نین لەم هەموو بابەتە! بۆیە هەمیشە شەڕدەكەن، بەدوای ئەوەدا وێڵن كامە حەقە، كامەیان موتابیقە لە گەڵ واقیعدا، "حەفتا فیرقە هەن تەنها یەكیان ناجیە!" ئەمە لەوەوە هاتووە، چونكە بێگومان بەپێی ئەم تیۆریایە یەكێكیان موتابیقە لەگەڵ واقیعدا! ئیتر بوار بۆ كەسی تر نامێنێتەوە، ئەمەش دابڕاو نیە لە فەلسەفەی زەین و فەلسەفەی زمان. لەوێ ئەنجامگیریەكەی چۆن بوو لێرەش هەمان ئەنجام دەدات.

نموونەیەكم لە گەنجێك وەرگرتووە، دەڵێت: " كاتی خۆی دایكم پێیدەوتم ئەگەر دڕەنگ بێیتەوە، خواردنت پێنادەم، دایكم درۆی دەكرد!! دڕەنگیش دەهاتمەوە هەر خواردنی پێدەدام، بەڵام كە دایكم مرد، باوەڕنم هەبوو، هەمان قسەی دایكمی پێدەوتم، بەڵام باوەژنەكەم راستی دەگوت!! كە دڕەنگ دەچوومەوە خواردنی پێنەدەدام! " خۆ ئەگەر بینا لەسەر مەعریفەتناسی تیۆریای صدق بڕۆین، ئەوا باوەژنەكە راستی كردووە، چونكە موتابیقی واقیع بووە! بەڵام لەڕووی مەعریفەتناسی مرۆییەوە دایكەكە راستی كردووە! دایكەكەی تیۆریای مەعریفەی هاوسازترە (منسجم)ترە، لەگەڵ دایكایەتیدا وەك لە باوەژنەكەی لە دایكایەتیدا!.

## گەڕان بەشوێن دیوی مێژوویی رووداوەكانی كیتاب و سوننەدا:

كێشەی زمان لە رۆژئاوا لە چیەوە دروست

**ئەو توێژینەوانەی كە دەربارەی ژیاننامەی پێغەمبەركراون لە سێ سەدەی یەكەمی هاتنی ئیسلامدا، دەڵێن كە لەم سێ سەدەیەی یەكەمدا عەقائید بوونی نەبووە**

بووە؟ لە پەیوەندی نێوان زانست و ئایینەوە. چۆن؟ بەهۆی گەڕان بۆ موتابیقبوونی رووداوەكانی ناو ئینجیل لەگەڵ واقیعدا، بەهۆی جیۆلۆجیا و زانستەكانی ترەوە سەلماندیان كە فلان رووداو موتابیقی واقیع نیە، بەم جۆرە ئەگەر تیۆریای صیدق بكاتە میتۆدی خۆی لەم كاتەدا ئەگەر بابەتێك لە ئینجیلدا، لە تەورات و قورئاندا موتابیق نەهاتەوە لەگەڵ واقیعدا! چی روودەدات؟ دەبێت بەدرۆی بخاتەوە! ئیتر نازانێت ئەمە چەندین رەهەندی دیكەی هەیە، بۆیە نابێت تەنها پشت بە موتابیقبوون ببەسترێت لەگەڵ واقیعدا! چونكە زۆرجار واقیع وا دەرناچێت! دەكرێت مەعریفەی ئەو سەردەمە موتابیقی دەقەكانی كیتاب و سوننە دەرنەچێت. بەڵام رەهەندی مەعریفەی مرۆیی نابێت نادیدە بگیرێت، بەڵكو یەكجار گرنگن.

نموونەیەكی سادەی ئەم بوارە، ئێمە پشتگیری (تیۆریای پەرەسەندن) ناكەین، نەخێر، بەڵام گریمان رۆژێك زانست بە بەڵگە و سەلماندنەكانی خۆی پشتگیری لەم تیۆریایە كرد؟! چی دەبێت؟ ئەگەر بە میتۆدی تیۆریای صیدق كاربكەین ئەو كاتە هەرچی ئەو ئایەتانەی باسی ئادەم و حەوایە

**هەرچۆن لە سێ سەدەی یەکەمی کۆچیدا زانستی عەقائید گەشەی نەکردوە بەهەمان شێوە زانستی فیقهیش گەشەی نەکردوە**

هەمووی هەڵە دەردەچێت!.

لەڕاستیدا مسوڵمانان هەندێك چەمکیان داهێناوە، (ظنی، دلالی ..) بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتانەیە، بەڵام ئەم چەمکانە بالاًیان زۆر لەوە کورتترە بتوانن ئەم ئاریشانە چارەسەر بکەن، دەبێت تیۆریاکە بگۆڕین. لانی کەم دەبێت لەم بابەتانەدا شارەزابین.

ئەگەر مەعریفە بریتی بێت لە باوەڕێکی راستی دەلیلدار، مەعریفە قەزیەی لۆژیکیە، جیاوازی قەزیەی لۆژیکی و رستە چیە؟ قەزیەی لۆژیکی ئەو سێ وشەیە کە پێشتر وتمان، هەواڵدانە، هەموو هەواڵدانێکیش نا، بەڵکو هەواڵێك کە تۆ باوەڕت وایە راستە و دەلیلت هەیە بۆی، بەڵام رستە مەرج نیە هەواڵدان بێت، بۆ نموونە رستەی داخوازیمان هەیە، رستەی پرسیاریمان هەیە کە ئەمانە هەواڵیان تێدا نیە. ئەگەریش تێیدا بێت مەرج نیە باوەڕت پێی هەبێت و بەڵگەت هەبێت بۆی. مەعریفە مامەڵە لەگەڵ قەزیەی لۆژیکیدا دەکات، هەرکام لەمانەش واتە باوەڕ و راستی و بەڵگە چەندین تیۆریا هەیە دەربارەیان.

باوەڕ لانی کەم چوار تیۆریا هەیە دەربارەی. راستبوونیش زیاد لە سێ تیۆریا هەیە بۆی، هەتا بێرتراند راسڵ (Bertrand Russell) دەڵێت حەوت تیۆریا هەیە دەربارەی راستبوون. بەڵگەداربوونیش خۆی بۆ خۆی چوار تیۆریای هەیە. لەم هەموو تیۆریایە بۆ مەعریفە ئێمە تەنها و تەنها یەك دانەمان وەرگرتووە!! بەم جۆرە دەبینین کە مەعریفەمان کردووە بە شەیتانی مەرید!! بێ بەرگ و گەڵا، هەڵپاچراو! تەنها موتابیقەکەیان هەڵبژاردووە، سادە سادە، بەبێ وردبوونەوە، هەڵبەت کە ئەمەشیان لە سەردەمەکانی پێشوو وەرگرتووە و هێناویانە بەسەر کیتاب و سوننەدا جێبەجێیان کردووە، واتا چاویلکەیەکی رەش و سپیان لە چاو کردووە دەیانەوێت هەموو رەنگەکانی پێ ببینن! بچووکیان کردووەتەوە، بە یەك تیۆریای سادە و بەپێی زەینی خۆیان لە کیتاب و سوننە تێگەیشتوونو مامەڵەیان کردووە.

## بۆ روونترکردنەوە:

بۆ نموونە لە صیدقدا سێ تیۆریامان هەیە، موتابیقبوون یەکێکە لەو سێ دانەیە، بەڵام تیۆریای (انسجام) هەیە، لەم تیۆریایەدا ئەوەی دەوترێت گرنگ نیە موتابیقی واقیع بێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە لەناو زەینی مرۆڤدا هاوسازی (انسجام)ێك هەبێت، دژیەك نەبێت، ئەمەیە کە قورئان تەحەدای کافرەکانی پێدەکرد، کە ئەم قورئانە ئەگەر هی غەیری خودا بووایە، ئەوا دژیەکی زۆری تێدا دەبوو! بابەتەکانی وێك نەدەهاتنەوە! دەبینین قورئان موتابیقبوون ناکاتە دەلیل، چونکە موتابیقبوون تەنها بۆ سەردەمێك دەشێت! وەك لەسەرەوە زۆر تر ئەمەمان روون

کردۆتــەوە. بــەڵام هاوســازی بــۆ ســەردەمەکانی دیکـەش دەژی!

شت هەیـە تەنهـا هـی سـەردەمی پێغەمبـەرە کەچـی دەیانەوێـت هـەر بـەزۆر وای لێبکـەن بـۆ هەمـوو سـەردەمەکان ببێـت! بابەتگەلێکـی مێژوویـین، ئـەو هەمـوو بابەتانـەی ئەمـڕۆ کراونەتـە کێشە، بۆ نموونە، بوونی کۆیلە، جیاوازی نێوان ژن و پیاو، ئـەو ڕێسـای توندانـەی کە لـە (حـەددەکان) دا هـەن و هـی ئـەو سـەردەمەن، بـە موتابیقبـوون مامەڵـە بکەیـن دەبینیـن ئیسـلام لەگـەڵ ئەمـڕۆدا ناگونجێت، بـەڵام ئەگـەر بـە تیۆریـای (انسـجام) بڕۆینلـە صیدقـدا دووچـاری ئـەم هەمـوو تێکگیـران و ناسـازیە نابینـەوە. ئەمـە بـەو واتایـە نایـەت کـە ئەوانـەی پیشـین صادیـق نەبـوون، نەخێـر، بەڵکـو دەبێـت صیـدق تەنهـا بـە موتابیقبـوون لێـی تێنە گەیـن!.

دەبینین کە ئێمە لە کوێ و مەعریفەتناسـی نوێ لـە کـوێ! بۆیـە تێکەوتوویـن! بـە گشـتاندنی تەنهـا یـەك پێوەر ئەویـش هـی زەینی خۆمان، زەینێکی ڕەش و سپی، تێڕوانینێکـی ڕەش و سـپیانەی خۆمـان بـۆ زەمـان، لـە یـەك تیۆریـای مەعریفەتناسـی (صیـدق سـەنتەر)ی (موتابیـق سـەنتەر)ەوە چ کارەساتێکمان بەرپاکـردووە! بۆیـە دەبیبیـن کەسـانێك دووچـاری (انفصـام الشـخصی) دەبـن، واقیـع جۆرێکـە ئەویـش جۆرێکـی تـری دەوێـت.

چەندیـن جار بـە ئاشکرا نموونـەی بەرجەستەمان بینیـوە، ئـەو گەنجـەی کـە پرسـیاری لێدەکـەن دەربـارەی ماناکردنـی فەرموودەیـەك کـە پێداگـرە لەسـەر ڕاسـتبوونی لێدانەوەکـەی خـۆی، پێـی دەڵێـن ئـەم جـۆرە ماناکردنـەی تـۆ دەیکەیـت، دەرگای لێکدانـەوەی تـرت لەسـەر ڕاقـەی فەرموودەکـە داخسـت، بـەم ڕەهاییـە نابێـت، ئـەدی گـەر ڕۆژێـك هـات و بـەم لێکدانەوەیـەی تـۆ دەرنەچـوو؟! لـە وەڵامـدا دەڵێـت، قەیـدی چیـە تۆبـە دەکـەم! واتـا گونـاه کردنەکـەی پێباشتر بـوو تـا ئـەوەی نەزریـەی مەعریفـەی خـۆی بگـۆڕێـت!! وادەزانێـت ئـەو تیۆریایـەی لـە قورئانـەوە وەرگرتـووە، نازانێـت کـە هـی زەینـی خۆیەتـی دەیداتـە قورئانەکـە.

بۆیـە ئێمـە هەرگیـز ناگەینـە کیتـاب و سـوننە هەتـا نەزانیـن لـە کوێـوە دەڕوانیـن بـۆ کیتـاب و سـوننە.لەبەرگرنگی پێویسـت دەکات جارێکـی تـر ئـەوە بڵێینـەوە ئـەم سـێ بابەتـەی کـە لـە سـەرەوە باسـمان کـردن دەبێت بکرێنـە سـەنتەر و بـە هەسـتی پێویسـتبوونەوە گرنگـی تەواویـان پێبدرێـت. کێشـەی زمانـەوان و قورئانیـەکان و ...هتـد،. هەمـووی ئـەم مامەڵـە ڕەش و سـپییەیە. بەڕاسـتی هەمـی ئێمـە لـە (ناوەنـدی هـەژان) کـە خۆمـان سـەرقاڵ کـردووە ئـەم چەنـد ساڵە ئـەم بابەتانـە بـوون. تێگەیشـتن لـەو سێیەمەی نێوانی ئێمـە و دەقـەکان، ئـەوەی کـە ئێمـە وادەزانیـن وایـە، کەچـی وانیـە، بۆیـە بـێ ئەنجـام ماوینەتـەوە.

فەلسـەفەی دیاردەناسی (Phenomenology) ئەمەیـە، لەڕاسـتیدا دینناسـی ڕۆژئـاوا بەمجـۆرە کار لەسـەر دیـن دەکات. تازەتریـن تیۆریاکانـی تەنانـەت دەلیلی بوونی خـودا بـەم جـۆرە دەجوڵێنـەوە. دیـارە ئێمـە بانگەشـەی ئـەوە ناکەیـن سـەرجەمی مسـوڵمانان بێـن خەریکـی ئـەم بابەتانـە بـن، بەڵکـو ڕووی مەبەسـت و داوامـان لـەو کەسـانەیە کـە لانـی کـەم ڕابەرایەتـی خەڵـك دەکـەن، بـە هـەر جۆرێکـە خەڵـك چاوەڕوانـی هەیـە لێیـان، بـە سەرمەشـق و چاولێکـراو ناسـراون.

# سەفەری مەعنەوی
# گەڕانێکی ناوەکی بۆ گەیشت بە کەماڵ

ن: د. حەمید ئینتیزامی
و: ئارینا جان

ئەم بابەتە رووناکی دەخاتە سەر دیوی ناوەکی (ئیزۆتێریک)ی ئایینەکان، عیرفانی ئیسلامی وەك ڕێگە نیشاندەرێك. زۆرێك لە مرۆڤەکان ئاشنان بە گەشت و سەیر و سەفەری دەرەکی، دەوروبەری خۆیان. دەشێت گەشتەکان بۆ بینینی دیمەنە جوان و ناوازەکانی نێو سروشت، یاخود بۆ بینینی وڵاتانی تر و پەیوەندی بازرگانی و چەندان جۆری تری گەشت بێت. دەرئەنجامەکەشی یان بۆ بەدەستهێنانی مادیە یاخود دەستکەوتنی ئارامی دەروونی و خۆشی و حەوانەوەیە.

گەشتەکەی ترمان مرۆڤەکان دەباتەوە ناوخۆیان، سەفەرە بۆ نێو رۆحی خۆیان، ئاشناکردنە بە جیهانێك کە خودی خۆیانە. سوودی ئەمجۆرە لە گەشت بەدەستهێنانی ئارامی دەروونی و خۆشبەختی و کەشفی خودە، کە بە سەفەری دۆزینەوەی خود ناسراوە.

بە شێوەیەکی گشتی زاراوەی ئایینەکان یاخود جیهانبینی ئایینەکان دوو بەشی سەرەکیە، کە بریتین لە:

١- رووگەی دەرەکی (خارجی) Exoteric aspect

٢- رووگەی ناوەکی (باگنی) Esoteric aspect

دەستپێکی ئەم گەشتەمان بە ڕێبەرایەتی خوداناسان و عاریفانی گەورەی شارستانیەتی ئیسلامی دەست پێدەکەن، قورئانی پیرۆزیش چراکەی دەستمان دەبێت. گەشتیار (سالك) پێویستە چەندین مەقام و جیهانی ناوەکی ببڕێت و بیان بینێت. لای زۆرێك لە عاریفەکان ئەم گەشتە بە پێنج مەقام و لای هەندێکی تریان

بە سێ مەقام، لای "ابی عبدالله الانصاری" بە زیاتر لە سەد مەقام دەست پێدەکات.

بەڵام لەم گەشتە ناوەکیەی ئێمەدا، هەوڵدەدەین بە نێو شەش مەقام و پێگەی مەعنەویدا سەفەر بکەین. ئەوەی جێگەی لێوردبوونەوەیە و پرسیارکردنە دەتوانین چاوەڕوانی چی بکەین لە کۆتایی گەشتەکەمان: سوودی چیە؟! چی بەدەستدێت ئەگەر بە سەرکەوتوویی ئەنجامدرا؟ بەر لە سەفەر دەشێت ئاماژە بە چەندین سوود بدەین، بۆ نموونە:

١- گەشتێك دەشێت بە دیداری خودا بگەین، گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی ڕەسەنی خۆمان بۆ ئەو ژێدەرەی ڕۆژگارێك بوو، لەوێ بووین.

٢- گەشتێك دەشێت ببێتە هۆی بەدەستهێنانی ئاشتی ناوەکی. چونکە لە نێو ئێمەدا چەندین کێشمەکێش و ناڕەحەتی هەیە، بەدرێژایی گەشتەکە یەکە بەیەکە لە کۆڵ خۆمانیان دەکەینەوە، بەمەش ئارامی و ئاشتی بەدەست دەهێنین.

٣- گەشتێك، گەیشتنە بەکەماڵی مرۆیی، دۆزینەوەی خەزێنەیە. بەمەش دەتوانین جیاکاری بکەین لە نێوان مرۆڤانێك دەوڵەمەند لە سەروەت و سامان بەڵام هەژارن لە ناوەوەڕا، بە پێچەوانەشەوە کەسانێك سادەپۆش و خاکی و هەژار بەڵام، پاشای خەزێنە ناوەکیەکان.

گەشتی ڕۆحی و مەعنەوی لە دیدگای عاریف و خوداناسانەوە سەرچاوەکەی لە کتێبی پیرۆز (قورئان)ـدایە. سەنتەری ئەم گەشتە زاراوەی (خود، ڕۆح، نەفس)ە.

بۆ جیاکاری نەفس لە تێگەیشتنە سایکۆلۆژیە مۆدێرنەکەی، پێویستە جیاوازیەك

**خوێنەر بیەوێت یان نەیەوێت لەسەر یەکێك لەم پەیژانەیە لە مەقامێکدایە بەرەو ئەو جیهانە**

بخرێتە بەر دیدە. چونکە (نەفس) جەستە یاخود شتێکی ستاتیکی نیە، زیاتر پرۆسێسێکە کە کارلێکی نێوان جەستەو ڕۆحە، یان دەرهاویشتەی یەکانگیری ڕۆح و جەستەیە. (نەفس، ڕۆحە بە خاسیەتەکانی جەستەوە).

نەفس لەم بابەتەی ئێمەدا شتێکی زیندووی جوڵاوە، نەك وەستاوو جێگیر، بۆیە هەرگیز نەفس هەمان سروشتی ئێمە نیە. لە ئایینناسیدا، "جەوهەر و سروشت: بە مانای جێگیری دێت، بەڵام "نەفس" لە پرسەی گۆڕاندایە بە بەردەوامی، بە مانایەکی تر نەفس لە گۆڕاندایە بەهۆی ئەزموونی ژیان و کردەوەکانمان لە ژیانی ڕۆژانەدا.

ئەم گەشتە بە شێوەیەکی سەرەکی سەبارەت بە پرۆسەی پوختەبوون و پاکبوونەوەیە. پوختەکردنی ڕۆحمان لە خەوش و نەنگیەکان، یان لە خراپەکاری و مامەڵەی نائەخلاقی. هەر کات قووڵ چوینەوە ناو خۆمان دەتوانین ببینین کە ئێمە جیهانێکی سەربەخۆین وەکو مەولانا دەفەرموێت: تۆ بەتەنها دروستکراوێکی نیت و بەس، تۆ گەردوون و دەریایەکی قووڵیت.

مەولانا پێی وایە مرۆڤەکان گەردوونێکن لە خودی خۆیاندا، بۆیە هەرچی داهێنان و

## لە میانەی گوزەر کردنی مرۆڤەوە بەرەو ئامانجە مەزنەکانی چێژی ڕۆشتنی بەرەو مەقامەکانی تر لە دڵیدا چەکەرە دەکات

خەلاقیەتێکی هونەری هەیە لە ناوەوە سەرچاوە دەگرێت، لە دەریای بێ بنی ڕۆحەوە دێت. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کەسانێك هەرگیز گەشتیان بۆ نەکردووە، واتە لە بێ-ئاگاییدان.

لە غەفڵەتدان و ئازایەتی ئەوەیان نیە لەڕووکاری خۆیان تێپەڕن، هەر ئەمەش کێشە دینیەکانی جیهانی مۆدێرنە، لەبری ئەوەی رووکەشگەرایی تێپەڕێنێت و هاوکاری مرۆڤەکان بێت بۆ ئەوەی خۆش ئەخلاق بن و بیانکات بە مرۆڤێکی باشتر، زۆربەی کات بووە بە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەمیاندا. (لێرەدا مەبەست لە خودی دین نیە، بەڵکو لە دینداری شوناس سەنتەرە).

بۆ کەشفی جوانی و خواستەکانمان لە سەفەری ناوەکیدا مەولانا لە مەسنەویدا، ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو شتێك لە ناوەوە دەست پێدەکات، ئەگەر هاتوو ناشیرینی و زشتیەکانمان لە دەرەوە بینی ئەوا بە دڵنیاییەوە کێشەیەك لە ناوەوە هەیە، بە پێچەوانەشەوە. لەبەر ئەوەیە لە کۆتایی گەشتەکەمان بۆمان نمایندە بێت کە کێشەکان لە جیهانی دەرەکیدا نیە، بەڵکو لە نێو خودی خۆماندایە. کەسانێك دەیانەوێت جیهان بگۆڕن پەنجەیان نەخستۆتە سەر برینەکە، چونکە برینە

قووڵەکە لە نێو رۆحی خۆماندایە، بۆیە پێویستە لە خۆمانەوە دەست پێبکەین.

هەر ئەوەش مانا قووڵەکەی پشتی ئەم بابەتەیە "خود-گۆڕین". مرۆڤەکان وەکو ئاوێزەن ئەوە پەرچ دەدەنەوە کە لە نێو خۆیاندایە. مرۆڤەکان لە جیهانی نوێدا هەموو شتێك دەربارەی هەسارە و کاکێشان دەزانن، بەڵام بێئاگان لە خودی خۆیان، لە دینی عیرفان ناسانەوە هەر ئەمەشە کێشە بنچینەییەکەی مرۆڤی نوێ.

لەڕاستیدا کێشەکە، کێشەیەکی کلتوری و شارستانیشە، ئەگەر وێنە گەورەترەکە وەرگرین، چونکە پێچەوانەی پرۆسەی کامڵبوون و پێشکەوتنە.

پێشکەوتن ئامانجی بنچینەیی زانا و فەیلەسووفەکانە، لە بەرامبەردا، خودناسینئامانجی سەرەکی عاشق و عاریفەکانە. ئەوەش بەو مانایە نایەت ئەم دوو بابەتە هاودژن، نەخێر. بەڵکو دوو رووگەن کە بەداخەوە هاوسەنگی نێوانیانمان لەدەستداوە.

بۆ باشتر تێگەشتن لە سەفەری ناوەکی، پەیژەیەك بهێنە بەرچاوی خۆت کە لە چەند پلەیەك پێکهاتووە، هەریەك لەو پلیکانانە ئاماژەن بە مەقامێکی نەفس یان مەقامێکی رۆح.

واتە ئەگەر پرۆسەی کامڵبوونی مرۆیی پەیژەیەك بێت، ئەوا هەر پلیکانەیەك حاڵ و مەقامێکی نەفسە. هەتاوەکو بەرەو سەرەوە بڕۆین زیاتر پوختە دەبین، بەمەش جیهانی باڵامان بۆ روونتر دەبێتەوە.

زۆر کەس تێگەیشتنی لە جیهانی باڵاو خودا، بە ئەندازەی جیهانەکەی خۆیەتی، وەکو چیرۆکی "شوانەکە و موسا"ی مەولانا کە قژی بۆ خودا

شانە دەکرد و جلی بۆ دەدووری: دیوێکی تری ئەم بابەتە ئەوەیە هەر پلە و پلیکانەیەك پێی گەیشتیت و لەسەری وەستایت، ئەوا کەسایەتیەکی تایبەتت بۆ دروست دەبێت کە پێی دەوترێت حاڵ (حاڵی ئەو مەقام)ە، بەمەش کەسایەتی مرۆڤ بەبێ ئەو جێگە و پلیکانەیە گۆڕانی بەسەردا دێت. یەکێك لە جوانی و سەرنج ڕاکێشیەکانی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە، خوێنەر بیەوێت و نەیەوێت لەسەر یەکێك لەم پەیژانەیە، بەڵام نابێت لە بیرمان بچێت ئەو پەیژەیە دوو ئاراستەیە، واتە تۆیت بڕیار دەدەیت بەرەو سەر دەچیت یاخود بەرەو خوار (عروج دەکەین یان هبوگ Descent or– Ascent)، سروشتی ئەم گەشتە بەو شێوەیە، دەبینە خزمەت مەقامەکانی نەفس.

## مەقامی یەکەم:

یەکەمین و نزمترین پلە، پەیژەی سەفەری نەفس بریتیە لە: نەفسی ئەممارە.

کەسایەتی ئەم جۆرە لە نەفس، هەمیشە شەیدای زیادکردن و زۆرکردنی شتەکانیەتی تا بڵێیت چاوچنۆکە. کێشەی ئەوەیە بەبێ بیرکردنەوەو بە بێ پێویستی شت لە خۆی کۆدەکاتەوە، بە زاراوەی ئەمڕۆیی کەسایەتیەکی بەکاربەرە..

یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی نەفسی ئەممارە، حەزەکانی بە تەواوەتی کەسایەتی ئەویان کۆنترۆڵ کردووە. ئیرادەی خودی لەدەستداوە، یان مرۆڤێکە لەوپەڕی تاریکیدایە و ئارەزووەکانی چاوەکانی بەستووە. ئەم تاریکیەش وا دەکات بەتەنها نەفسی خۆی ببینێت، تەنها خۆی لا گرنگە و کەسی تر نا، بەمەش دەڵێن "خۆپەرستی -ئەنانی- Selfishness". کەسایەتی خۆویست وا هەست دەکات جیهان خودی ئەمە و ئەویش سەنتەری ئەو گەردوونەیە، کێشەی ئەم جۆرە لە نەفس ئەوەیە وا وەهم دەکات دەبێت هەموان لە خزمەت ئەودا بن، ئەو خۆ بە گەورەزانیشی وای لێدەکات هیچ هەستێکی ئەخلاقی و بەخشندەیی تێدا نامێنێت و شەرم لە فەرهەنگی ئەودا مانایەکی نیە.

دوایین تایبەتمەندی ئەم چەشنە کەسایەتیە تووشی ئالودەبوون دەبێت! ئالودەبوونێك چێژ لە ئارەزووە نائەخلاقیەکانی خۆی دەبات، گشت کردەوە و جوڵەکانی بە ئاسانی ناو دەبات.

## مەقامی دووەم:

دووەمین مەقامی ئەم گەشتە ناوەکیە بریتیە لە: نەفسی پەشیمان "نەفسی لەوامە.

ئەگەر ئەم نەفسە شەڕانگێزیەی مەقامی پێشووتر، بە ئاگا هاتەوە و سەرکەوتوو بوو لە تێپەڕاندنی ئەو کەسایەتیە خۆپەرستە ئەوا هەستی پەشیمانی و داخ و پەژارەی بۆ دروست دەبێت و ئەوەیش دەیگەیەنێتە پلەیەکی بەرزتر، کە مەقامی بەئاگاهاتنەوەیە.

قورئان بەم شێوەیە نزیکمان دەخاتەوە لە باسی نەفسی لەوامە. (بل الانسان والی نفس بصر، لقاو المحاضر)،بەراستی مرۆڤ دەتوانیت ناوەوەی خۆی ببینێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەموو بیانووە دەهێنێتەوە.

بەزاراوەیەکی تر مرۆڤەکان لە تەنهاییدا هەموویان دەزانن لە هەڵەدان، پێویستیان بە دادگا نیە پێیان بڵێت هەڵەن، بەڵکو خۆیان خۆیان دەناسن. قورئان دەڵێت ئازایەتی ئەوەتان تێدا نیە بڵێن هەڵەن ئەگینا روونە لەلاتان، لەبەر چەندین هۆکار لەوانە خۆپارێزی یان دانپیانان بە هەڵەکان،

یاخود هەزاران هۆکار دەهێنیتەوە بۆ دەربازبوون لە بەرپرسیارێتی.

لە دەستپێکی ئەم مەقامەوە کەسەکە بەئاگا دێتەوە لە هەڵەکانی وەکو ئەوەی پێشوو نیە بێباك بێت، بەڵکو ئەم هەستە بە دووبارەبوونەوە و خەوشەکانی خۆی دەکات.

تایبەتمەندی سەرەکی ئەم کەسایەتیە ئەوەیە کە بۆ یەکەمجار هەستی پەشیمانی و شەرمەزاری بۆ دروست دەبێت، هەست دەکات کێشەیەك هەیە کە ناوەڕا ئەوی پەرێشان کردووە. بیر دەکاتەوە لە ناوەوە سەرزەنشتی دەکات لەبەر هەڵەکانی.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی لەم پلە پەیژەیەی پرۆسەی نەفسا بریتیە لە تەوبەکردن.

عاریفەکان دەڵێن تەوبەکردن، ئەوەیە نەگەڕێنەوە سەری و بەئاگا بێت راست و هەڵەکان چین، پاشان دانی پێدا بنێت کە هەڵە بوو. ئەمیش لە راستیدا ئازایەتی و لەخۆبردووی زۆری دەوێت. دواتر هەوڵی چارەسەری بکات و هەرگیز دووبارەیان نەکاتەوە.

دوایین تایبەتمەندی دووهەمین مەقام، یەکەمین نیشانەکانی ئیمان دەردەکەون. بەمەش مەعریفەی سەبارەت بە ئیمان بۆ دروست دەبێت لەمەوە چێژی رۆیشتنی بەرەو مەقامەکانی تر لە دڵیدا چەکەرە دەکات.

## مەقامی سێیەم:

سێیەمین مەقامی گەشتی مەعنەوی بریتیە لە: نەفسی ئیلهام بەخش.

کەسایەتی مەقامی دووەم ئەوەی بۆ نومایان بوو کە شەڕانگێزیەکانی خۆی چاك بکات و بگەڕێت بە شوێن نووری لێخۆشبووندا.

لەم پەیژەی سێیەمدا سالیك شەوق و ئیشتیاقی بۆ دروست دەبێت، ئەمەش وای لێدەکات چێژ بەرێت لە ئەزموونە رۆحیەکانی بەتایبەتی نوێژەکانی کاریگەری راستەقینەی بۆ دروست دەکەن، ئەم خۆشی و چێژەی کە لە پەرستشەکاندا دەیبات نایانگۆڕیتەوە بە هەموو جیهان! بەمەش دەوترێت "گەنج بوونەوە یان نوێ بوونەوە" یاخود بەزاراوەیەکی دی سەرلەنوێ لەدایك دەبیتەوە.

ئەگەر سەیری مەقامەکەی پێشووتر بکەین رەنگە پەرستشەکانیشی ئەنجامدابێت بەڵام وەکو شتێکی رۆتینی و ناچاری ئەنجامی دابێت. بەڵام لەم مەقامەدا هەموو شتێك پێچەوانەیە، مەولانا دەفەرموێت: (کافر و موسوڵمان، باوەڕدار و بێباوەڕ هەردووکیان هاوار لە خودا دەکەن، بەڵام هاوارەکانیان زۆر جیاوازە — ئەو هاواری نان دەکات بەڵام ئەم هاوارەکەی لە قووڵایی رۆحیەتی بۆ خودی مەعشوقە).

مەولانا پێمان دەڵێت پێویستە بۆ هەموو شتێك هاوار بە تەنها لە باری تەعالا بکەین بەڵام مەبەستی پشت هانابردنەکە مرۆڤی ئیماندار و بێ ئیمان جیا دەکاتەوە.

کەسی گەیشتوو بەم مەقامە ئەخوازێت لە حوزوری پەروەردگاری بێت لە کاتی نوێژکردندا، یاخود لەڕووی هەستیەوە پێگەیشتووە. ئەم پێگەیشتوویی هەستی "Emotion Mature"یە کە کەسەکە چەندین تایبەتمەندی بۆ دروست دەبێت. بە نموونەی رەخنەی دەوروبەرەکەی بە خۆشحاڵی و چێژەوە وەردەگرێت و هەوڵی چارەسەری دەدات، هەموو هەڵی خۆی دەدات بۆ گەورەکردنی رۆحی.

بە قسەی دەوروبەر هەرگیز مەزاجی و سەلیقەی تێکناچێت، واتە بە ئاسانترین ڕەفتار دڵی بشکێت. وەکو حەزرەتی عەلی دەفەرموێت: (من شاخم، بە ئاسانی نابزوێم).

ئەمەش هەر لەبەر ئەوەیە جیهان بە ڕەش و سپی نابینێت، هەر شتێك ڕووبدات هەمووی بەڕاست یاخود بە هەڵە نازانێت، بۆیە بە تێڕامانەوە لە ڕووداو و بارودۆخەکان دەڕوانێت. بۆیە بە سەرکەوتن و دەسکەوتی ئەوانی تر بەئاگایە و خۆشحاڵی دەکات. ئەمەش نیشانەی کەسی پێگەیشتووی هەستی مرۆییە.

دوایین تایبەتمەندی (حاڵ) کەسی پێگەیشتوو پێی گەیشتووە، کاتێك هەستی کرد لە بابەتێکدا ڕاستە و هەموو دونیا ناهەژێنێت بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت ئەو لەسەر حەقە. بۆیە شەڕی دینی من ڕاستە و دینی تۆ درۆ لەگەڵ کەسدا ناکات. بەڵکو دەیەوێت هاوبەشی ئەزموونی ڕۆحی و مەعنەویەکانی لەگەڵ ئاییندارەکانی تردا بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی نێو ئایینەکان.

لەڕاستیدا لەم مەقامەدا نەفس (Ego) بەتەواوی چۆتە ژێر ڕکێفی کەسی گەشتیار. بە دەربڕینێکی تر، لێرەدا دێوی نەفسی کوتاوە بەزەویدا و حەزەکانی دەستەمۆکردووە، لەمەوە ئاسۆی ڕووناکی و چاکەخوازی لە گشت شتێکدا دەبینێت.

## مەقامی چوارەم:

چوارەمین پلەی پەیژەی کەسی گەشتیاری گەشتی گەورەکردنی ڕۆح بریتیە لە: "ڕۆحی ئاسوودە".

لەم مەقامەدا کەسەکە خۆش ئەخلاق دەبێت و چیدی نائارامی و نائاسوودەیی نامێنێت و

**ئیدعای عاریفەکان بانگەوازی خوایەتی نەبوو ە بەڵکو شتنی چاوەکان بۆ سەیرکردنی ئاسمان**

خۆشبەختی ناوەکی دەگات، لێرەدایە فۆرم و ناوەڕۆکی سالیك دەبنەوە بەیەك لەناوە چۆن بێت لەدەرەوەش بەهەمان شێوەیە.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی تری ئەم پلەیە، دڵ دەبێت بە (X) عەقڵ دەبێت بە (Y) بۆی، هەر لەبەر ئەوەیە ئاگایی ناوەکی بۆ دروست دەبێت و خۆش ئەخلاق دەبێت لەگەڵ دەوروبەرەکەی. خاڵێکی گرنگە دیندارەکان بیزانن ئەوەیە هەر کەس ئاشتی و ئارامی ناوەکی "ڕۆحی" بەدەست دەهێنێت هەرگیز ناتوانێت لەگەڵ بەرامبەرەکان لە ئاشتی و خۆشی دانەبڕێت، چونکە سەرچاوەی ئاشتی و تەنگەژەکان لەنێو خۆماندان. مەولانا هاوکارمان دەبێت، بەڵکو هەنگاوێك زیاتریش دەڕوات لە ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، دەفەرموێت: (کاتێك لەگەڵ دروستکەری ئەوانی تردا لە ئاشتیدام، جیهان بۆ من بەهەشتە). دەڵێت من هیچ ناسازی و خراپەیەك لە دەرەوە نابینم وەك بەهەشت دێتە بەرچاو، چونکە من هاودەمم لەگەڵ خودا.

مەولانا هاوئاهەنگی خۆی کردووە لەگەڵ حیکمەتی ئیلاهیدا، چونکە من بەشێکم لە

## نەفس لەم روانگەوە بابەتێکی جوڵاو و زیندوە نەك تەنێکی وەستاو مردوو هەرچی داهێنان هونەری هەن لەناوەوە سەرچاوە دەگرێت

جیهانی دروستکراوی ئەو نەك تەماشاچی لە دەرەوە. بۆ روونکردنەوەی ئەو خاڵە زانست بهێنە پێشچاوتان کاتێك تۆ لێکۆڵینەوە لە گەردوون دەکەیت تۆ بەشێکیت لەو شتەی لێکۆڵینەوەی دەربارەی دەکەیت، تۆ لە دەرەوەیت بۆیە ئەوترێت زانستی ئەزموونی ئامانجی سەرەکی کۆنترۆڵ کردنە، نەوەك هاودەمی کردن. بەڵام کاتێك سالیك خۆی بە جیهانەوە بەستراوەو غەریب نیە، ئەوا کۆنترۆڵ کردن هیچ بەهایەکی نیە. ئەم هارمۆنی و هاودەمیەی وای لێدەکات هەر ئێستەو لێرەدا لە بەهەشت بێت (کە تۆ غائیب لە من دەبیت چم بێت لە تۆ غائیب، قیامەت حازری بەرچاوی خۆمم لە خۆم غائیب) مەحوی دەفەرموێت. چونکە رووگەی خۆم گۆڕیوە و لەدایك بوومەوەتەوە، لەڕاستیدا بەر لە مردن خۆم مراند و زیندووبوومەوە و ئێستا لە بەهەشتەکەی خودادام.

بە پێچەوانەشەوە بۆ زۆر کەس جیهان دۆزەخە، بۆ؟ چونکە بۆ ئەوان جیهان و دروستکەری جیهان لە دەرەوەی خۆیان دەبینن، هیچ هارمۆنیەك لە نێوان خۆیان و پێکهاتەی گشتی گەردوون نابینن. خودا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (بەدڵنیاییەوە، هاودەمانی خودا نەترسیان هەیە و نە ئەشپاڕێنەوە) تایبەتمەندیەکانی تری مەقامی قەناعەت بریتین لە: متمانە پێکردن — التوکل، سوپاسگوزاری — شاکر، ئاسوودە و رازی — قانع، و ...هتد،.

### مەقامی پێنجەم:

پێنجەمین پلەی پەیژەی سەفەری گەشەکردووی نەفس بریتیە لە: نەفسی موتمەئینە "نفس المطمئنة"، زاراوە قورئانیەکەی نەفس ئارامگرتووە (نفس المطمئنة) کە لە ریشەی وشەی "طمئن" هاتووە، واتە "ئارامش و ئاسوودەیی و ئاشتی".

قورئان دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفۡسُ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ ٢٧ ٱرۡجِعِيٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةٗ مَّرۡضِيَّةٗ﴾. زۆر ناوازەیە ئەم ئایەتە، "تۆ ئەی رۆحە ئارامەکە بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگارت، زۆر ئارام و ئاسوودەبە بڕۆ بۆلای خزمەتکارانم بۆ بەهەشتەکەم بە شادی".

سەیر بکەن یەکسەر بە نەفسی ئارام دەست پێدەکات، تۆ ئەی رۆحە ئارامەکە لە قورئاندا هەمیشە گوناهکار و تاوانکاران بە کەسی سێیەم بانگ دەکات. بەڵام خەڵکی رێزدار و چاکەکار راستەوخۆ پەنجەیان بۆ رادەکێشێت. لەم مەقامەدا نەفس ئارامی دەروونی بەدەستهێناوە و لە "اطمئنان"دایە، چونکە گەڕاوەتەوە بۆ لای دروستکەری و یەکێتی ناوەکی بەدەستهێناوە. لەم ئایەتەی سەرەوەدا مەرجێکی هەبوو بۆ سەرلەنوێ یەکگرتنەوە و گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ئەویش بریتی بوو لە رازیبوونی خودا لە بەندەکەی "رچیە" مەرجی گەڕانەوە رەزامەندی پەروەردگار بوو. لێرەدا لە مەقامی پێشووتر سالیك هەندێك

نارەحەتی و ناهەمواری قەبوڵ دەکرد ئەگەر ناچاریش بووایە، بەڵام لێرەدا بەوپەڕی خۆشحاڵی و ئاگاییەوە باوەشی بۆ نارەحەتی و سەختیەکانی ژیان دەگرێتەوە. بۆ؟ لەبەر ئەوەی لە رووی هزری و هەستیەوە، بەتەواوەتی پێگەیشتووە و تێدەگات لەوەی هەرچی نارەحەتی و نائارامی و تەنگەژەکانی لە سەرچاوەکە بووە کە ئاگادارو بەسۆز و خۆشەویستیەوە ئاگای لێدەبێت.

لەم دیدگایەوە پێمان دەڵێت هەرچیەك تۆ دەبینیت بە خێر و شەڕ، لە چاکەخوازی و بەخشندەیی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت.

بۆ سالیکانی ئەم مەقامە، مەولانا دەفەرموێت: (من بەوپەڕی یەکسانیەوە عاشقتم بە هەموو بەخشندەیی و غەزەبەکانی، چ سەرسامکەرانەیە من عاشقتم بە هەموو هاودژیەکان، هەموو ئەو شتانەی کە تۆ دەیانرژێنیت بەسەرمدا لە ژیاندا، زۆرم لا خۆشترە لە دەنگ و سەدای هەرچی عود و نەی و قیسارەیە).

چ پێزانینێکە بۆ ئەم هەموو بەرزی و نزمیەی ژیان، مەولانا لێرەدا ناوەستێت، بەڵکو دەچێتە پێشتریش، (ساتێك دەم سوتێنێت، ساتێك دەمخەیتە باخی گوڵان، رامدەکێشێت بۆ ئەویە چاوەکانم بکرێتەوە).

ئەم هەموو تەنگەژە و خۆشبەختیانە و غەم و پەژارە و ئاسوودەیی لەم ژیانەدا، هەموومان وەکو یەکن و یەك ئامانجن بۆ پەروەردگار، بۆ پەروەردەکردن و گەورەکردنی ئێمەیە لە رووی رۆحی و لۆژیکیەوە.

لەم مەقامەدا کەسەکە بە تەواوەتی ئازاد و ئاسوودەیە لە ئازار و نارەحەتیەکان، بۆیە لە قورئاندا هاتبوو بچۆرە ناو بەهەشتەکەم، واتە ئازاد و سەربەست ببە لە ئازار و ناخۆشی.

ئەم مەقامە لە دینی بوزایشدا، بە نێرڤانا (Nirvana) ناسراوە. ئەمەش گەورەیی و قوڵی ئایینەکانمان بۆ زیاتر رووندەکاتەوە کە چۆن دەگەنە هەمان دەرئەنجام.

## مەقامی شەشەم:

دوایین مەقام کە نەفس لە سەفەری مەعنەوی خۆیدا تەی دەکات بریتیە لە: پاکبوونەوە، پوختەی نەفس، کە دوایین و بەرزترین مەقامێکە مرۆڤ بیگاتێ و کەشفی بکات. لە عیرفانی ئیسلامیدا بە فناء (فناء فی الله) ناوزەندیان کردووە.

ئەمەش بە مانای تیاچوون و فەنای یەکجاری و مردن نیە، بەڵکو چوونە بۆ ناو جیهانی بێکۆتای پەروەردگار، لەوێشدا دەمێنێتەوە کە پێی دەوترێت مانەوە لە نێو یەکێتی جیهانی ناوەکیدا "بقاو باللە".

ئەم مەقامە لە گشت دینەکاندا بە وجودی خودا "God Realization"، واتە لەناو خۆماندا هەست بە بوونێکی حەقیقی خودا دەکەین. تایبەتمەندی سەرەکی ئەم کەسە بریتیە لە پوختەبوونی رۆحی.

لەم مەقامەدا گۆڕانەکە بە تەواوەتی روویداوە و بە کۆتا گەیشتووە، رۆح ماڵی یەکەمین و رەسەنی خۆی دۆزیوەتەوە و یەکانگیر بۆتەوە پاش دابڕان. وەك دەوترێت "دڵۆپ گەڕاوەتەوە بۆ دەریا"، بۆیە ئیتر خەسڵەتەکانی دەریای وەرگرتۆتەوە و بۆتەوە بەیەك. پێغەمبەری ئیسلام بۆ روونکردنەوەی ئەم حاڵەتە دەفەرموێت: (خودا دەفەرموێت، هیچ لەوە خۆشحاڵترم ناکات، کاتێك دروستکراوەکانم دەبینم لێم نزیك دەبنەوە لە رێگەی ئەو پەرستشانەی بۆم داناون،...).

واتە ئەو کاتەی خۆشم ویستن، دەبمە گوێچکەکانیان بۆ بیستن، دەبمە چاوەکانیان بۆ بینین، دەبمە دەستەکانیان بۆ هەڵگرتن، دەبمە قاچەکانیان بۆ رۆیشتن و بەرزبوونەوە، ئەو کەسانەی ئەگەنە ئەم مەقامە، خودا چاوەکانیانە، بەصیرەتیان دەکرێتەوە، بە واتایەکی روونتر دەبنە ئامێرێك لە خزمەتی پەروەردگاریان، دەبنە بزوێنەری کاروبارەکانی خودا، هەر ئەوەشە مانای "فناء فی الله".

ئەمەش موعجیزەی عیسایە (د.خ)، دەستەکانی دەستی خودا بوون، چاوەکانی.. هتد.. هەر لەبەر ئەوە عیسا دەیگوت من حەقیقەتم، حەلاج بەهەمان شێوە،لەڕاستیدا بانگەشەی خودایەتی نەبوو، بەڵکو پڕبووە لە سیفاتی ئیلاهی "ناوەکانی خودا".

ئەمە هەر عیسا نەبوو، بەڵکو لەم مەقامەدا بۆ پێغەمبەری خۆشمان محەممەد (د.خ) هەر دروستە. دەچینە خزمەت قورئان با بزانین چۆن وەسفی دەکات، ﴿ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ ﴿١٧﴾ الأنفال﴾ کاتێك تۆ ئەی محەممەد لم و خوڵت تێگرتن، ئەوە تۆ نەبوویت هاویشتت، بەڵکو پەروەردگارت بوو. لای خوێنەرانی قورئان روونە کە لە شەڕی بەدردا پێغەمبەری خودا چنگێك خوڵی هاویشت بەسەروچاوی بێ باوەڕەکانی ئەو دەمەی مەککەدا. خودا فەرمووی ئەوە من بووم هاویشتم بەلام دەستەکانی تۆ وەکو وەسیلە بەکارهێنا. ئەوەی گەیشتبێتە ئەو مەقامە ئینجا دەزانێت ئەو جۆرە ئایەتانە ئەو مانایە هەڵدەگرێت.

پوختە بوون (Purity) چیە؟ بەڕاستی نەفسی پوختە ئەوەیە لە نامۆیی و بێگانەبوون رزگاری بووە، هیچ رەگەز و خامەیەکی تری تێکەڵ نیە، رۆح پاکبۆتەوە هەر وەکو ئەوەی پێدرابوو هەموو ئەم گەشتە و ریازەکێشان و خۆپاککردنەوانەش هەر بۆ پوختەبوونی نەفسە. لێرەدا بەڕاستی دەتوانێت "لا الە الا اللە" (هیچ خودایەك نیە جگە اللە) هیچ خودایەك بوونی نیە بەتەنها خودای تاقانە نەبێت لە سەرووی ئەم گەردوونە ئەویش "اللە"یە.

لەبەر ئەوەیە وتنی "لا الە الا اللە" جیاوازە لەوەی لەناویدا بژیت! زۆرینە دەڵێن بە دەمیان بەلام کەمینەن کە لەگەڵیدا بژین. چونکە ئەوە تەنها وشە گەلێك نین و کۆتاییان پێبێت و بێباکیش بین، بەڵکو هەموو دونیابینی تۆ دەگۆڕن و کاریگەری قووڵ لەسەر کەسەکە دروست دەکەن و ژیانی دەگۆڕێت و دەیکاتە بوونەوەرێکی تر.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی ئەم مەقامە "وحدە الوجود –Existential Unity" لە مەقامی پێشووترەکاندا کەسەکە کە هەستی بە پەرتبوون و هەمەڕەنگی خودی دەکرد "کسرت" ئەزموونی پەرت پەرتبوون هەمەچەشنی دەکرد، ئەم هەموو جیاواز و جیاییەی کە دەیبینی لێ تێکدابوو.

عاریفەکان ئامۆژگاریمان دەکەن بەوەی ئەم هەموو چەشنانە وەهمن و داوەریە نادروستەکانمان بە جیاواز دەیان بینێت و خۆمان بۆ کۆناکرێتەوە، هەزار پارچەین نەفسی پەرشەوە بووین، "ئیبن عەرەبی" بە نموونەی ئاوێنە ئەم پەرشیە روون دەکاتەوە. دەڵێت: ئاوێنەیەکی شکاو بهێنەرە خەیاڵی خۆتەوە، کاتێك شتێك یان ئۆبجێکتێك دەخەینە بەرامبەر ئاوێنەیەکی شکاو، بە ئەندازەی پارچە شکاوەکان شتەکە پەرچ دەداتەوە. بەلام کاتێك ئاوێنەکە چاکبکرێتەوە بۆ ئاوێنەیەکی ساغ و بێ

لەکە، ئەوا شتەکە بەروونی دەردەکەوێت هەر یەك دانەش پیشان دەداتەوە.

ئیبن عەرەبی دەفەرموێت: هەر کاتێك ئێمە چارەسەری جیاوازیەکانمان کرد لە نێو خودی خۆماندا، ئەوا ئەو کەسە ئەزموونی جیهان بەیەك جیهان دەکات. ئەزموونی یەکێتی بوون دەکات.

نوکتە بەهێز و گرنگەکەی ئیبن عەرەبی نومایانی دەکات ئەوەیە کە وێنە دەرەکیەکەی لە هەستماندا دروست بووە بەبێ ناوەوەمان شێوەی وەرگرتووە، ئەزموونی جیهان وەکو ئەوە بکەین کە خۆمان ئێستا چۆنین مرۆڤ دڵشکاو جیهانی دەرەوەش بە تێکشکاو دەبێت.

کۆتایی ئەم بابەتەکەم بە شعرێکی مەولانا دەهێنم، لە مەسنەویدا چیرۆکێکی زۆر جوان و ناوازەمان بۆ باس دەکات کە ئەم بابەتەیە ئێمە روونتر دەکاتەوە.

دەفەرموێت: لەسەردەمی خەلیفەی دووەمدا حەزرەتی عومەر، کێشەیەك هەبوو لەسەر بینینی مانگ بۆ ئەوەی کۆتایی بە مانگی رەمەزان بهێنن. کۆمەڵێك چوو نەدەرەوە مەدینە بۆ بینینی مانگی نوێ، یەکێکیان هاواری کرد ئەرەوەڵا مانگم بینی! پاشان رایکرد بەرەو شاری مەدینە بۆ لای حەزرەتی عومەر، کابرا پێی وت وەرە لەگەڵم با مانگی نوێت نیشاندەم، بۆ ئەوەی تۆش بیکەیتە جەژن.کاتێك چوونە سەر گردەکە پیاوەکە بە ئیمامی عومەری وت سەیر ئێرەوە بکە ئەوەتا ئەوە مانگە.

بەڵام ئیمامی عومەر هەرچەند هەوڵیدا نەیتوانی مانگ ببینێت، کاتێك سەیری دەموچاوی کابرای کرد، بینی تاڵێك لە برژانگی چەماوەی چۆتە سەرچاوەکانی کابرا بۆیە هەست دەکات ئەوە مانگە. ئیمامی عومەر بە کابرای وت برۆ چاوەکانت بشۆ ئینجا دووبارە سەیری ئاسمان بکە.

مەولانا دەڵێت: (عومەر وتی راستە برژانگەکە چەماوەکەت وەکو کەوان تیری وەهمی چەقاندۆتە سەری تۆ).

بەردەوام دەبێت و دەفەرموێت: (کاتێك برژانگێکی چەماوە پەردەی دابێت بەسەر گەردووندا، چی دەبێت ئەگەر تەواوی پێکهاتەی تۆ پەردەیەك بێت).

چی دەبێت ئەگەر کۆی خود و وجودی تۆ بەتەنها پەردەیەك بێت، کێ دەڵێت ئەم هەموو خەوش و ناشیرین و زشتیانەی کە لە دەرەوە دەیانبینن لەنێو خودی خۆماندا نین؟!

لە کۆتا مەقامی سەفەری کامڵبوونی مرۆییدا یەکێتی رۆحی بەدەست دەهێنێت، گشت پەرشوبڵاویەکان چارەسەربوون و رۆحماڵی هەمیشەیی و ئارامی خۆی دووبارە دەست دەکەوێتەوە.

## سەرچاوە:

وتارێکی بیریارێکی ئێرانیە بە زمانی ئینگلیزی بە ناونیشانی (The Spiritual Journey- the inner guest for perfection ).